# برایم ئەحمەد

## ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلی کورددا

هەواڵنامەی کتێب

ئامانج حەسەن ئەحمەد

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران**

**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**


- ناوی کتێب: برایم ئەحمەد ١٩١٤– ٢٠٠٠ ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلی کورددا
- نووسەر: ئامانج حەسەن ئەحمەد
- پیتچنین: نووسەر
- هەڵەچنین: کوێستان عومەر وەهاب
- دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
- بەرگ: کمال علی
- ژمارەی سپاردن: ١٥٧٤/ ساڵی٢٠٠٩
- چاپخانە: ڕەنج/ سلێمانی
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- زنجیرە: ٣٩


هەواڵنامەی کتێب


مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥

تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣

www.kurdology.com

kteb@kurdology.com

## نـــاوەڕۆك


| بـــابـــەت | لا |
| --- | --- |
| **پێشەكی** | ٧ |
| **دەروازە ( ژیاننامەی برایم ئەحمەد )** | ١٣ |
| **بەشی یەكەم: ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا تا ساڵی ١٩٧٥** | ٢١ |
| باسی یەكەم : ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ڕۆژنامەگەریدا | ٢٣ |
| باسی دووەم : ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەبدا | ٦٣ |
| **بەشی دووەم:ڕۆڵی سیاسی برایم ئەحمەد تا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ( ١٩٥٨ )دا.** | ٨٥ |
| باسی یەكەم: ڕۆڵی برایم ئەحمەد لەساڵانی سی و چلەكاندا. | ٨٧ |
| باسی دووەم: ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە پارتی دیموكراتی كوردستاندا | ١٠٨ |
| باسی سێیەم : پەیوەندی برایم ئەحمەد بە ڕێكخراوە عێراقییەكان و ڕۆڵی لە پێشهاتە سیاسیەكان و داكۆكی كردن لە مافی چارەنووسی كورد. | ١٢٧ |
| **بەشی سێیەم : خەباتی سیاسیی برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٨-١٩٧٥ )دا.** | ١٤٣ |
| باسی یەكەم : چالاكی سیاسی برایم ئەحمەد لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی عەبدولكەریم قاسمدا | ١٤٥ |
| باسی دووەم : برایم ئەحمەد و شۆڕشی ئەیلول | ١٦٥ |
| باسی سێیەم : خەباتی سیاسیی برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی(١٩٦٤ — ١٩٧٠ )دا | ١٨٩ |
| باسی چوارەم :خەباتی برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ - ١٩٧٥)..١٨٨-٢٠٣ | ٢١٧ |
| **بەشی چوارەم :ژیان و خەباتی برایم ئەحمەد لە هەندەران ( ١٩٧٥-٢٠٠٠ ).** | ٢٣٥ |
| باسی یەكەم : چالاكی سیاسی و نەتەوەیی برایم ئەحمەد... ٢٠٥-٢١٨ | ٢٣٧ |
| باسی دووەم : چالاكیەكانی برایم ئەحمەد لە بواری ڕۆشنبیری و بڵاوكراوە و چاپەمەنیدا | ٢٥٣ |
| **ئەنجام** | ٢٦٣ |
| **لیستی سەرچاوەكان** | ٢٦٦ |
| **پاشكۆكان** | ٢٨٥ |
| **پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی ( Abstract ).** | ٣١٦ |

## لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| مەکتەبی سیاسی | (م.س) |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | (پ.د.ك) |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | (ی.ن.ك) |
| پارتی کرێکارانی کوردستان | (p.k.k ) |
| پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوە وڵات | (p.k.D.w) |
| کۆنگرەی نەەوەیی کوردستان | (K.N.K ) |

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

**گرنگی توێژینەوەکە:**

بە درێژایی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، رۆڵی سەرکردە کاریگەریی بەرچاوی هەبووە و هەیە لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ژیانی(کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری...).

فەلسەفەی مێژوو بە ئاشکرا ئاماژە بە رۆڵی سەرکردە دەکات لە دروستکردنی مێژوودا، ئەگەرچی هەندێ لە سەرکردەکانی جیهان بە هۆی بڕیارو سیاسەتەکانیانەوە کۆمەڵ و وڵاتەکەی خۆیان دووچاری کارەسات و نوقمی جەنگی خوێناوی کردووە، بە تایبەت سەردەمی نازی ئەڵمانیاو فاشیزمی ئیتاڵیا، لەگەڵ ئەوەشدا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرکردەی ئەوتۆش سەریان هەڵداوە کە بوونەتە سمبوولی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەروەك لە رۆڵی بسمارك لە یەکگرتنەوەو یەکخستنی ویلایەتەکانی ئەڵمانیاو رۆڵی جۆرج واشنتۆن لە رێبەرایەتیکردنی شۆرشی ئەمریکا و چەندانی تردا بە ئاشکرا بە دیار دەکەوێت.

لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردیشدا چەندین سەرکردەی لێوەشاوە و بە توانا سەریان هەڵداوە کە راستەوخۆ لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و راپەڕینی گەلی کورددا رۆڵی کاریگەریان هەبووە.

برایم ئەحمەد یەکێك لەو سەرکردانە بووە کە لە خەباتی سیاسیی شارو خەباتی چەکداری شاخدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە و نزیکەی (٧٠) ساڵ لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ سەرخستنی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی، کە بێگومان لەو ماوەیەدا جێ پەنجەی بە هەریەکە لە لایەنەکانی سیاسی و ئەدەبی و رۆژنامەگەریو کۆمەڵایەتییەوە دیارە، هەر بۆیە توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە. بەو وەك کەسایەتییەکی دیارو چالاك لە مێژووی

هاوچەرخی کورددا لە ژێر ناونیشانی (برایم ئەحمەد رۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازی و رووناکبیری گەلی کورددا)و ماوەی توێژینەوەکەشمان سەرتاسەری ژیانی دەگرێتەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە تا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی و سەربەخۆ لەسەر لایەنە سیاسییەکەی ژیانی برایم ئەحمەد ئەنجام نەدراوە، لە کاتێکدا (برایم ئەحمەد) لە ئاستی لێپرسراوێتیی جۆراو جۆرداو لە چەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا رۆڵی بەرچاوی لە بزاڤی رزگاریخوازیی کورددا بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی بینیووە، هەربۆیە وەك کەسایەتییەکی سیاسی نێو بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد دەکرێت توێژینەوەی لەم جۆرەی لە بارەوە بنووسرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:-**

خستنە رووی کەسێتی و رۆڵی سیاسی و ئەدەبی و رۆژنامەگەریی برایم ئەحمەد و دەست نیشانکردنی پێگەی راستەقینەی ئەو لە بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورددا و دەرخستنی خەباتی نهێنی شار و رۆڵی لە شۆڕشی شاخدا، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمانە.

**رێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

رێبازی لێکۆڵینەوەکە لە سەر بنەمای بەڵگە و سەرچاوەی رەسەن و لە چوارچێوەیەکی بابەتیانەی زانستیدا ئەم نووسینە دەخرێتە بەردەست و تەواو پشتمان بەو رێبازە بەستووە.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:-**

بێگومان ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە کارێکی ئاسان و بێگرفت نەبووە، بەتایبەتی نەبوونی سەرچاوەی زانستیی پێویست یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکان بووە لە بەردەم لێکۆڵەردا، لەهەمان کاتدا زۆربەی زانیاریی نێو سەرچاوەکان لە سەر بنەمای لایەنگری یاخود دژایەتیکردن نووسراون، جگە لەوەی زۆربەی زانیارییەکان سنووردارو دووبارەو لابەلا باس لە برایم ئەحمەد دەکەن لە سەرچاوەکاندا، هەروەها دەستنەکەوتنی سەرچاوەی بەڵگەنامەیی پێویست کە دەکرا راستەوخۆ وەك سەرچاوەیەکی راستەقینە و باوەڕپێکراو پشتی پێ ببەسترێت و نهێنی زۆر لایەنی مێژوویی پێ ئاشکرا بکرێت.

لەلایەکی ترەوە نەتوانرا چاوپێکەوتن و گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ هەندێك کەسایەتیی سیاسیی شارەزای وەك (جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی)دا بکرێت، لە هەمان کاتدا هاوەڵە نزیکەکانی (برایم ئەحمەد)یش کە پێویست بوو چاوپێکەتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدرێت پێویستی بەگەشتی دەرەوەی وڵات هەبوو کە ئەمەش لە توانای ئێمەدا نەبوو، جگە لەوەی هەندێك لەو کەسایەتییانە بە هۆی کاریگەریی توێژینەوەکە و هەندێك هۆی سیاسیی تایبەت بە خۆیان ئامادە نەبوون بە راشکاوی وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە و ئەوەندەی زانیارییان هەبوو بە شێوەیەکی راستەقینە بیخەنە روو، بەڵام سەرباری ئەو گرفتانەش هێندەی لە توانادا بووبێت بە پشتبەستن بەو سەرچاوانەی لە هەرێمی کوردستاندا بەر دەست کەوتوون، هەوڵمان داوە تا رادەیەك کارەکەمان بێ کەم و کورتی بێت.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:-**

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەو چواربەش پێکهاتووە و هەربەشێکیش چەند باسێك لە خۆ دەگرێت بەم شێوەیە:-

دەروازە: تەرخانکراوە بۆ ژیاننامەی برایم ئەحمەد کە تیایدا باس لە بنەماڵەکەیان و ژیانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و ژیانی هاوسەرێتی و هەندێك لایەنی ژیانی برایم ئەحمەد کراوە.

<u>بەشی یەکەم</u>: باس لە رۆڵی برایم ئەحمەد دەکات لە بواری ئەدەب و رۆژنامەگەریدا تا ساڵی ١٩٧٥ و بەسەر دوو باسی سەرەکیدا دابەش کراوە.

باسی یەکەم: باس لە رۆڵی برایم ئەحمەد دەکات لە بواری رۆژنامەگەریدا، کە وەك خولیایەك هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە ئەو رێچکەیەی بۆ خۆی دەستنیشان کردووەو بەشێکی فراوانی ژیانی برایم ئەحمەدی پێکهێناوە.

باسی دووەم: تایبەتە بە رۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەبداو هەوڵدراوە ئەو لایەنانە بخرێنە روو کە ئاوێتەی خەباتی سیاسی بوون.

<u>بەشی دووەم</u>: تەرخانکراوە بۆ رۆڵی سیاسی برایم ئەحمەد تا رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ساڵی (١٩٥٨)دا و بە سەر سێ باسی سەرەکیدا دابەش کراوە.

باسی یەکەم: باس لە چالاکی و بەشداری رێکخستنە سیاسییەکانی برایم ئەحمەد دەکات لە ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی پێشوودا.

باسی دووەم: تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵ و چالاکیەکانی برایم ئەحمەد لە پارتی دیموکراتی کورددا.

باسی سێیەم: باس لە پەیوەندیەکانی برایم ئەحمەد بە پارت و ڕێکخراوە عێراقیەکانەوە دەکات و هەڵوێستی ئەو خراوەتە روو لە ئاست پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و هەوڵدانی بۆ بە دیهێنانی مافەکانی کورد.

بەشی سێیەم: ئەم بەشەمان بۆ خەباتی سیاسی برایم ئەحمەد تەرخان کردووە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥) و بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە.

باسی یەکەم: هەڵوێستی برایم ئەحمەد لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و داکۆکی کردنی لە مافەکانی گەلی کورد لە سێ ساڵی یەکەمی دەسەڵاتداریێتی (عەبدولکەریم قاسم)دا.

باسی دووەم: باس لە ڕۆڵی برایم ئەحمەد دەکات لە شۆ ڕشی ئەیلول دا.

باسی سێیەم: تەرخانکراوە بۆ ژیانی سیاسی برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی(١٩٦٤-١٩٧٠)، کە تیایدا ئاماژە بە ململانێ و لێکترازانی ناو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە.

باسی چوارەم: باس لە ژیانی سیاسی برایم ئەحمەد دەکات لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥).

<u>بەشی چوارەم</u>: لەم بەشەدا ژیان و خەباتی (برایم ئەحمەد)مان خستووەتە روو لە دەرەوەی وڵات لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-٢٠٠٠) دا و بەسەر دوو باسی سەرەکیدا دابەش کراوە.

باسی یەکەم: باس لە ڕۆڵی سیاسی و نەتەوەیی برایم ئەحمەد دەکات لە دەرەوەی وڵات.

باسی دووەم: ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری روناکبیری و بڵاوکراوەو چاپەمەنیدا.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:-**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە سوود لە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە وەربگرین و لە نووسینی ئەم ماستەر نامەیەدا بە کاریان بهێنین کە دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:-

– ئـەو دەستنووسـانەی کـە لـە لایـەن خـودی (بـرایم ئەحمـەد)ەوە نووسـراون، کەتوانیمان سوودیان لێوەربگرین سەبارەت بە هەندێك لایەنی نادیاری ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی برایم ئەحمەد.

– ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ خودی (برایم ئەحمەد)دا ئەنجام دراون و لە دووتـوێی کتێـب و ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە، بـە تایبـەتی ئـەو چاوپێکەوتنانەی کە لە تەکیا (د.حوسێن محەمەد عەزیز، عەلی کەریمی، د. عەبدوڵڵا مەردۆخ..) ئەنجام دراون کە تیایاندا تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵێك بابەت و ڕووداوی گرنگ و هەستیار لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، کە پێش ئەو کەسی تر ئاماژەی پێنەکردوون.

– هاوکات سوودمان لـە هەنـدێك یاداشـت وبیرەوەری چـەند کەسایەتییەك وەرگرتـووە کـە ڕاسـتەوخۆ لـە ڕووداوە سیاسـییەکاندا بەشـداربوون یـان نزیـك بـوون لێیانـەوە، گرنگترینیان (نوری شاوەیس، نەوشیروان مستەفا ئەمین، فاتیح ڕەسول، میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری، عەبدوڵڵا پشدەری..).

– ئـەو سەرچـاوانەی کـە لەلایـەن نووسـەرە بێگانەکانـەوە نووسـراون کـە هەنـدێکیان ڕاسـتەوخۆ زانیاریـەکانیان لـەو ڕۆژگـارەدا لـە سـەرکردایەتی کـورد وەرگرتـووە، لەوانـە (دێڤـد ئادەمسۆن، کریس کۆچێرا، دێڤد ماکداول، دانا ئادم سمس، شلۆمو نکدیمون..).

– ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە لە لایەن نووسەرە عەرەبەکانەوە نووسراون کـە تـا ڕادەیـەکی زۆر ڕەچاوی لایـەنی زانستیی بابەتـەکانیان کـراوە، لەوانـە(د.سعد ناجی جواد، صلاح الخرسان، جعفر عباس حمیدی..).

– هاوکات ئەو کتێبانەی کە لەلایـەن (مام جەلال، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، حەبیب محەمەد کەریم، ئیبراهیم جەلال...)، نووسراون گرنگییـەکی زۆریـان هەبووە و تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان لە ڕووداوەکانەوە نزیکبوون.

– بـەکارهێنانی ژمارەیـەك نامـەی ماسـتەر و دکتـۆرا کـە تـا ڕادەیـەکی زۆر ئاسـتی زانسـتیان پێـوە دیـارە لەوانـە (د.واحیـد عومـەر محێـدین، میڤـان عـارف عبدالرحمان البادی، فەرهاد محەمەد ئەحمەد..).

– بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە تایبەتی گۆڤاری (گەلاوێژ، گزنگ، خاك،..)و ڕۆژنامەی (ژیان، خەبات، کوردستانی نوێ، وڵات،..)، کە

سەرچاوەیەکی دیکەی نووسینی ئەم باسە بوون و هەریەکەیان بەگوێرەی خۆی و لە شوێنی خۆیدا سوودیان لێوەرگیراوە.

هاوکات بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەو بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر، سوودمان لە چاوپێکەوتن و دواندنی هەندێك کەسایەتی وەرگرتووە کەشارەزای رووداوەکان بوون یاخود لە نزیکەوە (برایم ئەحمەد)یان ناسیووە، لەوانە (گەلاوێژخان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەلاحەدینی موهتەدی، کەمال موفتی..).

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە روو کە لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان کە لەم نامەیەدا بەکارهێنراون.

هەواڵنامەی کتێب

# ژیاننامەی برایم ئەحمەد

ناوی تەواوی (برایم ئەحمەد فەتاح مستەفا رەشید غفور حسین)ە[1]، لە کۆتایی زستان و سەرەتای بەهاری ساڵی (١٩١٤) لە بنەماڵەیەکی کاسبکاری مامناوەند* لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە.[2]

بنەچەی بنەماڵەکەیان بۆ ناوچەی قەڵاچوالان دەگەڕێتەوە، پاشان لەگەڵ دروستبوونی شاری سلێمانی و گواستنەوەی پایتەختی بابانییەکان لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی، بنەماڵەکەیان هاتووەتە سلێمانی و لەو شارەدا نیشتەجێبوون.[3]

باوکی برایم ئەحمەد ساڵی (١٨٨٧) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، کەسێکی کاسبکاری دینداربووە[4] و بە (ئەحە رەشی حاجی فەتاحە رەشی مستەفا) ناسراوە[5]، لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی کوڕێك وسێ کچی بووە بەناوەکانی (برایم،

---

[1]. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، لەندەن، ل١؛ چاوپێکەتنی مامۆستا برایم ئەحمەد لەگەڵ تەلەفزیۆنی med tv ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ رەوف ئەحمەد فەتاح، سلێمانی، ٢٦ /٢٠٠٧/١٢ (ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ریزەکانی (پ.د.ك) کردووە، ساڵی ١٩٦٨ چووەتە ئەڵمانیاو بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە، ئێستا کارگێڕی رێکخراوی (کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان)ە لە سلێمانی).

* رەوف ئەحمەد فەتاح کە برای (برایم ئەحمەد)ە، باس لەوە دەکات کە باوکی کاسبکارێکی مام ناوەندی شاری سلێمانی بووە و دووکانی فرۆشتنی (فەرش و کومبار)ی هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە باوکی (برایم ئەحمەد )پێشەوەر بووە و بە کاری (کۆپان دروو)یی بژێوی خێزانەکەی دابین کردووە، چاوپێکەتنی مامۆستا برایم ئەحمەد لەگەڵ تەلەفزیۆنی med tv ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٣؛ فازیل کەریم: مامۆستا برایم لە ئاوێنەی مێژوودا، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٣٨)، ٢٠٠٠/٥/٦، ل٩.

[2].چەند وێستگەیەکی ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەزمانی خۆیەوە، گۆڤاری خاك، ژمارە (٤٦)، ساڵی چوارەم، ١٠ نیسانی ٢٠٠١، ل٣١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٣. (ساڵی ١٩٢٤ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٣ خانەی مامۆستایانی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٣٧)ەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی بووەو لە کۆمەڵەی برایەتی و حزبی هیواو کۆمەڵەی ژێکاف دا کاری کردووە، لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا لە مهاباد نمایندەی خودی قازی محەمەد بووە لە شاری بۆکان، لە ساڵی ١٩٨٧ خانەنشین کراوە و ئێستا لە سلێمانی دەژی).

[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ رەوف ئەحمەد فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦.

[4]. هەمان سەر چاوە.

[5]. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، ل١.

سەبیحە، نەعیمە، حەمدیە)، لە ژنی دووەمی تەنها کچێکی بووە بەناوی (نەبیهە)، لە ژنی سێهەمیش دوو کوڕو کچێکی بووە بەناوی (رەوف، مستەفا، عەتیە )[٦]، بەم شێوەیە (برایم ئەحمەد) پێنج خوشك و دوو برای هەبووە، دایکی برایم ئەحمەد ناوی (خونچە)یەو کچی عەبدوڵلای دەروێش قەمچیە.[٧]

جێگەی باسە دەرکەوتووترین کەسی بنەماڵەکەیان (رەمزی فەتاحی[*]) مامی (برایم ئەحمەد)ە[٨]، کە کەسایەتییەکی ناسراوی شاری سلێمانی بووە و یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی سوپای عوسمانی کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی شێخ مەحمود گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی بە مەبەستی بەشداری کردن و هاوکاریکردنی ئەو هەلومەرجە سیاسییە نوێیەی کە لە ناوچەکەدا هاتبووە ئاراوە.[٩]

رەمزی فەتاح وەك زۆربەی ئەفسەرانی تری ئەوسەردەمە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری ومۆدێرنیزم بووە و لە شاری سلێمانیدا خاوەن پلەو پایەیەکی بەرزی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە.[١٠]

لە راستیدا رەمزی فەتاح هەرزوو هەستی بەو راستیە کردووە کە بەهرەو توانایەك لە کەسێتی (برایم ئەحمەد)دا هەیە، هەر بۆیە گرنگی تایبەتی پێ داوەو وەك

---

[6].چاوپێکەوتن لەگەڵ رەوف ئەحمەد فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦.

[7]. ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی، چاپخانەو کۆمپیوتەری بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢..، ل١٣.

[*] محمد رەمزی کوڕی فەتاح کوڕی مستەفا یە ساڵی (١٨٩٠) لە سلێمانی لەدایك بووە، خوێندنگەی روشدیەی سەربازی سلێمانی و سانەوی سەربازی بەغداو حەربیەی ئەستەمبوڵی تەواو کردووە، چەند جارێك بریندداربووە، ئەندامێکی دیاری (هەیئەی وەتەنیە)بووە لە سلێمانی، چەند جارێك وەك قایمقام لە (قەزای کەرکوك، قەزای شاربازێڕ، داقوق، ئامێدی، خانەقین، مەخمور، کفری، شەنگار) دامەزراوە، لە ١٩٤٨/٣/١٠ خانەنشین کراوە و پاشماوەی ژیانی بەکاسپی ئازاد گوزەراندووە، رۆژی ١٩٧٩/١٠/٢ کۆچی دوایی کردووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ سیروان رەمزی فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦. (کوڕی رەمزی فەتاحی مامی (برایم ئەحمەد)ە، ساڵی ١٩٤٣ لە خانەقین لە دایك بووە، خوێندنی لە سلێمانی تەواو کردووە، پاشان خانەنشین کراوەو ئێستا لە سلێمانی دەژی). بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی (رەمزی فەتاح)ەوە بڕوانە. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجعات (١٩٢٨-١٩٣١)، چ(١)، چاپخانەو ئۆفسێتی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥٤-٦١ ؛جمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی دووەم، دارحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ل١٢٩-١٣٥.

[8]. مام جەلال: وتاری مام جەلال لە مەراسیمی شکۆداری چلەی ماتەمینی مامۆستا ئیراهیم ئەحمەدی نەمر، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠، ل٢.

[9].تەها بابان: لەدایکبوون و خەبات و مەرگی قارەمانێکی نەتەوەیی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٣)، ٢٠٠٠/٥/٢٣، ل٦.

[10]. مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٠)، ٢٠٠/٥/٢٠.

کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و هەوڵی داوە بەرەو دوا ڕۆژێکی ڕوون ئاڕاستەی بکات، هەر لەسەر دەستی ئەویش خوێندنی تەواو کردووەو فێری گەلێك خووڕەوشتی بەرزی وەك ڕاستگۆیی و سەرڕاستی و سادەیی و بیروباوەڕی دژایەتی کردنی داگیرکەر بووە[11]، هاوکات (برایم ئەحمەد) لەڕووی بیرو باوەڕی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرییەوە تەواو کەوتبووە ژێرکاریگەری بیروڕاکانی مامییەوە.[12]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد سەبارەت بە کاریگەری مامییەوە دەڵێت"مامم هەر ئەوبوو هانی دام بخوێنم و نەبمە دوکاندار یان شاگرد، بەڵام باوکم بڕوای بەخوێندن نەبوو چونکە خۆی خوێندەواری نەبوو، ئەترسا بەهۆی خوێندنەوە بێ دین دەرچم.... "[13]، لەهەمان کاتدا (فازیل کەریم ئەحمەد)دەڵێت:"مامی-ڕەمزی فەتاح-، لە دوو لاوە کاری کردووەتەوە سەر درووستبوونی کەسایەتی برایم ئەحمەد، بەر لەهەموو شتێك هانی داوە لە قوتابخانە بخوێنێ و زانکۆ تەواو بکات، لە لایەکی تریشەوە بەبیری نەتەوەیی ونیشتمانپەروەری پەروەردەی کردووە".[14]

برایم ئەحمەد وەك زۆربەی هاوتەمەنەکانی سەرەتا لە حوجرەی(مەلا فاتم) خوێندویەتی[15]، پاشان لە ساڵی (١٩٢٢)دا چووەتە قوتابخانەی (نموونەیی سەعادەت)، دواتر لە ساڵی (١٩٢٣)چووەتە قوتابخانەی (لەتیفیە)کە بەناوی کوڕە بچووکەکەی شێخ مەحمودەوە ناونرابوو، پاشان گواستراو نەتەوە بۆ قوتابخانەی (مەحمودیە) و دواتر بۆ (قادریە)[16]، دوابەدوای هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی گواسترانەوە بۆ (سەرەتایی یەکەم)کە لە ماڵی (بەهێ) خانی خێزانی شێخ محموددا بوو[17]،

---

[11]. چاو پێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سیروان ڕەمزی فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦ ؛ تەها بابان: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٣)، ٢٠٠٠/٥/٢٣، ل٦.

[12]. مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠؛ فازیل کەریم: مامۆستا برایم لە ئاوێنەی مێژوودا، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٣٨)، ٢٠٠٠/٥/٦.

[13]. چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ برایم ئەحمەد، ١٩٩٤، لەندەن، بڵاونەکراوە.

[14]. مامۆستا برایم لە ئاوێنەی مێژوودا، ڕۆژنامەی( کوردستانی نوێ )، ژمارە (٢١٣٨)، ٢٠٠٠/٥/٦، ل٩.

[15]. چەند وێستگەیەکی... ل٣١ ؛ چاوپێکەتنی مامۆستا برایم ئەحمەد لەگەڵ تەلەفزیۆنی med tv.

[16]. چاوپێکەتنی مامۆستا برایم ئەحمەد لەگەڵ تەلەفزیۆنی med tv.

[17]. ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی...، ل١٣.

بەم شێوەیە خوێندنی سەرەتایی و تا پۆلی دووی ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە.[18]

پاشان لە بەغدا پۆلی (سێیەم)ی لە ناوەندی (کەرخ)خوێندووەو قۆناغی (چوارو پێنج)ی وێژەیی لە ئامادەیی (مەرکەزی )بەغدا تەواو کردووە.[19]

ساڵی(١٩٣٤) لە کۆلێجی (یاسا)ی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و لە ساڵی (١٩٣٧)دا تەواوی کردووەو بووە بە پارێزەر (ئەوقات).[20]

ژیانی منداڵی برایم ئەحمەد بۆ سەردەمێکی ئاڵۆزو ناهەمواری شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە، لە لایەکەوە بە هۆی لایەنگری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەڵمانیا و تێکشکانیان لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی رووبەڕووی داگیرکردن و برسێتی و نەبوونی ببۆوە، لەلایەکی ترەوە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و بۆمباران کردنی شاری سلێمانی لەلایەن فرۆکەکانی ئینگلیزو دەربەدەر کردنی دانیشتوانی شارەکە و حوکمدارێتی شێخ مەحمود و شەڕی دەربەندی بازیان و دەستگیر کردنی شێخ و دووبارە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و راپەڕینی بەردەرکی سەرا، لە گرنگترین ئەو رووداوانەبوون کە هاوکاتن لەگەڵ ژیانی منداڵی (برایم ئەحمەد)دا.[21]

بێگومان هەلومەرجێکی لەو شێوەیە و گۆڕانکارییە سیاسییە یەك لەدوا یەکەکانی شاری سلێمانی، کاریگەری راستەوخۆیان بۆ سەر پێکهاتەی کەسێتی برایم ئەحمەد هەبووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی هەر لەمنداڵییەوە هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لا درووست ببێت.

---

18 . برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦.

19 . سدیق ساڵح: مامۆستای نەمر ئیبراهیم ئەحمەد بەخامەی خۆی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٧)، ٢٠٠٠/٤/٢٣، ل٩ ؛ چەند وێستگەیەکی...ل٣١.

20 . برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦ ؛ د. محمد علی الصویرکي: معجم اعلام الکرد في التأریخ الإسلامي والعصر الحدیث في کردستان و خارجها، مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٨-٩.
Ari anwar: high standards ، 'soma' ، no(6 ) ،21 april-4 may 2006.

21 . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری شاری سلێمانی بڕوانە: رەفیق حلمی: یاداشت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ(٣)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣٦-٦٤؛ ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە، چاپخانەی زانست، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٤٩-١٩٨.

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و کاریگەری هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمەی تێیدا گەورە بووە دەڵێت"ژیانی سیاسیی منیش وەك زۆربەی لاوە هاوتەمەنەکانی ئەو وەختەی من، لە بەر ئەوەی لە شاری سلێمانیا بوین... بەهۆی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودەوە، هەستێکی کوردایەتی بەرز هەبوو، بۆ نموونە منداڵ بووین ئێمە لە دیواری مەکتەبەوە سەیرمان ئەکرد، قوتابی مەکتەبی مەحمودیە، گۆرانییان ئەوت(وا نابیٚ ئینگلیز وا نابیٚ، ئەم خاکە هەر بۆ تۆ نابیٚ)، ئەمە وایکرد منیش وەك ئەو خەڵکەی تر زوتر تێکەڵی سیاسەت ببم، بۆیە لە(١٩٢٩)ەوە کاتێکم زانی کەوتومەتە ئەوگێژاوەی کە شارەکەمی تیایە".[22] برایم ئەحمەد بەشێکی ژیانی منداڵیی لە گەڕەکی دەرگەزێن بەسەربردووەو ماوەیەکیش لە گەڕەکی سابونکەران ژیاوە[23]، هەر لە تەمەنی(١٢،١٣)ساڵییەوە ئارەزووی لە خوێندنەوەی شیعرو چیرۆك هەبووە و لە تەمەنی (١٤،١٥)ساڵیشەوە وردە وردە دەستی بە شیعرو وتار نووسین کردووە[24].

لە بواری کاری پارێزەریدا بەردەوام بەرگری لە جوتیاران و هەژاران کردووە و دژی زۆردارو دەرەبەگ بووە، زۆربەی جار بەبیٚ بەرامبەر بەرگری لەماف خوراوان و هەژاران کردووە[25]، لەم بارەیەوە غەفوری میرزا کەریم دەڵێت"برایم ئەحمەد زۆر مەردانە لەسەر گیراوی پێشکەوتوخواز بە خۆڕایی پارێزگاری دەکرد، هەموو جارێك لە کۆڕی دادگادا پارێزگاری لەو کەسانە دەکرد کە بەناوی پێشکەوتووخوازەوە دەگیران".[26] هاوکات تەها بابان لە بارەی هەڵوێستی برایم ئەحمەد لە کاری پارێزەریدا دەڵێت" هەمیشە بەرگری لە حەپسە سیاسییەکان کردووە هەرچەندە هاوبیریش نەبووبن، لەلایەکی ترەوە دوای دەرچوونی یاسای تەسویە بۆ تۆمارکردنی زەوی وزار، کێشەیەکی گەورە لە بەینی عەشاماتێکی زۆری جوتیارو دەرەبەگدا دروست بوو، جا هەرچەندە جوتیاران رەش و رووت و بیٚ پارەبوون، بەڵام مامۆستا

---

[22]. چەند وێسگەیەکی...، ل٣١.

[23]. گۆڤاری رۆڤار، ژمارە(١)، ١٩٩٩/٥/٥، ل٣.

[24]. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، ل١.

[25]. چاوپێکەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر ،کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٧) ،٢٠٠٠ /٤/٢٣، ل٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سیروان رەمزی فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦.

[26]. غەفور میرزا کەریم: کێوماڵێ بە ناو بیرەوەریەکانمدا، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٢٢.

لای دایە لای ئەوان، چونکە پێی وابوو کە ئەبێ زەوی هی ئەو کەسە بێ کەئەیکێڵێ". [٢٧]

لە هەمان کاتدا بەلای (تەها بابان)ەوە پاریزەری کارێکی بازرگانییە، وەك هەموو کارێکی تر بۆ دەستکەوت و بژێوییە، بەڵام لای برایم ئەحمەد پەیام و مرۆڤایەتی بووە. [٢٨] بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (برایم ئەحمەد) هەندێك جار پشتگیری لە (شێخ مەحمود) کردووەو رووبەڕووی جوتیاران بووەتەوە، هەروەك مام جەلال لەو بارەیەوە دەڵێت"لە هەموو دەعوایەکدا لایەنگری زۆر لێکراوو کۆمەڵانی خەڵك بووە و پشتیوانی ئەوانی کردووە، هەموو جارێك بۆ خۆی دەیگێڕایەوە و ئەیگوت (بە بیرم نایات هیچ دەعوایەکم لە دژی جوتیاران گرتبێت تەنها بۆ شێخ مەحمودی نەمر نەبێ) ئەگینا بە درێژایی عومری خۆی لایەنگری جوتیاران بووە لەبۆ ئەوەی ئەرزیان دەستکەوێ". [٢٩] بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە برایم ئەحمەد دەعوای لەدژی جوتیاران گرتبێت و مافی هەژارانی پێشێل کردبێت، بەڵکو لە چوارچێوەی یاسادا وەك پارێزەرێك پشتگیری لە شێخ مەحمود کردووە. جێگەی باسە زۆرداری و خراپی دەسەڵاتی ئاغاو دەرەبەگەکان نەبووەتە هۆی سڵکردنەوەی (برایم ئەحمەد) لە پشتگیریکردن و لایەنگریکردنی زۆر لێکراوان و جوتیاران، هەربۆیە لە کێشەی نێوان ئاغاو براژنێك دا لە ساڵی (١٩٥٤)دا سەرەڕای چەندین هەڕەشە و ئاگادارکردنەوە بەمەبەستی وازهێنانی لەو کێشەیە زیاتر بەرگری لە ماف خوراوەکە کردووە، لە بەرامبەر ئەوەدا (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا)، فەرمان بە سێ کەس لە پیاوەکانی خۆی دەدات بۆ کوشتنی برایم ئەحمەد، ئەنجامدانی ئەو کارەش لەلایەن (حەمەی رەشە قۆلچێ)ەوە ئەنجام دراو بە دەمانچە لە شەوێکی سەرماو سۆڵدا لەبەردەم دەرگایماڵی خۆیاندا تەقەی لە برایم ئەحمەد کردووە. [٣٠]

---

[27] . لەدایکبوون و خەبات و...، ل٦.

[28] . هەمان سەرچاوە، ل٦.

[29] .مام جەلال: دەقی وتەی مام جەلال لە کۆتایی رێو رەسمی پرسەی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢١٢٧)، ٢٠٠٠/٤/٢٣، ل٢.

[30] . غەفور میرزا کەریم: کێومالێ بە ناو..، ل١٢٢، چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلاوێژخان، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/١٨ ؛چاوپێکەوتن لەگەڵ سیروان رەمزی فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ رەوف ئەحمەد فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦.بۆ زانیاری زیاتر سەبارە بە چۆنیەتی هەوڵی تیرۆر کردنی برایم ئەحمەد بڕوانە. کاکە مەم بۆتانی: کاکە بلە لە یادمن، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦-١٢.

هـــەوڵی لـــە نـــاوبردنی بـــرایم ئەحمـــەد هەڵایـــەكی گـــەورەی لـــە ســـلێمانیدا لێكەوتووەتـەوە، بەتایبـەتی دڵسۆزانی بـرایم ئەحمـەد و ئەنـدامانی پـارتی لـە هـەوڵی ئەوەدا بوون كە تۆڵە لە ئەنجامدەرانی ئەو كارە بكەنـەوە، بـەڵام بـرایم ئەحمـەد هـەرگیز بـەوە رازی نـەبووە و دژی هـەر جـۆرە كاردانەوەیـەكی لـەو شـێوەیە بـووە و بـەدڵێكی فراوانەوە تاوانبارەكەی بەخشیووە.[31]

ساڵی١٩٤٧ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ (گەلاوێژ)[*] خانـدا پێكـەوە نـاوەو دووكـوڕو شەش كچیان بووە بەناوی (هەڵۆ، هاوڕێ، هێرۆ، شاناز، هەتاو، لیلۆز، مژدە).[32]

گەلاوێژ خان سەبارەت بە سادەیی و هەڵسوكەوتی برایم ئەحمەد لەگەڵ خێزان و منداڵەكانیدا دەڵێت"باوكی (هێرۆ) لـەناو خێـزان و ماڵـدا پیـاوێكی سـادەو بـێ ئـەرك و ئاسان بوو، چ لـە خواردنـدا كـە هـەر نـان و ماسـتەكەت لەبـەردەم دابنایـە نـەی ئـەگوت بۆ؟، چ لەڕووی جلوبەرگ و كەلوپەلی ناوماڵ و فەنتازیەوە ئەوە هەر بـڕوای پـێ نـەبوو، منـاڵ و نـەوەكانی لـە خـۆی خۆشـتر ئەویسـت، بـەڵام هـەرگیز فـەرقی نەئـەكردن لەگـەڵ مناڵی فەقیرو بێ چارەو لێقەوماواندا".[33]

لەهـەمان كاتـدا بـرایم ئەحمـەد هـیچ كاتێـك جیـاوازی نـەكردووە لـە نێـوان كـوڕو كچدا، هەر بۆیە. لەساڵانی چلەكاندا كاتێك (هێرۆ)ی كچی لەدایك بـووە، بـۆ رووبـەڕوو بونەوەی داب و نەریت و دژی بیروڕای ئەو كەسانەی كە فەزڵی كوڕیان داوە بەسەر كچ دا، مژدانەو شیرینی بەخشیووەتەوە.[34]

---

31 . چاوپێكەوتن لەگەڵ كاكە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١. بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە یادگـارو هیـوا چـەپكە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوەندی راگەیاندن، ل٨٦-٨٧.

* . گەلاوێـژ نـاوی (سـاجدە سـالح فـەتاح)ە، سـاڵی (١٩٣٠) لـە شـاری موسـڵ لـە دایكبـووە، بـاوكی خـەڵكی زاخۆیـە و لـە عەشیرەتی (قـۆچ بـەگی)یـە، بـاوكی و دایكی خـەڵكی زۆزانـی بـاكووری كوردسـتانەو دایكی خـەڵكی (وان)ە، بـە هـۆی خراپی بارودۆخی سیاسی خێزانەكەیانەوە تا قۆناغی یەكی ناوەندی خوێندوەو لە تەمەنی (١٧)ساڵیدا لەگەڵ (بـرایم ئەحمەد)دا ژیانی هاوسەرێتی پێكەوە ناوە، هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی لە خوێندنەوەو نووسـین هـەبووەو خـاوەنی چەند= رۆمانێكی گرنگە وەك (بەرەو ئەشكەوتی دلێران، دایكو كوڕ، پایزو بەهاری خونچە، دنیا بێـشەیە، رێبـوارێكی سـەرگەردان). گەلاوێـژخان: دەسـتنووس، ١٩٩٤/٢/٢٢، لەنـدەن، بڵاونـەكراوە.لـە ئەرشـیفی دكتـۆر عەبـدوڵڵا مـەردۆخ وەرگیراوە.

32 . چاوپێكەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

33 . سەرچاوەی پێشوو؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رۆژنامەی (كوردستانی نوێ )، ژمارە (٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠، ل٣.

34 . یادگارو هیوا چەپكە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، ل١٠١-١٠٢.

هاوکـات بـرایم ئەحمــەد کەسـێکی بەبــەزەیی و لێبـوردە بـووە، لـەم بارەیـەوە گەلاوێژخان دەڵێت"باوکی هێرۆ ئەوەندە بەرەحم بوو دڵە گەورەکەی پڕ لەبەزەیی بوو، تەنانـەت ئـاژەڵ و جانەوەرانیـشی لـەبیر بـوو، زۆر جـار لـە (لەنـدەن) شـەوانە درەنـگ خواردەمەنی بۆ ئەبردن و خەمی ئەخواردن".[٣٥]

لـە دوای نـسکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی(١٩٧٥)ەوە، وەك پەنابـەرێك لـە (لەنـدەن)ی پایتــەختی بــەریتانیا ژیـاوەو بەشـداری زۆربــەی کـۆڕو کۆبونــەوەکانی تایبــەت بــە چارەنووسی کوردستانی کردووە.[٣٦]

لـە ٢٠٠٠/٤/٨ دا لـە تەمـەنی (٨٦)ساڵیدا بەنەخۆشـی نیمونیـا(ذات الرئـة)، کـە تـەنها چـەند رۆژێـك لـەوەو بـەر دووچـاری ببـوو لـە نەخۆشـخانەی (سـانت هیلـەر)لـە شارۆچکەی (سەتن)لە نزیك (لەندەن) کۆچی دوایی کردووە[٣٧] و لە ٢٠٠٠/٤/٢١دا لـە رێوو رەسمێکی شکۆدار و بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان لـە گردی سـەلیم بـەگ لـە سلێمانی بەخاك سپێردراوە.

هەواڵنامەی کتێب

[35] . چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

[36] .مایکل گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد و: مامکاك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٥-٥٦.

[37] . هۆمەر دزەیی: مێژووی سیاسی و ئەدەبی کورد لە حەفتا ساڵی رابردوودا جێ پەنجەی ئیبراهیم ئەحمەدی پێوە دیارە، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٦)، ٢٠٠٠/٤/١٠، ل٢.

# بەشی یەکەم

# ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا تاساڵی ١٩٧٥

هەوارنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم

### ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ڕۆژنامەگەریدا

ڕۆژنامەگەریی وەك فاکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی بینیوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨ – ١٩٠٢)[٣٨] وەك سەرەتایەك لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی پشکی سەرەکی بەرکەوتووە کە وەك ناوەندێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریو سیاسی جێگەی لەم بارەیەوە دیارە.

ئاشکرایە کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە سەردەمی یەکەمین حوکمدارێتی (شێخ مەحمود)دا ژمارەیەکی بەرچاو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەدەبی بە خۆیەوە بینیوە کە زۆربەیان لە لایەن شارەوانی ئەو کاتەی حکومەتی عێراقەوە لە جیاتی دەسەڵاتی سیاسی بڵاو دەکرانەوە و هەندێکیشیان ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەهلی بوون کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بڵاو دەکرانەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر وریابوونەوەی خەڵکی کوردستان و جۆشاندانیان بە بیرو هۆشی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی هەبوو[٣٩].

هەریەکە لە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن[٤٠] و بانگی کوردستان[٤١] و ڕۆژی کوردستان[٤٢] و بانگی حەق[٤٣] و ئومێدی ئیستقلال و ژیانەوە و ژین و ژیان)، نموونەی بەرچاوی بواری ڕۆژنامەگەرین لە باشووری کوردستاندا.

---

[38] .بڕوانە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە: کەمال فواد: کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەگەری کورد (١٨٩٨- ١٩٠٢)، بەغداد، ١٩٧٢.

[39] .نەوشیروان مستەفا ئەمین: ئیبراهیم ئەحمەد و ڕۆژنامەوانی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠، ل٩.

[40] .بڕوانە: نەوزاد عەلی ئەحمەد: هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا (١٩٦١–١٩٩١)، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٧.

**ئەم ڕۆژنامانە کە لە شاری سلێمانیدا دەردەچوون و بابەتی جۆراو جۆری وەك سیاسی و ئەدەبی و ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵی و هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە و ڕێپۆرتاجیان دەنووسی و هەوڵی بژارکردنی زمانی کوردی و نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییان دەدا و لەسەر مافەکانی کورد هەڵوێستیان دەردەبڕی.[٤٤]**

**شایەنی باسە ڕۆژنامەگەریی بەشێکی فراوانی لە ژیانی ( برایم ئەحمەد) داگیر کردووە یەکێك لە حەز و ئارەزوەکانیشی کارکردن بووە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەریدا، چوونیشی بۆ کۆلێژی یاسا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، چونکە لەو کاتەدا هەر یەکێك کە خاوەن ئیمتیاز یا سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین بوایە پێویست بوو کە دەرچووی کۆلێژی یاسا بێت[٤٥]، کە بێگومان ئەمەش جۆرێك لە فشار و سانسۆری حکومەتی پاشایەتی دەردەخات بەرامبەر بە خاوەنداریێتی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان.**

---

[41].بانگی کوردستان ئۆرگانی فەرمی(جەمعیەتی کوردستان)بوو کە لە ١٩٢٢/٧/٢١ دا لە لایەن مستەفا پاشای یامولکی یەوە دامەزراوە، یەکەم ژمارەی لە (١٩٢٢/٨/٢ )دا دەرچووە و هەر ژمارەیەك لە(٢ تا ٦ ) لاپەڕەی ( ٢١ × ٣٣سم ) پێکهاتووە، هەفتەی جارێك لە سلێمانی چاپکراوە و ( ١٣ )ژمارەی لێ دەرچووە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. جمال خەزنەدار: بانگی کوردستان، بەغداد، ١٩٧٣ ؛ محمد دلێر ئەمین میسری: ڕۆژنامەنووسی کوردی و...، ل٣٥—٤١.

[42]. ڕۆژی کوردستان، زمانحاڵی ئیدارەی دووەمی شێخ مەحمود بووە و لە لایەن ( شێخ نوری شێخ سالح )ەوە سەرپەرشتی کراوە، ژمارەیەکی لە ١٩٢٢/١١/١٥ دا دەرچووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نەوزاد عەلی ئەحمەد: هونەرەکانی ئەدەب، ل٢٧ ؛ محەمەد دلێر ئەمین میسری: ڕۆژنامەنووسی کوردی و...، ل٤٢- ٤٨.

[43]. بانگی هەق، یەکێکە لە ڕۆژنامە نهێنیەکانی سەردەمی (شێخ مەحمود) کە لە ئەشکەوتی جاسەنەی نزیك سورداش لە سلێمانی چاپ کراوە، ژمارەیەکی لە ٢٨ مارتی ١٣٣٩ (١٩٢٣)دا بە دوو لاپەڕەی ( ٢١ × ٢٣سم )= =دەرچووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، کەمال فوئاد: بانگی هەق یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، گۆڤاری مرۆڤایەتی، پاشکۆ ١٩٩٨/٤/٢٢، ل١٠-١٣ ؛ محمد دلێر ئەمین میسری: ڕۆژنامەنووسی کوردی و...، ل٤٩.

[44].نەوشیروان مستەفا ئەمین: ئیبراهیم ئەحمەد و...،ل٩. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زۆربەی ڕۆژنامەکان بڕوانە. محەمەد دلێر ئەمین میسری: ڕۆژنامەنووسی کوردی و...، ل٣٥.

[45]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی نوێ، ژمارە ( ٢١٤٩ )، پێنج شەممە ٢٠٠٠/٥/١٨، ل٩؛ محمد ئەمین دلێر: گەلاوێژ و مێژوو بزافی ئەدەبی و ڕۆشنبیری چەخماخەی داهێنان، گۆڤاری" گەلاوێژی نوێ "، ژمارە ( ١ )، ساڵی یەکەم مایسی ١٩٩٧، ل٩٤.

هەواڵنامەی کتێب

**ساڵی ١٩٣٠ (کۆمەڵەی لاوان)* لەلایەن ژمارەیەك خوێندەواری کوردەوە لە بەغدا دامەزرا[٤٦]، کە ئەو کاتە بەغداد شوێنێك بووە تا رادەیەك وشیارترین لاوی کوردی تیا کۆبووەتەوە و جێگەیەك بوو دەیانتوانی لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕنکارییە سیاسییەکان بن و گفتوگۆ لە بارەی هەل و مەرجی کوردستان بکەن.[٤٧]**

**برایم ئەحمەد یەکێك بوو لەو لاوانەی کە هەر زوو پێوەندی بەو کۆمەڵەیەوە کردووەو بووە بە ئەندام تیایدا، لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرپەرشتی کردن و لێپرسراوێتی دەرکردنی نامیلکەی ئەو ساڵەی پیێ سپێردراوە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" کە ئێمە چووینە بەغدا ئەم کۆمەڵەیە چالاکییەکانی لاواز ببوو، ئێمەش هەوڵماندا کە ئەو کۆمەڵەیە زیندوو بکەینەوە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بەتەمەن لە ئێمە گەورە تر بوون وەك (فازل تاڵەبانی، حامید فەرەج، شاکر فەتاح) ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لەو بارەیەوە".[٤٨]**

**ساڵی (١٩٣٣) بە هاوکاری کۆمەڵە خوێندکارێکی کورد برایم ئەحمەد توانی لە بەغدا گۆڤارێك بە ناوی ( یادگاری لاوان ) دەربکات، کە چەندین وتار و شیعری بە چێژی تیا بلاۆ کراوەتەوە.[٤٩]**

**دیارە ئەرکی سەرەکی نووسین ودەرکردنی ئەم نامیلکەیە کەوتووەتە سەر شانی برایم ئەحمەد، هەروەك خۆشی لەم بارەیەوە دەڵێت "بە یارمەتی چەند نووسەرێکی**

هەواڵنامەی کتێب

---

**⋆ کۆمەڵەی لاوان لە ساڵی ١٩٣٠ لە بەغدا لە لایەن کۆمەڵێك لاوی کوردەوە دامەزراوە و لەلایەن مێژوونوس (ئەمین زەکی بەگ)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، چالاکی ئەم کۆمەڵەیە کۆکردنەوەی کۆمەك و یارمەتی بووە بۆ لێقەوماوان و ساڵانە نامیلکەیان بە زمانی کوردی دەردەکرد کە تا رادەیەکی زۆر رۆڵی لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا هەبووە، نووسەرەکانی پێك هاتبوون لە ( شاکر فەتاح، برایم ئەحمەد، حامید فەرەج، فازیل تاڵەبانی، گۆرانی شاعیر...) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. چاوپێکەوتنی برایم ئەحمەد لەگەڵ کەناڵی med.TV؛ فاتیح رسول: بنچینەی مێژووی چەپ لە کوردستاندا، چاپخانەی چوارچرا، چ(٢)، سلێمانی،٢٠٠٥، ل٢٨٧.**

**46. غەفور میرزا کەریم: یادگاری لاوان و دیاری لاوان چاوگێڕانێك بە باری رۆشنبیری کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی (سی)دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨،ل١٠.**

**47. دێڤد ماکداول: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٣.**

**48. چاوپێکەوتنی برایم ئەحمەد لەگەڵ کەناڵی.TV med.**

**49. بڕوانە یادگاری لاوان، ژمارە ( ١ )، ساڵی ١٩٣٣.**

لاوی تـر (یادگـاری لاوان )م دەرکـرد کـەوا پێـشەکیەکەیی و نزیکـەی ١/٤ی وتـار و شیعرەکانی نووسینی خۆمن بەبێ نووسینی ناوم". [٥٠]

جێگـەی باسـە کـە ئـەم کۆمەڵـە لاوە * بەشـدارییان لـە بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری نەتەوەییـدا کـردووەو گرنگییـەکی زۆریـان داوە بـە لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی و هـۆنراوەی نیـشتمانی و وتـاری پـەروەردەیی و رۆشـنبیری [٥١]، لـەم نێوەندەشـدا بـرایم ئەحمـەد پێـشەنگی ئـەو کۆمەڵـە لاوە بـووە و پێـشەکی نامیلکەکـەی کردووەتـە دیـاری و پێشکەشی لاوانی کوردی کردووە. [٥٢]

ئاشکرایە کە هەستی نەتەوایەتی لای ئەم کۆمەڵە لاوە تا رادەیەکی باش گەشەی کردووەو بە نووسینەکانیانەوە دیارە، لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی راستەوخۆشیان بۆ سەر وریابوونەوەی هەستی نەتەوایەتی هەبووە و شیعری ( یادگار و هیوا)ی برایم ئەحمەدیش نموونەی دیاری ئەم لایەنەیە. [٥٣]

ساڵی ١٩٣٤ کۆمەڵەی لاوان بڵاوکراوەیـەکی تـری دەرکرد بـە نـاوی (دیاری لاوان) کـە چـەندین بابـەتی گرنگیی نووسـەرانی تیـا بڵاوکراوەتـەوە [٥٤]، لـە بـارەی رۆڵـی بـرایم ئەحمــەد لــە دەرکردنــی هــەردوو بڵاوکــراوەی (یادگــاری لاوان)و (دیــاری لاوان)دا، پرۆفیسۆر (بوخارد بریتس) مامۆستای زانکۆی (هالە) لە ئەڵمانیا لـە باسێکیدا کە لـە سـاڵی (١٩٦٤)دا لـە گۆڤـاری زانـستی زانکـۆی نـاوبراودا بـڵاوی کردووەتـەوە لـە ژێـر ناونیـشانی (لـە بـارەی هەنـدێ کێـشەی مێـژووی جوڵانـەوەی نیـشتمانی کـورد)ەوە نووسیویەتی،" لە بەغدا ئەڵقەیەك لـە خوێندکارانی کوردی هۆشیار لـە دەوری (برایم ئەحمـەد)پێـك هـاتبوون گۆڤـاری (یادگـاری لاوان)و (دیـاری لاوان) یـان دەردەکـرد، لـە ناویانـدا دژایـەتی فاشیزم بـەدی دەکـرا و کاریگـەرییان لـە نـاو جوڵانـەوەی نیـشتمانی کورددا دیار بوو، برایم ئەحمەد وتاریشی لە دژی فاشیزم لە رۆژنامەکانی بـەریتانیاوە

---

50. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، لەندەن، ل١.

*. نامیلکەی لاوان گەلێك نووسەر رۆڵیان لە دەرکردنیدا بینیووە و نووسینەکانیان هەستێکی نەتەوایـەتی پـەنگ خواردووی تیـا بـەدی دەکرێـت لـە گرنگترینیـان (بـرایم ئەحمـەد، فـازل تاڵـەبانی، رەوف تاڵـەبانی، حامید فەرەج، شاکر فەتاح...) بڕوانە. جلال الطالباني: كردستان والحركة...،ص١١٧.

١٤.جلال الطالباني: كردستان والحركة ...،ص١١٨.

52. بڕوانە یادگاری لاوان، چاپخانەی کرخ، بغداد، ١٩٣٣.

53 . بۆ بینینی شیعرەکە و زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە. بڕوانە ل٥٦.

54. بڕوانە ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرە و...،ل٢٧.

وەردەگێڕا و لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بیرۆکەی خەباتی یەکگرتوو، یەکگرتنی کورد وعەرەب دژی ئیمپریالیزمیان بۆ یەکەمجار بڵاو کردەوە". [٥٥]

جێگەی باسە چالاکی رۆشنبیرانی کورد لە (کۆمەڵەی لاوان)دا چوارچێوەیەکی تەسکی لە خۆگرتبوو، تەنها گرنگییان بە لایەنی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی داوە و کەمتر بەلای سیاسەتدا رۆیشتوون[٥٦]، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی پاشایەتی دژی هەموو هەوڵدانێك بوو کە بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بدرێت، بەلام لەو پێشەکییەی (یادگاری لاواندا) کە لە لایەن ( برایم ئەحمەد)ە وە نووسراوە، بۆنی بەیانێکی سیاسی لێ دێت و بە ئاشکرا هەموو روویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی تیا بەدی دەکرێت. [٥٧]

لە راستیدا برایم ئەحمەد لە دەرکردنی(دیاری لاواندا) رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە و لێپرسراوێتی دەرکردنیشی نەگرتۆتە ئەستۆ هەر وەك خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت " لە ساڵی دووەمدا من وازم لە سەرپەرشتی نامیلکەکە هێنا و زیاتر شاکر فەتاح سەرپەرشتی دەکرد، بەلام بەبێ ئەوەی زۆربەی نووسینەکانی هی ئەو بێت، نیوەی خەڵك نووسیان و نیوەکەی دیکەی هی من بوو، بەلام بەهەمان شێوە ناوی خۆمی لەسەر نەبوو". [٥٨]

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە چالاکییە ئەدەبییەکانی برایم ئەحمەد لە چوارچێوەی (یادگاری لاوان)و (دیاری لاوان)دا نموونەی بەرچاوی رەوتی رۆژنامەگەریی کوردین لە سییەکانی سەدەی رابردوودا.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٣٢)دا گروپێکی سیاسی لە کەسانی رۆشنبیر و پێشکەوتوخواز لە بەغدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیرو رای چەپ و پێشکەوتوخوازی و

---

١٨. یادگار و هیوا چەپکە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن، ل٣؛ پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١١٧)، سێ شەممە ١١/٤/٢٠٠٠، ل١.

[56]. جلال الطالباني: کردستان والحرکة...،ص١١٨.

[57]. غەفور میرزا کەریم: یادگاری لاوان و...،ل٢٨. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یادگاری لاوان، چاپخانەی کرخ، بغداد، ١٩٣٣.

[58]. چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ برایم ئەحمەد، لەندەن، ١٩٩٤. بڵاونەکراوە.

رۆژنامەیەکیان بە ناوی (ئەلئەهالی)* یەوە دەرکرد، کە دواتر هەر بەناوی رۆژنامەکەیانەوە ناسران، کەسایەتی ناودارو نیشتمانپەروەری وەك (کامل جادرچی، محەمەد حەدید، عەبدولفەتاح ئیبراهیم، عەبدولقادر ئیسماعیل، حسین جەمیل) و چەند کەسانێکی تر رۆڵی سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی رۆژنامەو کۆمەڵەکەدا دەبینی.[59] لە بەرئەوەی دەستەی(ئەلئەهالی) هەڵگری بیر و باوەڕێکی پێشکەوتوخوازانە بوون، تا رادەیەك هەستی ژمارەیەك رۆشنبیرو روناکبیری کوردیان بەلای خۆیاندا راکێشابوو[60]، هەر بۆیە دەرچوونی رۆژنامەی (ئەلئەهالی) سەرەتایەکی شۆڕشگێڕانەی لە مێژووی کوردا تۆمار کرد و بوو بە هەوێن بۆ هەژاندنی مێشك و دڵ و دەروونی لاوان و خوێندکاران و گۆش کردنیان بە بیری نوێ و چاو هەڵهێنانیان بە رێگەو شوێنی تازەی تێکۆشان و بەرز کردنەوەی دروشمی رەوا لە ناو گەلدا.[61] ساڵی (١٩٣٥) سەرەتای بڵاو بوونەوەی بیر و باوەڕی چەپ و دیمکوراتی بوو لە ناو لاوانی کوردی عێراقدا، رۆشنبیرانی وەك( برایم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا، رەشید عارف، عەبدولسەمەد محەمەد،حەسەن تاڵەبانی)و چەندانی تر پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ دەستەی(ئەلئەهالی)دا هەبوو.[62] دیارە رۆژنامەی (ئەلئەهالی)یش زەمینەیەکی لە باری بۆ گەشەکردنی بیری رۆژنامەگەریی لای برایم ئەحمەد رەخساندووە و هاندەر و ناوەندێك بووە تا بتوانێت لە داهاتوودا حەز و ئارەزووەکانی بهێنێتەدی لە رووی دەرکردنی رۆژنامە یاخود بڵاوکراوەیەك تا بتوانێت بەو هەوڵەی کەلێنێك لە بواری رۆژنامەگەریی کوردیدا پڕبکاتەوە.

---

★. وەزارەتی ناوخۆ لە(٢)ی تەمووزی ١٩٣١ رێگەی دا کە رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بە ناوی (ئەلئەهالی) یەوە دەربچێ و یەکەم ژمارەی لە(٢)ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢دا بڵاوکرایەوە، کە لە سەری نووسرابوو (دەستەیەك لە لاوان دەری دەکەن) دواتر ئەم کۆمەڵەیە بوو بە (پارتی نیشتمانی دیموکراتی) بە سەرۆکایەتی کامل جادرچی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. غەفور میرزا کەریم: یادگاری لاوان و دیاری لاوان...، ل١٢ — ١٣.

[59]. کاظم الموسوي: العراق صفحات من التأريخ السياسي، دار علاءالدين للنشر و التوزيع، ط(٢)، دمشق، ١٩٩٨، ص٢٩- ٣٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و مراجعات. ، ل٢٣٦- ٢٣٧.

[60]. کەمال مەزهەر: چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب. دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چ(١)، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٣٢.

[61]. غەفور میرزا کەریم: یادگاری لاوان و...، ل١٢- ١٣.

[62]. جلال الطالباني: کردستان...،ص١١٨.

برایم ئەحمەد لە سەرەتای لاوێتییەوە هەوڵی داوە دوا ڕۆژی خۆی دەستنیشان بکات و ئەو بوارەشی دەستنیشان کردووە کە لە دوا ڕۆژدا خزمەتی میللەتی کوردی پێ بکات، هەروەك خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت " لەو ڕۆژەوە کە بیرم لە دوا ڕۆژی خوێندنی خۆم کردەوە ڕۆژنامە چێتیم لا خۆشترین کار بوو کە بیکەم، ئەگەرچی مام (ڕەمزی فەتاح) کە خۆی ناردمیە بەر خوێندن و یارمەتی ئەدام، نیازی ئەوە بوو کە ببم بە دکتۆر... نیازی وا بوو ئەگەر لە (طبیة)ی بەغداش وەرنەگیرام بم نێرێتە بەیروت، بەلاَم من هەر لەسەر ئامانجی خۆم سوور بووم، هەر بۆیە کە لە خوێندنی (ناوەندی) بوومەوە لە جیاتی ئەوەی بچمە (لقی علمی) کە مامم حەزی دەکرد، من چوومە (لقی ئەدەبی) چونکە تەنها دەرچووی ئەو لقە لە (کولیەی حقوق) قبوڵ ئەکرا و هەر ئەو کەسانەی لەم( کولیەیە) دەرئەچوون بۆیان هەبوو مافی خاوەندارێتی و بەر پرسیاری گۆڤار و ڕۆژنامە دەرکردن وەرگرن...".[٦٣]

بۆ ئەم مەبەستە( برایم ئەحمەد) لە دوای تەواو کردنی کۆلێجی یاسا لە ساڵی ١٩٣٧دا، بەردەوام لە هەوڵداندا بووە بۆ دەرهێنانی گۆڤار یان بلاَوکراوەیەك بە زمانی کوردی، لەم بارەیەشەوە پرس و رای بە هاوڕێکانی کردووە بە تایبەتی( گۆران، حامید فەرەج، مستەفا سائیب، کامیل حەسەن )، ئەوانیش بەڵێنی هاوکاری و یارمەتییان پێ داوە[٦٤] ، دواتر لەسەر پێشنیاری (گۆران) ناوی گۆڤارەکەیان ناوە " گەلاوێژ " چونکە بە تەواوەتی وشەیەکی کوردییە و هەردوو پیتی ( گ، ژ )ی کوردی تیایە.[٦٥]

گرنگیی لایەنی ڕۆژنامەگەریی وای لە (برایم ئەحمەد)کرد کە داواکاری سەبارەت بە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکات، لە بەرامبەردا حکومەتی پاشایەتی بە هیچ جۆرێك رازی نەبووە بە پێدانی مۆڵەتی فەرمی بۆ

---

63 .ابراهیم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین چۆن هەڵهات، گۆڤاری" گەلاوێژی نوێ"، ژمارە ( ٤ )، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم ١٩٩٧، لە بلاَوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، ل٦ -٧؛ برایم ئەحمەد: ڕۆژنامەگەری کوردیو گەلاوێژ، پڕۆژەی چاپکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١—١٢) کانوونی یەکەمی ١٩٣٩- تشرینی دووەمی ١٩٤٠، چاپخانەی کارۆ، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل١.

64 . ابراهیم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین... ل٧ ؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر عبدالله مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد، ١٩٩٤، لەندەن،ل٣٠.

65 . محمد دلێر ئەمین: گەلاوێژ و مێژووی بزافی ئەدەبی...،ل٩٢.

**گۆڤارەکە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام کۆسپ و تەگەرەیان خستۆتە بەردەم پڕۆژەکەیی و هەوڵیان داوە برایم ئەحمەد لە بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤار دوور بخەنەوە[*]، لە هەمان کاتدا لە راپۆرتێکی بەڕێوەبەری پۆلیسدا هاتووە کە " داواکاری گۆڤارەکە یەکێکە لە وانەی کە لایەنگری بیر و باوەڕی کوردایەتین"، بەڵام لە دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر بە هاوکاری و رۆڵی راستە و خۆی"محەمەد باشقە"[**] کە دۆستێکی نزیك و دڵسۆزی برایم ئەحمەد بوو، توانی لە ساڵی ١٩٣٩دا مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بە دەستبێنێت.[٦٦]**

**دیارە نەبوونی ناوەندێکی ئەدەبی و رۆشنبیری وەك گۆڤاری گەلاوێژ لە باشووری کوردستاندا بە تایبەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی دووەمدا، کەلێنێکی گەورەی لە بواری رۆژنامەگەریی کوردیدا دروست کرد بوو، لەبەر ئەوە سوور بوونی برایم ئەحمەد لەسەر دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ لەو بارودۆخەدا خزمەتێکی گەورەی بە بواری رۆژنامەگەریی کوردی و ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەیی کورد کردووە.**

**لە راستیدا لە بارەی فکری دەرکردنی گۆڤار یان بڵاوکراوەدا، برایم ئەحمەد کەوتبووە ژێر کاریگەریی فکری ( لینین )ەوە، هەروەك خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت" من خەیاڵی گۆڤار دەرکردنم لە (ئەبێ چی بکەین[***])ی لینینەوە وەرگرتووە، لینین لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات کە پێویستە گۆڤارێك هەبێت خەڵك، خوێنەواران،**

---

★. برایم ئەحمەد لەلایەن موتەسەریفی ئەو کاتەی سلێمانی(مەجید یەعقوبی)، زۆر هەوڵی لەگەڵ دراوە تا واز لە بیرۆکەی گۆڤار دەرکردن بهێنێت و بەڵێنی پێداوە کە بیکات بە (بەڕێوەبەری ناحیەی سەرچنار) کە مانگانەکەی( ١٨ )دینار بووە، بەڵام برایم ئەحمەد پێشنیارەکەی قبوڵ نەکردووە و لەسەر داواکارییەکەی خۆی سوور بووە. برایم ئەحمەد: رۆژنامەگەری کوردی و...، ل٢؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر عبداللە مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد !

★ ★. محمد باشقە کوردێکی فەیلی بوو، سەر نووسەر بوو لە موتەسەرفیەتی سلێمانی و یەکێك لە دۆستە دڵسۆزەکانی برایم ئەحمەد بووە توانیویەتی لە رێگەی دۆستایەتییەوە کە بەرپرسی(الدعایة العامة) پڕوپاگەندەی گشتی دەناسێ، مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بۆ برایم ئەحمەد وەربگرێت. سدیق ساڵح: مامۆستای نەمر برایم ئەحمەد بەخامەی خۆی، کوردستانی نوێ، ژمارە ( ٢١٢٧ )، ٢٠٠٠/٤/٢٣، ل٩.

[66].ابراهیم ئەحمد: گەلاوێژی دێرین...، ل٧ — ٩.

*** کتێبی (ئەبێ چی بکەین)ی لینین باس لە بارودۆخی روسیای قەیسەری دەکات و بیری شۆڕشگێڕی مارکسی وەك چارەسەرێك بۆ ئەو بارودۆخە دەربڕیوە، لە هەمان کاتدا باس لە ناوەندێکی وەك گۆڤار یان بڵاوکراوە دەکات کە بتوانێت هەموو چینەکانی کۆمەڵ لە خۆی کۆبکاتەوە. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٩.

تێگەیشتوان، کرێکاران، پرۆلیتاریا، هەموو چین و توێژەکان کۆبکاتەوە لە دەوری ئەو بیرو باوەڕەی کە گۆڤارەکە بڵاوی دەکاتەوە".[٦٧]

ئاشکرایە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بۆ هەمان ئەو مەبەستە بووە کە (لینین) لە سەردەمەکەی خۆیدا بە پێویستی زانیوە، لەبەر ئەوەی گەلاوێژ توانیویەتی زۆرترین نووسەرو خوێندەوار لەم پەڕی راستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ لە خۆی کۆبکاتەوە.

دوای وەرگرتنی مۆڵەتی دەرچوونی گۆڤارەکە، سەرەتا بڕیاریاندا کە لە سلێمانی لای پیرەمێرد چاپی بکەن* کە لەو کاتەدا چاپخانەیەکی نوێی کڕی بوو، بەڵام برایم ئەحمەد نەیدەویست سنووری چالاکییەکانی تەنها شاری سلێمانی بگرێتەوە، هاوکات ئەو بیرو تێکنیکە نوێیەی ئەوان هەیان بوو پێویستی بە چاپخانەیەکی نوێ و ناوەندێکی رۆشنبیری بەهێز تر هەبوو، لە بەر ئەوە بڕیاریاندا کە چالاکییەکانیان لە بەغدا بەجێ بگەیەنن و ئەرکی چاپکردنەکەشی بە چاپخانەی (النجاح) سپێردرا.[٦٨]

سەبارەت بە چۆنێتی دەرکردنی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە، برایم ئەحمەد دەڵێت" لە کاتێکدا من لە سلێمانی خەریکی کۆکردنەوەی بابەت و کەرەستەی پێویست بووم بۆ گۆڤارەکە، لە لایەن وەزارەتی بەرگریەوە بانگ کرام بۆ کولیەی عەسکەری لە بەغدا بۆ بەشداری کردن لە مەشقی دەورەی زابتی (ئیحتیاط)، منیش بۆ ئەوەی مۆڵەتی گۆڤارەکەم لە دەست نەچێت کە بە تێپەڕ بوونی (شەش) مانگ بەسەر وەرگرتنیا هەڵدەوەشێنرایەوە، بە پەلە و لە کاتێکدا کە لە مەشقدا بووم بە یارمەتی چەند کەسانێك ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەم دەرکرد".[٦٩]

گومانی تیانییە دەرکردنی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری گەلاوێژ لەو بارودۆخە نائاساییەدا بۆ بە توانایی و لێهاتویی برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە.

---

[67] . چەند وێستگەیەکی ژیانی...، ل٣٥.

* لە راستیدا بیروڕای جیاواز هەبووە سەبارەت بە شوێنی لە چاپدانی گۆڤاری گەلاوێژ بەڵام لە دوایدا بڕیاریان داوە سەرەتا لە سلێمانی لە چاپخانەکەی پیرەمێرد چاپی بکەن بۆ ئەو مەبەستە برایم ئەحمەد(سەنەد)یشی لەگەڵ پیرەمێرددا نوسیووە، بەڵام بەهۆی داواکردنی برایم ئەحمەد لەلایەن (وەزارەتی بەرگری)یەوە بۆ بەشداری کردنی لە دەورەی ئەفسەری (ئیحتیات)، پڕۆژەکەیان هەڵوەشاوەتەوە و دواتر لە بەغدا چاپی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە برایم ئەحمەد: رۆژنامەگری کوردی و...، ل٤ —٥.

[68] . محمد دلێر ئەمین: گەلاوێژ و مێژووی بزاڤی ئەدەبی...، ل٩٢-٩٣.

[69] . سدیق سالح: مامۆستای نەمر...، ل٩ ؛ خاك، ژمارە ( ٤٦ )، ل ٣٢.

له سەروتاری ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژدا کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراوە هاتووە: " هیچ گومان ناکەم کە هەمووتان وەکو من سەر شۆڕ ئەکەن و شەرمەزار ئەبن کە بە رێکەوت یان بەپرسیاری بێگانەیەك یەتەوە بیرتان کە لە سەردەمی رووناکی وخوێندندا، لەم پلە بەرزەدا کە شارستانێتی گەیشتویەتێ لە رووی زەمیندا گۆڤارێکی کوردی نیە".[٧٠]

مەبەستی برایم ئەحمەد لەم وتارەدا ئەوە بووە کە رۆشنبیران و خوێندەواران هانی بدات بۆ هاوکاریکردن و بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەدا، تا بتوانرێت گۆڤارەکە لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری و ئەدەبیدا درێژە بە دەرچوونی بدات.

هەر لە ژمارە یەکی گۆڤاری گەلاوێژدا (برایم ئەحمەد) ئامانجی گۆڤارەکە دەست نیشان دەکات و دەڵێت " گەلاوێژ... یەکەمین نیازی بژاری زمانی کوردی و ژیاندنەوە و ژیاندنی ئەدەبیاتی کوردییە بە پاراستن و کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆن و ماوەدان بە بلاْوکردنەوەی ئەدەبیاتی تازە و تەرجمە کردنی نووسینی جوان و کتێبی چاکی بێگانە".[٧١]

گۆڤاری گەلاوێژ لە ماوەی (دە) ساڵی تەمەنیدا (١٩٣٩–١٩٤٩) توانی (١١٦) ژمارە بخاتە بەرچاوی خوێنەران، کە کۆی لاپەڕەکانی دەگاتە (٧٢٩٧) لاپەڕە[٧٢]، کە تیایدا شان بەشانی گرنگیی دان بە بواری ئەدەبی و رۆشنبیری، رۆڵێکی گەورەشی بینیوە لە بلاْوبوونەوەی بیرو باوەڕی پێشکەوتوخوازی و دیموکراسی و کوردایەتیدا [٧٣]، کە بێگومان جێ پەنجەی برایم ئەحمەد لە زۆربەی ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا بە ئاشکرا دەبینرێت.

گۆڤاری گەلاوێژ لە سەرەتاوە رێبازێکی ئەدەبی و رۆشنبیری و مێژوویی و زمانەوانی ئەوتۆی گرتەبەر کە دەتوانین بلێین بەشی زۆری نووسەران و شاعیرانی ئەوسای کورد، سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچونیان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لە ساڵی یەکەمەوە قەڵەمی نووسەرو شاعیرانی بە توانای وەك (ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق

70. بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ( ١ )، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٣٩، ل١.
71. هەمان سەرچاوە، ل٢
72. محمد دلێر ئەمین: گەلاوێژ و مێژووی بزافی ئەدەبی...، ل٩٢.
73. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٧\٤\٢١ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین: ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەوانی...، ل٩.

وەهبی، پیرەمێرد، رەشید نەجیب، شێخ محەمەدی خاڵ، رەفیق حلمی، گۆران، بێکەس، بەختیار زێوەر) لە خۆی کۆکردەوە.[٧٤]

لە بارەی گرنگیی گۆڤاری گەلاوێژەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت" گەلاوێژ قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی لە رۆژنامەگەریی کوردی دا دامەزراندوە، کە هەتا ئێستاش کاریگەری ماوە...).[٧٥]

لە راستیدا بۆچوونەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمین تا رادەیەکی زۆر لە جێی خۆیدایە لە بەرئەوەی زۆر لە گۆڤارەکانی سەردەمی گەلاوێژ و ساڵانی دواتر لە زۆر رووەوە سوودیان لە گەلاوێژ وەرگرتووە و لاسایی ئەویان کردووەتەوە[*] ، لە لایەکی ترەوە گۆڤاری گەلاوێژ وەك قوتابخانەیەك دەیان خەڵکی رۆشنبیری تیا پێگەیشتووە کە کاریگەری ئەو رێبازەی برایم ئەحمەدو گۆڤارەکەیان پێوە دیارە.

هەر لەهەمان کاتدا گۆڤاری گەلاوێژ بەلای (مارف خەزنەدار)ەوە گرنگییەکی زۆری هەیە و دەڵێت" گەلاوێژ گۆڤارێکی ئەدەبی و مانگانەیە و بە شێوە زاری کرمانجی خوار و لە شاری بەغدا دەردەچوو، خاوەن و سەرنووسەری گۆڤارەکە شاعیر و چیرۆکنووسی دیاری کورد و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتوخوازی عێراق برایم ئەحمەد بوو".[٧٦]

لە رووی ناوەڕۆکەوە گۆڤاری گەلاوێژ گرنگییەکی زۆری داوە بە بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و بایەخێکی تایبەتیشی داوە بە رێزمان و داڕشتنی رستە بە شێوەی کوردانە[٧٧] ، هاوکات بایەخێکی تایبەتی داوە بە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی

---

[74]. لە راستیدا لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا بابەتی ئەو نووسەر و شاعیرانەی تیا بەدی دەکرێت لە ژمارە (یەکی) ئەو گۆڤارەدا بابەتی مێژوویی و زمانەوانی لەلایەن ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبییەوە نووسراوە. بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ( ١ )، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٣٩.

[75].چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢١\٤\٢٠٠٧؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: برایم ئەحمەدو رۆژنامەوانی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠، ل٩.

* گەر بە وردی سەرنجی لاپەڕەکانی هەریەکە لە گۆڤاری (هەتاو)ی گیوی موکریانی لە هەولێر و گۆڤاری (هیوا)ی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا و گۆڤاری (رۆژی نوێ)ی جەمال شاڵی بدەین، بە ئاشکرا شوێنەوار و کاریگەری گۆڤاری گەلاوێژ بەدی دەکرێت.

[76].وەرگیراوە لە عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد لە کارە زانستی و ئەدەبیەکانی پڕۆفیسۆر د.مارف خەزنەدار، چاپخانەی شڤان، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٣.

[77]. بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٣٩، ل٣ — ١١.

مێژووی کورد و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد و جیۆگرافیای کوردستان [78]، ئەمە جگـە لـەوەی هەڵوێـستی بێگانـەی دەرخـستووە بەرامبـەر بـە کـورد بەتایبـەت نووسـینەکانی ( سـۆن، ریـچ، مینۆرسـکی، ئیدمۆنـدز، ئـەلبێرت حـۆرانی ) کـە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.[79]

بێگومـان (بـرایم ئەحمـەد) جگـە لـە خـاوەن ئیمتیـاز و سەرنووسـەری گۆڤارەکـە نووسـەر و شـاعیرێکی بـە توانـاش بـووە، گـەلێك وتـار و باسـی هـەمەجۆر و شـیعر و پەخشانی بە ناوی خوازراوەوە بڵاو کردووەتەوە[80]،کە لە خزمەتی گەل و نەتەوەکەیدا بـووە، لـە هـەمان کاتـدا هـەوڵی داوە لـە چوارچێوەی بەرهەمەکانیـدا واقیعـی ژیـانی کوردەواری بخاتـە روو بـە مەبەسـتی بەئاگاهێنانـەوە و وشـیار کردنـەوەی رۆشـنبیر و خوێندەوارانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری.[81]

لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە رووبەڕووی جیهان ببۆوە لـە ئـەنجامی هەڵگیرسـانی شـەڕی جیهـانی دووەم و دەرکـەوتنی بـەرەی فاشـیزم وەك لایـەنێکی شـەڕخواز، بیروڕاکـانی بـرایم ئەحمـەد زیـاتر لـە دژی فاشـیزم بـووە، لـەم نێوەندەشـدا رۆڵـی بەرچـاوی لـە بـواری بەربـەرەکانی پڕوپاگەنـدەی فاشـی و نازیزمـدا هـەبووە لـە کوردستاندا.[82]

لـە هـەمان کاتـدا گۆڤـاری گەلاوێـژ گرنگییـەکی زۆری بـە چـیرۆك داوە، لـە کـۆی ژمارەکانیـدا (١١٤) چـیرۆکی تیـا بڵاوکراوەتـەوە کـە (٨٢) چـیرۆکیان لـە بەرهـەمی نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهانن وەك (مۆپاسان، ئۆسکار وایلد، شکسپیر، چێخۆف، تۆڵستۆی.....)، لە بارەی وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانەدا برایم ئەحمـەد خـۆی سـەرقاڵەیە و(١٥) چیرۆکیانی بەردەکـەوێت کـە زۆربـەیانی راسـتەوخۆ لـە زمـانی ئینگلیـزی یـەوە

---

78. هەمان سەرچاوە، ل٣٤—٤١ ؛ گەلاوێژ ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، کانوونی دووەمی ١٩٤٠، ل٣٠- ٣٤.

79. نەوشـیروان مـستەفا ئـەمین: ئیـبراهیم ئەحمـەد و رۆژنامـەوانی...، ل٩.سـەبارەت بـە نووسـینەکەی ڤ.مینورسکی بڕوانە گەلاوێژ ژمارە(٨)، ساڵی (٥)، ئابی ١٩٤٤، ل١ وە بـۆ بابەتەکـەی سـی جـی تـی ئـەدمۆنس بڕوانە گەلاوێژ، ژمارە (٨)، ساڵی (١)، تەمووزی ساڵی ١٩٤٠، ل١—٨.

80. بـۆ زانیـاری زیـاتر و بینینـی وتـار و بەرهەمـەکانی بـرایم ئەحمـەد بڕوانـە. ئەحمـەد شـریف. بـرایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو، ل٦٨.

81. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە باسی دووەمی ئەم بەشە.

82. پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٧)، ٢٠٠٠/٤/١١، ل١—٢.

وەرگێڕاوە[٨٣]، لە هەمان کاتدا (پێنج) چیرۆکی خۆشی تیا بڵاوکردووەتەوە کە پاشتر لە کوێرەوەریدا کۆکراونەتەوە.[٨٤]

برایم ئەحمەد هەوڵی داوە لە ڕێگەی لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژەوە ئاستی وشیاری خوێندەوارانی کورد گەشە پێ بدات، بۆ ئەم مە بەستە زنجیرەیەك وتاری لە زمانی ئینگلیزییەوە لەسەر کەسایەتییە ناسراوەکانی وەك (هیتلەر، ستالین، ئەتاتورك، لینین، چەرچل، مۆسۆلۆنی، جەواهر لال نەهرۆ). لە گەلاوێژدا بڵاوکردووەتەوە.[٨٥] ئاشکرایە کە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمە، کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلان لە ئاستی پەرەسەندندا بووە، گەلی کوردیش پێویستی بە دەزگەیەك هەبوو کە بیروباوەڕی ئازدیخوازی و نیشتمانپەروەری پەرە پێبدات، بە بۆچوونی ئێمە برایم ئەحمەد بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵی داوە لە ڕێگەی گۆڤاری گەلاوێژەوە خەباتی رزگاریخوازی لەناو رۆشنبیران و خوێندەوارانی کورددا بڵاوبکاتەوە و گەشەی پێ بدات. گۆڤاری گەلاوێژ لە رووی هونەری رۆژنامەگەرییەوە لە ئاستێکی باڵاو پێشکەوتوودا بوو، لە رووی قەوارەی لاپەڕەکانی و ژمارەو شێوازی نووسینی ناونیشان و چۆنییەتی دابەشکردنی بابەتەکانییەوە لە ماوەی (١٠)ساڵی تەمەنیدا گۆڕنکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە*، کە ئەمەش جۆرێکە لە چەسپاندنی نەریتی رۆژنامەگەریی.[٨٦]

---

[83] . حسین عارف: مامۆستا برایم ئەحمەد وەك چیرۆکنووس و رۆمان نووسێك، کوردستانی نوێ، ژمارە ( ٢١٥٢ )، ٢٢/٥/٢٠٠٠، ل٦.

[84] . چیرۆکەکانی برایم ئەحمەد دەربڕی ژیانی راستەقینەی کۆمەڵگەی کوردەوارین کە ناوەڕۆکی چیرۆکەکان خۆی لە بەرەی زۆردار و زۆر لێکراودا دەبینێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. برایم ئەحمەد" بلە " کوێرەوەری، چ(٢)، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٥.

[85] . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و....، ل١٨٨ -١٩٥.

* گەر بە وردی سەرنج بدەینە لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵێك بابەت لە ژمارە (یەك)ەوە تا دوا ژمارە وەکو گۆشە دووبارەبوونەتەوە، بۆ نموونە هەموو ژمارەیەك گرنگیی بە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد داوە، لە هەمان کاتدا ئەو نووسینانەش بڵاوکراونەتەوە کە لەسەر کورد نووسراون، ئەمە جگە لەوەی هەندێك گۆشەی تایبەتی تیا بووە وەك (قسەی نەستەق، بۆ پێکەنین)، هاوکات لە هەموو ژمارەیەکدا چیرۆکێك بڵاوکراوەتەوە بڕوانە دلێر محمد ئەمین میسری: رۆڵی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩- ١٩٤٩) لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٤، بیبلۆگرافیای ئەم کتێبە تایبەتە بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، ل ١ -١٢٢.

جێگەی باسە برایم ئەحمەد لەسەرەتای دەرکردنی گۆڤارەکەوە بە بەرنامەیەکی رێك و پێکەوە دەستی کردووە بەکارکردن، هەر ئەمەش وای کردووە کە جۆرێك لە شێوازی تازەگەری و داهێنان لە بواری ئەدەب و رۆژنامەگەریدا لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەرجەستە بکەن.

برایم ئەحمەد بەهۆی گۆڤاری گەلاوێژەوە زۆرجار لەلایەن حکومەتی پاشایەتیەوە رووبەڕووی هەڕەشەی دەستگیرکردن بووەتەوە، هاوکات لە پێناوی مانەوە و بەردەوام بوونی گۆڤارەکە و دوورکەوتنەوە لە مەترسی دەستگیرکردن، لە سەر پێشنیار و ئامۆژگاری (عارف جیاوگ)[*]، لە ١٢ی ئازاری (١٩٤٢)دا بووە بە دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای هەولێر.[٨٧]

پاشان بەهۆی نەبوونی دادوەر لە کۆیە، لە سەر بڕیاری پارێزگاری هەولێر لە ١٩٤٢/٣/١٦دا گوازراوەتەوە بۆ شارۆچکەی کۆیە[٨٨]، دوابەدوای ئەوە لە ١٩٤٢/٤/١٦دا بە فەرمانی وەزارەتی داد شوێنی کاکردنی گواستراوەتەوە بۆ هەڵەبجە[٨٩]، بەهەمان پۆست و هەمان مووچە وەك دادوەر لە شارۆچکەی هەڵەبجە دەست بەکار بووە.[٩٠]

جێگەی باسە کە پیشەی دادوەری نەبۆتە هۆی ئەوەی کە برایم ئەحمەد لە گۆڤاری گەلاوێژ دووربخاتەوە، بەڵکو لە نزیکەوە سەرپەرشتی کردووە و مانگانە بابەتەکانی

---

[86]. نەوشیروان مستەفا ئەمین: ژیان و چالاکییەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٣)، ٢٠٠٠/٥/٢٣، ل٩ ؛ محمد دلێر ئەمین میسری: رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩ – ١٩٤٩....، بەشی بیبلۆگرافیاکەی، ل١- ١٢٢.

[*] عارف جیاوگ برای مارف جیاوگ لە ساڵی ١٩٤٢دا دادوەری سلێمانی بوو، سەرەڕای جیاوازی تەمەنیان دۆستێکی نزیکی برایم ئەحمەد بووە، هەر ئەمیش برایم ئەحمەدی لەو هەولانە ئاگادارکردووەتەوە کە بۆ دەستگیرکردنی لە ئارادابووە. بڕوانە. چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد، لەندەن، ١٩٩٤. بلاونەکراوە.

[87]. بڕیاری وەزارەتی داد، ژمارە (٣٤٧) ١٩٤٢/٣/١٢ ؛ برایم ئەحمد: گەلاوێژی دێرین چۆن هەڵهات....، ل١٣-١٥. ؛ برایم ئەحمەد: دەستنووس، ٦ / ٣ /١٩٩٢.

[88]. نووسراوی سەرۆکایەتی دادگای کەرکوك، ژمارە (٢٦١) ١٩٤٢/٣/١٦، عدد (١٩٢).

[89]. نووسراوی وەزارەتی داد، ژمارە (٥٠٧)، ١٦/نیسانی/١٩٤٢،عدد ( ٤٤٣ ).

[90]. مووچەی مانگانەی برایم ئەحمەد(٢١) دینار بووەو بە هەمان مووچەش نەقڵ کراوە بۆ هەڵەبجە بڕوانە. بڕیاری وەزارەتی داد، ژمارە (٤٣٠)، ٣١/ئازاری/١٩٤٢، عدد (٣٩٥)، بڕگەی (٤).

بۆ ئامادەکردووە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لەو کاتەدا کەمن لە هەڵەبجە وەك دادوەر کارم دەکرد مانگانە کەرەستەی گەلاوێژم ئەنارد بۆ مامۆستا (عەلا)". [٩١]

لە راستیدا پێویستە رۆڵ و بایەخی لێهاتویی مامۆستا عەلائەدین سەجادی** لە بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی گۆڤاری گەلاوێژدا لە بەر چاو بگیرێت کە شان بەشانی برایم ئەحمەد جێ دەستی لە زۆربەی لاپەڕەکانی گەلاوێژ دا بەدی دەکرێت.

بێگومان پەسەندکردنی پۆستی دادوەری لەلایەن( برایم ئەحمەد)ەوە کارێکی گرنگ و لە جێی خۆی دا بووە، چونکە جگە لەوەی مافی جوتیار و هەژاری ماف خوراو و لیقەوماوانی لە دەرەبەگ و زۆرداران سەندووەتەوە، لە هەمان کاتدا چەند گرنگییەکی تریشی هەبوو کە کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر گۆڤاری گەلاوێژ هەبووە، سەرەتا خۆی لە زیندان و دەستگیر کردن رزگار کردووە، لە بەرئەوەی دادوەر* جۆرێك لە سەربەستی هەبووە و دوور بووە لە مەترسی دەستگیر کردن، لە لایەکی ترەوە پاڵپشتێك بووە بۆ بەردەوام بوونی گۆڤارەکە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرنگیی و بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە.

---

[91] .برایم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین چۆن هەڵهات... ل١٥.

** عەلائەدین سەجادی، ناوی عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی حوسامەدینە، ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی (باراو)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٨ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، پاشان بووەتە بەڕێوەبەری کارگێڕی گۆڤاری گەلاوێژ، دواتر گۆڤاری نزاری بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە، لە پاش شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨تاکو ١٩٧٤ مامۆستای مێژووی ئەدەبی کوردی بووە لە بەشی کوردی (کۆلێژی ئاداب)ی زانکۆی بەغدا، رۆژی پێنج شەممە ١٩٨٤/١٢/١٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. دلێر عەلائەدین سوجادی: یادی سوجادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغدا، ١٩٨٧؛ عوسمان سەید قادر باخچەی ژیاننامەی مێژوو نووسانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٠٩ ؛ عومەر عەلی =شەریف: مامۆستا عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧ – ١٩٨٤) لە دەفتەری سەروەریدا، گۆڤاری"نەو شەفەق"، ژمارە (١٠)، کانوونی دووەمی ٢٠٠٤، ل ١٩.

*. لە راستیدا هەرچەندە (دادوەر) تا رادەیەك لە چاو خەڵکی ئاسایی کەمتر رووبەڕووی مەترسی دەستگیرکردن دەبێتەوە، بەلآم لە حکومەتی پاشایەتی عێراقیدا هەموو جۆرە رەفتارێکی پێچەوانەی یاسا بەدی دەکرا، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" تازە چووبوومە هەڵەبجە بیستم کەوا (عەونی یوسف)کرا بوو بە حاکم لە بادینان، گیراوە و خراوەتە بەندیخانەوە...، ئەم خەبەرەم لە دوو سەرەوە پێ ناخۆش بوو، چونکە لەلایەکەوە خەباتکارێکی کوردیان دەستگیر کردووە، لەلایەکی ترەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو دەردیسەرییەی کە توشی خۆمم کردووە لە رووی بە حاکم بوونمەوە هەر لەبەر ئەوەی کە حاکم ناگیرێت، قسەیەکی هیچ و پوچە..." بڕوانە برایم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین.......ل١٥.

بەڵام لە پلانێکی تری حکومەتی پاشایەتی و دەستێوەردانی راستەوخۆی مێجەر (ئەدمۆنس) بۆ دوورخستنەوەی برایم ئەحمەد لە کاری رۆژنامەگەریی و پەکخستنی گۆڤاری گەلاوێژ، برایم ئەحمەد هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانە و لە خۆبوردوانەی نواندووە[٩٢]، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری (برایم ئەحمد)ی کردووەتەوە کە نابێت کارمەندی حکومی خۆی بە کاری ترەوە خەریك بکات و پێیان راگەیاندووە (نابێت تۆ دادوەربیت و لە هەمان کاتدا خاوەنی گۆڤار بیت) لەبەر ئەوە پێویستە کە واز لە گۆڤارەکە بهێنیت، بەڵام برایم ئەحمەد خاوەندارێتی گۆڤارەکەی لە هەموو پیشەیەکی تر بە پیرۆزتر و باشتر زانیوە، هەر بۆیە بڕیاری داوە دەست بەرداری گۆڤارەکە نەبێت، بەم شێوەیە لە١٩٤٤/٨/٧دا دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە کاری دادوەری راگەیاندووە و بەیەکجاری گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە پاڵ کاری پارێزەریدا لە نزیکەوەو بە گڕوتینێکی نوێووە خۆی بۆ کاری رۆژنامەگەریی و خزمەتکردنی گۆڤاری گەلاوێژ تەرخان کردووە.[٩٣]

ئاشکرایە کە دەربڕینی هەڵوێستێکی لەو جۆرە بۆ ئەو کاتە لە خۆبوردوویی و خۆنەویستی برایم ئەحمەد دەردەخات، لەبەر ئەوەی پۆستی دادوەری جگە لەوەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە رێزو حورمەتێکی زۆری هەبووە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك ئیمتیازی گرنگیشی هەبوو، بەڵام برایم ئەحمەد گۆڤارەکەی لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە پێ باشتر بووە، چونکە لەو رێگەیەوە باشتر دەیتوانی چالاکییە سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیریەکانی پەرەپێ بدات.

ساڵی ١٩٤٩ ساڵی کۆتایهاتنی تەمەنی پڕ سەروەری و خەباتی گۆڤاری گەلاوێژ بوو، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە حکومەتی نوری سەعید بڕیاری قەدەغەکردنی (٢٣٧) رۆژنامە و گۆڤاری دەرکرد کە گەلاوێژ یەکێك بوو لەوانە[٩٤]، هۆی سەرەکی قەدەغەکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە (برایم ئەحمەد)ی خاوەنی

---

[92]. برایم ئەحمەد: رۆژنامەگەری کوردی و گەلاوێژ....، ل١٧ -١٩.

[93]. برایم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین چۆن هەڵهات.. ،ل١٧ ؛چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ...، ل٣٥.

[94]. سیدق سالح: مامۆستای نەمر برایم ئەحمەد بەخامەی خۆی...، ل٩ ؛ خاك، ژمارە(٤٦)، ل ٣٢-٣٣.

گۆڤارەکە لە بەندیخانەدا بوو[٩٥]، دوا ژمارەی گۆڤارەکە ژمارە(٨)ی ساڵی (١٠)یەمە کە لە ئابی ١٩٤٩دا دەرچووەو لە (٧٢) لاپەڕە پێك هاتبوو.[٩٦]

لێرەدا گرنگیی و بە توانایی (برایم ئەحمەد)مان بۆ دەردەکەوێت لە گۆڤاری گەلاوێژدا کە توانی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەبێ وەستان گۆڤارەکە ببات بەڕێوە، لە کاروەستانی گۆڤارەکەش لە دوای دەستگیرکردنی برایم ئەحمەد گرنگی و بایەخی برایم ئەحمەد دەسەلمێنێت لە گۆڤاری گەلاوێژدا.

لە راستیدا داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری گەلی کورد گەیاند، لەم بارەیەوە پیرەمێردی شاعیر بە بۆنەی داخستن و لە کاروەستانی گۆڤاری گەلاوێژەوە لە (ژین)دا شین بۆ گەلاوێژ دەکات و دەڵێت:

داد لە دەست جەورت هەی چەرخی سەر چەوت وا، گەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆچ کەوت

ئاسۆی ئەدەبی کوردی پڕتەمـــە      سفیدی بــەیــان شینە ماتەمـــە

ژین بۆ گەلاوێژ بوو بوو بە پەرژین      ئێستە لە دوای ئەو بێزارە لە ژین

ئیبراهیم لە نـــاو نـــارا سوتاوە      سـەجادەی تەقوا بێ رایەڵ ماوە[٩٧]

هەواڵنامەی کتێب

برایم ئەحمەد لە پاڵ کار و چالاکییەکانی لە گۆڤاری(گەلاوێژ)دا گرنگیی زۆری داوە بە رۆژنامەو بڵاوکراوەی نهێنی کە بۆ ئەو رۆژگارە بایەخێکی زۆری هەبووە و کەلێنێکیان لە بواری رۆژنامەگەریی نهێنیدا داگیر کردووە.

(دەنگی راستی) یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی کە لەلایەن لقی (ژ. ك)ی کوردستانی عێراقەوە دەرچووە، کە ئەو کاتە (برایم ئەحمەد)سەرۆکی ئەو لقەی(ژ.ك) بووە لە کوردستانی عێراقدا*، کە زۆربەی نووسینەکانی ئەو بڵاوکراوەیە لەلایەن برایم ئەحمەدەوە نووسراوە.[٩٨]

---

[95].برایم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین...ل١٨؛ خاك ژمارە(٤٦)، ل٣٢-٣٣.

[96]. محمد دلێر ئەمین میسری: رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ و...، بیبلۆگرافیای ژمارەکانی گەلاوێژ، ل٩٩.

[97]. رۆژنامەی ژین، ژمارە (٩٧٨)، ٢٥ ئابی ١٩٤٩، ل٣.

*.بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کاروچالاکییەکانی ئەم رێکخراوە بڕوانە بەشی دووەم باسی یەکەم ل٨٢-٩١.

[98]. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ك)، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (١٣)، ل٤٩؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: ژیان و چالاکیەکانی...، ل ٩.

بەڵام بەهۆی نهێنی کاروچالاکی رێکخراوەکە و نەبوونی کەلوپەلی چاپکردن تەنها چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە[٩٩]، کە ئێستا هیچ یەکێك لەو بڵاکراوانە لەبەر دەستدا نین.

ئاشکرایە کە زۆر لەو بڵاوکراوە و رۆژنامە نهێنیانە هیچ ژمارەیەکیان لە دوا بەجێ نەماوە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، یاخود زۆربەی ژمارەکانیان لەناو چوون، بە بۆچونی ئێمە هۆکاری ئەم لەناو چونەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند لایەنێك لەوانە:–

زۆربەی ئەو بڵاوکراوانە بە دەستخەت نووسراونەتەوە، هاوکات لە بارودۆخێکی سەخت و دژوارو پڕ مەترسی وەهادا چاپ کراون کە پاراستنیان ئەستەم بووە، لە لایەکی ترەوە توانای ئەرشیف کردنیان نەبووە و تیراژیان کەم و سنوردار بووە، جگە لەوەی هەندێك لایەن دۆست و لایەنگرانی خۆیان بە جۆرێك ئامۆژگاری کردووە کە لە دوای خوێندنەوەی خۆیان بڵاوکراوە کە بفەوتێنن.

رزگاری ئۆرگانی (پارتی دیموکراتی کورد)، یەکێکی ترە لە مەیدانی خەباتی (برایم ئەحمەد) لە بواری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا.

پارتی دیموکراتی کورد لە دوای دامەزراندنییەوە لە ١٦ ئابی ١٩٤٦دا[**]، بوو بە خاوەنی سەرجەم پێداویستی و کەلوپەلی چاپەمەنی گۆڤاری (رزگاری)، کە پێشتر زمان حاڵی حیزبی رزگاری کورد بوو.[١٠٠]

لە هەمان کاتدا بە هۆی بوونی پێگەیەکی بەرز و ناوبانگێکی باشی بڵاوکراوەی (رزگاری) لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بڕیاردرا ناوی (رزگاری) بۆ ئۆرگانی (پارتی دیموکراتی کورد)ی تازە دامەزراو دابنرێت.[١٠١]

جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکیدا بۆ نەوشیروان مستەفا ئەمین باس لە هەندێك زانیاری دەکات سەبارەت بە(رزگاری)و دەڵێت"رزگاری یەکەم ژمارەی لە (٢)ی ئەیلولی

---

[99]. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم...،ل٤٩.

**. سەبارەت بە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی پارتی بڕوانە. بەشی دووەم باسی دووەم ل٩٤-٩٥.

[100]. عەلی عبداللە: مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم، ١٩٦٨، ل٥٤ ؛ رزگار نوری شاوەیس: رزگاری ثم خەبات......، ل١٤.

[101]. نەوزاد عەلی ئەحمەد: هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا (١٩٦١–١٩٩١)، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤١.

(١٩٤٦)دا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، نووسەری سەرەکی سەروتار و مەقالە گرنگەکانی کاك هەمزە عەبدوڵڵابوو"[١٠٢].

بەشێوەیەکی گشتی (رزگاری) لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، رۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بۆ یەکگرتنی هێز و توانای هەردوو گەلی کورد و عەرەب لە پێناوی رووبەڕوو بوونەوەی ئیستیعمار و پڕۆژە دوژمنکارییەکانیان[١٠٣]، کە هەمزە عەبدوڵڵا لە دەورەی یەکەمیدا سەرنووسەر و لێپرسراوی یەکەمی بووە و زۆربەی نووسین و سەر ووتارەکانی لەلایەن ئەوەوە نووسراون.[١٠٤]

خولی یەکەمی (رزگاری) لە دوای دەستگیر کردنی هەمزە عەبدوڵڵا و ژمارەیەك لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە لایەن رژێمی پاشایەتییەوە کۆتایی بە چالاکییەکانی دێت و لە کار کەوت.[١٠٥]

بەڵام دوای ئازاد بوونی(برایم ئەحمەد) لە زیندان و هەڵبژاردنی وەك لیپرسراو و سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە کۆنگرەی دووەمی پارتی لە ئازاری ١٩٥١دا[١٠٦]، توانی سەر لە نوێ دەزگای چاپ (تایپ و رۆنیۆ) دابنێتەوە و لە مانگی ئەیلولدا دەستی کردووە بە دەرکردنی (رزگاری) بە کوردی و(نداء کردستان) بە عەرەبی.[١٠٧]

جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێت "رزگاری دەورەی دووەم لە ساڵی (١٩٥١)ەوە مامۆستا برایم سەرنووسەر و نووسەری وتارە گرنگەکانی بوو کە بە کوردی دەردەچوو، لە کەرکوك چاپ دەکرا بە رۆنیۆ، رۆنیۆکەی شەهید عەلی حەمدی دەیکرد کە مودیری تاپۆ بوو لە کەرکوك، دابەشکردنەکەی مام جەلال دەیکرد...، بەڵام

---

102 . نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی (١٩٣٨ — ١٩٥٨) رۆژنامەوانی نهێنی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٠١.

103 . فرهاد محمد ئەحمەد: جریدە خەبات / النضال....، ل١٩.

104 . مام جەلال: خەبات لە چییەوە هات و چۆن بوو بە ئۆرگانی پارتی؟ چۆن بەڕێوە دەچوو، گۆڤاری خاك، ژمارە (٥٥)، ساڵی پێنجەم...کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، ل٤ ؛ عەبدوڵڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات...، بەشی دووەم،...،ل٣١.

105 . عەلی عبدالله: مێژووی پارتی دیموکراتی.....، ل٦٩.

106 . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. بەشی دووەم باسی دووەم. ل١٠١.

107 . نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی....، ل٢٠٧.

زۆربەی زۆری نووسینەکان هی مامۆستا برایم خۆی بوو" [108] ، ژمارە(٦) ساڵی شەشەم کە لە مارتی ١٩٥٢ دەرچووە، نموونەی بەرچاوی ئەم دەورەیەیە کە لە (٤) لاپەڕەی فولسکابە و بە تایپ و رۆنیۆ بە زمانی کوردی چاپکراوە. [109]

پارتی دیموکراتی کورد لە دوای کۆنگرەی سێیەمی لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣دا گۆڕنکارییەکی بنەڕەتیی لە پێڕەو و پرۆگرامیدا روویدا کە برایم ئەحمەد رۆڵی سەرەکی و راستەوخۆی لەو بوارەدا بینیوە، یەکێك لەو گۆڕانکاریانە گۆڕینی ئۆرگانی پارتی بوو لە رزگاریەوە بۆ (خەبات) یان (خەباتی کوردستان). [110]

لە راستیدا بیروڕای نووسەران جیاوازە سەبارەت بەو ناوەی کە جێگەی (رزگاری) گرتووەتەوە، عەبدولستار تایەر شەریف دەڵێت " یەکێك لە گۆڕنکارییەکانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی گۆڕینی ناوی ئۆرگانەکەی بوو لە( رزگاری)ەوە بۆ (خەباتی کوردستان)"[111] ، لە هەمان کاتدا عەلی عەبدوڵلاً کە خۆی یەکێك بووە لە بەشداربووانی کۆنگرەکە دەڵێت " ئۆرگانی پارتی لە (رزگاری)ەوە گۆڕا بۆ (خەبات )"[112]،دوا بە دوای ئەمە زۆر لە نووسەران و توێژەران و ئەو دوو ناوەیان دووبارە کردووەتەوە بێ ئەوەی راستی و دروستی ناوەکە دەست نیشان بکرێت.

ژمارە(٢)ی ساڵی(٩)ی رزگاری کە لە حوزەیرانی ١٩٥٥ دا دەرچووە[113]، بەڵگەیەکی زیندووە بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە (رزگاری) لە دوای (کۆنگرەی سێیەم)ەوە بەردەوام بووە لە دەرچوون.

گومان لەوەدا نییە کە (برایم ئەحمەد) رۆڵی سەرەکی بینیووە لە گەشەکردن و بەرە و پێشبردنی رۆژنامەکەدا و زۆربەی زۆری وتار و نووسینە گرنگەکان لەلایەن

---

108. وەرگیراوە لە نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك......، ل٢١٣.
109. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩).
110. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کۆنگرەی سێیەم و گۆڕانکاریەکانی بڕوانە بەشی دووەم ل١٠٤-١٠٥.
111. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن (١٩٠٨ –١٩٥٨)، دار الحرية للطباعة، ط(١)، بغداد، ١٩٨٩، ص١٧٨.
112. مێژووی پارتی دیموکراتی...، ل٧٢.
113. عبدالله زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات، بەشی دووەم، رۆژنامەوانی، ژمارە (٣)، ل٣١.

ئەوەوە نووسراوە کە زیاتر ڕەوتی خەباتی (پارتی) و ئۆرگانەکەی بەلای بیر و باوەڕێکی پێشکەوتوو خوازانەی چەپ ئاڕاستە کردووە.[١١٤]

خەباتی کوردستان یەکێکی ترە لە مەیدانی چالاکییەکانی برایم ئەحمەد لە بواری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا، دەرکەوتنی (خەباتی کوردستان)یش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦ کە هەردوو باڵە جیاوازەکەی پارتی (پارتی دیموکراتی کورد – بەرەی پێشکەوتوو) بەسەر کردایەتی(هەمزە عەبدوڵڵا) و (پ.د.ك) بەسەرکردایەتی (برایم ئەحمەد)، یەکگرتنی خۆیان ڕاگەیاند کە یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو یەکگرتنە گۆڕینی ناوی پارتی بوو بە(پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان)و ئۆرگانەکەشی بوو بە (خەباتی کوردستان).[١١٥]

گومانی تیا نیە کە بە هۆی ئەوەی (برایم ئەحمەد) لەو دەورەیەی پارتیدا سکرتێر بووە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو بڵاوکراوەیەدا هەبووە و جێ پەنجەی بەسەر زۆربەی ژمارەکانی بڵاوکراوەکانی (پارتی)یەوە دیارە.

لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا ئەمین لە زاری (جەلال تاڵەبانی)ەوە دەڵێت" خەباتی کوردستان کە بە عەرەبی دەردەچوو زۆربەی مەقالەکانی مامۆستا برایم و مام جەلال دەیان نووسی، چاپەکەی بە ڕۆنیۆ بوو، تایپ و ڕۆنیۆکەی مام جەلال دەیکرد... ناو بە ناو کاك هەمزە و (حلمی عەلی شەریف)یش وتاریان بۆ دەنارد".[١١٦]

لە هەمان کاتدا نەوشیروان مستەفا دەڵێت " زۆربەی بەیان و بیرخەرەوە و سەر وتار و وتارە سەرەکییەکانی ئۆرگانەکانی پارتی (رزگاری و خەباتی کوردستان) لە سەردەمی مەلیکیدا برایم ئەحمەد نووسیونی".[١١٧]

(برایم ئەحمەد) وەك سیاسی و ڕۆشنبیرێکی لێهاتوو هەردوو لایەنی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ئاوێتەی یەکتری کردووەو هەمیشە هەوڵی داوە ڕۆژنامەگەریی بۆ

---

[114] . بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوەڕۆکی نووسینەکانی برایم ئەحمەد لەم دەورەیەی (رزگاری)دا بڕوانە. رزگاری، ژمارە(٢)، ساڵی (٨) مارتی ١٩٥٤؛ رزگاری، ژمارە (٢) ساڵی (٩) حوزەیرانی ١٩٥٥.

[115] . بڕوانە بەشی دووەم ل١٠٧.

[116] . نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی......، ل ٢٣٦.

[117] . نەوشیروان مستەفا ئەمین: برایم ئەحمەدو ڕۆژنامەوانی، کوردستانی نوێ،بەشی دووەم، ژمارە (٢١٥١)، ٢٠٠٠/٥/٢١، ل٩.

**خزمەتی سیاسەت و پرسە چارەنووس سازەکانی کورد بەکار بهێنێت، بێگومان لەم بارەیەشەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بە دەست هێناوە.**

**دەکرێت ناوەڕۆکی نووسینە سیاسییە نهێنیەکانی برایم ئەحمەد لە هەردوو ئۆرگانی (رزگاری و خەباتی کوردستان) لە چەند خاڵێکدا بخرێنە روو:-**

**١. هاندان و رێکخستنی کورد بۆ خەبات کردن لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان و داڕشتنەوەی پەیوەندی برایانەی کورد و عەرەب لە سەر بنچینەی رێزگرتنی یەکتری و سەلماندنی مافی یەکسانی بۆ هەردوو نەتەوە.**

**٢. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی پارتە نیشتمانییەکانی عێراق.**

**٣. هاندانی خەڵك بۆ دژایەتی کردنی رژێمی پاشایەتی و رژێمی دەرەبەگایەتی وکۆنەپەرستی و نۆکەرانی ئیمپریالیزم.**

**٤. دژایەتی کردنی پەیمانی بەغدا.**

**٥. هەوڵدان بۆ روخاندنی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی رژێمی کۆماری لە عێراقدا.**

**٦. داواکردنی ریفۆرمی زەوی و باشکردنی ژیان و هەلو مەرجی کاری کرێکاران و جوتیاران و ئازادی دامەزراندنی رێکخراوە دیموکراتییەکان.**

**٧. دژایەتی کردنی بلۆکی سەرمایەداری و سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەر و پشتیوانی کردنی بلۆکی سۆسیالیستی و یەکێتی سۆڤیت.[١١٨]**

**ئاشکرایە ئەم هەڵوێست و بۆ چوونانەی (برایم ئەحمەد) لەو رۆژگارەدا لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و سیاسەتی (پارتی)دا هاو ئاهەنگ بوون.**

**برایم ئەحمەد شان بەشانی نووسینەکانی لە (رزگاری) و(خەباتی کوردستان)دا وتاری ئەدەبی و زمانەوانی بۆ هەردوو گۆڤاری(هیوا)[*]**

---

118. بۆ زایاری زیاتر بڕوانە.هەمان سەرچاوە، ل٩.

★ هیوا: گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری مانگانە بوو کە لە لایەن (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە بەغدا دەردەچوو، ژمارەیەکی لە تەمووزی١٩٥٧دا دەرچووە، سەرنووسەری ئەم گۆڤارە تا ژمارە(٨) حافز مستەفا قازی بووە، پاشان دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی جێگەی گرتووەتەوە، ژمارە(٣٦) دوایەمین ژمارەیەتی کە لە ١٩٦٣ دەرچووەو لە هەمان ساڵدا لە کار خراوە، بڕوانە جبار محمد جباری: تأريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد، ١٩٧٥، ل٤٦؛ کەمال مەزهەر ئەحمەد: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨، ل٢٣٩ -٢٤٠.

**لە بەغداد و(شەفەق) ** لە کەرکوك نوسیووە، ئەوەبوو وتارێکی گرنگیی لە بارەی زمانەوانیەوە لە ژێر ناونیشانی (چۆن زمانەکەمان بنووسین) لە گۆڤاری(هیوا)دا بە دوو بەش بلأوکردووەتەوە [119]، کە تیایدا باسی لە چۆنییەتی پەرەپێدانی زمانی کوردی و پێویست بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دەکات، ئەم وتارە کاریگەری بەرچاوی هەبووە و نووسەرانی تری لەو بارەیەوە هانداوە کە رەوتی نووسینەکانیان بۆ هەمان مەبەست ئاراستە بکەن.[120]**

**گۆڤاری(شەفەق) بەشێکی تری خەباتی (برایم ئەحمەد) دەردەخات لە بواری رۆژنامەگەریی کوردیدا، کە تیایدا لە پاڵ هاوکاریکردنی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و هەڵسەنگاندنی نووسینی نووسەرانی دیکە، گەلێك وتار و نووسین و چیرۆکی خۆی لەم گۆڤارەدا بلأوکردووەتەوە.[121]**

**مارف خەزنەدار رۆڵی برایم ئەحمەد لە گۆڤاری (شەفەق)دا بەرز هەڵ دەسەنگێنێت ودەڵێت" بۆ بەڵگە، دەستەی نووسەران سوودی لە تاقیکردنەوەی برایم ئەحمەد وەردەگرت، هەندێ لە نووسینەکانی بەناوی خوازراوی نهێنی یەوە بلأودەکرانەوە وەك (ب)و (بلە)، برایم ئەحمەد بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینەکان کەڵکی زۆر زۆر بوو، لەبەر ئەوەی لە هەموومان گەورەتر بوو، بە تاقیکردنەوە بەرزتر بوو،**

---

**★ ★ شەفەق: گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری و کۆمەلأیەتی نیو مانگی بوو، ژمارەی یەکەمی لە ١٥ کانوونی دووەمی ١٩٥٨ دا لە کەرکوك دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە ئەفسەری خانەنیشین(عەبدولقادر بەرزنجی) بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی و ناوەکەی گۆڕاوە بە (بەیان) و لەلایەن (گۆران)ەوە سەرپەرشتی کراوە، پاشان بووەتە ئۆرگانی ئاشتیخوازان لە سلێمانی، پاش ماوەیەك دووبارە گواستراوەتەوە بۆ (کەرکوك) و ناوەکەی پێشووی وەرگرتووەتەوە بڕوانە جبار محمد جباری: تأريخ الصحافة الكردية، ص٤٧ ؛ کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی راستی و...، ل٢٤٠.**

**[119] . گۆڤاری هیوا، ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٧، بەشی یەکەم، ل١٠-١٧ ؛ گۆڤاری هیوا، ژمارە (٦)، ساڵی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٧، بەشی دووەم، ل ٨ -١٩**

**[120] . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو نووسینانە بڕوانە. محەمەدی مەلا کەریم (م.م): نوسینی زمانی کوردی، گۆڤاری"هیوا"، ژمارە (٨)، ساڵی یەکەم، ١٩٥٨، ل٩-١٤ ؛ مەلا جەمیلی رۆژبەیانی: چۆن زمانەکەمان بنووسین، گۆڤاری" هیوا"، ژمارە (١٠)، ساڵی یەکەم، ١٩٥٨، ل ٨ -١١.**

**[121] . بۆ نموونە بڕوانە. کوێرەوەری، گۆڤاری"شەفەق"، ژمارە (٣)، بەرگ (١)، نەورۆزی ١٩٥٨، ل١٨-٢٤؛ بلە: خۆپاراستن لە لایەنگری ناڕاستی، گۆڤاری" شەفەق"، ژمارە (٥، ٦)، مایس و حوزەیرانی ١٩٥٨، ساڵی یەکەم، ل٦ -١١.**

گوێمــان لــە بــیروڕای دەگــرت و بــە دەگمــەن نووســینی نــزم دەکەوتــە نــاو گۆڤارەکەوە...". [١٢٢]

هەر سەبارەت بە رۆڵی برایم ئەحمەد لە گۆڤاری (شەفەق)دا جبار محەمەد جەباری دەڵێت " برایم ئەحمەد ئەندامێکی چالاکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بووە و یەکێکیش بووە لەو کەسانەی کە گۆڤارەکەیان دەرکردووە لە کەرکوك". [١٢٣]

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە (برایم ئەحمەد) تا بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨، یەکێك بووە لە ئەندامە چالاك و دڵسۆزەکانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شەفەق) کە کاریگەری بەسەر لاپەڕەکانی زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکەوە دیارە.

لایەنێکی تری خەباتی (برایم ئەحمەد) لە بواری رۆژنامەگەریدا دەرکردن و کارکردنی بوو لە رۆژنامەی (خەبات)دا، کە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نوێیە هاتە ئاراوە کە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨)ەوە بە خۆیەوە بینی گەلێك گۆڕانکاری گرنگیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لێکەوتەوە، کە یەکێك لەوانە لایەنی رۆژنامەگەریی بوو کە بەهۆی پشتگیری کردنی راستەوخۆی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە بەرە و پێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. [١٢٤]

لەم نێوەندەدا رۆژنامەگەریی کوردیش هەنگاوێکی فراوانی بە ئاراستەی پێشەوە نا، رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان زیاد بوونێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیووە کە ژمارەیان گەیشتۆتە نزیکەی (٢٩) رۆژنامە و گۆڤار[١٢٥]، کە ئەمە لە کاتێکدا پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز رێگە بە کورد نەدەدرا تەنها تاکە رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەی هەبێت کە بتوانێت لە رێگەیەوە بیروڕا و داواکارییەکانی خۆی سەبارەت بە

---

[122]. مارف خەزنەدار: من و گۆڤاری (شەفەق)ی ١٩٥٨، گۆڤاری " نەو شەفەق "،ژمارە (١)، نیسانی ٢٠٠٣، ل١٣.

[123]. جبار محمد جباري: تأريخ الصحافة الكردية..، ص٤٧، ١٠٤.

[124]. فرهاد محمد احمد: جريده خەبات /النضال ١٩٥٩ — ١٩٦١.....،ص٢٤، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. جبار محمد جباری: تأريخ الصحافة...، ص٥١ -٥٣.

[125]. سدیق سالح: گۆڤاری رۆژی نوێ (١٩٦٠ -١٩٦١)، گۆڤاری رۆژنامەکانی ژمارە(١١ -١٢)، ٢٠٠٣، ل٣٦٥.

پرســە چــارەنووس ســازەکانی بــە دەســەڵات دارانــی عێــراق و دنیــای دەرەوە بگەیەنێت.[١٢٦]

ئـەم بارودۆخـە ئازادییـە زەمینـەی لـە بـەردەم پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکاندا خۆش کرد تا داواکاری بۆ مەبەستی وەرگرتنـی ئیمتیـازی رۆژنامەیـەك پێشکەش بە کاربەدەستانی حکومەتی نویٚ بکەن.

بـرایم ئەحمـەد وەك هـەنگاوی یەکـەم بـۆ مەبەسـتی بـە دەسـتهێنانی ئیمتیـازی رۆژنامەیەك تا ببێتە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی یـەکگرتووی کوردستان، لـە ١٩ ئـابی ١٩٥٨دا داواکـاری پێشکەش بـە (عەبدولسەلام عـارف)ی جێگـری سـەرۆك وەزیـران و بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق کرد، بەڵام داواکارییەکـەی پەسـەند نـەکراو لەلایـەن ناوبراوەوە ئامۆژگاری کران کە دەتوانن سوود لـە رۆژنامـەی"الجمهوریـە" * وەربگـرن و پێـی راگەیانـدن کـە فـەرمان بـە سـتافی ئـەو رۆژنامەیـە دەکـات کـە هـەموو نوسـراوو بابەتەکانتان بۆ بلاٌوبکەنەوە. [١٢٧]

شـایەنی باسـە پەسـەند نـەکردنی داواکـاری وەرگرتنـی ئیمتیـازی رۆژنامەیـەك بـۆ ئۆرگـانی(پـارتی) لەلایـەن(عەبدولسـەلام عـارف)ەوە نـەبووە هـۆی بێهیوابـوونی بـرایم ئەحمەد، ئەوە بوو لەهەنگاوێکی ترو لـە دەرفـەتێکی تـردا هـەمان داواکـاری ئاراسـتەی (عەبدولکەریم قاسم) کردووە و ئەویش رەزامەندی لەسەر پیشان داوە.[١٢٨]

سـەبارەت بـە چـۆنییەتی وەرگرتنـی ئیمتیـازی رۆژنامـەی خـەبات بـرایم ئەحمـەد دەڵێـت " عەبدولکـەریم قاسـم وەك سیاسـەتی کـە لـە سـەری دەڕۆی دەیویسـت ئێمـە جیابکاتـەوە، کـە مـن دەچـوومە لای زۆر زۆر حورمـەتی دەگـرتم، کـە مـەلا مـستەفاش دەچووە لای بەهەمان شێوە حورمەتی ئەویشی دەگرت، وایشی پیشان دەدا کە دڵمان لـە یـەکتری بڕەنجیٚ، جارێکیـان پێـی وتم چیت دەویٚ ؟ بۆ داوای شتێك ناکـەیت؟ وتم

[126] . یادگار و هیوا چەیکە گوڵی وەفاداریە بۆ....، ل١٣٤.

★. رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی عەرەبی بوو لە سەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ١٧ تـەمووزی ١٩٥٨دا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە (سەعدون حـەمادی) بـوو کـۆی ژمارەکـانی (٩٤) ژمارەی لیٚ دەرچووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. فرهاد محمد احمد: جریدة خبات / النضال.

[127] . أوريل دان: عيراق في عهد قاسم تأريخ سياسي ١٩٥٨ -١٩٦٣، ت.جـرجيس فـتح الله المحـامي، ج (١)، سـويد، ١٩٨٩، ص٧٣—١٧٤.

[128] . برایم ئەحمەد لە میوانداری خەبات دا، رۆژنامەی خەبات، ژمارە (٦٤٧)، ١٨ تشرینی ١٩٩٢، هەولێر.

ئەگەر ئیمتیازی رۆژنامەیەکمان بدەیتێ شتێکی باشە... وتی ناوی چی بێت؟ وتم ناوی (خەبات) بێت، وتی برۆ دەریکە". [129]

جێگەی باسە (عەبدولکەریم) لە ماوەی حکومڕانی خۆی دا پەیڕەوی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە)ی کردووە و هەوڵی داوە هێز و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان لە بەر یەك هەڵ بوەشێنێت و هەریەکە لە ئەندامانی ناو ئەو ڕێکخراوانە بکاتە دوژمنی ئەوی تریان [130]، دیارە هەڵوەشاندن و لێکترازاندنی (پ.د.ك)یش تا رادەیەك یەکێك بووە لە پلانەکانی (قاسم) بە مەبەستی لاواز کردنی دەسەلاٚتی کورد لە عێراقدا، لەبەر ئەوە پێی وابوو کە (برایم ئەحمەد) لە وەلاٚمی ئەو پرسیارەدا داوای پارە و پێداویستی مادی لێ دەکات، بەلاٚم داواکارییەکەی برایم ئەحمەد داوایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە و خزمەتێکی گەورەی بە بواری رۆژنامەگەریی کوردی گەیاندووە، کە تا ئێستاش بایەخی لە زیادبووندایە.

دیارە مەبەستی برایم ئەحمەد لە دەرکردنی رۆژنامەی خەبات ئەوە بووە کە ببێتە ناوەندێکی راگەیاندن بۆ بلاٚوکردنەوەی بیرو باوەڕە سیاسییەکانی (پ.د.ك) و هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی کورد و داکۆکی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد.

دوای وەرگرتنی رەزامەندی زارەکی (عەبدولکەریم قاسم) لەسەر پێدانی ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات، برایم ئەحمەد لە (٢٣)ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨دا داواکاری بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش بە وەزارەتی (ئیرشاد) کرد، لە (١١)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩دا وەزارەتی ناوبراو رەزامەندی لەسەر وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و دەرچوونی رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەناوی (خەبات) لە بەغدا پیشاندا. [131]

دواتر وەزارەتی ئیرشاد لە (١٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩دا، بەپێی برگەی (أ)و (ب)ی مادەی (٦) لە یاسای چاپەمەنیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٥٤)، داوای لە

---

129. هەمان سەرچاوە؛ برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦ .

130. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٣٠-٣١.

131. دار الكتب والوثائق، وزارة الارشاد، الديوان، الامتياز ٢٠٧ في ١٩٥٩/١/١١، الملف ٤١٦ /٠٤٢٠٣٠٠، وەرگیراوە لە فەرهاد محمد احمد: جريدة خبات/ النضال.....،ص٣٩.

(برایم ئەحمەد)ی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات کردووە کە پێویستە لە پێش دەرچوونی ژمارە (یەك)ی رۆژنامەکە، بارمتەی بە بڕی (٥٠٠) دینار بدات بە وەزارەتی ناوبراو.[١٣٢]

رۆژنامەی (ژین) لە سەرەتای شوباتی (١٩٥٩)دا هەواڵی وەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەی (خەباتی)ی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی" وەزارەتی ئیرشاد ماوەی دا بە مامۆستا برایم ئەحمەدی محامی کە رۆژنامەیەکی سیاسی هەموو رۆژێك دەربکات بە کوردی و عەرەبی بە ناوی (خەبات)ەوە و خۆی سەرەك نووسەری بێت،... بێگومان دەمێکە چاوەڕێی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە دەکەین و هیوامان وایە بەم زوانە دەربچێت، چونکە پێویستیمان بە رۆژنامەی وا هەیە کە خزمەتی گەلەکەمان بکات...". [١٣٣]

هەر لەو کاتەدا رۆژنامەی (ژین) لە ژمارە یەکی دواتردا نووسیویەتی" رۆژنامەی خەبات کە سەرەك نووسەری مامۆستا (برایم ئەحمەد)ە بە دەستەوەیە کە لەم رۆژانەی دوایدا دەربچێت و ئێستا خەریکی رێکخستنی کاروباری چاپکردنێتی". [١٣٤]

لە راستیدا ئەم وتارەی رۆژنامەی ژین گرنگیی و بایەخی بوونی رۆژنامەیەکی سیاسی وەك (خەبات) دەردەخات کە پێویستیەکی گرنگیی ئەو رۆژگارە بووە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارە یەکی ئەو رۆژنامەیە بوون، لەلایەکی ترەوە ئەو راستییەش دەردەخات کە خاوەنی راستەقینەی رۆژنامەکە برایم ئەحمەدی محامی بووە.

ئامانج و مەبەستی رۆژنامەی (خەبات) لە لایەن (هەمزە عەبدوڵڵا)ەوە لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ئامانجەکانمان)، بەم شێوەیە خراوەتە روو (خەبات لەم رۆژەدا دەرئەچێت بۆ ئەوەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەربڕێت،

---

[132]. دار الکتب و الوثائق، وزارة الارشاد، المحاسبة، المرقم ٣٨٥ في ١٩٥٩/١/١٤، الملف ٠٤٢٠٣٠٠/٤١٦، وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوە.

[133]. وەرگیراوە لە عەبدوڵڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (٢)، ل١٣٢.

[134]. بە وەرگرتن لە هەمان سەرچاوە، ل١٣٢.

ئەو پارتییەمان کە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی گەل لە کوردستانی عێراقدا ئەبا بەڕێوە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگی و.."[١٣٥]

برایم ئەحمەد بێجگە لەوەی سەرنووسەر و لێپرسراوی سەرەکی رۆژنامەکە بووە، لە هەمان کاتدا زۆربەی نووسینە گرنگەکان لە زۆربەی کاتدا لە لایەن ئەوەوە نووسراوە.[١٣٦]

لە راستیدا بە نووسینەکانی ژمارە (یەك)ی رۆژنامەی خەباتدا دیارە کە برایم ئەحمەد وەك سەرنووسەر کاریگەری بەسەر زۆربەی نووسینەکانەوە هەبووە، هاوکات (سێ) نووسینی بە ناوی خۆی (برایم ئەحمەد) و (بلە)و (ب)ەوە بڵاوکردووەتەوە، لە لاپەڕە (یەك)دا نووسینێکی هەیە بە ناونیشانی (سڵاوی خەبات بۆ خۆشەویستی گەل) بە ناوی خۆیەوە لە بری دەستەی نووسەران بڵاوکردووەتەوە، لە لاپەڕە (چوار)ی هەمان ژمارەدا دوو بابەتی (برایم ئەحمەد) بەرچاو دەکەوێت کە بە ناوی خوازراوەوە بڵاوی کردوونەتەوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (بە بۆنەی بیرەوەری دوانزە ساڵەی هەڵواسینی قازی محەمەدی شەهیدەوە) بە ناوی (ب)وە بڵاو کردووەتەوە، دووەمیان شیعری (شینی پێشەوا)یە بە ناوی (بلە)وە بڵاوکردووەتەوە.[١٣٧]

برایم ئەحمەد هەوڵی داوە شێوازێکی نوێ بۆ ناوەڕۆك و چۆنێتی ریزبەندکردنی بابەتەکان و رەچاو کردنی لایەنی هونەری لە رۆژنامەی خەباتدا پەیڕەو بکات، زۆر جار لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا رۆژنامە بە زمانێکی هاوبەش و تێکەڵاو لە زمانی (کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی)، دەرچووە، کە تیایدا چەند لاپەڕەیەك بە زمانی کوردی و لاپەڕەکانی تریشی بۆ زمانەکانی تر تەرخان کراوە، بەڵام برایم

---

[135]. بڕوانە رۆژنامەی خەبات، ژمارە(١)، ٤ نیسانی ١٩٥٩. ژمارە(١)ی رۆژنامەی خەبات لە رۆژی شەممە ٤/ ١٩٥٩/٤دا بە زمانی کوردی دەرچووە، کە تیایدا نووسراوە(خەبات رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری (ابراهیم احمد المحامی)، ناونیشان بغداد شەقامی موتەنەبی، لە چاپخانەی (النجاح) لە بەغد چاپکراوە).

[136]. یادگارو هیوا چەپکە گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد،....ل١٣٦؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/٢١.

[137].بڕوانە رۆژنامەی خەبات، ژمارە (١)، ٤ نیسانی ١٩٥٩، ل١ -٤.

ئەحمەد ئەم نەریت و شێوازەی گۆڕیوە و لە جیاتی ئەوە سەرەتا هەندێ ژمارەی بە کوردی و دواتر هەندێکی تر بە عەرەبی.[١٣٨]

سەبارەت بە زمانی نووسینی رۆژنامەکە، لە سەرەتادا لە ژمارە (١-٥) بە زمانی کوردی دەرچووە، پاشان هەردوو ژمارەی (٦،٧) بە عەرەبی دەرچوون، ژمارە(٨،٩) بە کوردی و ژمارەکانی (١٠،١١،١٢) بە عەرەبی دەرچوون، لە ژمارە (١٣بۆ٢٤) بە زمانی کوردی دەرچووەو هەوڵ دراوە یەك لە دوای یەك رۆژانە دەربچێت، بەم شێوەیە رۆژنامەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە تا ژمارە (١١٢) ئیتر لە وە بە دواوە بە زمانی عەرەبی دەرچووە تا رۆژی داخستنی.[١٣٩]

دیارە گەلێك هۆکار رێگر بوون لە بەردەم بەردەوامبوونی رۆژنامەکە بە زمانی کوردی، لەم بارەیەوە سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات لە ساڵیادی رۆژنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی چاپ و نەبوونی پیتکاری کوردیزان هۆی ئەوە بووە کە رۆژنامەکە چیتر بە کوردی دەرنەچێت.[١٤٠]

ژمارە (٦)ی رۆژنامەی خەبات یەکەم ژمارەی رۆژنامەکەیە کە بە زمانی عەرەبی لە (٨)ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە، کە بە هەمان شێوە چەند وتارێکی (برایم ئەحمەد)ی تیا بلاْوکراوەتەوە.[١٤١]

رۆژنامەی خەبات پێش ئەوەی ببێتە خاوەنی چاپخانەی (سەلاحەدین)، لە چەند چاپخانەیەکی دیکە چاپ کراوە، لە سەرەتادا تا ژمارە(٩٧)ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ لە چاپخانەی (النجاح) چاپکراوە، دوا بە دوای ئەوە تا ژمارە (١٠٥)ی ٢٥ تشرینی دووەم لە چاپخانەی (دار التمدین) چاپکراوە، پاشان تا ژمارە(٢٠٠)ی ٢١ نیسانی ١٩٦٠ لە چاپخانەی (الرأی العام) چاپکراوە، دواتر لە ژمارە(٢٠١)ەوە تا رۆژی داخستنی رۆژنامەکە لە چاپخانەی(سەلاحەدین) چاپکراوە.[١٤٢]

---

[138].نەوشیروان مستەفا ئەمین: برایم ئەحمەد و....، کوردستانی نوێ(٢١٥١)، ل٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٨\٢\٢٠٠٧.

[139]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. فرهاد محمد احمد: جریدة خبات/النضال..، ص٤١.

[140]. بڕوانە خەبات، ژمارە (١٩٦)، هەینی ٨ نیسانی ١٩٦٠.

[141]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خەبات، ژمارە (٦)، ٨ ئایاری ١٩٥٩.

[142].فرهاد محمد أحمد: جریدة خەبات/النضال.....٤١.

شایەنی باسە چاپخانەی (سەلاحەدین) لە وەزارەتی(ئیرشاد) بە ناوی (برایم ئەحمەدو نوری شاوەیس و رەشید عارف)ەوە تۆمار کراوە[١٤٣]، ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە تا رادەیەك خاوەنداریێتی رۆژنامەی خەبات بۆ برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە، چونکە جگە لەوەی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و نووسەری سەرەکی رۆژنامەکە بووە، لە هەمان کاتدا یەکێك لەو کەسانەش بووە کە چاپخانەکەیان بووە.

نەوشیروان مستەفا ئەمین لە بارەی رۆڵ و گرنگیی (برایم ئەحمەد) لە رۆژنامەی خەباتدا دەڵێت" بەشێکی زۆری سەر وتارەکانی خەبات چ هی ئەو چەند ژمارەیەی بە کوردی دەرچوون و چ هی ئەو چەند سەد ژمارەیەی بە عەرەبی دەرچوون بە قەڵەمی برایم ئەحمەد نووسراون".[١٤٤]

هاوکات لەم بارەیەوە نەوزاد عەلی ئەحمەد دەڵێت" مامۆستا برایم ئەحمەد وەکو سەرنووسەری رۆژنامەکە ئەو حەقەی بە خۆی دابوو کە دەستکاری بابەتەکان بکات و لە رووی هونەری نووسینەوە پیایاندا بچێتەوە بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکاندا، لە هەمووشی روونتر و دیارتر و بەڵگەدار تر بەکارهێنانی قاڵبی(ئە) لە جیاتی(دە) کە (ئە) بە تەواوی کۆنترۆڵی نووسینەکانی کردووە، ئەمە و بێجگە لە دانانی خاڵبەندی".[١٤٥]

لە راستیدا زۆربەی سەر وتارەکانی رۆژنامەی (خەبات) ئەوانەی کە لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراون تەرخان کراون بۆ داواکردنی سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و پشتیوانی کردنی کۆماری عێراق و هەوڵدان بۆ پێشخستنی باری ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردستان و داواکردنی کۆتایی هێنان بە باری نا ئاسایی و قۆناغی گوێزانەوە و دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی لە عێراقدا[١٤٦]، کە بێگومان ئەم هەڵوێست و وتارە سیاسیانە (برایم ئەحمەد)ی رووبەڕووی دەیان کێشەی سیاسی و دادگایی کردووەتەوە لە لایەن حکومەتی ئەو کاتەی عێراقەوە.

---

[143]. دار الکتب و الوثائق، وزارة الارشاد، مديرية الصحافة، الملف ٤١٦/٠٤٢٠٣٠٠، وەرگیراوە لە فرهاد محمد احمد: جريدة خەبات/النضال....، ص٤٥.

[144]. برایم ئەحمەد و رۆژنامەوانی، کوردستانی نوێ (٢١٥١)، یەك شەممە ٢٠٠٠/٥/٢١، ل٩.

[145]. یادگار و هیوا چەپکە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد....، ل١٣٦.

[146]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. فرهاد محمد احمد: جريدة خبات/النضال...،ل٦٨-٩١.

لەم بارەیەوە لە یەکێك لە سەر وتارەکانی رۆژنامەی (خەبات)دا برایم ئەحمەد باس لـەو جیاوازییـە دەکـات کـە لـە نێـوان هـەردوو مـادەی (٢) و (٣)ی دەسـتوری کـاتی عێراقدا هـەبوو کـە راسـتەوخۆ پێوەنـدی بـە کێشەی رەوای گـەلی کـوردەوە هـەبوو، لـە بەرامبـەردا بـە هـۆی ئـەم وتـارەوە بـرایم ئەحمـەدو رۆژنامەکەشـی رووبـەڕووی لێپرسینەوەی دادگایی بوونەتەوە.[١٤٧]

هەر لەو کاتەدا  بە چەند وتارێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی (خەبات)دا، بە توندی بە گژ هەڵوێستی عەرەبە رەگەز پەرستەکاندا چووەتەوە، لەو بارەیەوە بەرپەرچی ئەو وتارە دەداتەوە کە رۆژنامەی (الثورة)ی لایەنگری (عەبدولکەریم قاسم) تیایدا باس لە تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەکات لە بۆتەی نەتەوەی عەرەب دا.[١٤٨]

شایەنی باسە بێجگە لە برایم ئەحمەد چەند کەسێکی تر رۆڵی گرنگ و بەرچاویان هـەبووە لـە دەوڵەمەنـد کردنـی نـاوەڕۆکی رۆژنـامـەی (خـەبات)دا کـە رۆژانـە نووسین و بابەتی بە پێزیان لەئەو رۆژنامەیەدا بلاوکردووەتەوە.[١٤٩]

جێگـەی باسـە ململانـێ ی نـاوخۆی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، کاریگـەری راستەوخۆی بۆسەر دەستەی نووسـەران و چۆنێتی بەڕێوەبـەردنی رۆژنامـەی خـەبات هـەبووە، تەنانـەت رەوتـی فیکریـی رۆژنامەکـە بـەپێی گۆڕنکارییـەکانی نـاو مەکتـەبی

هەواڵنامەی کتێب

[147] . بڕوانە بەشی سێهەم باسی یەکەم ل١٤٠-١٤١.

[148] . بۆ دەقی ئەو وتارانە بڕوانـە خـەبات، ژمـارە (٤٣٧)، ٢١ نیـسان ١٩٦١ ؛ ژمـارە(٤٤١)، ٢٦شـبات ١٩٦١؛ ژمـارە (٤٤٦)، ٣ ئـازاری ١٩٦١. رۆژنامـەی (الثـورة ) لـە ژمـارە ( ٥٥٥ )ی ١٧ شـوباتی ١٩٦١دا، وتـارێکی ( کلـوفیس مقصود)ی =بلاوکردووەتەوە بە ناونیشانی (نەتەوەی عەرەب و کێشەی کەمایەتیەکان) کـە تیایـدا بـاس لـە چارەنووسی کەمایەتیـەکان دەکات و نەتـەوەی کوردیـشی بـە کەمـە نەتـەوە دانـاوە، پاشـان داوا دەکات کـە پێویـستە هـەموو کەمـە نەتـەوەکان لـە بۆتـەی نەتـەوەی عەرەبـدا بتوێنرێنـەوە بـۆ ئـەوەی لەلایـەن داگیرکەرانەوە بەکارنەهێنرێن بۆ دەست خستنە ناو کاروباری ولآتانی عەرەبـەوە. بڕوانـە. جریـدة الثـورة، العدد (٥٥٥)، ١٧ شباط ١٩٦١.

[149] . یەکێك لەو کەسانە (جەلال تالەبانی)ە کە بە ناوی (پیرۆت)ەوە گۆشەیەکی تایبەتی رۆژانەی بە ناوی (یومیاتی)، بلاوکردۆتەوە، حلمی عەلی شەریف یەکێکی تر بوو لە نووسەرە چالاکەکانی رۆژنامەی خەبات، کە بە ناوی (ئاسۆ)وە رۆژانە بابەتی سیاسی نووسیوە و لایەنە لە یەکچوەکانی بزافی رزگاریخوازی گەلی کورد و خەباتی گەلانی روون= =کردووەتەوە، هەروەها عەزیز شەمزینی رۆژانە بەشێك لە نامەی دکتۆراکەی خۆی لە (خەبات)دا بلاوکردووەتەوە، ئەمانە و چەند کەسانێکی تری وەك (عەبدولرەحمانی زەبیحی، حەبیب محەمەد کەریم، جەرجیس فەتحولا...) شوێن دەستیان بە لاپەڕەکانی رۆژنامەی خەباتەوە دیارە. بڕوانە نەوشیروان مستەفا ئەمین: برایم ئەحمەد و رۆژنامەوانی...ل٩؛ مام جلال: خەبات لە چییەوە هات و...، ل٤.

سیاسی و دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی خەبات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە سەرەتادا رۆژنامەی خەبات لە لایەن (هەمزە عەبدوڵڵا، سالح حەیدەری، حەمید عوسمان، خەسرە و تۆفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز، محەمەد کریم فەتحولا)وە، سەرپەرشتی کراوە، برایم ئەحمەد لەو کاتەدا خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە بووە، بەڵام هەر بە رواڵەت و بۆ بەرپرسی یاسایی سەرنووسەری خەبات بووەو هیچ رۆڵێکی لە سیاسەتی رۆژنامەکەدا نەبووە.[١٥٠]

لەو ماوەیەدا رۆژنامەی خەبات بە هۆی لێپرسراوێتی (هەمزە عەبدوڵڵا) و بوونی دەستەیەك لە ئەندامانی دۆستی حیزبی شیوعی لەناو سەرکردایەتی (پارتی)دا لە ژێر کاریگەری سیاسەت و فکری (شیوعی)دا بەڕێوە چووە.[١٥١]

دواتر لە پێناوی مانەوەی سەربەخۆیی پارتی و گەڕانەوەی بۆ سەر رێبازی پێشووی خۆی، بارزانی راستەوخۆ (هەمزە عەبدوڵڵا)و هاورێکانی لە سەرکردایەتی پارتی و لێپرسراوێتی (خەبات) دوورخستەوە و ئەرکی بەڕێوەبردنی رۆژنامەکەی بە (جەلال تاڵەبانی) سپاردووە تا (برایم ئەحمەد) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان[١٥٢]، بەم شێوەیە جارێکی تر لێپرسراوێتی (خەبات) کەوتووەتەوە دەست برایم ئەحمەد.

دوای ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٩/ ٢/ ١٩٦٠دا مۆڵەتی فەرمی کارکردنی پێ دراو بوو بە پارتێکی ئاشکرا لە عێراقدا، لە کۆبونەوەیەکی فراوانی دەستەی دامەزرێنەری (پارتی)دا بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفا)و بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە ناسراوەکانی عێراق، چەند بڕیارێکی گرنگیان سەبارەت بە ئایندەی رۆژنامەی خەبات وسیاسەتی پارتی دەرکرد، کە گرنگترینیان هەڵبژاردنەوەی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکەو بڕیاردان لەسەر تەنازول کردنی

---

150 . مام جەلال: خەبات لە چییەوە هات و...، ل٥ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٤)، چوار شەممە ٢٠٠٠/٤/١٩، ل١. دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ لەناو (کۆمیتەی ناوەندی) پارتیدا، دوو دەستەی جیاواز سەریان هەڵدا کە بیرو رایان تەواو لە یەکتری= =جیاواز بوو، دەستەیەکیان بەسەرکردایەتی (برایم ئەحمەد)بوو کە زۆربەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ بوو، دەستەی دووەمیان بەسەرکردایەتی (هەمزە عەبدوڵڵا)بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. فرهاد محمد احمد: جريدة خەبات/النضال...، ص٣٦؛ حبيب محمد كريم: صفحات من نضال الشعب الكردي، تأريخ مؤتمرات الحزب، أربيل، ١٩٩١، ص٨.

151 .سعد ناجي جواد: العراق والمسالة......، ص٤٠.

152 . مام جەلال: خەبات لە چییەوە هات و...، ل٥. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. بەشی سێیەم، باسی یەکەم، ل١٢١-١٢٢.

(برایم ئەحمەد) لە خاوەندارێتی (خەبات) بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان.[١٥٣]

بۆ ئەم مەبەستە (برایم ئەحمەد) داواکارییەکی پێشکەش بە وەزارەتی (ئیرشاد)ی حکومەتی عێراقی کردووە بۆ ئەوەی ئیمتیازی رۆژنامەی (خەبات) بدرێتە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە جیاتی ئەوە ئیمتیازی رۆژنامەی (کوردستان)ی پێ ببەخشرێت و بخرێتە جێگەی (خەبات)، وەزارەتی ناوبراویش رەزامەندی خۆی لەسەر ئەو داواکارییە پیشانداوە.[١٥٤]

بەم شێوەیە (برایم ئەحمەد) تا داخستنی رۆژنامەی خەبات* وەك سەرنووسەری رۆژنامەکە لە پاڵ بەردەوام بوونی لە کاری سیاسیدا، لە رووی رۆژنامەگەرییەوە رۆڵی سەرەکی لە (خەبات)دا بینیوە.

جێگەی باسە رۆژنامەی (خەبات) لە ساڵی یەکەمیدا تا ٦ نیسانی١٩٦٠، (١٩٤) ژمارەی لێ دەرچووە و لە ساڵی دووەمیدا تا رۆژی داخستنی لە ٢٨ئازاری ١٩٦١دا، (٢٦٨) ژمارەی لێ دەرچووە کە کۆی گشتی ژمارەکانی لە ماوەی ئاشکرای تەمەنی رۆژنامەکەدا (٤٦٢)[١٥٥] ژمارەی لێ دەرچووە کە (٤٢) ژمارەیان بە کوردی و (٤٢٠) ژمارەشیان بە عەرەبی بڵاوکراونەتەوە.

شایەنی باسە رۆژنامەی (خەبات) بە ئاشکرا روخساری کوردستانێتی پێوە دیار بووە، شان بەشانی کێشە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان گرنگیی زۆری بە کێشەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان داوە، لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٢١)ی تەمموزی ١٩٥٩دا، بابەتێك نووسراوە بە ناونیشانی (خەباتی کوردستان– بوژانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی داگیرکراوی بە زۆر بە تورکیا بەستراودا)[١٥٦]، لە لایەکی ترەوە لە لاپەڕە(٢)ی ژمارە(٢٣)ی تەممووزی ١٩٥٩دا نووسراوە (خەباتی

---

[153].کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٤)، چوارشەممە ٢٠٠٠/٤/١٥، ل١.

[154].دار الکتب و الوثائق، وزارة الارشاد، مدیریة الصحافة، کتاب الموافقة الوزاریة المرقم (٥١٦)ی ٨ اب ١٩٦٠.

لە فرهاد محمد احمد: جریدة خەبات/ النضال....، ص١٠٩ وەرگیراوە؛ بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٢١٢٤)، ٢٠٠٠/٤/١٩، ل١.

★ بۆ زانیاری دەربارەی هۆکاری داخستنی رۆژنامەی خەبات بڕوانە بەشی سێیەم، باسی دووەم، ل١٤٢-١٤٤.

[155]. بڕوانە خەبات، عدد(٤٦٢)، ٢٨ ئازار١٩٦١.

[156]. بڕوانە خەبات، ژمارە (٢١)، تەمووزی ١٩٥٩..

کوردستان–دەربارەی کوردستانی بە سوریاوە بەستراو)[157]، هەروەها لە ژمارەیەکی تری رۆژنامەی (خەبات)دا بابەتێك سەبارەت بە بارودۆخی رۆژهەلأتی کوردستان لە ژێر ناوی (خەباتی کوردستان– وێنەیەك لە خەباتی کورد لە کوردستانی بە زۆر بەستراو بە ئێرانەوە).[158]

ئاشکرایە کە ئەم گرنگیی دانەی رۆژنامەی (خەبات) بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا شوێن دەستی (برایم ئەحمەد)ی پێوە دیارە و تەواو لەگەڵ بیروباوەڕی کوردستانی بوونی (برایم ئەحمەد)دا یەك دەگرێتەوە.

دوای ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی پارتی و رۆژنامەی (خەبات) لە لایەن دادگای بالأی دەوڵەتەوە*، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا لە کۆنفرانسێکدا لە گوندی (عەوالآن) بە سەرکردایەتی(برایم ئەحمەد) بڕیاریدا... نەك تەنها پشتگیری لە شۆڕشی ئەیلول بکرێت، بەڵکو پێویستە سەرکردایەتی شۆڕشەکە بگرنە ئەستۆ، دوا بە دوای ئەوە (برایم ئەحمەد) بارەگای (مەکتەبی سیاسی)ی لە (مالومە) دامەزراند و کەوتنە سەرکردایەتی کردنی شۆڕش لە ناوچەکەدا.[159]

جێگەی باسە یەکێك لە چالاکییە رۆژنامەوانییەکانی (برایم ئەحمەد) لەم ماوەیەدا، دەرکردنەوەی رۆژنامەی خەبات و دامەزراندنەوەی دەزگای چاپ بوو لە شاخ، کە لە دوای (شێخ محمود) کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا دەزگای چاپی

[157] .خەبات، ژمارە (٢٢)، ٣١ تەمووزی ١٩٥٩.

[158] .خەبات، ژمارە (٤٣)، یەك شەممە ٣٠ ئابی ١٩٥٩.

* دادگەی بالأی بەغداد لە ٢٨ ئەیلوولی ١٩٦١، بەپێی برگەی (١) لە مادەی (٢٦) لە یاسای رێکخراوەکان، بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی (پ.د.ك) و داخستنی سەرجەم لقەکانی لە پارێزگاکانی عێراقدا، لە ٢٢تشرینی یەکەمی ١٩٦١ حاکمی سەربازی (ئەحمەد سالح ئەلعەبدی) بڕیاری ئیلغاکردنەوەی ئیمتیازی رۆژنامەی خەباتی دەرکردو لەهەمان کاتدا چاپخانەی (سەلاحەدین)یش داخرا، بڕوانە.فرهاد محمد احمد: جريدة خەبات/النضال..، ص٦٤.

[159] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کۆنفرانسی(عەوالآن) بڕیاری سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی ئەیلوول بڕوانە. بەشی سێهەم، باسی دووەم ل١٥١-١٥٢.

بــرده ئەشــکەوتی جاســەنە لــە ســورداش، (بــرایم ئەحمــەد) دووەم ســەرکردەی شۆڕشگێڕی کوردە کە دەزگای چاپی لە (گردە رەش)ی ماوەت دامەزراند.[١٦٠]

ئەم بارودۆخە نوێیە کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر شێوازی کارکردنی رۆژنامەی خەبات هەبوو، لە رۆژنامەیەکی ئاشکرای خاوەن مۆڵەتەوە بوو بە رۆژنامەیەکی نهێنی و بەشێك لە رۆژنامەگەریی نهێنی کورد پێك دەهێنێت.

رۆژنامـەی خـەبات لـە ئازاری (١٩٦١) تا لێکترازانەکەی ناو سـەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لـە سالّی (١٩٦٤)دا، تـەنها (١١) ژمـارەی لێ دەرچووە، ئەمـەش بە بەڵگەی ئەوەی کە ژمارەی خەباتی هەردوو باڵەکەی پارتی لە دوای جیابوونەوەیان لە ژمارە (٤٧٤)ەوە دەست پێدەکات.[١٦١]

دوا ژمـارەی رۆژنامـەی (خـەبات)ی باڵی مەکتـەبی سیاسـی ژمـارە (٥١١)یـە کـە لـە حوزەیرانی (١٩٦٩)دا دەرچووە[١٦٢]، هـەر لـەو ماوەیـەدا باڵی (م.س) دەورەی دووەمی (خەباتی کوردستان)ی دەرکردووە، کە تەنها (٧) ژمارەی لێ دەرچووە، نـاوەڕۆکی ئـەو بڵاوکراوەیە باس لە ململانێی نێوان هەردوو باڵەکەی ناو پارتی (باڵی برایم ئەحمـەد- (م.س) –و باڵی بارزانی) دەکات.[١٦٣]

رۆژنامـەی (کوردسـتان) یـەکێکی تـرە لـە مەیدانـەکانی خـەباتی بـرایم ئەحمـەد لـە بـواری رۆژنامەگـەریی کوردیـدا، ژمـارە (یـەك)ی ئـەم رۆژنامەیـە لـە رۆژی شـەممە رێکەوتی ١٩٦١/٣/٤ لە بەغداد بە(٨) لاپەڕەی مام ناوەند لە چاپخانەی کوردستان بە زمـانی کـوردی دەرچـووە، لەسـەر دوا لاپـەڕەی نووسـراوە" رۆژنامەیـەکی سیاسـی

---

160. نەوشـیروان مـستەفا ئـەمین: بـرایم ئەحمـەدو رۆژنامـەوانی...، ل٩؛ چـاوپێکەوتن لەگـەڵ عیـزەدین مستەفا رەسووڵدا، سلێمانی، ٢٠٠٧\٢\٢٨.

161. نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد: هونـەرەکانی ئـەدەب لـە رۆژنامەگـەری...، ل٤٧-٤٨. ژمـارە (٤٧٤)ی رۆژنامـەی خەبات باڵی بارزانی لە(تشرینی دووەمی ١٩٦٤)دەرچووە، بەڵام ئەو ژمارەیەی بـاڵی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی لە (شوباتی ١٩٦٦) دەرچووە. بڕوانە هەمان سەرچاوە.

162. هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

163. ژمارە (١)ی (خەباتی کوردستان) لە مارتی ١٩٦٦ دەرچووە، ژمارە (٧)ی لـە شـوباتی ١٩٦٨ دەرچـووە، بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و...، ٢٩٥ -٢٩٦.

رۆژانەیــە، خــاوەن ئیمتیــازی بــرایم ئەحمـــەدو سەرنووســـەری پــارێزەر جــەلال تاڵەبانی". [١٦٤]

مانــشێتی ژمــارە یــەکی رۆژنامــەی کوردســتان بــە خــەتێکی درشــت نووســراوە (ئیمپریالیزم عەرەب بە خەباتی گەلی کورد ئەترسێنێ). [١٦٥]

برایم ئەحمەد ئامانجی رۆژنامەکەی لە وتارێکدا بە ناوی (ئامانجی کوردستان) لـە لاپەڕە (١)ی رۆژنامەکەدا بلاوکردووەتەوە، کـە تیایـدا هاتووە" دەرچوونی رۆژنامـەی (کوردستان) لەم کاتە ناسکەدا کە کۆمارەکەمانی پیا تێ پەڕدەبێت گرنگییەکی زۆری هەیە....جا بە هیوایـن کە (کوردستان) بتوانێ شان بەشانی (خەبات)ی هەڤاڵی، پێ بە پێـی رۆژنامـە دیموکراتییـە کوردسـتانییەکانی تـر لـە خـەباتی سـەخت و مەردانـەی گەلەکەمانـدا دژی ئیمپریالیـست و کۆنەپەرسـتی و بـۆ چەسـپاندن و گەشـپێکردنی دەســـکەوتەکانی شۆڕشـــە دیموکراتییـــە ئـــازادی خوازەکـــەمان پێـــشڕەوی خـــۆی سەربەرزانە و جوامێرانە بەجێ بهێنێت". [١٦٦]

دیـارە رۆژنامـە بـە لای (بـرایم ئەحمـەد)ەوە رۆڵێکـی گـەورە و گـرنگ دەبینـێ لـە داکـۆکی کردنـی مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورددا، هـەر بۆیـە نـاوەڕۆکی هـەردوو رۆژنامەی (خەبات)و (کوردستان) بۆ ئەو مەبەستە ئاراستە کراون و هەوڵیشی داوە رۆژنامـە بـۆ خزمـەتی سیاسـەت و بـە دیهێنانی مافـە رەواکـانی نەتـەوەی کـورد بـەکار بهێنێت.

رۆژنامـــەی (خـــەبات) لـــە ژمـــارە (٤٤٥)دا، هـــەواڵی دەرچـــوونی رۆژنامـــەی (کوردســـتان)ی بلاوکردووەتـــەوە و دەڵێـــت" کوردســـتان رۆژنامەیـــەکی کوردســـتانی جەماوەرییـــە، هـــەوڵ دەدات لـــە پێنـــاوی پارێزگـــاری کردنـــی کۆمـــاری عێـــراق و دیموکراسی و ئازادی، بۆ مەبەستی بە هێز کردنی برایەتی خەباتی هـەردوو نەتـەوەی کورد و عەرەب". [١٦٧]

---

[164]. کوردسـتان، ژمـارە (١)، ١٩٦١/٣/٤ ؛ د.کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد: تێگەیـشتنی راسـتی و...، ل٢٢٦؛ جبـار محمد جباری: تأريخ الصحافة الكردية..، ص ٦١ -٦٢.

[165]. کوردستان، ژمارە (١)، ١٩٦١/٣/٤.

[166]. هەمان سەرچاوە.

[167]. خەبات، عدد (٤٤٥)، ٢١ئازار ١٩٦١.

دارمـانی پەیوەندییـەكانی نێـوان حكومـەتی عێـراق و (پ.د.ك) لـە لایـەك و تۆمـەتباركردنی (بـرایم ئەحمـەد) بـە كوشـتنی (سـدیق مـیران) لـە لایـەكی دیكـەوە، هۆكاری سەرەكی بوون بۆ ڕێگری كردنی بەردەوام بوونی ڕۆژنامەی كوردستان.[١٦٨]

لـەدوای خۆبەدەسـتەوە نـەدانی بـرایم ئەحمـەد بـەو تۆمەتـەی خرابـووە پـاڵی، دادوەری گشتی سەربازی لە (١)ی نیسانی ١٩٦١دا فەرمانی بە وەزارەتی ئیرشاد كرد كە ڕێگە لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (كوردستان) بگرێت، لەبەر ئەوەی (برایم ئەحمەد)ی خـاوەن ئیمتیـازی ڕۆژنامەكـە داواكراوە لەبـەردەم دەسـتەی لێكۆڵینـەوەی تایبـەت بـە ڕووداوی شەقلاوە ئامادەبێت، بەڵام ناوبراو بە پێچەوانەی یاساوە شوێنی نیشتەجێ بـوونی نادیـارە، كـە ئەمـەش پێـچەوانەی بڕگـەی (٣)یـە لـە مـادەی (٣)ی یاسـای چـاپەمەنییەكان ژمـارە (٢٤)ی سـاڵی ١٩٥٤، كـە تیایـدا هـاتووە پێویـستە شـوێنی نیشتەجێ بوونی خاوەنی ڕۆژنامە ئاشكرا بێت.[١٦٩]

دوا ژمـارەی ڕۆژنامـەی كوردسـتان ژمـارە (پێـنج)ە كـە لـە (١)ی نیـسانی ١٩٦١ دەرچووە[١٧٠]، بەم شێوەیە ڕۆژنامەی كوردستان وەك ڕۆژنامەیەكی سیاسی زمانحاڵی پارتی دیموكراتی كوردستان، بەهۆی زوڵم و زۆری حكومەتی (قاسم) لە دوای (پێنج) ژمارە كۆتایی بە دەرچوونی هات.

ئاشكرایە لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلاندا زۆر جار تاكە كەسی ڕۆڵی سەرەكی دەبینێ لە ڕووداوەكاندا، لە هەمان كاتدا مانەوە یاخود لەناو چوونی دامەزراوەیەك بە چارەنووسی ئەو كەسانەوە بەند بووە.

لـەم ڕووەشـەوە بـرایم ئەحمـەد وەك ڕۆژنامـەوانێك كاریگـەری بەرچـاوی هـەبووە بەسەر بەردەوام بـوون یـاخود لـە كاردەسـتانی ڕۆژمانـە و گۆڤارەكـان بەڵگـەش بـۆ ئـەم راسـتییە ئەوەیـە كـە لـە دوای بڕیـاری دەسـتگیركردن و نایاسـایی بـوونی (بـرایم ئەحمەد)، بڕیاری لە كار وەستانی هەر یەكە لـە (گۆڤاری گەلاوێژ، ڕۆژنامـەی خـەبات، ڕۆژنامەی كوردستان) لەلایەن حكومەتە یەك لە دوا یەكەكانی عێراق دەرچووە.

---

168 . بۆزانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە. بەشی سێیەم باسی دووەم.

.169 دار الكتب والوثائق، وزارة الدفاع مقر الحاكم العسكري العام، كتاب إيقاف نشر صحيفة المرقم ٩٣٨/١٢ في ١٩٦١/٤/١. (سري و على الفور) إلى وزارة الارشاد، الملف ٤٢٠٣٠٠/٤١٦. وەرگیراوە لە فرهاد محمد احمد: جریدة خەبات/النضال..، ص٦٦.

.170 بڕوانە كوردستان، ژمارە (٥)، ١ی نیسانی ١٩٦١.

بەشێکی تری خەباتی (برایم ئەحمەد) لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بەشداریکردن بووە لە ئامادەکردن و دامەزراندنی (رادیۆی دەنگی کوردستان) لە گردە ڕەشی ناوچەی ماوەت.

لەم بارەیەوە هۆمەر دزەیی کە خۆی یەکێك لە دامەزرێنەرانی رادیۆکە بووە دەڵێت " ڕۆژێکیان لە مانگی ئەیلولدا دوو گەنجی ئەوروپایمان لێ پەیدابوو من وام زانی کە ڕۆژنامەوانن، بەڵام هێندەی نەبرد مامۆستا[برایم ئەحمەد] لە (م. س)ەوە هاتەلامان و قۆڵی منی گرت و پێی گوتم شتێك هەیە نابێ کەس پێی بزانێت گوتی وێستگەیەکی رادیۆمان لە ئەڵمانیاوە بۆ هاتووە کە کاك کەمال فواد سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا تەرتیبی کردووە، دەمانەوێت لە ئەشکەوتی گردە ڕەش دایبمەزرێنین، ئەم دوو گەنجەش ئەڵمانین و ئەندازیاری رادیۆن، تۆش کە ئەڵمانی دەزانی هەمیشە لە گەڵیانابە، بەڵام لای خەڵك بڵی ڕۆژنامەوانن".[171]

ئاشکرایە (برایم ئەحمەد) لەو کاتەدا (ئەیلولی ١٩٦٣) وەك سکرتێری (پ.د.ك)، لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنییەتی پەیداکردن و گواستنەوەی بۆ کوردستان و دامەزراندنی رادیۆکە بووە، ئەمەش یەکێك لە کارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی (برایم ئەحمەد) دادەنرێت لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا، لە بەرئەوەی دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان بە یەکێك لە هەرە پێداویستییە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلول دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی گرنگیی بینیوە لە ناساندنی شۆڕشی کورد و بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەتنەکانی پێشمەرگە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر جۆشدانی خەڵکی کوردستان هەبووە.

ڕۆژنامەی ( النور ) قۆناغێکی تری ڕۆژنامەگەریی ئاشکرای کوردییە کە ( برایم ئەحمەد) ڕۆڵی بەرچاوی تیا بینیووە،کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بووە، خاوەن ئیمتیازی حیلمی عەلی شەریف و سەرنووسەرەکەی عومەر مستەفا بووە کە بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی لە بەغداد دەرچووە، ژمارە(١) ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨دا

---

171. هۆمەری دزەیی: ٤٤ ساڵ لەمەوبەر من یەکێك بووم لە دامەزرێنەرانی رادیۆی دەنگی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٣٨٦)، ٢٠٠٧/٩/٣٠ ل٦.



هەواڵنامەی کتێب

به عەرەبی دەرچووەو دوا ژمارەی ئەم رۆژنامەیە ژمارە(٤٣٢)ە کەلە ٢٩ی مارتی ١٩٧٠ دەرچووە.[١٧٢]

نەوشیروان مستەفا ئەمین لە بارەی رۆڵی برایم ئەحمەد لە رۆژنامەی (النور)دا دەڵێت" بەشێك لە سەروتارەکانی رۆژنامەی (النور) بەتایبەتی ئەوانەی کە دیفاع لە حقوقی کورد دەکات برایم ئەحمەد نووسیویەتی".[١٧٣]

ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە (برایم ئەحمەد) هەمیشە هەوڵی داوە رۆژنامە بکاتە ناوەندێك بۆ داواکاری مافەڕەواکانی کوردو رۆژنامەی وەك بەشێك لە سیاسەت بەکارهێناوە.

رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کۆتایی بە تەمەنی رۆژنامەی (النور) هێناو بووە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی (پ.د.ك) و دورکەوتنەوەی (برایم ئەحمەد) لە کاروباری سیاسی.[١٧٤]

بەم شێوەیە برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی (١٩٧١- ١٩٧٤) لە سەرداوای (بارزانی) لە ناوچەی (چۆمان) و (ناوپردان) نیشتەجێ بووەو هەندێك وتاری سیاسی لە سەر جۆری رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عەرەب لە گۆڤاری (کادر)* دا بڵاو کردووەتەوە.[١٧٥]

دەکرێ رۆڵ و بایەخی برایم ئەحمەد لە بواری رۆژنامەگەریدا لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

- برایم ئەحمەد هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە خۆی بۆ کاری رۆژنامەگەریی تەرخان کردووە و چونیشی بۆ کۆلێژی یاسا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[172] . جبار محمد جباري: تأريخ الصحافة الكردية...، ص٦٧.

[173] .ژیان و چالاکی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، بەشی سێیەم، رۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢١٥٤)، ٢٠٠٠/٥/٢٤، ل٩.

[174] . بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە بەشی سێهەم، باسی چوارەم، ل ١٩٠-١٩٥.

* کادر: گۆڤارێکی رۆشنبیرییە، (پ.د.ك)دەریکردووە، ژمارە(١)ی لە مانگی تەمووزی ١٩٦٨ دەرچووەو تا راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام بووە، سەرجەم ژمارەکانی گەیشتۆتە (٢٥) ژمارە، بابەتەکانی زیاتر بریتین لە لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و فەرهەنگی، کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەتی بڵاوکردووەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. نەوزاد عەلی ئەحمد: رابەری رۆژنامەگەری نهێنی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٩.

[175] . نەوشیروان مستەفا ئەمین: برایم ئەحمەدو رۆژنامەوانی... ل٩.

- برایم ئەحمەد دەستبەرداری گەلێك پۆستی ئیداری گرنگ بووە لە پێناوی بەردەوامبوونی لە کاری رۆژنامەگەریدا.
- دامەزرێنەری هەندێك لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بووە و هەر خۆشی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەریان بووە.
- چارەنووسی گۆڤاری (گەلاوێژ)و رۆژنامەی (خەبات و کوردستان) بە چارەنووسی (برایم ئەحمەد)ەوە بەند بووە، هەر بۆیە لە دوای بڕیاری دەستگیرکردنی برایم ئەحمەد بڕیاری لە کاروەستانی ئەوانیش دەرچووە.
- زۆربەی زۆری سەروتارە سیاسییە گرنگەکانی رۆژنامەی (رزگاری، خەباتی کوردستان) لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا و رۆژنامەی (خەبات، کوردستان، النور...) لە سەردەمی حوکمی کۆماریدا لەلایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراون، یا بیروڕای ئەو لە بارەیانەوە وەرگیراوە.
- برایم ئەحمەد شان بەشانی کاری رۆژنامەگەریی ئاشکرا، رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بواری رۆژنامەگەریی نهێنیدا، کە دیارترینیان رۆژنامە و بلاْوکراوەکانی وەك (دەنگی راستی، رزگاری، خەباتی کوردستان، (خەبات) لە سەردەمی شاخ،....).
- برایم ئەحمەد چەند جارێك رووبەڕووی دادگا و کێشە و گیروگرفتی یاسایی بووەتەوە بەهۆی داکۆکی کردنی لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە رێگەی رۆژنامەوانییەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووەم

## ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەبدا

برایم ئەحمەد شان بەشانی کارو چالاکییەکانی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەری هەبووە لە بواری ئەدەبدا.

لەم بارەیەوە عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت" خەباتی درێژو سەختی مامۆستا لەو تەمەنە پان و بەرینەدا، دۆست تا دوا هەناسەی ژیانی بەبەرزو مەردانەی دائەنێت، دوژمن تانوتی لێ دەگرێت، بەڵام لە مەیدانی نووسین و بەرهەمی ئەدەبیدا دوژمن پێش دۆست ناچارە دەست بەرزبکاتەوەو لە تاوی بە ناچاری تەسلیم بووندا بڵێ خۆزگە هەر خەریکی نووسین دەبوو"[176]، لە هەمان کاتدا مارف خەزنەدار دەڵێت" برایم ئەحمەد بۆ ئەدەب خوڵقابوو، ئەگەر هەموو کاتی بۆ ئەدەب تەرخان بکردایە مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکە دەکەوتەوە"[177]، بەڵام دەکرێ بوترێ کە هەستی کوردایەتی و خۆشەویستی بۆ ئەدەب فاکتەرێکی سەرەکی بوو لە بەرزکردنەوەو سەرکەوتنی (برایم ئەحمەد) لە بواری ئەدەبدا، چونکە نووسینەکانی هەڵقوڵاوی ناو ژیانی ڕاستەقینەو کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵی کوردەوارین.

برایم ئەحمەد یەکەم بەرهەمی ئەدەبی خۆی لە ژمارە (٣٢٦)ی ساڵی (١٩٣٢)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردووەتەوە کە پێکهاتووە لە پەخشانێکی ئەدەبی بە ناونیشانی (لەشەوا) کە بە کوردییەکی پەتی و ڕەوان نووسراوە[178]، هاوکات لەگەڵ

---

[176]. بەهرەی شاعیرێتی و سەلیقەی نووسینی مامۆستا برایم، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥١)، ٢١ / ٥/٢٠٠٠، ل ٧.

[177]. مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٩١.

[178]. لەشەوا، ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (٣٢٦)، سلێمانی، ١٦ حوزەیرانی١٩٣٢، ل٣.لە را ستیدا برایم ئەحمەد لە پێش ساڵانی سیەکانەوە هەوڵی نووسینی داوە، هەروەك خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت" لە ساڵی ١٩٢٨ یان ١٩٢٩ ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ موتەرسیفی سلێمانی، وتارێکم نووسی بوو بۆ ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بە عنوانی (سەعادەت) بڵاویان نەکردەوە و بۆیان نووسی بوم" تکایە بە شێوەیەك بنووسە خەڵك تێ بگات" ئەوە وای لێ کردم بە دەرەجەی (١٨٠) وەرگەرام بۆ کوردی پەتی نووسین". وەرگیراوە لە ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی، چاپخانەو کۆمپیوتەری بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦٨.

ئـەم پەخـشانەدا نامەیـەك بـۆ پیرەمێـرد دەنووسـێت کـە تیایـدا هەڵوێـستی لەخۆبوردوانەی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت" گەورەی خۆم نووسیندەی ژیان، کە بیستم چاکی ژیانتـان گرتـووە ویـستم یارمـەتیتان بـدەم، ئـەوەی لـە دەسـتم دێـت نووسینی هەندێ مەقالـەی ئەدەبیـە بـە کـوردی پـەتی، وەیـا وەرگێڕانـی مەقالاتـە لـە رۆژنامـەکانی غەربـەوە بـۆ کـوردی، ئـەوەم لەدەسـت دێـت، بـەڵام شـەرت ئەوەیـە کـە یارمەتیەکەم قبوڵ بکەن، نامەوێ بەرامبەر بەو چەند شیعرەی کە بۆتان ئەنێرم، یا بەرامبەر بەو مەقالانەی کە بۆتان تەرجەمە دەکەم چ تەشەکورێکم بکەن چونکە دەردی عەرەب ئەڵێت (لاشکر علی الواجب) وا ئەم جارە ئەم مەقالەیەم بۆ ناردن و وابزانم بەشی زۆری کوردیی پەتییە، ئەگەر لە گۆشەیەکی رۆژنامەکەتانا نووسیتان وادیارە یارمەتییەکەم قبوڵ دەکەن، وادیارە کە هەروەکو خۆتان بە پیری دەستتان داوەتە چالاکی ژیان ناتانەوێ بە گەنجی هاووڵاتیان دەستی لێ بەربدەن، قبوڵتانە ئامادەم هەموو وەختێ بۆ خزمەت، قبوڵتان نیە کارتان راست بێت، ئیتر خۆشی سەری ئێوە".[179] پیرەمێردیش بە ناوی رۆژنامەی (ژیان)ەوە لە هەمان ژمارەدا وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت" ژیان هەمیشە چاوەڕێی ئەم شێوە شیرینە کوردیە رەوانەیە پیرەمێردیش بە هیوای نەوجەوانانە".[180]

لە دوو توێی ئەم نامەیەدا چەند راستییەکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش بەر لە هەموو شتێك برایم ئەحمەد هەوڵی داوە کە بەشداری بکات لە پرۆسەی بەرەوپێش بردنی ئەدەبی کوردی و بژارکردنی نووسینی کوردی لە وشەی بێگانەو گرنگیی دان بە شێوازی بە کوردی پەتی نووسین، لە هەمان کاتدا وا دەردەکەوێت کە بێجگە لە زمانی کوردی شارەزاییەکی باشی لە زمانی بێگانەدا هەبووەو ئەم بەهرەیەشی لە وەرگێڕانی بەرهەمی بێگانەدا بەکارهێناوە بۆسەر زمانی کوردی.

ئەوەی جێگەی باسە (برایم ئەحمەد) وەك لاوێکی نیشتمان پەروەری کورد ئەم کارانەی بە ئەرکێکی سەرشانی خۆی زانیوەو چاوەڕێی هیچ جۆرە پاداشتێکی مادی و مەعنەوی نەکردووە، هاوکات وەڵامی پیرەمێردیش لەو بارەیەوە هاندەرێکی لەبار بووە بۆ بەردەوام بوونی برایم ئەحمەد لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی.

---

[179]. رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە(٣٢٦)، سلێمانی، ١٦حوزەیرانی ١٩٣٢، ل ٢.

[180]. هەمان سەرچاوە، ل٢.

بلاّوبوونەوەی یەکەم بەرهەمی لە رۆژنامەی (ژیان)دا دەبێتە هاندەرێك بۆ (برایم ئەحمەد) کە لە سەر نووسین و کاری ئەدەبی بەردەوام بێت، لەم بارەیەوە لە نامەی دووەمیدا بۆ پیرەمێرد نووسیویەتی" گەورەی خۆم نووسیندەی ژیان بە بینینی یەکەم گوڵی خەیاڵم لە گوڵشەنی(ژیان)دا گەڵێ شادبووم، هیوام هەیە خوێندەوارانی ژیانیش لە خوێندنەوەی وەڕس نەبووبن، وەکو بەڵێنم پێ دابوون کە هەموو جارێ شتێکتان بۆ بنووسم، وا بەڵێنەکەی خۆم بەجێ ئەهێنم و ئەم چەند دێڕەتان بۆ ئەنێرم، ئێوەش ئەبێ شەرتەکەی خۆتان بەجێ بهێنن".[١٨١]

بەم شێوەیە برایم ئەحمەد کەوتووەتە سەر رێچکەی نووسینی ئەدەبی و زنجیرەیەك نووسین و پەخشانی ئەدەبی گرنگیی لە (ژیان)دا بلاّوکردووەتەوە.

(لە بەری بەیاندا) یەکێکە لە وتارە پەخشان ئامێزەکانی کە لە ژمارە(٣٣٠)ی رۆژنامەی (ژیان)دا بلاّوی کردووەتەوە، کە تیایدا باس لە جوانیی سروشتی بەیانیان دەکات و ستایشی خوێندن و زانست و رەخنە لە نەخوێندەواری دەگرێت و هانی کۆمەڵی کوردەواری دەدات بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندن.[١٨٢]

پەخشانی (شین بۆ گوڵێ) یەکێکی ترە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی برایم ئەحمەد کە بریتییە لە وتووێژی نێوان خۆیی و گوڵێك کە ناوەڕۆکەکەی باس لە هەژاری و نەداری گەلی کوردو چەوساندنەوەی کۆمەلاّیەتی دەکات.[١٨٣]

هەر لە رۆژنامەی (ژیان)دا پەخشانێکی تری بە ناوی (ئاواتی دڵ گەشتێك بەسەر باڵی پەڕندەی خەیاڵەوە) بەسێ بەش و لەسێ ژمارەدا بلاّوکردووەتەوە، کە لە رووی ئەدەبی و زمانەوانییەوە تەواو لە ئاستێکی بالاّدایە، ناوەڕۆکی ئەم بابەتە باس لەستەمی مرۆڤ دەکات بەرامبەر بە مرۆڤ کە بە مەبەستی سەرەکی ئەو تاوان و زوڵم و زۆرەیە کە بەرامبەر بە گەلی کورد دەکرێت و هیچ لایەکیش ئاوڕێکی مرۆڤانەی لێ ناداتەوە.[١٨٤]

---

181 . رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (٣٢٨)، ٣٠حوزەیرانی ١٩٣٢، ل ٣.

182 . سیاپۆش: لە بەری بەیاندا، رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە(٣٣٠)، ١٤ تەمووزی ١٩٣٢، ل٣.

183 . بڕوانە. (ژیان)، ژمارە(٣٣٤)، ١٨ئۆغستی ١٩٣٢، ل٢.

184 . بڕوانە. رۆژنامەی (ژیان)، ژمارەکانی (٣٥٥)، مارتی١٩٣٣، ل٢ ؛ (٣٥٦)، ٩ مارتی ١٩٣٣، ل٢ (٣٥٧)، ١٦ مارتی ١٩٣٣، ل١.

هەریەکە لەم وتارو پەخشانە ئەدەبییانەی (برایم ئەحمەد)لە ئاستێکی بەرزو پڕ بایەخدان، لە هەمان کاتدا رۆڵی بەرچاویان بینیوە لە خزمەتکردنی بواری ئەدەبی کوردی و وشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستاندا، سەبارەت بە گرنگی رۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەبی کوردیدا نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت" هەر چەندە ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر ئەم بابەتانەدا تێپەڕیووە، بەڵام ئێستاش وەکو نموونەی پەخشانی ئەدەبی رۆمانسی نرخی ئەدەبی و زمانەوانی هەرماوە.[١٨٥]

برایم ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە درکی بە کۆمەڵێك خاڵی لاوازی نووسەران و شاعیرانی کورد کردووە و وەك رەخنەگرێك هەوڵی بنبڕکردنی ئەو کەموکوڕیانەی داوە، لەم بارەیەوە وتارێکی بە ناونیشانی (شاعیرەکانمان) بە دوو بەش لە رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردووەتەوە کە راستەوخۆ دەچێتە ناوخانەی رەخنەی ئەدەبییەوە.[١٨٦]

نووسەر لەم وتارەدا رەخنە لە شاعیرانی کورد دەگرێت و دەڵێت" شاعیرەکانمان هەتا ئێستا بڕواناکەم لە کەلیمەی مەدح و ستایش زیاتریان بیستبیٚ، یەکیٚ بە (توتی شکر گوفتار) ئەوی تر بە (بولبولی شیرین کەلام) ناویان لیٚ ناون، هەرچەندە ئەم لە قەبانەیان لە لاپەڕەی چ پارچە کاغەزو گۆشەی چ رۆژنامەیەکدا بۆ نەنووسراوە، بەڵام لە مێشکی خۆیان و هەندیٚ دەوروپشت و ناسیاویاندا زۆر چاك جێگیربووە، بەڵیٚ هەتا ئێستا بیٚ لێکدانەوە مەدحمان کردوون بەڵام لەمەودوا ئەو دەورە رۆیی کە بە زەرد بوترێت زێرو...".[١٨٧]

لە راستیدا ئەم وتارە هەوڵدانێکە بۆ تیۆریزەکردن و نوێکردنەوەی ناوەڕۆك و رووخساری شیعری کوردی و هەوڵێك بووە بۆ دەربازکردنی شیعری کوردی لە قاڵبی کلاسیکییەوە بەرەو نوێکردنەوەو واقعی بردن.

شیعر وەك بەشێکی سەرەکی لە ئەدەب، گرنگیی و بایەخێکی فراوانی هەبووە بەلای (برایم ئەحمەد)ەوە، لەم بارەیەوە دەیان شیعری بە توانای نوسیووە کە

---

185 . ئیبراهیم ئەحمەد و رۆژنامەوانی...، ل ٩.

186 . بڕوانە سیا پۆش: ئەدەبیاتی کوردی (شاعیرەکانمان)، بەشی یەکەم، رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (٣٣٥)، ٢٥ ئۆغستی١٩٣٢، ل١-٢ ؛ بەشی دووەم ژمارە (٣٣٦)، ئەیلول ١٩٣٢، ل ٢.

187 . هەمان سەرچاوە.

راستەخۆ رەنگدانەوەی بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوارین لەو رۆژگارەدا.[١٨٨]

هەرچەندە شیعرەکانی (برایم ئەحمەد) ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام ئاستێکی هونەری بەرزو ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندیان هەیە، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەو راستیەش بکەین کە لێهاتوویی و پایەی شاعیر بە چەندێتی شیعرەکانییەو پێوانە ناکرێ، بەڵکو هونەرو جێکردنەوەی خاسییەتە بەرزەکانی شیعرو تێڕوانین و تێگەیشتنی دروست دەبنە نیشانەو مەرجی بنەڕەتی شاعیر.[١٨٩]

یەکەم بەرهەمی شیعری (برایم ئەحمەد)بریتییە لە شیعری (یادگار و هیوا) کە لە ساڵی ١٩٣٣دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت: –

لەبەرچاوی بەد لەترسی بەدکار     دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
بەگریانی وشك بەنالەی بێ دەنگ     دێنمە لەرزین تەختی کردگار
شیرین بەهارە بەهاری شادان     بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان
جەژن و بەهار و سەیران وخۆشی     گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان.[١٩٠]

برایم ئەحمەد هەوڵی داوە لە روانگەی شیعرەوە پەیامی سیاسیی خۆی بە نەتەوەی کورد رابگەیەنێت، تیایدا داوای خۆسازادان و خەباتی نهێنی و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەرو دوژمنانی کورد دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو رەوتەشی دەست نیشان کردووە کە خۆی خەباتی تیا دەکات ئەویش بەرەی هەژاران و

هەواڵنامەی کتێب

---

188. بڕوانە. عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

189. زۆر جار لە مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەکاندا وارێك دەکەوێت شاعیر بە تەنها شیعرێك دەبێتە شاعیرێکی بەناوبانگ، لەم بارەیەوە د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ دەڵێت (عەرەب زۆر جار باس لە (شعراء الوحدة) دەکەن ئەویش ئەو شاعیرانەن کە بە تاقە پارچە شیعرێك یا بە یەك پارچە لە دیوانەکەیاندا ناویان دەرکردووە، بۆ مامۆستا برایم ئەحمەدیش پارچە شیعری (یادگارو هیوا)بەسە کە بیکاتە ریزی شاعیرانی گەورەی کوردەوە، بیکات بە یەکێك لە رابەرانی شیعری نوێی کوردی) بڕوانە. کوردستانی نوێ، (٢١٥١) ٢١ / ٥ /٢٠٠٠، ل٧.

190. لە راستیدا ئەم شیعرە چەند جارێك بڵاوکراوەتەوە، بۆ یەکەم جار بەناونیشانی (هیواو دڵداری)یەوە بە (٢٠) چوارین بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە. گۆڤاری (هاوار)، ژمارە (١٩)، ساڵی یەکەم، ١٧نیسانی ١٩٣٣، ل٦–٧. پاشان ئەم شیعرە کەمێك دەستکاری کراوەو بووە بە (٢٦) چوارین و ناونیشانەکەی گۆڕاوە بە (یادگارو هیوا). بڕوانە یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغداد، ١٩٣٣، ل١٣–١٩.

**رەنجدەرانە، لەلایەکی ترەوە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە (ژیان) دەردەخات و پێی وایە کە ژیان بریتییە لە خەبات و فیداکاری و خۆبەخت کردن لە پێناوی رزگاری نیشتمان و گەلەکەیدا، نەك رازی بوون بە ژیانی ژێر دەستەیی و دیلیی.**

**لە راستیدا شیعری یادگارو هیوا کە لەلایەن (برایم ئەحمەد)ی تەمەن (١٨) ساڵەوە نووسراوە لەگەڵ هەموو واتا گرنگ و پڕبایەخەکانی لەو رۆژگارەدا بوونەتە وێردی سەرزاری لاوە هۆشیارەکانی کوردستان و دواتریش لەلایەن هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ەوە کراوە بە گۆرانی کە تا ئێستاش هەر بە زیندویّتی ماوەتەوە.[١٩١]**

**برایم ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمەدا تازەگەری لە شیعری کوردیدا کردووە[*]، لە هەمان کاتدا ژانری نوێی لە ئەدەبی کوردیدا داهێناوە کە خۆی لە شێوازی نووسینی (پەخشانە شیعر[*])دا دەبینێتەوەو شیعری بەرەو رووناکی نموونەی بەرچاوی ئەم داهێنانەیە.[١٩٢] لەو بارەیەوە دەڵێت :**

**بەرەو رووناکی**

**لە ناو جەرگەی تاریکیەوە دەست بەکەلەپچەو تەوق لە مل و زنجیر لەپێ**
**لە کانگای نەزانی و هەژاری و دیلیەوە کەوتومەڕێ هاتوم ئەڕۆم بەرەو رووناکی.[١٩٣]**

هەواڵنامەی کتێب

---

[191].بڕوانە. مام جەلال: یادنامە، سلیمانی، ٢٠٠٠، ل ٦.

[*]. برایم ئەحمەد سەرەتا لە (رۆمانسیزم)ەوە رووی لە مەیدانی شیعر نووسین کردووە، دواتر لە ئەنجامی بەرەو پێش چوونی بیرو جۆشدانی خەبات و تێکەڵ بوون بە جەماوەر و کارکردن لە ریزەکانی کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکان، رەوتی شیعری بەرەو رێبازی (ریالیزم) بردوەو بە چەشنی شاعیرێکی ریالیست بیری کردووەتەوەو شیعرەکانی بوونە ئاوێنەی خەبات و ژیان. بڕوانە. ئەڤین عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد دەنگێکی زوڵاڵی شیعری نوێی کوردیە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٧.

[*]. پەخشانە شیعر یاخود (شیعری پەخشان) دەتوانرێ ئەم بابەتە لە چوارچێوەی هەردوو خانەی شیعر و پەخشاندا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ناو بهێنرێت، لەبەر ئەوەی جەمسەری بەهەردوو لایەنەکەوە بەستراوە واتە کەرەستەی شیعرەو لە شێوەی پەخشان دا دارێژراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە. محمد دلێر أمین میسری: رۆڵی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩ – ١٩٤٩) لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٣.

[192]. د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ: بەهرەی شاعیرێتی و سەلیقەی نووسینی مامۆستا برایم، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥١)، ٢١ /٥/٢٠٠٠، ل٧.

[193]. بۆ بینینی تەواوی ئەم پەخشانە شیعرە بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥)، ساڵی شەشەم، مایسی ١٩٤٥، ل١ ؛ گەلاوێژ، ژمارە (٥)، ساڵی نۆیەم، مایسی ١٩٤٨، رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (٣)، ١٨مارتی ١٩٦١ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٦)، ١٠/ ٤/٢٠٠٠، ل١٢.

برایم ئەحمەد لەم بەخشانە شیعرەدا ڕێگەی مەینەتی و ئازار و چەوساندنەوە دەگێڕێتە بەر و باوەڕی تەواوی بەسەرکەوتن و دوا ڕۆژی گەشی کورد هەیە، کە بێگومان ئەوەش لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردەوە بەدەست دێت.

لە هەمان کاتدا ئەم پەخشانە شیعرە خۆی لە خۆیدا هاوچەرخێتیە لە بواری ئەدەبیدا، چونکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە دیمەن و وێنەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە هاتۆتە کۆڕی ئەدەبیاتی کوردییەوە، لە ڕووی روخساریشەوە لە دەربڕینی کورت و بەهێزو وشەی کوردی پاراو پێکهاتووە.[١٩٤]

یەکێکی تر لە شیعرەکانی برایم ئەحمەد کە مۆرکی کوردستانیەتی و نیشتمانپەروەریی پێوە دیارە شیعری (شینی پێشەوا)یە کە لە نیسانی(١٩٤٧)دا بە بۆنەی لە سێدارەدانی پێشەوا (قازی محەمەد)ەوە نووسیویەتی :

یاران با بادەی پڕمەی بڕێژین
با کۆڕپەی شادی و خۆشی بنێژین
بابە ئوف، بە ئاخ، بە حەسرەت، بە داخ
تەماوی بکەین، ئاوێنەی دەماخ
بە هەناسەی سارد، بە گریەی بەکوڵ
دەرکێشین لە بن ڕەگ و ریشەی دڵ.[١٩٥]

برایم ئەحمەد لە (شینی پێشەوا)دا چەند بیروڕایەکی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتوخوازانە دەردەبڕێت، بە تایبەتی لە بارەی پەرۆشی کوردستان بوون و بە نەمری دانانی شەهید و بەرزو پیرۆز راگرتنی خەباتی کوردستان، لەلایەکی ترەوە داوا لە گەلی کورد دەکات کە لە دڵی خۆیاندا گۆڕێك بۆ گیانی پێشەوا قازی محەمەد هەڵکەنن بۆ ئەوەی هەموو کات زۆرداری خوێنڕێژی دوژمنانیان لەبەرچاوبێت.

شیعری (دواتیری کەوان) یەکێکە لە هەرە شیعرە نایابەکانی کە ئەو پەڕی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی تیا بەدی دەکرێت، سەردەمی نووسینی ئەم شیعرە بۆ ساڵی ١٩٤٩ دەگەڕێتەوە کە بارودۆخی شڵەژاوی و نائارامی باڵی بەسەر عێراقدا

---

194. محمد دلێر ئەمین میسری: ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ....، ل ٧٣.

195. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٦)، ساڵی هەشتەم، حوزەیرانی١٩٤٧، ل٣٢ ؛ گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە(١١)، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٦١ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١١٩)، ١٣ / ٤/ ٢٠٠٠، ل١٢.

کێشابوو، هەر لەو ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی پارتە سیاسیەکانی عێراق لەلایەن رژێمی  پاشایەتییەوە دەستگیرکرابوون کە (برایم ئەحمەد)یش یەکێك بووە لەو کەسانەو لە رێگەی زینداندا دەست بە کەلەپچەوە لەگەڵ (ساڵح دیلان)دا ئەم شیعرەی وتووە.[١٩٦]

دواتـــیری کــــــەوانی خــــۆت بهاوێــــژە هەلــــە دوژمــــن
دوا ســــــەرکەوتنی تۆیــــەو دوانووچــــی گەلــــە دوژمــــن
شــــــەوی ترســـــاندنت ســـــامی نــــەماوە تاریــــك و روونــــــە
بــــە ئاســـۆی ئەرخەوانیـــدا هــــەتاو لــــەودیو کەلــــە دوژمــــن.١٩٧

برایم ئەحمەد لەم شیعرەدا جگە لەوەی گیانی خۆڕاگریی و ئازایەتی و باوەڕی نەگۆڕ بە حەتمیەتی سەرکەوتنی گەل بەسەر دوژمندا ئاشکرا دەکات، هاوکات وێنەی بیرو باوەڕی سەردەمەکەش دەردەخات کە شیعرەکەی تیا نووسراوە، سەردەمێك کە جیهان دابەش ببوو بەسەر دوو ئۆردودا، ئۆردوی ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئۆردوی رزگاری و سۆسیالیزم بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت.

یەکێکی تر لە شیعرە بە تواناکانی برایم ئەحمەد شیعری (من پێشمەرگەی کوردستانم)ە، کە ١٩٦٢/٧/١٠ لە ماوەت نووسیویەتی و دواتر وەك سروودی نیشتمانی لە رادیۆی دەنگی کوردستان رۆژانە بڵاوکراوەتەوە.[١٩٨]

مــــــــــن پێــــــــــــــشمەرگەی کوردســــــــــــــــتانم
ئامـــــــــــــــادەی جــــــــــــــەرگەی مەیــــــــــــــــدانم
بەســــەرو مــــاڵ و ژیــــانمئــــەیپارێــــزم نیشتمــــانــــم.[١٩٩]

---

[196] . مام جەلال: یادنامە...، ل١٤—١٥ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢١)، ١٦ / ٤ /٢٠٠٠، ل١٢.

[197] . بۆ یەکەم جار ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٦١ لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە بڕوانە. رۆژنامەی کوردستان، ژمارە(٣) ساڵی یەکەم، ١٩/ ٣ /١٩٦١ ؛ کوردستانی نوێ ژمارە (٢١٢١)، ١٦ / ٤ /٢٠٠٠ ؛ عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی....، ل ٤٢ — ٤٤.

[198] . عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی، ل٤٧ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٢)، ١٧ /٤/ ٢٠٠٠، ل ١٢.

[199] . عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی، ل٤٧. جێگەی باسە خاتوو (لۆرا شرێدەر) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (گۆرانی خۆشەویستی و ئازادی گەلی کورد) ئەم سرودەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیتالی و تیایدا بڵاوی کردووەتەوە، وەرگیراوە لە کەمال فوئاد: لە دەرەوەی وڵات چی لەسەر مامۆستا برایم ئەحمەد نوسراوە؟، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥١)، ٢١ /٥/٢٠٠٠، ل٧

جێگەی باسە ئەم شیعرە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەو هاندانیان بۆ بەردەوام بوون لە خەبات و پتەوکردنی گیانی شۆڕشگێڕی و رووبەڕوو بوونەوەی دوژمن بە تایبەت لە رۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا.

شیعری (چۆن رزگار ئەبین) نموونەیەکی تری شیعری شۆڕشگێڕانەی (برایم ئەحمەد)ە کە لە ساڵی(١٩٦١)داو لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا نووسیویەتی، ئەم شیعرە چەندە بەرهەمێکی نایابی شیعری بەرەنگاریە، ئەوەندەش لە دوو توێی دێڕو بڕگەکانیدا چارەنووسی شۆڕشی کوردستان و ستراتیژی رزگاربوونی گەلی کورد دیاری دەکات.[٢٠٠]

لەوبارەیەوە دەڵێت:

هەتا پڕنەبێت گشت گۆشەی زیندان
دوژمن کول نەبێ لە سزاو لێدان
کەلەپچە، مەچەك باش نەتەزێنێت کوت،
پێوەن، زنجیر، لەش دانەڕزێنێت
رزگاری نابێ ئەم کوردستانە
تیا دەرناچێ ئۆردوی بێگانە
گەلێ ئەمانە نەگرێتە ئەستۆی
هەرگیز نابینێ رزگاری بۆ خۆی.[٢٠١]

شاعیر لێرەدا وێڕای دەرخستنی دڕندەیی و زوڵم و زۆری دوژمنانی کورد ئەو راستیەش دەردەخات کە بزافی رزگاریخوازی گەلی کورد رێگەیەکی سەختەو پێویستی بە فیداکاری و خۆبەخت کردن هەیە، هەر گەلێکیش ئامادە نەبێت لە پێناوی رزگاری نیشتمانەکەیدا فیداکاری بکات، مەحاڵە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

جێگەی باسە برایم ئەحمەد کەمتر بەلای باسی ئافرەت و خۆشەویستیدا

---

[200] . کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٨)، ١٢ / ٤ /٢٠٠٠، ل١٢؛ ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و... ، ل١٢٢.

[201] . بۆ بینینی سەرجەم شیعرەکە بڕوانە. ئومێد ئاشنا: سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٩٦، ل٣١ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە ( ٢١١٨ )، ١٢/ ٤ /٢٠٠٠، ل١٢.

**ڕۆیشتووە[٢٠٢]، زیاتر شیعرەکانی وەك کەرەستەیەك لە پێناوی بەرگری کردن لە مافی هەژاران و جۆشدانی شۆڕشگێڕان بۆ خەبات بەکار هێناوە و ڕاستەوخۆ لایەنە ئەدەبییەکەی بۆ خزمەتی سیاسەت بەکارهێنانەوە.[٢٠٣]**

**برایم ئەحمەد بێجگە لەو شیعرانەی کە خۆی نووسیویەتی، زیاتر لە (بیست و پێنج) پارچە شیعری شاعیرە ناودارەکانی جیهانی لە زمانە جیاجیاکانی وەك (عەرەبی، ئینگلیزی، ئیتالی و..) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە گرنگترینیان بەرهەمی شاعیرە ناسراوەکانی وەك (شکسپیر، شیللی، تۆماس مۆر، بارباولد)، کە زۆربەیان لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا بلاو کراونەتەوە.[٢٠٤]**

**هەریەکە لە شیعرەکانی (دوای مردن[٢٠٥]، کە هەرجار نەبێت بمرین[٢٠٦]، دڵداری ناکەم[٢٠٧]، خەونی عەبدێك[٢٠٨]، ژیان[٢٠٩]) نموونەی بەرچاوی شیعرە وەرگێڕاوەکانی (برایم ئەحمەد)ن، مەبەستی سەرەکی لە وەرگێڕانی ئەو شیعرانەدا ئاشناکردنی خوێندەوارانی کوردە بە شاعیرو بە نووسەرانی جیهان.**

---

202. لە ڕاستیدا برایم ئەحمەد شیعری بۆ خۆشەویستی ئافرەت وتووە کە دەڵێت:

خۆشەویستەکەم، ئارامی گیانم — بینایی چاوم، هیوای ژیانم
چیتە بۆ وەها کەوتویت بە ڤینا — تەنیا جێت هێشتوم لە چۆڵی ژینا

بڕوانە. عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی...، ل ٢٥.

203. برایم ئەحمەد خاوەنی کۆمەڵێك شیعری نایاب و گرنگە کە ناکرێت لەم باسەدا تەواوی شیعرەکانی باس بکەین، بۆ زانیاری زیاتر و بینینی سەرجەم شیعرەکانی بڕوانە: عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٧ ؛ ئومێد ئاشنا: سەرجەم شیعرەکانی برایم ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٩٦.

204. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو...، ل٢١٩ —٢٤١.

205. ئەم شیعرە لە لایەن شاعیری ئەرمەنی (رکریکور واهنیان)ەوە نوسراوە دواتر لە لایەن برایم ئەحمەدەوە کراوە بە کوردی و لە گۆڤاری گەلاوێژدا بلاوکراوەتەوە. بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٨)، ساڵی نۆهەم، ئابی ١٩٤٨، ل٤٧.

206. شیعری شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی (کلۆد ماکی)یە بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٤)، ساڵی حەوتەم، نیسانی ١٩٤٦، ل١٦.

207. (دڵداری ناکەم) شیعری شاعیری بەناوبانگی چینی (هو.میش)، لەلایەن برایم ئەحمەدەوە کراوە بە کوردی بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١١-١٢)، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەم و دووەم ١٩٤٠، ل ١٧.

208. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٢)، ساڵی حەوتەم، شوباتی ١٩٤٦، ل ١.

209. ژیان، شیعری شاعیرێکی ئینگلیزیە بە ناوی (أ. ل. باربولد)، لەلایەن (برایم ئەحمەد)ەوە کراوە بە کوردی بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٣ —٤)، مارت و نیسانی ١٩٤١، ل٣٤.

چیرۆك وەك بەشێكی سەرەكی لە ئەدەب لە نێوان سالآنی (سی وچل)ەكانی سەدەی رابردوودا، رۆڵێكی سەرەكی بینیووە لە دەرخستنی دیاردە ناهەموارەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا، لە گرنگترین ئەو دیاردانەش كە چیرۆكنووسەكان وەك كەرەستەیەك بۆ نووسینی چیرۆكەكانیان بەكاریان هێناوە خۆیان لە كێشەی (جوتیار، دەرەبەگ، ئافرەتی كورد، دواكەوتویی، چەوساندنەوە)دا دەبینێتەوە.

برایم ئەحمەد وەك لاوێكی خوێندەواری كورد هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە لە رێگەی نووسینەوە دەردەكۆمەڵایەتیەكانی ئەو سەردەمەی گەلی كورد ئاشكرا بكات، چیرۆكەكانی لەناو واقیعی كۆمەڵی كوردەواری و رووداوەكانی لەناو كارەسات و ماڵ وێرانی و بارودۆخی نالەباری ژیانی كوردەوە هەڵهێنجاوە، كە بێگومان لەم بارەیەشەوە رۆڵی گرنگیی بینیووە لە دەوڵەمەند كردن و بەرەوپێشبردنی ئەدەبی كوردیدا، هەمان كات برایم ئەحمەد لە چیرۆكدا داهێنانی كردووە و شێوازی نوێی تێدا بەكارهێناوە و یەكێك بووە لەو چیرۆكنووسانەی كە هەمیشە خەبات و رەنجی زەحمەتكێشانی خستووەتە روو.[210]

لەم بارەیەوە مارف خەزنەدار رۆڵی برایم ئەحمەد لە بواری ئەدەب و چیرۆك نووسیندا بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت" چیرۆكی كوردی لە چلەكانی سەدەی بیستەمدا جێیەكی دڵخۆشكەرانەی لە لاپەڕەكانی ئەدەبی كوردیدا گرت و بەردەوام بەرەو پێگەیشتن و خەملاندن هەنگاوی دەنا، لە ناویشیاندا چیرۆكەكانی برایم ئەحمەد جوڵێنەربوون، لە ناخی گیروگرفتەكانی كوردەوە سەریان هەڵدابوو، دەیویست مەسەلەی نەتەوایەتی ببەستێتەوە بەسروشتی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنەوە".[211]

چەوساندنەوەو ئازاردانی ئافرەت لەلایەن داب و نەریت و كۆمەڵگەی كوردییەوە یەكێك بووە لەو دیاردانەی كە ناخ و دەرونی (برایم ئەحمەد)ی هەژاندوەو وای كردووە كە بەشێك لە نووسینەكانی بۆ ئازارو نەهامەتیەكانی ئەوان تەرخان بكات و تیشك بخاتە سەر دیاردەی (شیربایی و كوشتنی ئافرت و بەزۆر بەشودان... ) كە لەو سەردەمەدا باو بوون.

---

[210] . محەمەد دلێر ئەمین: رۆڵی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩ — ١٩٤٩)، ل ٨٨.

[211] وەرگیراوە لە عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد لە كارە زانستی و....، ل ٢٤.

لەم بارەیەوە عومەر مەعروف بەرزنجی دەڵێت" ئیبراهیم ئەحمەد لایەنێکی گەشی نووسینەکانی شۆڕبوونەوەیە بۆ ناخی دەردەکانی کۆمەڵ و ژیانی تاڵی ئافرەتی کوردو باری دواکەوتوویان، دیاریشی لەم لایەنەوە چیرۆکی (خازێ)یە کە ڕەنگی دیمەنێکی پڕ لە ژان و سەرتاپا نوقمی پەرێشانیە".[212]

چیرۆکی(خازێ) یەکێکە لە چیرۆکە گرنگەکانی برایم ئەحمەد کە لە ساڵی ١٩٤٣ لە هەڵەبجە نووسراوە و باس لە دواکەوتوویی لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کورد دەکات و وێنەیەك لە خراپی ژیانی ئافرەتی کورد پیشان دەدات کە زۆر جار وەك کاڵا مامەڵەیان پێ کراوە.[213]

بە شێوەیەکی گشتی ئەم چیرۆکە باس لە ژیانی کچێکی کورد دەکات کە لە سەرەتای تەمەنیدا بە (٣٠)لیرە شیربایی لەلایەن کەس و کاریەوە بە زۆر دەدرێتە پیرەمێردێکی دراوسێی گوندەکەیان، بەڵام بەهۆی جیاوازی تەمەن و خراپی هەڵسوکەوتی مێردو کەس و کاریەوە(خازێ) ناچار دەبێت کابرا بەجێ بهێڵێت و رووبکاتە ماڵی ئاغای ئەو ناوچەیە، پاش ماوەیەك ئەوانیش بە زۆر و بەبێ ئەوەی لە مێردی یەکەمی جیا بوبێتەوە دەیدەنە پیاوێکی کاربەدەستی ناسیاوی خۆیان لەناوچەکەدا، سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو مەینەتیە خازێ لەلایەن کەس و کاریەوە هەوڵی کوشتنی دەدرێت، بەڵام بۆ بەدبەختی و مەینەتی نامرێت و بەبێ کەسی دەمێنێتەوە و شێت دەبێت.[214]

جێگەی باسە ئەم چیرۆکە لەناخی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو راستیەش دەردەخات کە داب و نەریت و دواکەوتوویی کۆمەڵگە تا چ رادەیەك زوڵم و زۆری بەرامبەر بە ئافرەت کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

---

212. لیکۆڵینەوەو بیلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥ — ١٩٦٩)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٥٤.

213. ئیبراهیم ئەحمەد بلە: کوێرەوەری، چاپخانەی خاك، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٩ — ٥٧.

214. هەمان سەرچاوە؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٨)، ساڵی پێنجەم، ئابی ١٩٤٤، ل٦٠ ؛ گۆڤاری رۆڤار، ژمارە(١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٥ / ٥ / ١٩٩٩، ل١٥—١٦.

چیرۆکی خازێ دەچێتە خانەی ریالیزمی رەخنەگرانەوە[٢١٥]، نووسەر هەوڵ دەدات لە رێگەی ئەم چیرۆکەوە خەڵك لەو بارودۆخە وشیار بكاتەوەو وایان لێ بكات دووربكەونەوە لە دیاردەی شیربایی و بەزۆر بە شودانی ئافرەت و لەناوبردنیان.

كێشەی جوتیار و رەنجدەران و هەژاران یەكێكی ترە لەو دیاردانەی كە (برایم ئەحمەد) وەك كەرەستەیەك بۆ نووسینی چیرۆكەكانی بەكاری هێناوە.

لەو بارەیەوە لە هەردوو چیرۆكی(كوێرەوەری )و (كەرەلۆتی مەنۆچەر) نموونەیەكی زیندوی واقعی ژیانی جوتیاران و هەژارانی لادێكانی كوردستان دەردەخات و ناوەڕۆكی چیرۆكەكانیش لە دووبەرەی دژ بەیەك پێك هاتوون ئەویش بەرەی جوتیارو رەنجدەرانی كورد كە هەمیشە چەوساوەی دەستی بەرەی دووەمن كە لە دەرەبەگ و ئاغا و مووچە خۆری میری پێكهاتووە[٢١٦]، لە هەمان كاتدا بیرۆكەی چیرۆكەكانی لە ناخی روداو و ژیانی خەڵكانی ساكارو سادە وەرگرتووە، بەشی هەرە زۆری رووداوەكانی بەچاوی خۆی بینیوە و تیایاندا ژیاوە[٢١٧].

لە چیرۆكی (كوێرەوەری)دا پشتگیری تەواوی جوتیارو هەژاران دەكات و بەتوندی بەرەنگاری كاربەدەستی میری و سووخۆری ئەو سەردەمە دەبێتەوە كە بەردەوام بەری رەنج و ماندوبوونی هەژارانیان خواردووە.[٢١٨]

ئەم چیرۆكە لە ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی نووسراوە ناوەڕۆكەكەی رەنگدانەوەی تەواوی ژیان و گوزەرانی جوتیاران و رەنجدەرانی لادێكانی كوردستانە لەو سەردەمەدا.[٢١٩]

پاڵەوانی چیرۆكەكە جوتیارێكی هەژاری زۆر لێكراوە بەناوی (مام هەسەن) كە پێشتر قەرزاری ئاغای دێیەكەیان بووە، بەڵام چەند جارێك ئاغا ئەو قەرزەی لێ

---

215. حسین عارف: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەك چیرۆكنووس و، كوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٢)، ٢٢ / ٥ / ٢٠٠٠، ل ٦.

216. وتاری مام جەلال لە مەراسیمی شكۆداری چلەی ماتەمینی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر، رۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ژمارە (٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠، ل٢؛ محەمەد دلێر ئەمین: رۆڵی گۆڤاری... ، ل٨١.

217. گۆڤاری باسكار، ژمارە (١)، هاوینی ١٩٩٨، ل ٨١.

218. بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٤)، ساڵی شەشەم، نیسانی ١٩٤٥، ل ٦٠.

219. بڕوانە ئیبراهیم ئەحمەد بلە: كوێرەوەری....، ل ٥٩ — ٧٨.

ستاندووەتەوە و دواجاریش شکاتی لێ دەکات و سەرەڕای گرتن و لێدانێکی زۆر جارێکی تریش قەرزەکەی لێ دەسێنێتەوە.[220]

نووسەر لەم چیرۆکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر داران بە ئارەزووی خۆیان بەرهەم و سامانی جوتیارانی زەوت کردووەو تۆمەتی ناڕەواشیان خستۆنەتە پاڵ، لەلایەکی ترەوە برایم ئەحمەد مەبەستی بووە کە جوتیاران و زۆر لێکراوان بە ئاگابهێنێتەوە لەو ستەم و زۆردارییەی کە بەرامبەریان دەکرێت، هاوکات هانیان دەدات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زۆردارو داگیرکەران لە پێناوی پاراستنی ماف و سەربەستی خۆیاندا.

چیرۆکی (کەرەلۆتی مەنۆچەر) یەکێکی ترە لە چیرۆکەکانی (برایم ئەحمەد)کە لە ساڵی(١٩٤٥)دا لە سلێمانی نووسراوە[221]، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە (مەنۆچەر)ە کە وەك هەر جوتیارێکی تری ئەوکاتە لە ژێر قورسایی ئەرك و خراپی گوزەراندا بڕستی لێ بڕاوەو سیمای مرۆڤایەتی لێ زەوت کراوە، مەنۆچەر بە هۆی دزرانی کەرەلۆتیەوە کە تەنها ئەو سەرمایەیەی لە دنیادا شك بردووە دووچاری گەلێك نەهامەتی و گرتن و لێدان دەبێتەوە، سەرباری ئەوەش تۆمەتی دزیی دەخرێتە پاڵ.[222]

بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە باس لە خراپی بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی جوتیاری کورد دەکات بە تایبەتی لەم لایەنانەی خوارەوە : -

١. لە رووی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت، جوتیاران بە هەموو شێوەیەك لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە چەوسێنرانەتەوە و مافیان زەوت کراوە.

٢. لە رووی ئابوورییەوە بارودۆخی کوردستان بە گشتی و گوزەرانی لادێکان بە تایبەتی لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا ژیاون.

---

220. بۆ بینینی سەرجەم چیرۆکەکە بڕوانە. گەلاوێژ، ژمارە(٤)، ساڵی شەشەم، نیسانی ١٩٤٥، ل٦٠ ؛ گۆڤاری رۆڤار، ژمارە
(١)، ١٩٩٩/٥/٥، ل١١-١٤.

221. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١) ساڵی حەوتەم، کانونی دووەمی ١٩٤٦، ل ٤٧.

222. بڕوانە.هەمان سەرچاوە؛ ئیبراهیم ئەحمەد بلە: کوێرەوەری...، ل ٩ — ٤٨.

٣. لـە رووی کارگێڕییـــەوە ئـەم چـیرۆکە وێنەیــەکی راســتەقینەی زوڵــم و زۆر و گەنـدەڵی ئیـداری کاربەدەسـتانی دەوڵـەت دەردەخـات کـە تـا چ رادەیـەك جوتیـاران و هـەژارانیان چەوسـاندووەتەوە و دیـاردەی گرتنـی نـاڕەواو رەشـووە خـۆری لـە ئـارادا بووە. لە بارەی بایەخی سیاسی ئەم چیرۆکەوە محەمەد دلێر ئەمین دەڵێت" نووسـەر بۆ ئەوەی بە ئاشکراو بێ ترس خەباتی جوتیاران لەو ساڵانەدا دەربخات، لـە هەندێك جێگـەدا چـیرۆك دەبێتــە وتــاری سیاســی و خوتبــەدان، پاڵــەوانی چـیرۆکەکە وەك سیاسیەکی شارەزا دەدوێ". [٢٢٣]

لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە ئاستی هونەری ئەم چیرۆکە ئەحمـەد شـەریف دەڵێت " لایەنـە هونەریـەکانی ئـەم چیرۆکە وەك جـوانی وشـە و رازاوەیـی دەربـڕین و رەوانـی نووســین و پاراســتنی زنجــیرەی بیرەکــانی و ســەلیقەی داڕشــتن بــە چــاکی بــە بەرهەمەکەیەوە دیارەو نووسەر تیایدا سەرکەوتوانە مامەڵەی لەگەڵ دا کردوون ". [٢٢٤]

جێگەی باسە چیرۆکی کوردی لەسەر دەستی چیرۆك نووسانی گۆڤاری گەلاوێژ بە گشتی و برایم ئەحمـەد بە تایبـەتی هـەنگاوێکی نـوێی لـەو سـەردەمەدا گرتووەتەبەرو خـۆی بۆ بابـەتی مرۆڤایـەتی تـەرخان کردووە، لـەم بارەیەشـەوە توانیویانـە بەشـێك لـە قارەمـانێتی و شۆڕشـگێڕی نەتـەوەکانی تـر بخەنـە چوارچێوەی چیرۆکی کوردییـەوە، ئەمەش وای کردووە کە خوێنـەری کورد لە ڕێگەی بیری چیرۆك نووسـێکی کوردەوە بەلایەنەکانی خەباتی ئەو نەتەوانە ئاشنا بکات. [٢٢٥]

لـەم بارەیـەوە هـەردوو چیرۆکی (تۆڵـە سـەندن)و (لـە ولاّتـی قارەمانانـا) نموونـەی بەرچاوی ئەو شێوازە نووسینەن، کە بۆ ئەو کاتـە شـتێکی نـوێ بووە، هەرچـەندە ئـەم چیرۆکانە باس لە کۆمەڵگەی کوردی ناکەن، بـەلاّم کەرەسـتەیەکن بۆ بەئاگاهێنانـەوەی خوێنەری کورد سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی. [٢٢٦]

برایم ئەحمەد لە چیرۆکی (لە ولاّتی قارەمانانا)، بـاس لـە ئازایـەتی و گیـان فیـدایی دایکێکی سۆڤیەتی دەکات کە لە ماوەی (٤)مانگدا (سێ)کوڕی لـە ڕێـی بـەرگری کـردن

---

[223] . رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ...، ل ٨٢.

[224] . برایم ئەحمەد ژیان بەهرەو داهێنان..، ل ١٣٣.

[225] . محەمەد دلێر ئەمین: رۆڵی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩ — ١٩٤٩)...، ل ٨٥.

[226] . هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

و پاراستنی خاك و نیشتماندا گیانی خۆیان بەخشیوە[227] و لە هەڵویستێکی شۆڕشگێڕانەدا لە دوای سەرکەوتوو نەبوونی نەشتەرگەری (دیمیترۆڤ)ی کوڕی سێیەمی بە پزیشکەکە رادەگەیەنێت (وا نەزانیت کە بۆ مردنی کوڕەکەم دەگریم، بەڵکو بۆئەوە دەگریم کە کوڕێکی ترم نەماوە تا بە شداری لە شەڕدا بکات بۆ پاراستنی خاك و نیشتمانەکەمان).[228]

لە چوارچێوەی ئەم چیرۆکەدا برایم ئەحمەد بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هانی شۆڕشگێڕانی کورد دەدات کە خەبات بکەن لە پێناوی رزگاری و پاراستنی نەتەوەکەیان، لە هەمان کاتدا هەستی پێشکەوتوخوازانەی خۆی و پەیوەندی نێونەتەوەیی خۆی لەگەڵ گەلانی سۆڤیەت و بەرەی دیموکراسی دژ بە فاشیزم نیشان دەدات.[229]

لە راستیدا کاتی نووسینی ئەم چیرۆکە لە رۆژگارێکدا بووە کە وڵاتانی جیهان رووبەڕووی جەنگێکی گەورەی جیهانی ببوونەوە و ئەڵمانیای نازی هەوڵی داگیرکردنی هەموو جیهانی دەدا، لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی دنیا لەو پەڕی پەرەسەندندا بوو، هەر بۆیە نووسینی ئەم چیرۆکە لەو کاتەدا و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری گەلاوێژدا گرنگیی تایبەتی خۆی هەبووە.

بەهەمان شێوە لە چیرۆکی (تۆڵەسەندن)دا برایم ئەحمەد باس لە قارەمانێتی و شۆڕشگێڕی گەلی (کۆرسیکا) دەکات کە بە ژن و پیاو لاوو پیرەوە رووبەڕووی داگیرکەری (فەرەنسی) بونەتەوەو بە هەموو شێوەیەك پارێزگارییان لە خاك و نیشتمان و نەتەوەکەیان کردووە، لەبەرامبەریشدا حکومەتی (فەرەنسا) بەتوندترین شێواز رووبەڕوویان بووەتەوەو حوکمی عورفی لە دژی خەباتکارانی کۆرسیکا راگەیاندووەو فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەر پێنج کەس لە شۆڕشگێڕە چالاکەکانی یەکێك لە کۆمەڵە نهێنیەکانی ئەو شارەدا جێبەجێکردووە، (پۆلین )ی کچە شۆخ و شەنگی کۆرسێکی دەزگیرانی یەکێك لەو پێنج لاوە بوو کە قارەمانانە توانی تۆڵەی

---

[227]. ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٤٣ لە هەڵەبجە لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نوسراوە. بڕوانە. ئیبراهیم ئەحمەد بلە: کوێرەوەری...، ل ٩٣ — ٩٨.

[228]. گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٣)، ساڵی چوارەم، مارتی ١٩٤٣، ل ٥٣.

[229]. وتاری مام جەلال لە مەراسیمی...، ل ٢.

دەزگیرانەکەیی و سەدان شۆڕشگێڕی تری شارەکەی لەکاپتن (مۆریس)ی دادوەری گشتی دادگای عورفی بکاتەوە و بەسزای گەل و شۆڕشی بگەیەنێت.[٢٣٠]

جێگەی باسە برایم ئەحمەد لەم چیرۆکەدا مەبەستی لە شۆڕشی گەلی کوردە نەك کۆرسیکا، بەلاّم بە هۆی سانسۆرو زوڵم و زۆری حکومەتی پاشایەتییەوە نەیتوانیوە راستەوخۆ ناوی کوردو شۆڕشی کوردستان لە چیرۆکەکەدا بەکار بهێنێت، بەڵکو بە شێوەی خواستن ناوی کۆرسیکای بەکارهێناوە، کە بێگومان ئەمەش لە رووی هونەری رەوانبێژییەوە لە ئاستێکی بالاّدایە.

نووسەر لە چوار چێوەی ئەم چیرۆکەدا هەوڵی داوە چەند راستییەکی گرنگ بە شۆڕشگێڕان و خوێندەوارانی کورد رابگەیەنێت لەوانە : -

١. پێویستە گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن و خەبات بکەن لە پێناوی رزگارکردنی کوردستان لەژێر دەسەلاّتی داگیرکەران.

٢. هاندانی خەباتکاران و شۆڕشگێڕانی کورد بۆ دروستکردنی پارت و رێکخراوو دەستەی نهێنی بۆ دژایەتی کردنی دوژمنان.

٣. هاندانی شۆڕشگێڕان بۆ دان بە خۆدا گرتن و خۆڕاگری و پاراستنی نهێنی و جۆشدانیان بە بیروباوەڕی کوردایەتی.

جێگەی ئامـاژە پێدانـە کـە (برایم ئەحمەد) جگـە لـە چیرۆکەکانی خـۆی، دەیـان چیرۆکی لە زمانە جۆربەجۆرەکانی جیهانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لـەم بارەیـەوە عیـزەدین مـستەفا رسـوڵ دەڵێـت" (أ، ن) زۆرتـرین ژمـارەی ئـەو چیرۆکانەی وەرگێڕاون، دوای ئەو بەپێی ژمارە ئەو ناوانە دێن (حامید فەرەج، ئەحمەد شاڵی، جەمال خەفاف...) ئەم چیرۆکانە نەك لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بە تەنها، بەڵکو دوای ئـەویش سـوودیان بـە چیرۆکنووسـانی کـورد گەیانـدووە و گەشـەی بـە بـەهرەو توانایان داوە ".[٢٣١]

برایم ئەحمەد لە کاری وەرگێڕاندا زیاتر ئەو چیرۆکانەی هەڵبژاردوە کە نزیك بوون لـە واقعـی بـارودۆخی کوردسـتان و هەسـتی نەتەوایـەتی و نیـشتمانپەروەری و

---

[230]. ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٩٤٥ لە کەرکوك نوسراوە. بڕوانە. ئیبراهیم ئەحمەد بلە: کوێرەوەری...، ل٧٩-٩٢ ؛ گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٦)، ساڵی شەشەم، حوزەیرانی ١٩٤٥، ل ٦٣.

[231]. الواقعیـة في الأدب الكـردي، دار المكتبـة العـصرية، بـيروت، ١٩٦٦، ص ٢٠٦.(أ. ن) مەبەسـتی (بـرایم ئەحمەد)ە.

شۆڕشگێڕی تێیاندا بەهێز بووە، ئاشکرایە کە ئەمەش بۆ مەبەستی ئاشنا کردنی ڕۆشنبیرانی کورد بووە بە هونەرو تەکنیکی چیرۆك نووسین لای میلەتانی ترو بەرەو پێشبردنی چیرۆکی کوردی.

لە ڕاستیدا شارەزابوونی برایم ئەحمەد بە ئەدەبی بێگانە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی هەبوو، لەم بارەیەوە محەمەد دلێر ئەمین دەڵێت" چیرۆکەکانی (هـ.ل.ب) زیاتر لە وانی تر شەقڵی هونەری نوێی پێوەیە، دیارە نووسەر لە بەرئەوەی بایەخی زۆری بە وەرگێڕانی چیرۆکی بێگانە داوەو زۆربەی بابەتە وەرگێڕاوەکانی (گۆڤاری گەلاوێژ) بە قەڵەمی ئەو کراونەتە کوردی، هەوڵی داوە، تەکنیکی هونەری نوێ ئاوێتەی چیرۆکەکانی بکات".[232]

بە شێوەیەکی گشتی برایم ئەحمەد (٢٤) کورتە چیرۆکی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە گرنگترینیان چیرۆکی (تۆڵەسەندن[233]، خان و کوڕەکەی[234]، فیڵی ژنێك[235]، تاوانی باوکێك[236]،...) کە سەرجەمیان لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراونەتەوە.

جەلال تاڵەبانی لەبارەی ڕۆڵی چیرۆکە وەرگێڕاوەکانی (برایم ئەحمەد)ەوە دەڵێت" لە وەرگێڕانی چیرۆکە باشەکانی بێگانەدا بۆسەر زمانی کوردی پەرۆشی مامۆستا بلە دەردەکەوێت بۆ ئاگادارکردنی خوێندەواری کورد لە ئەدەبی بێگانەو جۆری بیرکردنەوەو ژیان و خەباتیان، ئەمەش جۆرێك لە بەرنامە ڕێزکردنی بیروڕای مامۆستا برایمە کە هەمیشە پێی وابوو خەباتی خەڵکی کوردستان بەشێکە لە خەباتی گەلانی زۆرلێکراوو ڕەنجدەران...".[237] یەکێکی تر لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی (برایم ئەحمەد) کە تا ئێستاش لە ڕیزی پێشەوەی ڕۆمانی کوردی دادەنرێت بریتییە لە ڕۆمانی (ژانی گەل) کە لەساڵی ١٩٥٦ دا نووسراوە.[238]

---

[232] . ڕۆڵی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩ — ١٩٤٩)...، ل٦٨، (هـ.ن.ب )مەبەستی (برایم ئەحمەد)ە.

[233] . بڕوانە. گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (١ — ٢)، ساڵی سێیەم ، کانونی دووەم و شوباتی ١٩٤٢ ، ل ٨٧ — ٩٢.

[234] . گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١٠)، ساڵی شەشەم، تشرینی یەکەم ١٩٤٥، ل ٦١.

[235] . گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٩)، ساڵی یەکەم ئابی ١٩٤٠، ل ٤١.

[236] . گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧)، ساڵی چوارەم تەمووزی ١٩٤٣، ل ٦٤.

[237] . مام جەلال: یادنامە...، ل ١٣.

[238] . برایم ئەحمەد: ژانی گەل، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، ٢٠٠٢، ل ٣.

**ئـەم ڕۆمانــە چ لــە ڕووی نــاوەڕۆك و چ لــە ڕووی هونــەری ڕۆمــان نووســینەوە بەرجەستەی ژانەکانی گەلی کوردن، بەلای برایم ئەحمەدەوە ئەوانەی لە ڕۆمانی (ژانی گەل)دا چەوساوەو بێبەشن لە مافەکانی ژیان، هەرئەوانەن لە دواڕۆژدا دەبنە هێزی بزوێنەری شۆڕشی کورد.[٢٣٩]**

**ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە باس لە بەسەرهاتی تێوەگلانی (جوامێر) ناوێك دەکات، کە لە خۆڕاو بەبێ ویستی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵێك ڕوداو دەبێت کە سەرتاپای ژیانی بەهۆیەوە دەگۆڕێت.[٢٤٠]**

**(جوامێر) چارەنووس وای لێ دەکات کە ڕۆژێك بە پەلە لە ماڵ بێتە دەرەوە بە مەبەستی بەدواداچوونی مامانێك بۆ لەدایکبوونی (هیوا)ی کوڕی، بەلاّم لەو ڕۆژەدا بارودۆخی شار بە تەواوی نائارام و شڵەژاوە، جوامێر بەبێ ویستی خۆی تێکەڵ بەو خۆپیشاندانە دەبێت کە شۆڕشگێڕان بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانی گەل بەرپایان کردبوو، بەلاّم ئەم ڕووداوانە ڕەوتی ژیانی (جوامێر)یان بە تەواوی گۆڕی و سەرەڕای بریندار بوون و دەستگیرکردنی تۆمەتی سەرکردایەتی کردنی ئەو ڕاپەڕینەی خراوەتە پاڵ و بۆماوەی (دە) ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا درا، لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی جۆرەها شێوازی نامرۆڤانەی ناو زیندان بووەتەوە، دوای ئازادبونیشی ڕاستی کۆمەڵێك هەواڵ و ڕوداوی بۆ دەردەکەوێت کە گرنگترینیان مردنی کاڵێ و هیوای کوڕی بوو لەو ڕۆژەوەی کە خۆی دەستگیرکرابوو، ئەم ڕووداوانەو چەوساندنەوەی بەردەوامی خەڵکی بێ تاوان و گرتن و کوشتنی ناڕەواو سوتاندنی گوندوو موڵکەکانی ولاّتەکەی، دەبنە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی (جوامێر) ڕووبکاتە شۆڕش و وەك سەرکردەیەکی چەکدار ڕووبەڕووی داگیرکەران و زۆردارانی دەوڵەت ببێتەوە...).[٢٤١] هەرچەندە نووسەر ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە گەلی جەزائیر**

239. عەتا قەرەداغی: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ڕەمزی گۆڕانکاری بەردەوام، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٣)، ١٨ / ٤ /٢٠٠٠، ل٨.

240. بۆ لیکۆڵینەوەیەکی ورد سەبارەت بۆ ڕۆمانی ژانی گەل بڕوانە. محەمەد نوری ئەحمەد: بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا، ژانی گەل وەك نموونە، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢.

241. بۆ بینینی سەرجەم ڕۆمانەکە بڕوانە. برایم ئەحمەد: ژانی گەل، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ(٢)، ٢٠٠٢.

کـردووه[٢٤٢]، بـەڵام وێنەیـەکی دەقـاودەق و راسـتەقینەی بـارودۆخی کوردسـتان و ڕەنگدانەوەی شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەردەخات.

برایم ئەحمەد بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی گـەلی کـوردی بـە بەشێك لـە بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی گـەلان دانـاوە، هـەر بۆیـە ئـەم رۆمانـەی پێشکەش بـە شۆڕشـی جـەزائیر کـردووە هـەروەك خۆشـی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت" گـەلی کـورد، دۆسـتی هـەموو گـەلانی دنیایەو حەز بەسەرکەوتن و پێشکەوتن و ئاشتی و خۆشی و برایەتی هەموان ئەکات، بەو هەستەوە ئەو داستانەم پێشکەشی شۆڕشی جەزائیر کرد".[٢٤٣]

لەلایەکی ترەوە وەڵامی ئەو کەسانە دەداتـەوە کە پێیان وایە رۆمانی (ژانی گـەل) واقعی ژیانی کوردستان پیشان نادات و دەڵێت" ئەو کەسانەی کە ئەڵێن ئەمە حاڵی کورد نیەو کوێرەوەری و دەردەسەری گەلی کورد پیشان نادات، لام وایە ئاگاداری ئـەو روداوانـە و ئـەو دەورەنـین، یـان هـەر رەنگـە لـەو دەورەدا لـە دایـك نـەبووبن کـە ئـەو رووداوانـەی تیـا قـەوماوە، ئـەگینا بەشـی هـەرە زۆری ئـەو رووداوانـەی کـە لەوێـدا نووسـراون بـریتین لـە کۆکردنـەوەی کۆمـەڵی تەجروبە کـە یـا بەسـەر خـۆم هـاتووە، یـا بەچاوی خۆم دیومە کە بەسەر خەڵك هاتووە".[٢٤٤]

بە شێوەیەکی گشتی رۆمـانی (ژانی گـەل) دەچێتە چوارچێوەی خانـەی (ئـەدەبی شۆڕشـگێڕ)ەوە[٢٤٥]، کـە پاڵـەوان تیایـدا سـەرکردایەتی دەسـتەیەك لـە شۆڕشـگێڕان دەگرێتە ئەستۆ. هەریەکە لە رۆمانی (دڕك و گوڵ)[٢٤٦] و(هەرزەکاری)[٢٤٧]، دوو شاکاری

---

[242]. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ٣.

[243]. چەند وێستگەیەکی ژیانی...، ل ٣٣. لە راستیدا ئەم هەڵوێستەی بـرایم ئەحمـەد سـەبارەت برایـەتی و هاوخەباتی کوردو عەرەب، یەك لایەنە بووە و تـەنها کـورد خـۆی بـە بـرای نەتـەوەکانی تـر زانیـوە، هـیچ کاتێك نەتەوەکانی تر خۆیان بە براو هاوخەباتی کورد نەزانیووە.

[244]. هەمان سەرچاوە...، ل ٣٣.

[245]. محەمـەد نـوری ئەحمـەد: بونیـاد..، ل٧ ؛ حـسێن عـارف: مامۆسـتا ئیـبراهیم، کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە (٢١٥٢) ، ٢٢ / ٥ / ٢٠٠٠، ل ٦.

[246]. ئەم رۆمانە لە سێ بەش پێکهاتووە کە ناوەڕۆکەکـەی بـاس لـە ژیـانی ژن و مێردێـك دەکات بـە نـاوی (زۆراب و گوڵناز) کە لـە رووی بیروبـاوەڕی کوردایەتیـەوە تـەواو پیـچەوانەی یـەکتری بـوون، (زۆراب) دژی شۆڕشگێڕانەو بە پیاوی حکومەت ناسراوە، بەڵام (گوڵناز)ی خێزانـی نموونـەی ئـافرەتی شۆڕشگێڕی کـورد دەردەخـات و ئازایانـە هاوکـاری شۆڕشـگێڕان دەکـات لـە دژی رژێمـی پاشـایەتی. بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: ئیبراهیم ئەحمەد: دڕك و گوڵ، چاپخانەی خـاك، چ(١)، بەشـی یەکـەم و دووەم، سـلێمانی، ٢٠٠١ ؛ ئیـبراهیم ئەحمەد: دڕك و گوڵ، چاپخانـەی خاك، بەشی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

تـری بەرهـەمی ئـەدەبیی (بـرایم ئەحمـەد)ن، کـە لـە ڕووی نـاوەڕۆك و ڕوخـسارەوە لـە ئاستێکی باڵای ئەدەبی کوردیدان.

لە هەمان کاتدا چەند ڕۆمانێکی دەستنووسی هەیە کە تا ئێستا بڵاو نەکراونەتەوە لـە وانـە (ئـاوات و نائومێـدی) لـە سـاڵی ١٩٣٣ نووسـراوە و لـە (٥٥٠) لاپـەڕەی دەستنووسی پێکهاتووە[٢٤٨]، (هەرزەکاری و هـەژاری) ساڵی ١٩٧٢ نووسراوەو بریتیـە لە دوو بەرگ کە لە (٢٥٠) لاپەڕەی دەستنووس پێکهاتووە[٢٤٩]، (ژیان و خەبات)، لـە سـاڵی ١٩٦١ نووسـراوەو لـە (٧٦٠) لاپـەڕەی دەسـتنووس پێکهـاتووە[٢٥٠]، سـەرەڕای ئەوەی بە هـۆی خراپی بارودۆخی سیاسیی کوردستانەوە چەند ڕۆمانێکی تریشی لەناوچـووە.[٢٥١] لـەبارەی بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی (بـرایم ئەحمـەد)ەوە حـسێن عـارف دەڵێت" لە چیرۆکە کورتەکانیدا ململانێـی چینایەتی زاڵـەو لـە ڕۆمانەکانـدا ململانێـی نەتەوایـەتی، ئەگـەر چـی لـە هەردووکیانـدا، فیکرێکـی ڕوونـی شۆڕشـگێڕانە هانـدەر و ڕەنگرێژی بەرهەمەکانە".[٢٥٢]

لـە راسـتیدا ئەگـەر (بـرایم ئەحمـەد)، تواناکـانی خـۆی تـەنها بـۆ خزمـەتی ئـەدەب تـەرخان بکردایـە، ئـەیتوانی گـەلێك بەرهـەمی بـە پێـزو گـرنگتر پێـشکەش بـە ئـەدەبی کوردی بکات.

لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەوەی بەرهەمەکانی لە ڕووی چەندێتییەوە ژمارەیـان کەمـە، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتیەوە لە ئاستێکی باڵادان.

---

247. ئەم ڕۆمانە باس لە ژیانی منداڵێکی هەژار دەکات کە هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییـەوە بـاوکی بـە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لە دەست داوە، کە ڕووداوە بووەتە سەرتایەك بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی کۆمـەڵێك دیاردەی نامۆ و ناهەموار لە ناو کۆمەڵگەدا، بڕوانە: برایم ئەحمەد: هەرزەکاریی، چاپخانەی خـاك، بەشـی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

248. کەمال فوئاد: لە دەرەوەی وڵات چی لەسەر مامۆستا برایم ئەحمەد نووسراوە، کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە (٢١٥١)، ٢١ / ٥ / ٢٠٠٠ / ل ٧

249. هەمان سەرچاوە.

250. هەمان سەرچاوە.

251. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ٦ / ٣ / ١٩٩٢.

252. مامۆستا ئیبراهیم وەك چیرۆکنووس و ڕۆمان نووسـێك، ڕۆژنامـەی (کوردسـتانی نـوێ)، ژمـارە (٢١٥٢)، ٢٢ / ٥ / ٢٠٠٠، ل ٨.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## ڕۆڵی سیاسیی برایم ئەحمەد تا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ( ١٩٥٨ )دا.

# باسی یەکەم

# ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە ساڵانی سی و چلەکاندا

حکومەتی پاشایەتی عێراق و بریتانیا لە ماوەی ساڵانی ئینتدابدا (١٩٢٠-١٩٣٠) چەند ڕێکەوتنێکی دووقۆڵییان مۆر کرد[253]، بە مەبەستی زەمینە خۆشکردنی بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ کە ببێتە ڕێگە خۆشکەرێك بۆ سەربەخۆیی عێراق و ئەندامێتی لە کۆمەڵەی گەلان لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٩دا دەست بە دانوستاندن کرا[254]، ئەوەبوو لە٣٠ حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠دا پەیماننامەکەی نێوان عێراق و بریتانیا مۆر کرا[255]، کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە ئینتدابیی ئینگلیز لە عێراقدا کۆتایی پێ دێت و عێراقیش دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا.[256]

دیاری نەکردن و نەبوونی هیچ جۆرە مافێکی کورد لەم پەیماننامەیەدا لە لایەك و دوورخستنەوەی شیخ مەحمود و لەناوبردنی حکومەتەکەی لە لایەکی دیکەوە لەو هۆکارانە بوون کە قەیرانێکی سیاسی گەورەی لە کوردستاندا دروست کرد.[257]

هەر بۆئەو مەبەستە ڕۆژی (٥)ی ئەیلول حکومەت کەوتە ئامادەکردنی (هەیئەی تەفتیشی) بۆ هەڵبژاردنی ڕۆژی داهاتوو[258]، دیارە ئەوەش پێچەوانەی بیرو باوەڕی خەڵکی شاری سلێمانی بوو، چونکە ئەوان بڕیاریان دابوو کە بەشداری هەڵبژاردن نەکەن.

---

253. العراق في التأريخ، بغداد، ١٩٨٣، ل٦٧٧-٦٧٩.

254. نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، چ(١)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥٠

255. العراق في التأريخ،... ، ل٦٧٨.

256. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية... ، ل٢١.

257. عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چ(٢)، ئێران، ١٩٩٦، ل٧٧-٧٨ ؛م. ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی (٢)، لەندەن، ١٩٩١، ل٦٠٣.

258. عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد... ، ل٨٣.

راپەڕینی بەردەرکی سەرا لەگەڵ ئەوەی سەردەمێکی درەوشاوەو کۆڵنەدانی گەلی کوردستانە لەو قۆناغە مێژوویییەدا، لە هەمان کاتدا خاڵێکی وەرچەرخانیش بوو لە بزافی رزگاریخوازی گەلی کوردا، چونکە بۆ یەکەم جار بوو قورسایی شۆڕش و خەبات لە (لادێ)وە بگوازرێتەوە بۆ شارو خەڵکی روناکبیر و بازرگان و گەورە پیاوانی شارەکە پێشڕەوی راپەڕین بکەن، ئەمەش بۆ خۆی گۆڕانکارییەکی قووڵی جولآنەوەی کوردایەتی پێکدەهێنا، لەو کاتەوە دەستەی خوێندەوارو رووناکبیری کورد هاتنە نێو ریزەکانی پێشەوەی جولآنەوەی کوردایەتی.[٢٥٩]

شایەنی باسە (برایم ئەحمەد) وەك گەنجێکی ئەو سەردەمە کە تەمەنی تەنها (١٦)ساڵ بووە، لە رووی هاندانی خەڵك و وریاکردنەوەی دانیشتوانی شارەکە جێ پەنجەی لەو خۆپیشاندانەدا دیارە، بەتایبەتی هاندانی دوکاندارەکانی بازاڕ و قوتابیان بۆ ئەوەی داوای چەسپاندنی مافی نەتەوەیی کورد بکەن لە پەیمانی١٩٣٠ بریتانی – عێراقی دا.[٢٦٠]

(برایم ئەحمەد) لە نزیکەوە ئاگاداری باردۆخ و دوا گۆڕانکارییەکانی ئەوکاتە بووە بە تایبەت رۆژانی پێش رووداوی شەشی ئەیلول، لەم بارەیەوە (برایم ئەحمەد) بەم شێوەیە باسی رەوشی ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانەکە دەکات و دەڵێت" ئێوارەی (٥) ی ئەیلول (رەشۆل)ی گۆرانی بێژ هات بۆ ماڵمان پرسیاری (فایەق بێکەسی) لێکردم منیش وتم بۆ چیتە؟ وتی: ئەم ئێوارەیە لای سەراوە دەهاتمە خوارەوە، (باباشێخ)ی باشچاوەشی پۆلیس بانگی کردم و وتی :رەشۆڵ ئێوە هەردەڵێن هەڵبژاردنمان ناوێ و ئێمە کوردین کوردمان ئەوێ ئەوا ئێمە بەیانی هەڵبژاردن دەکەین ئەگەر پیاون بەیانی وەرن وابکەن بزانن چیتان لێ دەکەین، منیش دەمەوێت لەگەڵ فایەقدا بەیانی خۆپیشاندانێك بکەین و نەهێڵین هەڵبژاردن بکرێت"[٢٦١]، پاشان (برایم ئەحمەد) و رەشۆڵ هەر ئەو شەوە چاویان بە فایەق بێکەس دەکەوێت و سەبارەت بەخۆئامادەکردن بۆ خۆپیشاندان وتووێژ دەکەن[٢٦٢]، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە

---

.259 جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، دارالطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١، ل١١٣-١١٤.

260 . چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٣ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بروانە: نەوشیروان مستەفا: دەقی وتاری (ی. ن. ك) لە رێورەسمی ناشتنی تەرمی مامۆستا (برایم ئەحمەد)، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٦)، ساڵی ٢٠٠٠،ل٢.

261 . چاوپێکەوتنی مامۆستا (برایم ئەحمەد) لەگەڵ med. tv.

.262 هەمان سەرچاوە.

(برایم ئەحمەد) ئاگاداری سەرەتای ئەو هەولانە بووە کە بۆ بەرپابوونی خۆپیشاندان و جۆشـدانی دانیشـتوانی شاری سلێمانی دراوە.

لـه راسـتیدا سـەرەتای خۆپیـشاندانەکە ژمارەیـەکی کـەم خـەڵك بەشـدارییان تیـاکردووە کـە هـەر پـەنجا کەسـێك دەبـوون، بـەڵام دواتـر بـەهۆی بەشـداریکردنی دوکانـدارەکانی نـاو بـازاڕەوە ژمارەیـان زیـادی کـردووە بـۆ نزیکـەی (٤٠٠) کەسـێك، هـەروەك (بـرایم ئەحمـەد) خـۆی یـەکێك بـووە لـە بەشـداربوانی ئـەم راپەڕینـە و لـەو بارەیـەوە دەڵێـت" یـەکێك لـە دوکانـدارەکان وتـی خەڵکینـە بـۆ هەڵناسـتن، ئـەوا ئـەو ئەفەندیانە بانگمان دەکەن هەقە ئێمە سوپاسیان بکەین، ئێمە لەسەرەتادا دەترساین کە ئەمانە ئەم کارەیـان بۆ بـاوك و کـەس و کاری خۆیـان بێت کە ئەفەندین و بەیانی دێنە سەر حوکم، کەچی ئێستا ئەوان بەئێمە دەڵێن وەرن". [٢٦٣]

کاتێك خۆپیشاندەران گەیشتنە بەردەکی سەراو کەوتنە هوتـاف کێشان لـە دژی هەڵبـژاردن و پـەیمانی١٩٣٠، بـارودۆخی ناوشـار بەتـەواوەتی دۆخێکـی نائاسـایی بەخۆوە بینیوە، چایخانەکان پڕبوون لەخەڵك و بە (گرامافۆن) سروودی نیشتمانی لێ ئەدرا، بەڵام لەبەر ئـەوەی ئەندامانی (هەیئـەی وەتەنییـە) دژی توندوتیـژی بوون هیچ کەسێکیان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکەدا نەکردووە. [٢٦٤]

حکومەتی پاشایەتی کاتێك بۆی دەرکەوتوە لە توانایدا نییە بارودۆخەکە ئاسایی بکاتـەوەو ناتوانێـت جـەماوەری راپـەڕیو کـۆنترۆڵ بکـات، داوای تیمێـك سـەربازیان کـردووە بـۆ پارێزگـاری کـردن لـە خۆیـان، بـەڵام سـەربازەکان لەگـەڵ گەیـشتنیاندا دەستیان کرد بە تەقەکردن لە خەڵکەکە و ژمارەیەك کوژراو وبریـنداری لێکەوتـەوە [٢٦٥]، کە ژمارەی قوربانییـەکان بە (١٢ تا١٣)* کـەس مەزەنـدە کراوە [٢٦٦]، لە بەرامبەریـشدا (یەك) سەرباز کوژراوە و دوانیش بریندار بووە، دوابەدوای ئەمە حکومەت ژمارەیـەکی

---

263. چاوپێکەوتنی مامۆستا (برایم ئەحمەد) لەگەڵ med. tv.

264. نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەردەمی قەڵەم و... ، ل٦١.

265. بۆزانیاری زیاتر بروانە. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: شاری سلێمانی.. ، ل٢٤٢؛ حوسێن محەمـد عـەزیز: پەیماننامەیـەکی رەش و رۆژێکـی سوور، لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی نەتـەوەیی رامیـاری رەخنـە گرانەیـە، چاپەمەنی ئەزمەڕ، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦١-٦٣؛ علاالدین سەجادی: مێژووی راپەڕینی... ، ل٨٣-٨٥.

* مێژوو نووسان لەسەر ژمارەی قوربانییەکانی ٦ ی ئـەیلول بیروڕایـان جیـاوازە بڕوانـە، حوسـین محەمـەد عەزیز: پەیماننامەیەکی رەش و... ، ل٦٢-٦٣.

266. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقيه، ج٣، ل٧١.

زۆر لـە کەسـایەتییە ناسـراوەکانی شـاری سـلێمانی دەسـتگیر کـرد[٢٦٧]، کـە (بـرایم ئەحمەد)یش یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لەلایەن حکومەتەوە هەوڵدرابوو بۆ دەستگیر کردنی، بەڵام توانیوێتی خۆی دەرباز بکات و خۆی بشارێتەوە.[٢٦٨]

هەرچـەندە ئـەم رووداوانـە توانیـان بـۆ ماوەیـەك هەڵبژاردنەکـە دوابخـەن، بـەڵام حکومەت توانی لە ١٥/ئەیلولی ١٩٣٠دا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات.[٢٦٩]

لـە راسـتیدا ئەگـەر چـی رۆڵـی (بـرایم ئەحمـد) لـە راپـەڕینی ( ٦)ی ئەیلولـدا کـەم بووبێـت، بـەڵام وەك لاوێکـی تەمـەن (١٦)سـاڵ ئاگـاداری زۆربـەی رێکخسـتن و پلانـی راپەڕینەکە بووە و هەروەك خۆشی یەکێك بووە لە خۆپیشاندەران کە بە نووسین و بە هوتاف کێشان رۆڵی بەرچاوی لە هاندانی خەڵکدا هەبووە و بووە بە سەرەتایەك بۆ کـاری سیاسـی و جۆشـدانی کوردایـەتی، هـەروەك خۆشـی لـەو بارەیـەوە دەڵێـت " راپـەڕینی (٦)ی ئـەیلولی سـاڵی ١٩٣٠بـەردەرکی سـەرا کـە تەمـەنم ١٦سـاڵان بـوو، لـە ناخەوە هەژاندمی و هەستی کوردایەتی تیا جۆشداوم و لەگەڵ هاوڕێکانمدا کەوتمە جموجۆڵی کوردایەتی و شیعر خوێندنەوە و شیعر نووسین و شەڕە شیعر"[٢٧٠]، هەمان کـات سـەبارەت بـە هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیارێتی نەتـەوەیی و پێویسـت بـوونی بەشداریکردنی لەو خۆپیشاندانەدا دەڵێت:" لەو رۆژەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە وەك کوردێك کار بکەم".[٢٧١]

هەولێرنامەی کتێب

---

267. پاش دامرکانەوەی خۆپیشاندانەکە حکومەت کەوتە دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە بـەرپرس بـوون لەو رووداوە لەوانە (عەزمی بەگی بابان، شێخ قادری شێخ سعید، ئـەورەحمان ئاغـای ئەحمـەد پاشا، حمـە ساڵح بەگی حمە علی بەگ، حمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، عیـزەت بـەگی وەسمـان پاشـا، فایـەق بـەگ، شـێخ محەممەدی گولانی، مەجیـد ئەفـەنی کانێسکانی، رەمـزی فـەتاح، تۆفیـق قـەزاز). بڕوانـە علاالـدین سـەجادی: مێژووی راپەڕینی... ، ل٨٥.

268. چاوپێکەوتنی مامۆستا (برایم ئەحمەد) لەگەڵ med. tv.

269. ژیان: ژمارە (٢٦٠)، ١٩٣٠/٩/٢٢.

270. وەرگیراو لە ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنان، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦.

271. دیڤد مەکداول: مێـژووی هاوچـەرخی کورد، و. ئەبوبـەکر خۆشـناو، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، چ(٢)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٧٣.

**ساڵی (١٩٣٥) برایم ئەحمەد بە هاوکاری لەگەڵ (فازیل تاڵەبانی و عارف تاڵەبانی و شاکر فەتاح و بەهادین عارف و شێخ رەوفی شیخ مەحمود) لە بەغداد هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی یانەیەکی ڕووناکبیری کوردی بەناوی یانەی (سمکۆی شکاك).[٢٧٢]**

**لەم بارەیەوە د.کەمال مەزهەر دەڵێت" ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن پێشنیاری پرۆژەکە و هێزی بزوێنەری ئەم دەستەیە بوو"[٢٧٣]، دواتر بە مەبەستی بەدەستهێنانی یارمەتی بۆ یانەکە، پەیوەندی بەڕابەرانی کۆمەڵەی (ئەلئەهالی)یەوە دەکەن و ئەوانیش بەڵێنی هاوکاریان پێ دەدەن.[٢٧٤]**

**رۆژی ١٤ی مارتی(١٩٣٥) دەستەی دامەزرێنەر داوایەکی فەرمیان پێشکەش بە وەزیری* کاروباری ناوخۆ کرد، کە لە شەش خاڵی سەرەکی پێك هاتبوو.[٢٧٥]**

**وەزارەتی کاروباری ناوخۆش بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانە لە ڕێگەی دائیرەی ئەمنەوە دەستی بە کارەکانی کردووە، لە راپۆرتی(ئەمن)دا هاتووە کە باوکی (برایم ئەحمەد) هاندەری ئەو سکاڵا نامانە بووە کە ئەوسا نیشتمانپەروەرانی کورد ڕێکیان خستووە و ناردوویانە بۆ بەغدا، ئەمە جگە لەوەی لە راپۆتەکەدا باس لەوە دەکات کە (ئەحمەد بەگی فەتاح زادەی باوکی برایم یەکێکە لە**

هەواڵنامەی کتێب

---

[272]. سروة أسعد صابر: كوردستان الجنوبية (١٩٢٦-١٩٣٩)دراسة تأريخية-سياسية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦، ل٣٦٢-٣٦٣؛ فاتح رەسووڵ: بنچینەی مێژووی چەپ... ، ل٣٠٠ ؛ رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٣)، ١٩٩٩، بغداد.

[273]. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد... ، ل٣٣٥.

[274]. هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٥.

* وەزیری ناوخۆی ئەو وەختە عەبدولعەزیز قەساب بوو کە لە کابینەی وەزارەتەکەی جەمیل مەدفەعی بوو کە ماوەی ٤ی ئازاری ١٩٣٥ تا ١٧ئازاری ١٩٣٥ی خەیاند. د. نزار توفيق سلطان الحسو: الصراع على السلطة في العراق الملكي، دراسة في الكلية السياسية، ط(١)، بغداد ١٩٨٤، ص١٧٢.

[275]. خاڵی یەکەمیان لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر پێکهاتووە، دووەمیان ناوی یانەکەیە واتا (یانەی سمکۆی شکاك)، لەخاڵی سێیەمدا هاتووە مەبەستەکانی یانە بریتین لە بڵاوکردنەوەی روناکبیری نەتەوەیی کورد و بوژاندنەوەی گیانی وەرزشی لە نێو لاوانی کورددا و کۆشش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رەوشت و ژیانی کۆمەڵایەتی و زانست لە کوردستاندا بەتایبەتی و لە عێراقدا بەگشتی، بەپێی خاڵی چوارەم بەغداد مەڵبەندی یانەکە دەبێت و بەپێی خاڵی پێنجەم ناوەکانی دەستەی کارگێڕی پاش هەڵبژاردن پێشکەش دەکرێت بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ، لە دواخاڵیشدا هاتووە ئەوا پەیڕەوی سەرەکی یانەکەتان پێشکەش دەکەین. بروانە م. و. د. ، المكتب الخاص، رقم الملف: ٣٧١٤١، موضوع الملف: الجمعيات والنوادي، نادی سمکۆی شکاك، وزارة الداخلية، شعبة الاوراق، رقم الواردة ٦٤٤٤، التأريخ ١٩٣٥/٣/٤) وەرگیراوە لە کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك.. ، ل٣٣٦.

هاوڕێکانی شێخ مەحمودی رابەری کورد)[٢٧٦]، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق رێگر بێت لە کردنەوەی ئەو یانەیە.

لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی حکومەت گومانیان لەوە هەبووە کە ئەم کەسانە خەریکی کاری کوردایەتین و دوورنییە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی تێبکۆشن.[٢٧٧]

هەرچەندە کە رێگە بە دامەزراندنی یانەی سمکۆی شکاك نەدراوە، بەڵام بە هەوڵێکی گرنگی رۆشنبیرانی کورد دادەنرێت و بەرزی ئاستی رۆشنبیری (برایم ئەحمەد) دەردەخات کە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا بە هاوکاری چەند لاوێك هەوڵی دامەزراندنی یانەیەکی رووناکبیری سەربەخۆی کوردیان داوە.

ساڵی(١٩٣٧) (برایم ئەحمەد) لەژێر کاریگەری هزری دەستەی (ئەلئەهالی)دا نامیلکەی (الاکراد والعرب)ی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، بەم کارەی بناغەیەکی زانستی بۆ برایەتی کورد و عەرەب و خەباتی هاوبەشی هەردووگەل دژی ئیستعمارو کۆنەپەرستی داڕێژاوە[٢٧٨]، هەرچەندە ئەم نامیلکەیە ناوی نووسەری پێوە نەبووە، بەڵام بووەتە مایەی کێشە و گیروگرفت بۆ نووسەرەکەی.[٢٧٩]

جێگەی باسە پرۆسەی ریفراندۆمی دانیشتوانی هەردوو ناوچەی (ئەسکەندەرونە و کەلکیلیا)، فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ هاندانی (برایم ئەحمەد) لە نووسینی ئەم نامیلکەیەدا، چونکە دوای ئەوەی دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیە لەو ریفراندۆمەدا بڕیاریان دابوو لەگەڵ تورکدا بژین نەك لەگەڵ عەرەبی سوریا، لەو کاتەدا (مەعروف ئەرنائوتی) خاوەنی رۆژنامەی (فتاه العرب) لە وتارێکیدا لە سەر ئەنجامی ریفراندۆمەکە کوردی تۆمەتبار کردووەو رایگەیاندوە گەر کوردەکان خیانەتیان

---

276. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤١: مارف ناسراو: ئیبراهیم ئەحمەد و چیرۆکی چاپکردنی شیعرەکانی، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ١١-١٢، ٢٠٠١، ل٤٤.

277. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل٣٤٢ ؛ د. سروە أسعد صابر: کوردستان الجنوبیة (١٩٢٦–١٩٣٩)، ل٣٦٣–٣٦٤.

278. جلال الطالباني: کردستان والحرکة... ، ص١١٩-١٢٠.

279. ئەڤین عەبدوالقادر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد دەنگێکی زوڵاڵی شعری نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٩.

نەکردایە و دەنگیان بۆ چوونە پاڵ تورکیا نەدایە، سوریا ئەو ناوچانەی لەدەست نەدەدا.[٢٨٠]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت:"هەڵوێستی ئەم نووسەرە عەرەبە زۆر کاری تێکردم، چونکە درۆیەو شتی وا نەبووە کورد دەنگ بەوە نادات لەگەڵ تورکدا بژی بە تایبەتی لەو رۆژەدا هەمووی چەند ساڵێك بوو کە شۆرشی دەرسیم و نەختێك پێشتر شۆرشی شێخ سەعیدی پیران روویدابوو کە تورك کوشت و کوشتارێکی زۆری لە کورد کردبوو، لە بەر ئەوە من نامیلکەیەکم بە ناوی (الاکراد والعرب)ەوە نووسی".[٢٨١]

(برایم ئەحمەد) لە سەرەتای نامیلکەی (الاکراد والعرب)دا سەبارەت بە پێوەندی نێوان کورد و عەرەب دەنووسێت " ئەگەر تەماشای پەیوەندییەکانی نێون کورد وعەرەب بکەین هەر لە سەرەتای فەتحی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ ئەبینین کە پەیوەندییەکانیان لە خۆشەویستی و ئاشتی و برایەتیدا باشترە لە پەیوەندی نێوان گەلانی دراوسێکاندا کە ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە، لەبەر ئەوەی کورد بە دڵسۆزییەوە چووەتە سەر دینی ئیسلام و هەموو بنەماکانی ئیسلامی وەرگرت، کە تیایدا پێویستە جیاوازییەکانی نێوان گەلانی جیاجیای ئیسلام لە بیر بچنەوە، پاشان بەشداریان کرد لە دروست کردنی شارستانی ئیسلامدا".[٢٨٢]

رەنگە (برایم ئەحمەد) هەر لەو سەردەمەوە پەی بەوە بردبێت کە دەکرێت لە رێگای یاساوە و بە شێوەیەکی هێمن و دیموکراتیانە داوای مافە رەواکانی نەتەوەکەی بکات و ئەوەشی بە رێگەیەکی گونجاوی خەباتی رەوای گەلی کورد زانیبێت، بێگومان ئەم نامیلکەیە لە قۆناغێکی مێژوویی ژیانی سیاسی گەلی کورددا نووسراوە کە لە باشووری کوردستاندا خەباتی چەکداری بێدەنگ بووە، یاخود لە چاو ساڵانی بیستەکاندا ئەو گڕوتینەی نەبووە، دەکرێت سەردەمی نووسینی ئەو

280. چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد ؛ سروة أسعد صابر: کوردستان الجنوبية، ل٣٠٤-٣٠٥.

281. چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد ؛ سروة أسعد صابر: کوردستان الجنوبية، ل٣٠٤-٣٠٥.

282. إبراهيم أحمد: الأكراد والعرب، بغداد، ١٩٦١.

نامیلکەیە بخرێتە سەر دەمێکی نزیک لەو قۆناغەی کە نەوشیروان مستەفا بە سەردەمی (قەڵەم و مراجەعات)* ناودێری کردووە.[٢٨٣]

دەتونین بڵێین ئەم نامیلکەیە بەرهەمی عەقڵ و هۆشێکە کەپێی وابووە ئەگەر قەڵەم بتوانێت بدوێ و کاریگەری دیارو بەرچاوی هەبێ و زەمینەی گۆڕانکاری خۆش بکات، ئەوا دەبێت تفەنگ بێدەنگ بێت. هەر لە بارەی ئەم نامیلکەیەوە (برایم ئەحمەد) دەڵێت :" دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٣٧)دا نامیلکەیەکم بە ناوی (الاکراد والعرب)ەوە بڵاوکردەوە، دەنگێکی زۆری دایەوە، حکومەت مصادەرەی کردو درام بە مەحکەمە لەسەری، دەرکەوت کە تورکیا لە رێگەی سەفیرەکەیەوە لە عێراق شکاتی کردووە لای رەئیسی ئەرکانی جەیشی ئەوکاتە (بەکر سدقی)، ئەویش ئەمری کردووە کە منیان دا بە مەحکەمە و بە عورفی و پاشان مەحکەمەی مەدەنی و لە پاش (٣) رۆژ ئازاد کرام".[٢٨٤]

دوای ئەوەی کە بە تۆمەتی ئاژاوە نانەوەی رەگەزی لە وڵاتدا درا بە دادگاو بەرهەمەکەی قەدەغەکرا، (برایم ئەحمەد) وەك پارێزەرێکی وشیار و بەتوانا، توانیویەتی داکۆکی لە خۆی بکات و راستی بۆ چوونەکانی بە دادگا بسەلمێنێ[٢٨٥]، هەر بۆیە توانی خۆی و نامیلکەکەش ئازاد بکات و پارەی زەرەرو زیانەکانی بڵاوکراوەکەش لەلایەن دادگاوە قەرەبوو کراوەتەوە.[٢٨٦]

لە راستیدا نامیلکەی (الاکراد و العرب) لەناو کورددا بیروڕای جیاوازی لەسەر بوو، لەناو هەندێك سەرۆك عەشیرەتەکاندا بە هەموو شێوەیەك دژی خەباتی هاوبەش بوون لەگەڵ عەرەبدا و نووسەری نامیلکەکەیان بە خاین لە قەڵەم داوە.[٢٨٧]

---

* باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨-١٩٣١ گرنگییەکی زۆری هەیە لە مێژووی رزگاریخوازی گەلی کورد دا، کە تیایدا لە جیاتی چەك و بەیەکدادان بە بیرو قەڵەم داوای مافی رەوای گەلی کورد کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەردەمی قەڵم و مراجەعات، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

[283] . عەتا قەرەداغی: مامۆستا برایم ئەحمەد رەمزی گۆڕانکاری بەردەوام، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٣)، شەممە ١٨-٤-٢٠٠٠، ل٨.

[284] . چەند وێستگەیەکی ژیانی... ، ل٣٢؛ چاوپێکەوتنی عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد.

[285] ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو... ، ل٣٢.

[286] . چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ برایم ئەحمەد.

[287] . جلال الطالباني: کردستان والحرکة... ، ص١٢١.

**لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم نامیلکەیە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو نەک تەنها لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێش دەنگدانەوەی خۆی هەبووە.**

**(برایم ئەحمەد) هەر لە سەرەتای منداڵییەوە پەروەردەی بیری کوردایەتی بووە و باوەڕی بە پارتێکی دیموکرات و شۆڕشگێڕو پێشکەوتوو خوازی کوردستانی هەبووە [٢٨٨]، هەر لەبەر ئەوەش نەبووە بە ئەندام لە پارتەکانی دیکەی وەک (هیوا)* و (ڕزگاری)**، بەڵکو لە دوای هەڵسەنگاندنی پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک)، بووە بە ئەندام [٢٨٩]، هەرچەندە نوری شاوەیس پێی وایە کە (برایم**

---

[288] . مام جەلال: یادنامە، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٠.

* لە ساڵی ١٩٣٩ بە دەستپێشخەری ژمارەیەك ئەفسەر و ڕۆشنبیری کورد حیزبێکی سیاسیی بە ناوی هیوا بە نهێنی لە کەرکوك بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی دامەزرا، کە ئامانجی خەبات بوو دژی فاشست و بەدیهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی گەلی کورد، بە هاوکاری و ڕێنماییکردنی حیزبی هیوا لە ساڵی١٩٤٢ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمەزرا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ حیزبی هیوا حیزبێکی پێشکەوتو خوازو بەهێزترین گرووپی سیاسیی ئەوسای جوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بووە، لە مانگی شوباتی ١٩٤٤ لە شاری کەرکوك کۆنفرانسی حیزبی بەست و بووە خاڵی سەرەکی بۆ تەقینەوەی ناکۆکیەکان. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە د. عزیز شەمزینی: جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، و. فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ(٤)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٦٣-٢٦٨ ؛ فەیصەل دەباغ: حیزبی هیوا و شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان، دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان، چ(١)، هەولێر، ١٩٩٧، ل٧-١٠ ؛ عبدالستار طاهر شریف: الجمعيات والمنظمات و الأحزاب الكردية، ط(١)، بغداد، ١٩٨٩، ل٩٩.

** حیزبی رزگاری لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە بە ئاشکرا داوای ئازادی و یەکێتی کوردستانی کردووە، ئەم پارتە داخوازی سەربەخۆیی ئیداری لەناو عێراقدا کردووە، لە ئابی ١٩٤٦ بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەی داوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥-١٩٥٨)، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٠٢-١٠٧ ؛ عەزیز شەمزینی: جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی... ، ل٢٧٠-٢٧٥.

[289] . سدیق سالح: مامۆستا ی نەمر ئیبراهیم ئەحمەد بەخامەی خۆی، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٧)، ٢٠٠/٤/٢٣، ل٩ ؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی.. ، ل٦٤.

ئەحمەد) ئەندامی حیزبی هیوا بووە[290]، بەلام لە زاری خۆیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت "من ئەندام نەبووم لەو حیزبەدا".[291]

حیزبی (هیوا) کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارو رۆشنبیر و مامۆستاو ئەفسەرو پارێزەری لەخۆ گرتبوو، گەر برایم ئەحمەد ئەندام بوایە تیایدا هەڵبەت بە ئاشکرا ئەندام بوونی خۆی رادەگەیاند، چونکە حیزبی (هیوا) گەورەترین رێکخراوی نەتەوەیی بوو کە رۆڵی گرنگی هەبووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا، بەلام وەنەبێ ئەندام نەبوونی لە هیوادا (برایم ئەحمەد)ی دوورە پەرێز کردبێت لە هاوکاریکردنی ئەو رێکخراوەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە نزیکەوە هاوکاری حیزبی (هیوا)ی کردووە.[292]

هەر سەبارەت بە هاوکاری کردنی لەگەڵ حیزبی هیوادا، لە هاوینی ساڵی (١٩٤٠)دا سەردانی ناوچەی (حاجی ئۆمەران) دەکات لە پێناوی رێنمایکردن و هاوکاری کردنی شۆڕشگێڕانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا کۆمەڵەیەکی سیاسییان دامەزراندبوو بەناوی (کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کورد)*،بەلام بە هۆی زوڵم و زۆری شاو بێ تەجروبەیی خۆیان هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان

---

[290] . نوری شاوەیس: من مذكراتی، من منشورات حیزب الشعب الدیمقراطی كوردستان، ط(١)، ١٩٨٥، ص٣٣.

[291] . برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم دەمەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ك)، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (١٣)، ل٤٥. لەو بارەیەوە جەلال تالەبانی هۆکاری ئەندام نەبوونی برایم ئەحمەد لە کۆمەڵەی (هیوا)دا بۆ چەند خاڵێك دەگێرێتەوە لەوانە بەر لە هەموو شتێك پێی وابوو کە (هیوا) حیزبێکی ناسیۆنالیستی کۆنەپەرستە و شێوازی دەسەڵاتی سەرۆکی باڵا پەیڕەو دەکات، هاوکات پێی وابوو کورد پێویستی بە حیزبێکی دیموکرات هەیە کە گرنگی خەتەری فاشیزم بزانێ بەلام هیوا بیروریان وابووە کە کێ یارمەتیمان بدات ئەوە دۆستمانە، لە هەمان کاتدا هەڵوێستی هەندێك لە سەرکردەکانی هیوای بە دڵ نەبووە. بڕوانە کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

[292] . نەوشیروان مستەفا ئەمین: دەقی وتاریی. ن. ك... ، ل٢.

* کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کورد بەسەرکردایەتی عەزیز زەندی دەمەزراوە کە لە دوای رووداوی خەرمانان بە یەکەمین هەنگاو لە بواری دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسیی کوردی دادەنرێت، کە بانگەشەی بۆ بیری رزگاریی کوردستان کردووە، سەبارەت بە ساڵی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بیروڕای جیاواز هەیە بڕوانە، مەحمود مەلاعزت: کۆماری میللی مهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ، بەشی یەکەم، ١٩٨٤، ل٦٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەت دا سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٢ ؛ بورهان ابابکر یاسین: كوردستان في سیاسة القوى العظمى ١٩٤١-١٩٤٧، ترجمة. هوراس، ط(١)، ٢٠٠٢، ص١٢٦.

بەخۆیانەوە نەدیبوو، لەبەر ئەوە پەنایان بۆ سەرکردایەتی (هیوا) هێنابوو کە هاوکاریان بکەن، بۆئەم مەبەستەش سەرکردایەتی (هیوا) (برایم ئەحمەد)ی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوکارە.[٢٩٣]

مەحمودی مەلا عیزەت لەم بارەیەوە دەڵێت" هەرچەندە مامۆستا برایم درێخی لە یارمەتی دانی (هیوا)دا نەکردووە، بەلام (ژ.ک) بوو بە سەنتەری بیروو چالاکییەکانی".[٢٩٤]

دوای داگیرکردنی بەشی باکوورو باشووری رۆژئاوای ئێران لە ساڵی (١٩٤١)دا[٢٩٥]، بارودۆخێکی گونجاو هاتەپێشەوە بۆ چالاکی و جموجۆڵی سیاسیی هێزە نیشتمانی و نەتەوە ژێر دەستەکان و هاتنەکایەی قۆناغێکی نوێی خەبات و هەوڵدان لە پێناوی ئازادی و دیموکراتیدا، لەسەر و هەمووشیانەوە شاری مهاباد بە هۆی دووری لە هەردوو جەمسەری شەڕەکەوە ببووە ناوەندێکی لەبار بۆ گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی.[٢٩٦]

دواتر بە ئامادەبوونی (مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد) وەك نوێنەرانی حیزبی (هیوا)و (١٥)کەس لە رۆشنبیرانی شاری مەهاباد، لە ١٦ئابی ١٩٤٢دا لە نزیك چەمی سابلاخ لەباغی حاجی داود، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)یان وەك رێکخراوێکی سیاسیی کوردی دامەزراند.[٢٩٧]

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵەی (ژ.ك) ئۆتۆنۆمی کردبووە ئامانجی سەرەکی بۆ کوردستانی ئێران، بەلام رزگارکردن و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستانی بۆ

---

[293]. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم دامەزراندنی... ، ل٤٥-٤٦.

[294]. محمود مەلا عیزت: رۆڵی پارتایەتی و ژیانی پارتایەتی مامۆستا (برایم ئەحمەد)، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥١)، یەك شەممە ٢٠٠٠/٥/٢١، ل٨.

[295]. بەشی باشووری کوردستانی ئێران لەلایەن لە شکری ئینگلیز داگیر کرابوو، بەشی باکووریش تا شاری ورمێ لە شکری سووری سۆڤیەتی تیا بوو بۆ زانیاری زیاتر بروانە. قاسملو: چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتەیەك لە مێژووی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چ٢، ١٩٨٨، ل٣٦-٧.

[296]. بۆ زانیاری زیاتر بروانە. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی.. ، ل ٥٦.

[297]. نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان... ، ل٧٧؛ محمود مەلا عزەت: کۆماری میللی مهابات، ل٦٣.

قۆنــاغی دواتــر دانــابوو[298]، هاوکــات ســەرکردایەتی (ژ.ك) بەباشــیان دەزانــی کــە چالاکییەکانیان تـەنها لـە کوردسـتانی ئێراندا نەمێنێتـەوە، بۆ ئـەو مەبەسـتە کەوتنە چالاکی بۆ کردنەوەی لقی کۆمەڵە لە پارچەکانی تری کوردستاندا، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش لەگەڵ نوێنەرایەتی پارچەکانی تری کوردستاندا کەوتوونەتە وتووێژوو بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن.[299]

بۆ ئەم مەبەستە (ژ.ك) یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی لە ساڵی (١٩٤٤)دا رەوانەی کوردسـتانی عێـراق کـردووەو گفتوگـۆی لەگـەڵ ئەنـدامانی سـەرکردایەتی حیزبـی (هیوا)دا کردووە و بە باشیان زانیوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست بکرێت.[300]

لە ئەنجامی ئـەو پەیوەندیانـەی کـە کۆمەڵـە لەگـەڵ پارچـەکانی تـری کوردسـتاندا دروستی کردبوو، ژمارەیەك لە کوردی باشووری کوردستان پەیوەندیان بە کۆمەڵـەی (ژ.ك)ەوە کرد لە مهاباد کە یەکێك لەوانە ئیسماعیل حقی شاوەیس* بوو[301]، پاشان بە هۆی لاوازبوونی حیزبی (هیوا)و دروستبوونی دووبەرەکی لە ریزەکانیداو گەڕانەوەی ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان بە کۆمەڵەی (ژ.ك)ەوە هەبوو، زەمینـەی دروست بوونی لقـی کۆمەڵـەی (ژ.ك) لـە کوردسـتانی عێراقدا هاتـە پێشەوە[302]، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەنامـەی تایبـەتی پەیوەنـدییان بـە ژمارەیـەك لـە رۆشـنبیرانی شـاری سـلیمانییەوە کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

298. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی.. ، ل ٥٨.
299. محمود مەلا عزەت: کۆماری میللی مهابات... ، ل٦٧.
300. بـۆ زانیـاری زیـاتر بروانـە. موجتـەبا بـورزوویی: بـارودۆخی سیاسـیی کوردسـتان (١٨٨٠-١٩٤٦)، و. لـە فارسـیەوە. نازناز محمد عبدالکریم –یوسف خزر، سۆران عەلی پور، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە، چ(١)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٧٨.
* ساڵی ١٨٩٤ لە شاری موسل لەدایك بووە، ساڵی ١٩٠٤ قوتابخانەی رووشـدیەی سـەربازی لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩١١ دەبێتـە ئەفسـەر لـە سـوپای عوسمانیـدا، رۆڵێکـی گرنگـی هـەبووە لـە دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوە سیاسـیەکان بەتایبـەت لقـی ژ. ك کوردسـتانی عێـراق. بـۆ زانیـاری زیـاتر بروانە: دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان: ئیسماعیل حقی شاوەیس ١٨٩٤-١٩٧٦، هەولێر، ٢٠٠٤.
301. دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان: هەمان سەرچاوە، ل٩٦؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسـییەکانی. ، ل٦٤.
302. عثمان علي: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، دراسة تأريخيـة وثائقيـة، مطبعـة الثقافـة، أربيل، ٢٠٠٣، ص٦٧٩.

لەم بارەیەوە (برایم ئەحمەد) دەڵێت"مانگی ئۆغستۆسی ١٩٤٤بوو لە سلێمانی (ئەوقات)یم ئەکرد، رۆژێك مامۆستا ئیسماعیل حقی شاوەیس لەگەڵ عوسمان دانیش دا هاتنەلام و دوای ئەوەی کە مامۆستا شاوەیس باسی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ کردم، وتی ئێمە هەردوکمان و چەند کەسێکی دیکەش لە سلێمانی بووین بە ئەندامی ئەو رێکخراوەی کەوا لە مهاباد بە ناوی کۆمەڵەی (ژ.ك) واتە ژیانەوەی کوردەوە دروستکراوە لەلایەن کوردە دڵسۆزەکانی ناوچەکەوە ئێستا ئێمەش ئەمانەوێت لقی خۆمان دامەزرێنین و حەز دەکەین تۆش لەگەڵمان بیت".[٣٠٣]

پاشان لە چوارچێوەی ئەو دیدارەدا ئیسماعیل حقی شاوەیس نامەیەك کە لەلایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەوە نوسرابوو دەداتە (برایم ئەحمەد)، لەوێدا داوای بوونە ئەندامی لێکرابوو، کە جگە لە (برایم ئەحمەد) هەندێ کوردی ناسراوی تریش نامەی لەو جۆرەیان بۆ هاتبوو.[٣٠٤]

پێدەچێت ئەو کەسانەی کە (ژ.ك) نامەی بۆ ناردوون، پێشتر دەستنیشان کراون و زانراوە کە لە هیچ رێکخراوێکی دیکەدا ئەندام نین، لەو بارەیەوە (برایم ئەحمەد) دەڵێت" فایەق تا ساڵی ١٩٤٤ نەچووە ناو هیچ یەکێ لەو کۆمەڵ و پارتی و رێکخراوە کوردیانەوە کە پەیرەو و پرۆگرامی رێك و پێك و نووسراویان نەبوو، هەمووشیان لە سەر بناغەی پارچە پارچەیی کوردستان دامەزرابوون، منیش لەم رەخنەو هەڵوێستەدا هاوبیری فایەق بووم ".[٣٠٥]

جێگەی باسە (برایم ئەحمەد) لەو کاتەدا لە هەڵوێستی کۆمەڵەی (ژ.ك) بەرامبەر بە ئینگلیز رازی نەبووە، چونکە لە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی نیشتماندا ستایشی دەوڵەتی ئینگلیز کرابوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە (برایم ئەحمەد) بە هەمووشێوەیەك دژی ئینگلیز بووەو بە داگیرکەری سەرەکی خاکی کوردستانی زانیوەو لەو بارەیەوە دەڵێت" ئێمە باوەڕمان وابوو کە بریتانیا ئاگری ئەوبن کایەکە کوردستانی تیا

---

[303] . برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم... ، ل٤٧ ؛ سدیق سالح: مامۆستای نەمر.. ، ل٩.

[304] . عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، چابخانەی کاربین، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٦٠.

[305] . ئیبراهیم ئەحمەد: فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردانە، گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە (٥٧)، ١٩٩٥، ل٦-١٤.

**دەسووتێ لەهەر شوێن و کاتێکدا بەردێ لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە و بەر کورد بکەوێت، هۆی سەرەکیەکەی ئینگلیزە".[٣٠٦]**

**(برایم ئەحمەد) لەدوای خوێندنەوەی پێڕەو پرۆگرامی کۆمەڵە، سەرەڕای بوونی هەندێك کەم و کوڕی تیایدا بووە بەئەندام لە کۆمەڵەی (ژ.ك)دا.[٣٠٧]**

**ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە (برایم ئەحمەد) راستەوخۆ نەبۆتە ئەندام، بەڵکو دوای ئەوەی بە تێروتەسەلی لە پرۆگرامی کۆمەڵەکەی کۆڵیوەتەوە و لایەنە لاوازەکانی دیاری کردووە، ئینجا بڕیاری داوە ببێتە ئەندام، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە (کوردستانییەتی) بە روخساری کۆمەڵەکەوە دیاربوو، لە لایەکی ترەوە بوونی پەیڕەو پڕۆگرام بۆ رێکخراوێکی ئەو سەردەمە بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە.**

**پاشان بە مەبەستی دامەزراندنی لقی کۆمەڵەی (ژ.ك)، لە ماڵی ئیسماعیل حقی شاوەیس (١٥)کەس کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا کە پێکهاتبوون لە (سدیق شاوەیس، فایەق بێکەس، بەهیە مارف، حمە علی مەدهۆش، عەزیزی میرزا سالم.....)، لەو کۆبوونەوەیەدا دوای وتوێژێکی زۆر بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە لقی (ژ.ك) لە سلێمانی دابمەزرێنن، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەکی (٥)کەسی دەستنیشانکراوەو دواتریش بە کۆی دەنگ (برایم ئەحمەد) بە لێپرسراوی لق هەڵبژێردرا.[٣٠٨]**

**رێکخستنەکانی لقی کۆمەڵەی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراق بەهۆی هەلومەرجە تایبەتییەکانی کوردستان و بارودۆخە سیاسیەکەی لەو رۆژگارەدا زۆر بەربلاو و تەشەنە سەندوو نەبووە، چالاکی و جموجۆڵ و رێکخستنەکانی تەنها لە شارەکانی**

---

[306]. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم..... ، ل٤٧.

[307]. برایم ئەحمەد باس لەوە دەکات لە یەکەم کۆبونەوەیاندا چەند رەخنەو پێشنیارێکیان هەبووە لە بارەی هەندێك لە بەندەکانی پیرەو و پرۆگرامی کۆمەڵە. کە گرنگترینیان ئەمانەن: -

أ- برایم ئەحمەد سوێندخواردنی بە شتێکی زیادە زانیووە.

ب- پێی وابووە کە کۆشش کردن بۆ خودموختاری لەگەڵ بیروڕای کوردستانیدا ناگونجێت، بەو شەرتە نەبێ کە بە ئاشکرا وەك هەنگاوی یەکەم دانرابێت.

ج- یەکێك کە بوو بە ئەندام دەبوایە تا مردن بە ئەندامێتی بمێنێتەوە، ئەمەش بە لای (برایم ئەحمەد)ەوە بریارێکی زیانبەخشە، چونکە ئەگەر کەسێك توانای کارکردنی نەما یاخود باوەڕی بەوە نەما کە کار بۆ رێکخراوەکە بکات ئەوا مانەوەی ئەو کەسە دەبێتە هۆی زیان بەخشین. بۆ زانیاری زیاتر بروانە. ئیبراهیم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم... ل٤٨.

[308]. دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان: ئیسماعیل حقی شاوەیس... ، ل٩٩ ؛ سدیق سالح: مامۆستای نەمر... ، ل٩ ؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد.

سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و کفری دا بوونیان هەبووە[٣٠٩]، بەڵام دواتر سنووری ڕێکخستنەکانیان فراوانتر بووەو ناوچەکانی ڕەواندز و موسل و شەقلاوەشی گرتووەتەوە.[٣١٠]

چالاکییەکانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام دراون و پەیوەندیشیان لەگەڵ ڕێکخراوە کوردیەکانی تری کوردستانی عێراقدا هەبووە، لە هەمان کاتدا زۆربەی بلاْوکراوەو نووسینەکانی کۆمەڵە وەك گۆڤاری (نیشتیمان)و وێنەی قازی محەمەد و ئاڵای کوردستان بە ڕێگەی قاچاخ گەیشتووەتە کوردستانی عیراق و لە ڕێگەی شانەکانی کۆمەڵەشەوە گەیشتۆتە ناوچە جۆربەجۆرەکانی تر[٣١١]، هەروەك (برایم ئەحمەد) سەبارەت بە یەکێك لە نامەبەرەکانی لقەکەیان دەڵێت:"سەعید یەکێ بوو لە ئەندامە نەبەزەکانی کۆمەڵەو تەتەری ئێمەبوو، تابڵێی پیاوێکی دڵسوزو پاك و لە خۆبوردو بوو، ڕێگە پێدراو بوو لە هاتووچۆکردن بە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران دا".[٣١٢]

شایەنی باسە لە ناو کۆمەڵەی (ژ.ك)دا ئافرەتان ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان بینیووە، هەر بۆیە سەرکردایەتی لقی (ژ.ك) لە کوردستانی عێراقدا هەوڵی دامەزراندنی لقی ئافرەتانیان داوە، لەم بارەیەشەوە ناهیدە شێخ سەلام و نەعیمە ئەحمەد خوشکی (برایم ئەحمەد) دەورێکی بالأیان تیا بینیووە و توانیویانە کاروباری لقەکە بەڕێوەبەرن و ژمارەیەك لە ئافرەتان لە دەوری کۆمەڵەدا کۆبکەنەوە، لەو ئافرەتانەش کە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کاریان کردووە (زەکیە بابان، لوتفیە مەلا سەدیف، فەخریەخان، حەلاوە خانی کچی شێخ مەحمود، شەفیقەی خێزانی جەمال خەفاف، شەفیقە سەعید، فاتمەی مەحەی سالە سوور، کەتان خان، مونیرە قەفتان، موعەززەر

309. عبدالجبار حسن الجبوری: الأحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي (١٩٠٨-١٩٥٨)، بغداد، ١٩٧٧، ص١٢٥-١٢٦.

310. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی.. ، ل٦٦. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئارچی ڕۆزفیلت: کۆمارە کوردیەکەی مهاباد، وەرگێڕانی ئەکرەم قەرەداغی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٠.

311. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی.. ، ل٦٧.

312. سدیق سالح: سەعید تەتەری نەناسراوی کوردایەتی، گۆڤاری هەزارمێرد، سالی سێیەم، ژمارە (١٠)، کانوونی یەکەم ١٩٩٩، ل٨٤.

عەزیز بەگ)، بوون کە زۆربەیان مامۆستا بوون[313]، کە بێگومان ئەمەش گرنگی و کاریگەری ڕێکخستنەکانی لقی کۆمەڵەی (ژ.ك) دەردەخات لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

جێگەی باسە خەبات و چالاکییەکانی (برایم ئەحمەد) لە کۆمەڵەی (ژ.ك)دا بەپێی هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارە فراوان و هەستیار بوون، لەوانە جگە لە گەشەپێکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو وشیاری نەتەوەیی و سیاسیی وکۆمەڵایەتی، پاڵپشت و یارمەتی دەری (بارزانی) و هێزەکەی بووە، کە دوای تێکشکاندنی شۆڕشەکەی ساڵی (١٩٤٥)ی بارزان ناچاربوون پاشەکشە بکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ئەوەش ڕێنمایی خەڵکانی تێکۆشەری کردووە بۆ هاوکاری کردنی کۆمار و گەر پێویستیش بێت خۆیان بگەیەننە مهاباد.

دەتوانین چالاکییەکانی لقی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراق و ڕۆڵی (برایم ئەحمەد) تێیدا لە چەند خاڵێکدا روون بکەینەوە.

١-زیاد بوونی ئەندامانی لق، بە شێوەیەك لە ئامێدییەوە تا بەغداد ئەندامیان هەبووە و بەردەوام لە زیادبونیشدا بووە، دیارە دەنگوباسی پاڵپشتیکردنی یەکێتی سۆڤیەت بۆ بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد لە مهاباد، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ فراوانبوونی ئەم لقە.

٢- ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە لە (مهاباد)ەوە دەگەیشتە دەست سەرکردایەتی لقی کۆمەڵە، بەسەر سەرۆك شانەکاندا دابەش کراوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ ئەندامەکانی خۆیانی بخوێننەوەو راوبۆچوونی خۆیانی لەسەر دەربڕن.

٣- ئاسانکردنی ڕێگەی هاتوو چۆی نێوان هەردوو ناوچەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی ئەندامانی لقەوە، تەنانەت (مۆری) ڕێگە پێدانیان هەبووە و ئەو کەسانەی هاتوچۆیان کردووە، بەهۆی بوونی ئەو ڕێگە پێدانەوە هیچ جۆرە کێشەیەکیان بۆ دروست نەدەبوو.[314]

٤- یەکێکی تر لە چالاکییەکانی تری لق پەیوەندی بە فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردییەوە هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە لە شاری سلێمانی

---

313. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٢/١٢/١٩٨٥، لەندەن، بڵاونەکراوە (لە ئەرشیفی دکتۆر عەبدوللا مەردۆخ وەرگیراوە)؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی.. ، ل٦٩ ؛ عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی.... ، ل٣٦٣.

314. ئیبراهیم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم... ل٤٨-٤٩.

باشووری کوردستاندا نەبێت، خوێندن بە کوردی قەدەغەبووە، هەر بۆیە لە هیچ لایەکی کوردستاندا کتێبی ئەلفوبێی کوردی دەست نەکەوتووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەندامانی لق هەستاون بە ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە کتێب و دەفتەرو قەڵەم و کاغەز بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ خوێندن و فێرکردنی زمانی کوردی.[315]

٥-هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو گومان و دوو دڵیەی کە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و قازی محەمەد هەیان بووە بەرامبەر بە بارزانی و هێزەکەی کە لە پاش شکانیان لە شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥روویان کردبووە رۆژهەڵاتی کوردستان.[316]

دوای گەیشتنی مەلا مستەفاو هێزەکەی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حیزبی دیموکرات و سەرکردایەتی و خەڵکەکەوە مامەڵەیەکی خراپیان بەرامبەرکراوە، هەر وەك برایم ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێت "نەك هەر سەبارەت بە نەبوونی و برسێتی و بێ کەسی گرانەتاشیان تیا بڵاوببۆوە و رۆژانە لێیان دەمرد"[317]، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە کاربەدەستان بەچاوی پیاوی بریتانیا تەماشایان کردوون و پێیان وابووە بە پلانی ئینگلیز هاتوونەتە ئەوێ بۆ ئەوەی خەباتی ئەوان تێك بدەن ٠

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" کە راستی دەنگ و باسی حاڵی مەلا مستەفاو هێزەکەیمان پێ گەیشت، لقەکەمان کەوتە چالاکییەك لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، کەوتینە پیتاك کۆکردنەوە بەهۆی شانەکانی لقەوە، لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی ئەندامانی لق وپیاوچاکانەوە پارەیەکی زۆرمان لە چاو ئەوکاتەدا کۆکردەوە و بەهۆی تەتەرە تایبەتیەکەمانەوە بۆمان رەوانەکردن".[318]

---

315. مەحمود مەلا عیزەت: رۆڵی سیاسی و ژیانی پارتایەتی برایم ئەحمەد، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥١)، ٢٠٠٠/٥/٢١، ل٨.

316. ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود: شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە) پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠٠٧، ل١٦٤.

317. عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی... ، ل٢٧٠ ؛ مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

318. ئیبراهیم ئەحمەد: لە بیرەوەرییەکانم... ل٥٠ ؛ عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی... ، ل٢٧٠.

پاش ماوەیەك بەهۆی (نوری ئەحمەد تەها)وە، نامەیەك دەنێرن بۆ (برایم ئەحمەد)، تیایدا دوای سوپاس کردنی بۆ ئەو یارمەتییانە، بەهۆی خراپی بارو گوزەرانیانەوە داوای هەندێك یارمەتی تریان لێ کردبوو، لەم بارەیەشەوە برایم ئەحمەد دەڵێت"ئێمەش واتە ئەندامانی لق کەوتینە خۆمان و پارەیەکی دوو ئەوەندەی جاری پێشوو کۆکرایەوەو بە کاك نوریدا بۆمان ناردن".[٣١٩]

پاش ناردنی ئەم یارمەتی و پیتاکە بە مانگێ (برایم ئەحمەد) نامەیەکی مەلا مستەفای پێ دەگات لە ڕێگەی (هەمزە عەبدوڵڵا)وە، لە نامەکەدا دوو کاغەزی تیابووە، یەکێکیان بۆ (برایم ئەحمەد)و ئەویتریان بۆ (باباعلی شێخ مەحمود).

سەبارەت بە نامەکەی خۆی (برایم ئەحمەد) دەڵێت" مەلا مستەفا لە نامەکەی مندا نووسیبووی کەوا پارەو نامەکەی وەرگرتوەو داوای کردبوو کە یارمەتی کاك هەمزە بدەم لە جێبەجێ گەیاندنی کارەکانیداو ئەو نامەیەش بدەم بە شێخ بابە علی دۆستم و تکاشی لێکەم کە بەدڵ هەوڵبدا بۆ بەجێ گەیاندنی داخوازیەکانی".[٣٢٠]

شایەنی باسە بە پێی وتەی (برایم ئەحمەد) بارزانی لە نامەکەدا داوای لە (بابا علی شێخ مەحمود) کردبوو کە هەوڵی بۆ بدات لەلای (وەسی عەبدول ئیلا)کە ڕێگە بە بارزانییە ئاوارەکان بدات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ئەو (٣٥)کەسەشیان کە پاشەملە بە لە سێدارەدان حوکم دراون، حوکمەکانیان بکرێ بە (زیندانی هەتا هەتایی).[٣٢١]

سەبارەت بە نامەکەی بارزانی و گەیاندن یاخوود نەگەیاندنی بە (بابا عەلی شێخ مەحمود) هەر زوو (برایم ئەحمەد) داوای کۆبوونەوەی لیژنەی کارگێڕی (لق)ی کردەوە، لە کۆبوونەوەکەدا دوای وتووێژێکی ورد بە کۆی دەنگ گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە گەیاندنی نامەکە کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر بارزانی بە تایبەتی و بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتی دەکەوێتەوە، هەر بۆیە لیژنەی کارگێڕی بڕیاریان داوە کە بە هیچ شێوەیەك نامەکە نەدرێ بە (باباعەلی شێخ مەحمود)، پاشان بڕیاریان دا لە دوو ڕێگەوە بکەونە چالاکی، یەکێکیان ئەوەبوو کەوا نامەیەك بنووسن بۆ

---

[319]. ئیبراهیم ئەحمەد: لە بیرەوەرییەکانم... ل٥٠.

[320]. عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی... ، ل٢٧١.

[321]. ئیبراهیم ئەحمەد: لە بیرەوەرییەکانم... ، ل٥١.

هەواڵنامەی کتێب

سەرۆکایەتی حیزب لە مهاباد کە ئیمڕۆ مەلا مستەفا وەك قارەمانێکی نیشتمانی لەم بەشە کوردستانەی ژێر دەستی بریتانیاو عێراقدا ناوی دەهێنرێت، لە بەر ئەوە هەر رەفتارێکی ناشیرین بەرامبەر بەخۆی یان هێزەکەی بکرێت لەهەر لایەکەوەبێ، وەك ئەوە وایە کە بەرامبەر بە هەموو کوردێکی باشووری کوردستان کرابێ، کە ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی دەبێت بۆ سەر ناوبانگ و خەباتی حیزب و لقەکەمان.[٣٢٢]

رێگەی دووەمیان ئەوەبوو کە هەوڵ بدەن کە ئیمزای ناوداران و سەرۆك عەشیرەت وکەسانی کوردی دڵسۆز لە نامەیەکدا کۆبکەنەوەو ئەوە رابگەیەنن کە مەلا مستەفا بارزانی نوێنەر و سەرۆکی خەباتکارانی باشووری کوردستانە و شۆڕشەکەی لە پێناوی مافەڕەواکانی کورددا بووە.[٣٢٣]

لەم بارەیەوە (برایم ئەحمەد) دەڵێت"چەند نامەیەکمان بەم شێوەیە پڕکردەوە و ئیتر بە ئەندام و لایەنگرو دۆستانی لقەوە بە نهێنی کەوتینە کۆکردنەوەی ئیمزا، لە ماوەیەکی کەمدا توانیمان ئیمزای ژمارەیەکی زۆر لەناودار و رۆشنبیرو خەباتکار و مەلای مزگەوت و سەرۆك عەشیرەت..، کۆبکەینەوە نەك هەر لە لیوای سلێمانی بەڵکو لە هەموو شارەکانی کوردستان وتەنانەت لە بەغداش".[٣٢٤]

گومانی تیانییە ئەم هەوڵانەی لقی( ژ.ك) و (برایم ئەحمەد) کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە چارەسەرکردنی بەدحاڵی بوونی قازی محەمەد بەرامبەر بە مەلا مستەفا، بە شێوەیەك کە دوای ئەوە پەیوەندی نێوانیان تا ئاستێکی بەرز رووی لە باش بوون کرد.

---

322 . هەمان سەرچاوە، ل٥١-٥٢ ؛ مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

323 . چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٣/٢٨.. ( ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٦ کۆلێژی پەروەردەی تەواو کردووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە مۆسکۆو باکۆ و بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی دا لە مۆسکۆ بە دەست هێناوە، ئێستا وەك مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی کار دەکات).

324 . بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چالاکییەکانی لقی (ژ. ك)ی کوردستانی عێراق بڕوانە: برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ك، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (١٣)، ل٤٥-٥٥. لەم بارەیەوە د. عزەدین مستەفا رەسووڵ دەڵێت (من بیرم دێت کە مامۆستا برایم هات بۆ لای باوکم بۆ کۆکردنەوەی ئیمزاو ناردنی بۆ پشتگیری کردنی بارزانی لە مهاباد) چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٣/٢٨

دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٦ی ئابی ١٩٤٥دا[٣٢٥]، چالاکییەکانی لقی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە باشووری کوردستاندا بە هەمان ناوەوە بەردەوام بوو، بە جۆرێك کە (ژ.ك) لە کوردستانی عێراقدا بەردەوام لە گەشەکردندا بووە، تا ئەو ئاستەی کە (ژ.ك)ی دایك نەماوە، بەڵام (ژ.ك)ی برایم ئەحمەد هەر لە خەباتدا بووە.[٣٢٦]

هەرچەندە (برایم ئەحمەد) چاوی بە پێشەوا (قازی محمد) نەکەوتووە[٣٢٧]، بەڵام پەیوەندیەکی زۆر پتەو و دۆستانەیان پێکەوە هەبووە، هەمیشە نامەیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ کردووە و پێشەوا نازناوی (بیلە)ی بۆ داناوە بە واتای بیلبیلەی چاو.[٣٢٨]

پاشان بە مەبەستی ئاگادار بوون لە دوا گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك)و گۆڕینی ناوەکەی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکردایەتی لق بە ئاگاداری (برایم ئەحمەد) دووکەسی لە ئەندامە*چالاکەکانی خۆی ناردە (مهاباد) بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گۆڕانکارییەکان ئاگاداربن[٣٢٩]، هەر لەم سەردانەدا پێشنیاری دروستکردنی (کۆمەڵەی کۆمۆنیستانی کوردستان) (ك.ك.ك)، خرایە بەردەم کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام کونسوڵی سۆڤیەت لە (تەورێز) بە دروستکردنی ئەم کۆمەڵەیە رازی نەبوو.[٣٣٠]

دوای رووخانی کۆماری میللی کوردستان و لە سێدارەدانی قازی محەمەدو پەرتەوازەبوونی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران[٣٣١]، لقی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراقیش دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە لەو جۆرە هەل ومەرجەدا ناتوانن

[325]. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران.. ، ل١٣٤.

[326]. مەحمود مەلا عزەت: رۆلی پارتایەتی و ژیانی... ، ل٨.

[327]. سدیق ساڵح: مامۆستای نەمر ئیبراهیم ئەحمەد... ، ل٩

[328]. مام جلال: یادنامە، ل١٨ ؛ مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

*. ئەو دوو ئەندامە یێك هاتبوون لە ئیسماعیل حقی شاوەیس کە لەدوای مانگێك گەڕایەوە، عوسمان دانش کە تاکو دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان نەگەڕایەوە.

[329]. دڵشاد مەحمود عەبدولرحمان: ئیسماعیل حەقی شاوەیس.. ، ل١٠٠.

[330]. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم... ، ل٥٣.

[331]. سەبارەت بە هۆکارەکانی روخانی کۆماری میللی کودستان و لە سێدارەدانی پێشەوا. بڕوانە د. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران... ، ل٢٢٩-٢٣٤.

**درێژە بەو جۆرە خەباتە بدەن، هەر بۆیە بڕیاریاندا کە بچنە ناو پارتی دیموکراتی کورد– عێراق.[٣٣٢]**

**سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی لقی ژ.ك (برایم ئەحمەد) بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات" کاتێك کۆماری مهاباد هەرەسی هێنا، حیزبی دیموکراتی کوردستان نەما، ئێمە ناچار بووین وەك لقی (ژ.ك) لە پێشداو لقی (ح.د.ك) لە دوایدا، بڕیار بدەین بچینە لایەك، بە باشمان نەزانی بە تەنها بمێنینەوە، لەو کاتەدا دووپارت لە مەیدانەکەدا هەبوون، یەکەمیان پارتی دیموکراتی کوردو، دووەمیان حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرین لە کۆبوونەوەیەکدا بە زۆرینەی دەنگ بڕیار درا لەگەڵ (پارتی)دا یەکبگرین".[٣٣٣] جێگەی باسە لە ساڵی (١٩٤٧)دا ئەندامانی لقی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراق بە مەبەستی وتووێژکردن سەبارەت بە چارەنووسی لقەکەیان کۆنفرانسێکیان لە کەرکوك بەست، کە ژمارەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە لە (سیانزە)کەس پێك هاتبوو لەوانە (برایم ئەحمەد، ئیسماعیل حقی شاوەیس، نوێنەری دوو بنکەی سلێمانی، کەمال تەها کەتانی، نوێنەری بنکەی بەغدا، رەشید باجەلان، عەتا تاڵەبانی، ساڵح روشدی، نوێنەرانی بنکەی هەڵەبجە و شارباژێر و زاخۆ و دهۆك..)، لەم کۆنفرانسەدا بڕیاریان دا کە پارتی سەربەخۆ دروست نەکەن، بەڵکو لە نێوان پارتی دیموکراتی کورد و پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا ئەندامەکان ئازاد بن بۆ پەیوەندی کردن پێیانەوە، ئەوە بوو لە کۆی ئەو سیانزە کەسە شەش کەس دەنگ بۆ چوونە ناو پارتی دەدەن، شەش کەسیش دەنگ بۆ چوونە ناو پارتی کۆمۆنیست دەدەن، دواتر دەنگی عەتا تاڵەبانی دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی چوونە پاڵ پارتی دیموکراتی کورد.[٣٣٤] بەم شێوەیە چالاکییەکانی لقی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە کوردستانی عێراقدا کۆتایی پێهات و (برایم ئەحمەد)یش وەك ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورددا درێژەی بە خەباتی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کوردا.**

---

[332] . حوسێن محمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەدا، چاپخانەی سیما، چ(٣)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٨.

[333] . هەمان سەرچاوە، ل١٨ ؛ برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم... ، ل٥٥ ؛ مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

[334] . بۆ زانیاری زیاتر بروانە: ئیبراهیم ئەحمەد: فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردانە، گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە (٥٧)، ١٩٩٥، ل٦ ؛ ئاکۆ عەبدولکەریم مەحمود: شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥)... ، ل١٦٦.

# باسی دووەم

## ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە پارتی دیموکراتی کورد- کوردستاندا

دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هەردوو دەوڵەتی بریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ ناو خاکی ئێران یەکێك لە ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووەم بوو، کە زەمینەی بۆ دامەزراندنی (کۆماری کوردستان)[٣٣٥] لە مهاباد بە سەرکردایەتی قازی محەمەد و پاڵپشتی یەکێتی سۆڤێت خۆشکرد، کە لەو کاتەدا ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیان داگیر کردبوو.[٣٣٦]

ئەم دەرفەتە بوو بە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ پێکهێنانی پارتێکی نوێ لە باشووری کوردستاندا[٣٣٧]، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد سەبارەت بە سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد دەڵێت" نوری ئەحمەدی تەها، نامەیەکی تایبەتی لە (مەلا مستەفا)وە بۆ من هێنابوو، تیایدا لەگەڵ سوپاسدا بۆ یارمەتیەکەی بۆمان ناردبوون، داوای لێکردبووم کە ئیمزای هەندێك پیاوی ناوداری ناوچەکەمانی بۆ کۆبکەمەوە لەسەر نامەیەك کە دەیەوێت بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەتی بنێرێت و تیایدا داوای ئەوەیان لێبکرێت کە ئەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەکەن، بۆ

---

335. دەربارەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بڕوانە: ولیم ایغلتن الابن: جمهوریة مهاباد جمهوریة ١٩٤٦ الكردية، ترجمة وتعليق. جرجيس فتح الله، دار ئاراس للطباعة والنشر، ط(٢)، اربيل، ١٩٩٩، ص١١٩-١٣٢؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان...، ل١٠٩-١١٧ ؛ برهان ابابكر ياسين: كوردستان في سياسة...، ص١٣٩-٤٥.

336. صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، بيروت، ص ٥١.

337. مسعود بارزانی: بارزانی و بزتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٥٨-١٩٦١)، چاپخانەی خەبات، چ(١)، و. سەعید ناکام، ١٩٩٨، ل٣٢-٣٣ ؛ جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص١٤٣-١٤٥.

کوردستانی خوارووشی بکەن، ئێمەش هەر زوو کەوتینە خۆمان و ئەو ژمارە ئیمزایەی کە داوای کردبوو بە کاک (نوری)دا بۆمان نارد". [٣٣٨]

پێدەچێت ئەم داواکارییەی (بارزانی) بۆ ئەوە بووبێت کە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت بۆ هاوکاریکردنی کورد لە باشووری کوردستاندا بە دەست بهێنێت بە مەبەستی دامەزراندنی پارتێکی دیموکرات، بە هاوکاری و پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت، لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێت" نەتەوەی کورد، ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بە یەکەم بەرپرسی ئەو بەش براویە مێژوویيە دەزانێ کە توشی بووە، لەبەر ئەوە زۆر شتێکی ئاساییە کە نەتەوەی کورد بەچاوی دۆستی رزگارکەر روانیبێتیە یەکێتی سۆڤیەت ". [٣٣٩]

ساڵی ١٩٤٦ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی کە لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد لە (مهاباد)دا روویاندابوو، حیزبی شۆڕش (هەمزە عەبدوڵڵا)ی وەك نوێنەری خۆی ناردە مهاباد بۆ وتووێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی مهاباد، هەر لەو سەردانەیدا چاوی بە (بارزانی)و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی سوپای عێراق کەوتووە کە رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە راپەڕینی بارزان و دواتر لە پاراستنی کۆماری کوردستاندا. [٣٤٠]

دەستەی دامەزرێنەرانی (پارتی دیموکراتی کورد)، کە پێك هاتبوون لە (مەلا مستەفا –سەرۆك–، هەمزە عەبدوڵڵا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی)، وەك رێکخراوێکی تایبەت بە کوردی عێراق لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا کەوتنە چالاکی نواندن. [٣٤١]

پاشان بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستانی عێراق و بەسوود وەرگرتن لە حیزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران،

---

338. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم...، ل٥٠.

339. مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٣٣.

340. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة الكوردية ١٩٥٨-١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠، ص٢٤.

341. علی عبدالله: مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان –عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم، ئەیلولی ١٩٦٨، ل٤٤ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص٥١-٥٢.

کەوتنە ئامادەکردنی پەیڕەو پڕۆگرامی ناوخۆ بۆ پێکهێنانی ئەم حیزبە نوێیە، بە شێوەیەك کە لەگەڵ بارودۆخی ئەو قۆناغەدا بگونجێت.[342]

بەڵام کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەگشتی و قازی محەمەد بە تایبەتی بە باشیان نەزانیووە کە چالاکییە سیاسییەکانیان لە مهابادا بنوێنن، هەر بۆیە دەستەی دامەزرێنەر بڕیاریان دا چالاکییە سیاسییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە شاری مهاباد بوەستێنن، بۆئەوەی نەبێتە بیانوو بە دەست دوژمنانی کورد بەتایبەتی تورکیا و عێراق و ئێران و هاندانی ڕۆژئاواییەکان لە دژی کۆماری دیموکراتی کوردستان.[٣٤٣]

پاشان دەستەی دامەزرێنەر لە بەهاری (١٩٤٦)دا بڕیاریان دا بە ناردنی (هەمزە عەبدوڵڵا) وەك نوێنەری خۆیان بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی وتووێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی هەریەکە لە ڕێکخراوەکانی (شۆڕش، ڕزگاری، لقی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراق)، و هەموو دەسەڵاتێکی لە لایەن مستەفا بارزانی و ئەفسەرەکانەوە بۆ دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) پێ بەخشرابوو[٣٤٤]، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕاسپاردەیەکی ڕێکخستن و سیاسی پێ سپێردرابوو.[٣٤٥]

لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٤٦ هەمزە عەبدوڵڵا گەیشتە سلێمانی و دوای چەند چاوپێکەوتنێکی جیاجیا لەگەڵ هەریەکە لە (برایم ئەحمەد) و (نافع یونس) لە ڕووی بیرو باوەڕەوە ڕەزامەندییان پیشاندا و بەپێویست زانرا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەردوو حیزبی (شۆڕش و ڕزگاری) لە کۆنگرەیەکدا بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام هەر

---

342. شێرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكوردستانى و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦-١٩٧٥، المديرية العامة للطباعة والنشر، ط(١)، سليمانية، ٢٠٠٤، ص١٠٧؛ جلال الطالباني: كوردستان والحركة..،ص١٤٥ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی...، ل١٨٧-١٩٢.

343. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ١١٨.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: علی عبداللە: مێژووی...، ل٤٤ ؛ محمود مەلا عزەت: ڕۆڵی سیاسی و...، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢١٥١)، ٢٠٠٠/٥/٢١، ل٨.

344. حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديموقراطي الكوردستاني –عيراق (في محطات رئيسية)، ١٩٤٦-١٩٩٣، مطبعة خبات، ط(١)، كوردستان، ١٩٩٨، ص٣٣.

345. دەستەی دامەزرێنەرانی (پارتی دیموکراتی کورد) چەند ڕاسپاردەیەکی بە هەمزە عەبدوڵڵا سپاردبوو کە دەبوو لەو پارتە نوێیەدا جێبەجێی بکات لەوانە أ- دانانی شێخ لەتیف شێخ مەحمود بە جێگری یەکەمی سەرۆك ب- دانانی کاکە زیاد ئاغا بە جێگری دووەم ج- بۆ ماوەیەك ئەو پەیڕەو پڕۆگرامە دەستکاری نەکرێت- شێوازێکی نهێنی بەخۆوە بگرێت. بڕوانە علی عبداللە: مێژووی پارتی...، ل٤٥.

لە سەرەتاوە (برایم ئەحمەد) رایگەیاند هەڵوەشاندنەوەی لقی (ژ.ك)، لە دەسەڵاتی (م.س) و پێشەوا (قازی محەمەد)دایەو رەزامەندی ئەوانی وەك مەرجێك دانا.[٣٤٦]

لە راستیدا (برایم ئەحمەد) جێگەی باوەڕی دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی بووە، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە (مەلا مستەفا) نامەیەك بە (هەمزە عەبدوڵڵا)دا دەنێرێت بۆ (برایم ئەحمەد) و تیایدا داوا دەکات کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتی هەمزە عەبدوڵڵا بدات لە جێبەجێکردنی ئیش و کارەکانیدا.[٣٤٧]

لەم بارەیەوە (برایم ئەحمەد) دەڵێت " کاتێك لێم پرسی کە ئیشەکانی تۆ چین؟ وتی، لە ئەنجامی ئەو نامەیەدا کە کاك نوری هێنابوویەوە بە ئیمزای کۆمەڵی لە ناودارانی کوردی ئەم دیوو، (سۆڤیەت) رەئی وایە کە ئێمەش واتە کوردی کوردستانی خواروو، پارتیەکی دیموکرات دابمەزرێنین لەسەر شێوەی رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو دیو، بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردی عێراقەوە بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و ئەو منی ناردووە کە وتوویژ لەگەڵ هەموو رێکخراو و هێزە کوردییەکاندا بکەم کە خەریکی سیاسەت و کوردایەتین، داوای هاوبەشیان لێ بکەم، منیش وەك خۆت ئەزانی ئەو سەربەستی هاتوچۆکردنەم نییە کە بتوانم خۆم بەم کارانە هەستم هەر بۆیە مەلا مستەفا ئەم کارەی بە تۆسپاردووە کە چاوپێکەوتنی ئەو خەڵکەم بۆ رێکخەیت، دیارە ئێوەش واتە لقەکەتان بەشداری ئەم پارتە تازەیە دەکەن".[٣٤٨]

(برایم ئەحمەد)یش لە وەڵامدا ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێك کە ئەوان بیانەوێت لە پێناوی سەرکەوتنی کارەکەیان، بەڵام سەبارەت بە بەشداریکردنی (لق)ە کەیان و خۆهەڵوەشاندنەوەیان رایگەیاند کە ئەمە نەك تەنها بە دەست ئەو نییە بەڵکو بە دەست لقەکەشیان نییە، چونکە پێی وابوو پێویستە سەرۆکایەتی حیزب بڕیار لە سەر ئەوە بدات[٣٤٩]، لێرەدا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە (برایم ئەحمەد) کەسێکی دیموکرات بووەو بڕوای بەدیسپلینی

---

[346]. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ١١٩ ؛ بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە: شێرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١٠٨-١١١ ؛ على عبدالله: مێژووی پارتی...، ل٤٥-٤٦.

[347]. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەرییەکانم...، ل٥٠.

[348]. هەمان سەرچاوە...، ل٥١.

[349]. هەمان سەرچاوە..، ل٥١ ؛ جلال الطالباني: كردستان و الحركة...، ص١٤٦.

حیزب و کاری هاوبەشانە هەبووە، ڕاستەوخۆ بڕیاری لەسەر گۆڕانکارییە چارەنووس سازەکان نەداوە.

پارتی دیموکراتی کورد کۆنگرەی دامەزراندنی، لە (١٦ ئابی ١٩٤٦)دا لە شاری بەغدا لە ماڵی (سەعید فەهیم) بەست، لەو کۆنگرەیەدا بەشێکی زۆری ئەندامانی حیزبی شۆڕش وسەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی رزگاری و (برایم ئەحمەد) وەك چاودێر و هەمزە عەبدوڵڵا وەك نوێنەری هەیئەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە مهاباد و مەحمود محەمەد وەك نوێنەری شێخ لەتیف و کاکە زیاد، ئامادەی کۆنگرەکە بوون.[٣٥٠]

لە دوای دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرە، دەست کرا بە گفتوگۆکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی لقی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراق و هاتنیان بۆ ریزی پارتە نوێیەکە، پاشان چەند سەرنجێکیان خستە بەردەم کۆنگرە بەگشتی و (برایم ئەحمەد) بەتایبەتی کە گرنگترینیان ئەوەبوو کە دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستانی ئێران، پارچەکانی تری کوردستان ناگرێتەوە، هاوکات تا رادەیەك باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان ئەم دوو پارچەیەی کوردستاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە، لە هەمان کاتدا پێیان وابوو دوای ئەوەی ئارامی و ئاسایش دەکەوێتە نێوان هەردوو حکومەتی (عێراق و ئێران)ەوە، هاتووچۆکردن لە نێوان دوو پارچەکەی کوردستان زۆر گران دەبێت، لە بەر ئەوە یەك سەرکردایەتی ناتوانێ ڕابەرایەتی هەردوولا بکات.[٣٥١]

بەڵام (برایم ئەحمەد) پابەندبوو لەسەر مەرجەکانی خۆی کە پێویستە ڕەزامەندی لە لایەن (قازی محەمەد)ەوە وەربگرێت، دوابەدوای ئەم وتووێژە کۆنگرەکەی بەجێهێشت.[٣٥٢]

---

[350] . نوری شاوەیس: من مذكراتي...ص٤٢ ؛ علی عبداللە: میژووی پارتی...، ل٥١-٥٢ ؛ فاتح رەسووڵ: بنچینەی مێژووی چەپ...، ل٣٢٥ ؛جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص١٥٠.

[351] . عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات..، ص١٥٣-١٥٤ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٥٦-٥٧ ؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ١٢٢.

[352] . عبدالستار تاهر شريف: الجمعيات والمنظمات...، ص١٥٣-١٥٤ ؛علی عبداللە: میژووی پارتی...، ل٥١-٥٢ ؛ شێرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١١١ .

بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە (برایم ئەحمەد) دڵسۆز نەبووە بەرامبەر بە پارتی، بەڵکو هەر لە سەرەتای درووستبوونی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم حیزبە نوێیەوە هێندەی بۆی کرابێت کارئاسانی بۆ دامەزراندنی کردووە، تەنانەت دەقی بەیانی دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی عێراق لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە کراوە بە کوردی و هەر ئەویش زاراوەی (پارتی) لە جیاتی وشەی (حیزب) بەکارهێناوە و دواتر بوەتە نازناوی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق و دواتر پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.[٣٥٣]

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا باشتروابوو هەر لە سەرەتاوە (برایم ئەحمەد) ڕەزامەندی لەسەر پەیوەندیکردن بە پارتیەوە بکردایە، چونکە لەلایەکەوە ئەو سەرنجەکانی کە لە کۆنگرەکەدا خرابوونە ڕوو تا ڕادەیەك لەجێی خۆیدا بووە، لەلایەکی تریشەوە بەشداری کردنی (برایم ئەحمەد) زیاتر بناغەی پارتی لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستندا دەچەسپاند.

سەبارەت بە هەڵوێستی (برایم ئەحمەد) دەربارەی بڕیارنەدانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی لقی کوردستانی عێراقی کۆمەڵەی (ژ.ك) گەلێك بیروڕای جیاوازی لەسەرە.

لەم بارەیەوە کریس کۆچرا دەڵێت" (برایم ئەحمەد) بڕوای وابووە کە کورد پێویستی بەوە نییە کە خەباتی جیاجیا بکات، پێویستە هەموو پێکەوە لەسەر یەك ڕێگە کاربکەین، ئەمە کورد پەرت پەرت دەکات و کۆمار لاواز دەکات"[354]، هاوکات هەندێك سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە (برایم ئەحمەد) بە بیانوی بوونی دەرەبەگایەتیەوە لە سەرەتاوە نەبووە بە ئەندام لە (پارتی)دا کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دانانی هەریەکە لە شێخ لەتیف و کاکە زیاد بە جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆك.[٣٥٥]

بەڵام لە هەمان کاتدا عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت "برایم ئەحمەد پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ هەریەکە لە شێخ لەتیف و کاکە زیاددا هەبووە و

---

353 . بڕوانە. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم...، ل٥٢ ؛مام جەلال: خەبات لەچییەوە هات و...، ل٤

354 . کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، و.حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٤٤.

355 . ئەمجەد شاکەلی: سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی، کوردستان نێت، ٢٠٠٥،ل٩.

رازی نـەبوونی (بـرایم ئەحمـەد) بـە هەڵوەشـاندنەوەی لـق و نـەبوون بـە ئەنـدام لـە (پارتی)دا پەیوەندی بەو دوو کەسایەتیەوە نەبووە". [٣٥٦]

پاشـان لیژنـەی مەرکـەزی لـە دوا کۆبونـەوەی کۆنگرەکـەدا هەڵبـژێردراو* دواتـر (م.س) لە لایەن لیژنەی مەرکەزیەوە دەست نیشان کرا لە (هەمزە عەبدوڵڵا –سکرتێر، عەلی عەبدوڵڵا، جەعفەر عەبدولکەریم، رەشید عەبدولقادر، عەبدولکەریم توفیق). [٣٥٧]

دوای رووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد و لەسێدارە دانی پێشەوا قازی محەمەد، لقی (ژ.ك)ی کوردستانی عێراق لە سەرەتای ساڵی(١٩٤٧)دا بەزۆربەی دەنگ بڕیاریان دا پەیوەندی بە ریزەکانی(پارتی دیموکراتی کورد)وە بکەن، پاشان (برایم ئەحمەد) کرابە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی سلێمانی. [٣٥٨]

یەکێك لەو رووداوانەی ئەو سەردەمە لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکە* بوو لە ١٩٤٧/٦/١٩دا، لەو کاتەدا (برایم ئەحمەد) لێپرسراوی ناوچەی سلێمانی پارتی بوو، رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە رێوڕەسمی بە خاك سپاردنی (مستەفا خۆشناو محەمەد قودسی)دا، کە دانیشتوانی شاری سلێمانی بەهەموو شێوەیەك دژی ئەو هەڵوێستەی حکومەتی پاشایەتی وەستان و لە چوارچێوەی رێپێوانێکی جەماوەریدا ئیدانەی ئەو کارەی حکومەتیان کرد. [٣٥٩]

لەو بارەیـەوە نـوری شـاوەیس دەڵێـت"(بـرایم ئەحمـەد) یـەکێك بـوو لەوانـەی تابوتەکەی هەڵگرتبوو، پێی وابوو کە ئاژاوەنانەوە دەبێتە هۆی پێکدادان و خەڵکێکی زۆر لەناو دەچێت وئۆباڵی ئەو کارەساتەش لە ئەستۆی ئێمەدا دەبێت" [360]، لێرەدا

---

[356]. چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٣/٢٨.

*. لیژنەی مەرکەزی پێك هاتبوو لە (مستەفا بارزانی –سەرۆك، شێخ لەتیف شێخ مەحمود جێگری یەکەم، کاکە زیاد ئاغا– جێگری دووەم، هەمزە عبدوڵلا، میرحاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد کەریم عەلی عەبدوڵلا، سالح یوسفی، عەبدولکەریم، رەشید عەبدولقادر، رەشید باجلان، مەلا سەید حەکیم خانەقینی، عەونی یوسف، تەها محێدین مەعروف، عەبدولسەمەد محەمەد) بڕوانە علی عبداللە: مێژووی پارتی..، ل٥٢-٥٣

[357]. علی عبداللە: مێژووی پارتی..، ل٥٢-٥٣ ؛ حبیب محمد کریم: س.پ، ص٣٥.

[358]. دێڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد..، ل٤٨٦ ؛حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل١٨؛ مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

[359]. عەلائەدین سەجادی: مێژووی راپەڕینی کورد...، ل١٥٣-١٥٨ ؛ نوری شاوەیس: من مذکراتي..، ص٥٢.

[360].من مذکراتي...، ص٥٢.

پەرۆشی (برایم ئەحمەد) دەردەکەوێت بەرامبەر بە خەڵك و تا رادەیەکی زۆر کارە توندوتیژو دوژمنکارانەکانی رژێمی پاشایەتی عێراقی لە بەرچاو بووە و هەوڵی داوە بە شێوازێك رێپێوانەکە بەڕێوە بچێت کە کەسانی بێتاوان نەبنە نیشانەی گوللەی دوژمنان.

کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨، عێراق بە هۆی واژووکردنی پەیماننامەی (پۆرت سمۆس)*ەوە لەگەڵ بریتانیا رووبەڕووی بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز ببۆوە، کە بووە هۆی خرۆشانی بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق و بەهەزاران خۆپیشاندەر رژانە سەر شەقامی شارە گەورەکان و نارەزایی خەڵك زۆر بەخێرایی تەشەنەی سەندو بە جۆرێکی وا کە گەیشتە پلەی راپەرین[٣٦١]، بەڵام زۆری نەخەیاند نوری سەعید جارێکی تر لە ٦ کانوونی دووەمی ١٩٤٩دا[٣٦٢]، کابینەی وەزارەتێکی نوێی پێکهێناو حوکمی عورفی راگەیاند.[٣٦٣]

پاشان هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی عێراق کەوتنە بەرشاڵاوی گرتن و توندوتیژی و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی لە سێدارە دران**، (پ.د.ك)یش بە هەمان شێوە کەوتە بەر ئەم شاڵاوی گرتنەو ژمارەیەك لە ئەندامەکانیان دەستگیرکران کە (برایم ئەحمەد) یەکێك بوو لەوانە.[٣٦٤]

هەواڵنامەی کتێب

* (بورت سموث) یەکێکە لە بەندەرەکانی خوارووووی بریتانیا، کە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا رێکەوتنامەی نێوان بریتانیا و عێراق تیا مۆرکراوە، کە تیایدا تازەکردنەوەی پەیمانی ١٩٣٠ نێوانیان دەردەکەوێت کە گەلی عێراق بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە لە دژی ئەو پەیمانە راپەڕین ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕۆژی ١٩٤٨/١/٢٧ دا سالح جەبر دەست لە کارکێشانەوە خۆی راگەیاند و پەیمانەکەش جێبەجێ نەکرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لیث عبدالحسن الزبیدي: ثورة ١٤ی تموز ١٩٥٨ في العراق، منشورات مكتبة اليقظة العربية، الطبعة الثانية بغداد، ١٩٨١، ص ٨٤ ؛ فاتح رەسووڵ: بنچینەی مێژووی چەپ...، ل٣٢٨-٣٢٩.

361. ستیڤن همسلی لۆنگریك: العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى ١٩٥٠، ت.سليم طة التكريتي، مطبعة حسام، الجزء الثاني ط(١)، ١٩٨٨، ص٥٦٥-٥٧٥ ؛ علی عبدالله: مێژووی پارتی... ، ص٦٥-٦٧

362. نزار توفيق سلطان الحسو: الصراع على السلطة في العراق الملكي، ص١٩٢.

363. حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب...، ص٤٠-٤١ ؛ شێرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١١٤-١١٥.

** ئەوانەی لەو شاڵاوەدا گیران و لە سێدارە دران بریتی بوون لە (فهد-یوسف سلمان (سکرتێر)، زەکی بەسیم، حسین محەمەد شەبەیبی). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: علی عبدالله: مێژووی..، ل٦٦-٦٧.

364. دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد..، ل٤٨٧ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص٥٨.

لەم بارەیەوە نوری شاوەیس دەڵێت" برایم ئەحمەد لە ڕۆژانی خۆپیشاندانەکانی کانوونی دووەمدا (الوثبة) دەورێکی بەرچاوی هەبوو لەناو پارتیدا".[٣٦٥]

جێگەی باسە هەوڵێکی زۆر لە لایەن (کۆمپانیای نەوتی کەرکوك)ەوە دراوە بۆ ئەوەی بەهۆی پارەو مووچەی زۆرەوە (برایم ئەحمەد) لە بواری سیاسەت دووربخەنەوە، بەو پێیەی کە یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ناو پارتی، بەڵام بە پێچەوانەوە (برایم ئەحمەد) بە هەموو شێوەیەك دژی داگیرکەران و ڕژێمی پاشایەتی بوو و لە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمدا بە کۆمەڵێك وتاری گرنگ خەڵکی وشیار کردووەتەوە بۆ دژایەتی کردنی دوژمنانی گەل و وڵات.[٣٦٦]

سەبارەت بە چۆنێتی دەستگیرکردنەکەی، برایم ئەحمەد دەڵێت" لە ١٧/ئەپریلی/١٩٤٩ گیرام و ڕەوانەی (بەغا) کرام، لەوێ لە دایرەیەك پێیان دەوت (تەحقیقاتی جینائی) چەند ڕۆژێك لەوێ مامەوە، لە پاشان ناردیانین بۆ (ئەبو غریب)و دایانین بە دادگا کە ژمارەمان (٦٠-٧٠) کەس دەبوو"[٣٦٧]، بە هەمان شێوە فاتیح ڕەسووڵ کە خۆی یەکێك لەو زیندانیانە بووەو دەڵێت" لەو کاتەدا ئێمە ژمارەیەکی زۆر بووین کە دەستگیرکرابووین لەوانە برایم ئەحمەد و جەلیل هۆشیارو ڕەئوف مەعروف و گەلێکی تر بووین کە گشتمان بە مادەی (٨٩) دادگایی کراین بەبێ جیاوازی".[٣٦٨]

بەم شێوەیە (برایم ئەحمەد) بە تۆمەتی ئەندامەتی لە (پارتی کۆمۆنیستی عێراق) بە دوو ساڵ زیندانی و دووساڵیش کارکردنی قورس حوکمدرا[٣٦٩]، ئەمە لە

---

365. من مذكراتي...، ص٥٦.

366. المصدر السابق، ص٥٦.

367. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل١٨؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد.

368. بنچینەی مێژووی چەپ لە کوردستاندا...، ل٣٢٩.

369. بە پێی وتەی برایم ئەحمەد لەو دادگایی کردنەدا تەنها یەك کەس شایەتی لە دژی (برایم ئەحمەد) داوە کە ئەویش ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی (پارتی کۆمۆنیستی عێراق)بووە بە ناوی (ڕەفیق چالاك)ەوە و بە دادگەکەی ڕاگەیاندووە کە لە کاتێکدا پەلاماری کۆماری ئازەربایجان دراوە (برایم ئەحمەد) گریاوەو وتویەتی بە ساوایی حکومەتەکەمان لەبارچوو. پاشان ئەو پارەیەی کە بە کوڕەکەی (شێخ تەها) گیرابوو، لە ڕاستیدا نێردراوە بۆ ئەم، تا کوردستانی عێراقی پێ توشی شەڕ بکات و کوردستانی عێراق بخەنە سەر کوردستانی ئێران.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر..، ل١٩.

کاتێکدابوو کە (برایم ئەحمەد) هیچ کاتێك ئەندامی حیزبی شیوعی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسێکی پێشکەوتوخواز بووە، لە سلێمانی بە (بۆلشەویك) یان کۆمۆنیست ناسرابوو.

(برایم ئەحمەد) پێی وابوو کە پێویستە راستییە گشتیەکان لەگەڵ هەلومەرجە بابەتی و تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی هەر وڵاتێك بگونجێندرێن، هاوکات زۆر سەرسام بووە بەوەی کە گوتراوە مارکسیزم لە چین چینان دراوە و پێی وابووە لە کوردستانیشدا دەبێت هەروابێت.[٣٧٠]

لە راستیدا (برایم ئەحمەد) لە زیندانیشدا لە خەبات و تێکۆشان دانەبڕاوە، لەوێ پەیوەندی لەگەڵ گیراوەکاندا دروست کردووە و گیانی کوردایەتی تیا جۆشداون[٣٧١]، تەنانەت لەو کاتەدا کە دەست بە کەلەپچەوە لەگەڵ (ساڵح دیلان)دا دەگوێزرێنەوە بۆ زیندانی (ئەبوغرێب) شیعری (دواتیری کەوان)ی وتووە.[٣٧٢]

برایم ئەحمەد لەو کاتەدا لە زیندان زیاتر کاتەکانی خۆی بۆخوێندنەوەی کتێب تەرخان کردبوو، بەتایبەتی ئەو کتێبە مارکسیانەی کە بە زمانی ئینگلیزی بوون و بەشێوەیەکی نهێنی بۆیان دەبرایە زیندانەوە، لە گرنگترین ئەو کتێبانەش کە پێیان سەرسام بووە بریتییە لە (چەپڕەوی کۆمۆنیزم سەرلێشێوانێکی منداڵانەیە)ی لینین و (دیموکراسی نوێ)ی ماوتسی تۆنگ و (دەوری فەرد لە مێژوودا)ی پلیخانۆف و(دەربارەی لینینزم)ەکەی ستالین)و زۆریش کتێبەکەی (ئەدگار سنۆ) (ئەستێرەیەکی سوور بە ئاسمانی چینەوە)ی بەلاوە خۆش وپەسەند بووە.[٣٧٣]

لەو ساڵانەدا بەهۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی (پارتی)ەوە رێکخستنەکانیان تا رادەیەك بەرەو نەمان چووە، دەستگیرکردنی هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری پارتی لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٩)دا و لە کارکەوتنی رۆژنامەی رزگارییش فاکتەرێکی تر بوو بۆ لاوازبوونی رێکخستنەکانی پارتی.[٣٧٤]

---

[370]. مام جەلال: یادنامە، ل١٤؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ برایم ئەحمەد.

[371]. چاوپێکەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تاهیر، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٧)، ٢٠٠٠/٤/٢٣، ل٧.

[372]. بۆ بینینی شیعرەکە بڕوانە بەشی یەکەم باسی دووەم، ل٥٨.

[373]. مام جەلال: یادنامە...، ل١٩.

[374]. حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب...، ص٤٢.

**جێگەی باسە لەو کاتەدا ئەندامانی پارتی تا رادەیەك ناڕازی بوون لە دەسەڵاتی هەمزە عەبدوڵڵاو پێیان وابووە کەمتەرخەمی دەنوێنێت و کارەکانی بەباشی بەڕێوە نابات، هەر بۆیە پەنایان بۆ (برایم ئەحمەد) بردووە لە زینداندا بۆ رێنمایی کردنیان.[٣٧٥]**

**دوای ئەوەی برایم ئەحمەد لە رۆژی (٣/١١ / ١٩٥١ )دا ئازاد کرا، هەوڵی دا بیروڕاکانی لینین لە سەر سەندیکاو هەڵبژاردن و خەباتە جیاجیاکان پەیرەو بکات و بیروڕاکانی (ماو) لەسەر (دیموکراسی نوێ) لەناو پارتی دا بەرنامە رێژ بکات[٣٧٦]، لە هەمان کاتدا چەند مەرج و تێبینییەکی لەسەر (ناو و پێکهاتە و سەرکردایەتی و پڕۆگرام و درووشمەکانی)پارتی هەبوو لەوانە:-**

**١. سەبارەت بە ناوی پارتی پێی وابوو دەبێ (پارتی دیموکراتی کوردستان) بێت نەك پارتی دیموکراتی کورد.**

**٢. پێکهاتەی پارتی بەلاوە زۆر شۆڕشگێرانە نەبوو، ئەو پێی وابوو کە پارتی دەبێت پارتێکی جەماوەری شۆڕشگێڕی دیموکراتی بێت، کە کاکڵەکەی لە مارکسیە کوردەکان و پێشکەوتوخوازەکانی چەپ پێکبێت.[٣٧٧]**

**دوابەدوای ئەوە کۆنگرەی (دووەم)ی پارتی لە ماڵی (عەلی حەمدی) لە رۆژی ١٣-١٩٥١/٣/١٤دا لە گەرەکی (ئەعزەمیە)ی شاری بەغداد بەسترا، کە تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام لق و لیژنە ناوخۆییەکان لە سلێمانی و هەولێر و بەغداد، تیایدا ئامادە بوون.[٣٧٨]**

**لەم بارەیەوە (برایم ئەحمەد) دەڵێت " هاوڕێیانی پارتی تەگبیری ئەوەیان کردبوو کە هەر لە دوای بەربوونی من بە یەك دوو رۆژ کۆنگرەی، دووەمی پارتی لە بەغدا بگرن، بۆ سەر لە نوێ رێکخستنەوەی پارتیە هەڵتەکێنراوەکەمان و دەستکردنەوە بە**

---

[375]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٢٠.

[376]. مام جەلال: یادنامە...، ل١٩.

[377]. هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

[378].بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٦٠؛حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب... ، ص٤٧ ؛ علی عبدالله: مێژووی پارتی...، ل٧٠-٧١.

خەباتی نهێنی، بە چەشنێ کە لەگەڵ هەلومەرج و کات و شوێن و رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا بگونجێ ".[٣٧٩]

لەو کاتەدا تا رادەیەك ناکۆکییەکی توند ریزەکانی پارتی گرتبوٚوە و بەسەر سێ باڵدا دابەش ببوون، باڵی یەکەم باڵی (هەمزەیی)ەکان بوو کە بەشە زۆرەکەی پارتی پێکدەهێناو وتە بێژەکەیان مام جەلال بووەو ئەندامە ناسراوەکانیان لە (نوری شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، حەمەدەمین مارف، مەجید عومەر، غەفور رەشید دارۆغا) پێکهاتووە، باڵی دووەم پێکهاتبوون لە ( سالح روشدی ،مستەفا عەبدولکەریم، مەلا سەبغەتوڵا، مەلابلۆکینی)، باڵی سێیەم بریتی بوون لە بێلایەنەکان کە پێکهاتبوون لە (عومەر مستەفا، عەونی یوسف، عەلی حەمدی، عەلی عەبدوڵڵا).[٣٨٠]

جێگەی باسە لەناو ئەو فرە باڵییەدا (برایم ئەحمەد) سەر بە هیچ لایەکیان نەبووە و تەواو بێ لایەنی خۆی پاراستوەو زۆر پەرۆشی یەك ریزی رێکخستنەکانی پارتی بووە و لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەوڵیداوە و گفتوگۆی لەگەڵ کردوون و پێشنیارەکانی هەڵسەنگاندوون.[٣٨١]

مام جەلال دەربارەی رۆڵی (برایم ئەحمەد) لە رێکخستنەوەی پارتیدا دەڵێت "زۆر پەرۆشی یەکێتی ریزەکانی پارتی بوو، هاوکات زۆر بە ژیرانە و عیلمیانە و هۆشیارانە دەیڕوانییە گیروگرفتەکان و هەوڵی دەدا لە شێوەی شەخسی و رەخنە لە شەخس گرتن دوریان بخاتەوە، هەوڵی دەدا پارتی بەرەو رەنجدەران و جوتیاران و کرێکاران بەرێت و بیکاتە پارتێکی شۆڕشگێڕ لە دژی ئیمپریالیزم و پاشایەتی و دەرەبەگایەتی، هەروەها گەرەکی بوو گۆڕین و گەشەپێدانی بنەڕەتی لە پارتی دا بکات".[٣٨٢]

پاشان دوای لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سیاسی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، ئەندامانی کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ، بڕیاریان دا کە هیچ

---

379. ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی کاکە عومەر دەبابە، ئامادە کردنی ئومێد ئاشنا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦، ل٢.

380. مام جەلال: هەمزەیی و سالحی لە پارتی دا، گۆڤاری خاك، ژمارە (٢٠)، ساڵی دووەم، ١٩٩٩، ل٨-٩.

381. هەمان سەرچاوە، ل٨-٩.

382. مام جەلال: یادنامە...، ل٢٢-٢٣.

**بەرپرسیاریەتیەك بە سکرتێرو* ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو نەدرێت و کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێرن بۆ دووبارە زیندوکردنەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی.[383]**

**ئەوە بوو کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا کە پێك هاتبوون لە (برایم ئەحمەد، نوری شاوەیس، جەلیل هۆشیار، عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل، محەمەد ئەمین مەعروف)[384]، هاوکات بە پەسەند زانرا کە (هەمزە عبدوڵلا) لە سلێمانی بێت و هاوکاری ئەو کۆمیتە کاتیە بکات.[385]**

**بەپێی هەندێك سەرچاوە لە کۆنگرەی دووەمدا سکرتێری نوێی حیزب هەڵنەبژێردراوە[386]، بەلاَم لەهەمان کاتدا هەندێك سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەو کۆنگرەیەدا، (برایم ئەحمەد) بە سکرتێر هەڵبژێردراوە.[387]**

**هاوکات (برایم ئەحمەد) لەو بارەیەوە دەڵێت" لەو کۆنگرەیەدا لیژنەیەکی تازەمان بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، وتمان باسکرتێری نەبێت، بەلاَم من لێپرسراوی یەکەمی ئەو لیژنەیە بووم".[388]**

هەواڵنامەی کتێب

---

*. لە راستیدا هەمزە عەبدوڵلا بەپێی وتەی مەلا عەبدوڵلای حاجی سمایل(مەلا ماتۆر) لەلایەن باڵی (ساڵح روشدی و مستەفا عەبدولکەریم )ەوە بەخائین و ناپاك لە قەڵەم دراون و لەم بارەیەوە دەڵێت" لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا بلاَوکراوەیەك لەلایەن (م.س)ەوە بەناوی (ڕێگای نوێ)وە دەرچوو کە بە درێژی باسی کاروکردەوە نەشیاوەکانی هەمزە عەبدوڵلای دەکرد" بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مەلا عبداللەی حاجی سمایل: سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخانەی ئەلرەشاد، بەرگی یەکەم، بەغداد، ۱۹۹۰، ل٦٨- ٦٩.

383. علی عبداللە: مێژووی...، ل٧٠- ٧١ ؛ حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب...، ص٤٧؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ١٢٩.

384. عبدالستار طاهر شریف: تأریخ الحزب الثوري الکردستاني، بغداد، ١٩٨٧، ص٤٧؛ عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات و المنظمات...، ص١٥٧،

385. علی عبداللە: مێژووی...، ل٧٠.

386. جعفرعباس حمیدي: التطورات والاتجاهات السیاسیة الداخلیة في العراق (١٩٥٣-١٩٥٨)، ط (١)، بغداد، ١٩٨٠، ص٢٢٧ ؛ علی عبداللە: مێژووی...، ل٧٠.

387. سعد ناجي جواد: العراق والمسالة...، ص٢٦ ؛جلال الطالباني: کردستان والحرکة...، ص١٦٧؛ نوری شاوەیس: من مذکراتي...، ص٥٧.

388. حوسێن محمد عزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٢٠.

دەتوانین ئەو بۆچوونە بە راست وەربگرین کە سکرتێر لە کۆنگرەی دووەمدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵنەبژێردراوە، بەڵام برایم ئەحمەد لێپرسراوی ئەو لیژنەیە بووە، کە ئەرکی سەرەکی لێکۆڵینەوە بووە لە کەم و کورتیەکانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو.

دواتر بەهۆی پابەند نەبوونی بە بڕیارەکانی کۆنگرە و سەرکردایەتیە نوێیەکەوە، لیژنەی ناوەندی بڕیاری دا بە دورخستنەوەی ( هەمزە عەبدوڵلا) کە ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ لێکترازان لەناو ریزەکانی پارتی[389]، لە بەرامبەر ئەمەدا هەمزە عەبدوڵلا بەهاوکاری (موحەرەم محەمەد ئەمین، شەهاب شێخ نوری، حەمە کەریم فەتحولا، بابە تایەر شیخ جەلال)، کۆمەڵەیەکی نوێیان بەناوی (بەرەی پێشکەوتوی پارتی دیموکراتی کورد)ەوە دامەزراند.[٣٩٠]

لە هاوینی هەمان ساڵدا (برایم ئەحمەد) لە سلێمانییەوە بۆ کەرکوك دوور خراوەتەوە، لەوێ بە یارمەتی (عەلی حەمدی بەرواری و میرزافەندی عەبدولکەریم )، توانی دەزگای چاپەمەنی پارتی دابمەزرێنێتەوە و گۆڤاری (رزگاری) وەك گۆڤارێکی چەپی پێشکەوتووخواز دەربکاتەوە و کۆمەڵێك بەیاننامەی گرنگ سەبارەت بە جەژنی نەورۆز دەربکەن، کە گرنگییەکی زۆری هەبووە بۆ بوژاندنەوەی رێکخستنەکانی پارتی.[٣٩١]

لە لایەکی ترەوە لەو کاتەدا (برایم ئەحمەد) گرنگییەکی زۆری بە باکووری کوردستان داوەو هەندێك خوێندکاری پارتی بە ڕێنمایی ئەو نێردراون بۆ تورکیا بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن، بە هیوای ئەوەی لەگەڵ کەسانی کورد پەروەر و چەپدا ئاشنایەتی پەیدا بکەن و بیانکەن بە هەوێنی رێکخراوێکی کوردی لەو پارچەیەی کوردستاندا.[٣٩٢]

---

[389]. شێرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١١٥؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل١٣٠.

[390]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٢٧-٢٢٨ ؛ صلاح الخرسان: التيارات...، ص٦٠.

[391]. پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، ل١٩.

[392]. یادگارو هیوا چەپکە گوڵی وەفادارییە..، ل١٠.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (برایم ئەحمەد) کەسێکی کوردستانی بووە، تەنها خەباتی بۆ رزگاربوونی باشووری کوردستان نەکردووە، بەڵکو هەوڵی رێنمایکردنی خەباتکارانی پارچەکانی تری کوردستانیشی داوە.

کۆنگرەی سێیەمی (پارتی) لە (٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣ )دا بە ئامادەبوونی(٣٥–٤٠) ئەندام لە بارودۆخێکی سەخت و نائارام و پڕ مەترسیدا لە شاری کەرکوك بەسترا[٣٩٣]، هاوکات لە دوای گفتوگۆکردن لەسەر کارنامەی کۆنگرەکە و دانانی رێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی چەپ بۆ رێکخستنەکانی پارتی چەند بڕیارێکیان دەرکرد لەوانە:–

١– گۆڕینی ناوی (پارتی دیموکراتی کورد –عیراق) بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان –عێراق)، دیارە مەبەست لە گۆڕینی ناوی پارتی بۆ ئەوە بوو کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کوردستانی عێراقدا دەژین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناسنامەی نەتەوایەتی بتوانن ببنە ئەندام لە رێکخستنەکانی (پارتی)دا.[٣٩٤]

٢–گۆڕینی پڕۆگرامی (پارتی) بە ئاڕاستەی چەپ وهەڵگرتنی بیروباوەڕی (مارکسیزم– لینینزم).

٣– دەرکردنی یەکجاری (هەمزە عەبدوڵلا)ی سکرتێری پێشوو لە ریزەکانی پارتیدا.

٤–قبوڵ نەکردنی عەونی یوسف لە کۆنگرەدا، بە هۆی جێبەجێ نەکردنی راسپاردەکانی لیژنەی کاتی پێشوو.[٣٩٥]

٥– گۆڕینی ئۆرگانی حیزب لە (رزگاری)ەوە بۆ (خەباتی کوردستان).[٣٩٦]

پاشان کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ پێکهێنراو (برایم ئەحمەد)یش بە سکرتێری گشتی پارتی هەڵبژێردرا[٣٩٧]، جێگەی باسە بیروڕاو رێنماییەکانی برایم ئەحمەد فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی پەیڕەوو پڕۆگرامی پارتی، گۆڕانێکی نەوعی لە

---

[393]. علی عبدالله: مێژووی پارتی...، ل٧١؛ حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب...، ص٤٩؛ مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ١٣١.

[394]. دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخ...، ل٤٨٧ ؛ حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب...، ص٤٩-٥٠.

[395]. علی عبدالله: مێژووی پارتی...، ل٧١-٧٢ ؛ عبدالستار تاهر شریف: الجمعیات والمنظمات...، ص١٧٧.

[396]. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو گۆڕانکاریانەوە بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ١٣١-١٣٢.

[397]. جعفر عباس حمیدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٢٨.

هەواڵنامەی کتێب

چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بۆ پارتێکی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، لەم بارەیەوە حەبیب محەمەد کەریم سەبارەت بە ڕۆڵی (برایم ئەحمەد) لەو گۆڕانکاریانەی پارتیدا دەڵێت" بە بیروڕای تایبەتی خۆم، سەرجەم ئەو گۆڕانکارییە ئایدۆلۆجیانە، دەگەڕێنەوە بۆ بیروباوەڕەکانی برایم ئەحمەد".[398]

دوابەدوای کۆنگرەی سێیەم، بەڕێوشوێنی (برایم ئەحمەد)، شێوازێکی نوێ بۆ خەباتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەستنیشان کرا، چاکسازی لە بواری کشتوکاڵ و باشکردنی بارودۆخی جوتیاران و دژایەتیکردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و خۆماڵی کردنی نەوت و پارێزگاری کردنی مافی کرێکاران و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی لە ئامانجە سەرەکییەکانی حیزب بوون[399]، هاوکات پشتیوانی کردن لە ئۆردوی سۆسیالیستی و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و ڕێکەوتننامەکانی ڕژێمی پاشایەتی ئامانجی حیزب بوون لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوە.[400]

لە هەمان کاتدا (برایم ئەحمەد) لەپاڵ خەباتی حیزبایەتی، خەباتی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵی خستە ناو بەرنامەی کاری (پارتی)یەوە، بۆ ئەو مەبەستەش یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێکهێنران.[401]

سەبارەت بە چالاکی لە مەیدانی خوێندکاران و لاوان دا بە بڕیار و ڕێنمایی (برایم ئەحمەد) لە ساڵی (١٩٥٥)دا بۆ یەکەم جار شاندێکی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بە سەرۆکایەتی (مام جەلال ) بەشداریان لە ڤیستیڤاڵی لاوان و خوێندکارانی

---

398 . تأريخ الحزب ...، ص٥١.

399 . جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات، ..، ص٢٢٨-٢٢٩ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەڕەیەك....، ل٢١٣.

400 . جلال الطالباني: كردستان والحركة..، ص ١٦٧؛ د.شيَركو فتع اللة عمر: الحزب الديمقراطي..، ص١١٦-١١٧؛ هیوا عەزیز: ڕەنگدانەوەی بیری لیبرالیزم لە کوردستاندا ١٩٠٠ - ١٩٥٨، چاپخانەی پاو، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٩٢-١٩٣.

401 . مام جەلال: یادنامە...، ل٢٤.

جیهانیدا کرد له (وارشۆ)[402]، که یەکێك له ئەرکەکانی بە شداری کردن لەو ڤیستڤاڵەدا پەیوەندی کردن بوو بە سەرۆکی پارتی (بارزانی)یەوە کە ئەو کات لە یەکێتی سۆڤیەت دەژیا[*]، کە بێگومان ئەمە یەکەمین پەیوەندی بارزانی بوو لەگەڵ شاندێکی فەرمی پارتی لە دوای روخانی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە.[403]

هەروەك (برایم ئەحمەد) لەم بارەیەوە دەڵێت" ئێمە (مام جەلال)مان نارد بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی مەلا مستەفا لە دوا گۆڕنکارییەکانی پارتی ئاگادار بکاتەوە، چونکە کێ دەڵێت مەلا مستەفا رازیە، دوای ئەوەی ناوی پارتیمان گۆڕیووە و سیستمێکی نوێمان بۆ داناوە و بووە بە پارتێکی بەهێز بۆ ئەوەی بەربەرەکانی (پارتی کۆمۆنیست) بکات، مەلا مستەفا بەم هەموو گۆڕانکاری و بەم پارتەی ئێستە رازیە"[٤٠٤]، لەو دیدارەدا بارزانی نامەیەك بە (مام جەلال)دا بۆ برایم ئەحمەد دەنێرێت[٤٠٥] و داوای لێ دەکات کە هەر یەکە لە (هەمزە عەبدوڵڵا)و (شێخ لەتیف) لە ریزەکانی پارتی وەربگیرێنەوە.[٤٠٦]

دیارە بڕیاردان لە سەر وەرگرتنەوەی هەمزە عەبدوڵڵا و هاوبیرەکانی هەروا بە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی نەبووە، بەڵکو بەشێوەی راپرسییەك لەناو ئەندامانی

[402]. نوری شاوەیس: من مذکراتي...، ص٦١. سەرکردایەتی و لێپرسراوێتی ئەو شاندە بە (مام جەلال) سپێردرابوو کە بانگهێشت کرابوون بۆ هەریەکە لە (چین و سۆڤیەت)، بڕوانە: حوسێن محمد عزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٢٢.

* دوای ئەوەی کە سوپای سۆڤیەت لە بەرامبەر پێدانی ئیمتیازی نەوت لە خاکی ئێران پاشەکشەی کرد، کۆماری دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ لە ناوچوو، هاوکات ئایندەی بارزانیەکانیش کەوتبووە مەترسییەوە، حکومەتی ئێران داوای دەست بەجێ چەکدانانی لێکردن و حکومەتی عێراقیش ئامادە نەبوو کە لێبوردنێکی گشتیان بۆ دەربکات، ئەوە بوو بە ناچاری نزیکەی زیاتر لە (٥٠٠)چەکدا روویانکردە خاکی سۆڤیەت، پاشان هەر لەوێ مانەوە تا شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە. فەیسەڵ دەباغ: حیزبی هیواو شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، دەزگای بڵاوکردنەوەی گوڵان، چ(١)، ١٩٩٧، ل٨٠-٨٢ ؛ فؤاد حمة خورشید: المسیرة البارزانیة العظمی عبر ثلاث دول وعبر نهر أراس، "نەوشەفەق" مجلة، عدد (١٢)، مطبعة وزارة التربیة، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٦١-٦٤؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ل١٢٧-١٨٢.

[403]. کریس کۆچرا: کورد لە سەدەی نوزدە و بیست...، ل٢٥٠.

[404]. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٢٣.

[405]. هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

[406]. نوری شاوەیس: من مذکراتي...، ص٦٢.

پارتیدا بیروڕا وەرگیراوە، هەروەك مەلا عەبدوڵڵای حاجی سمایل دەڵێت" مەکتەبی سیاسی ئیستمارەیەکی لەسەر شێوەی (أستفتاء) لەسەر یەکگرتنی پارتی و تاقمەکەی هەمزە عەبدوڵڵا وساڵح روشدی بە نووسراوێکەوە بۆ ناردین دەبوایە ئەو ئیستمارەیە بۆ هەموو ئەندامانی هەرێمە کە بخوێندرێتەوە و رای یەکە بە یەکەیان لەسەر ئەو یەکگرتنە بە (بەڵێ) یان (نەخێر )وەربگیرێ و ئیمزاش بکرێت".[٤٠٧]

ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە پارتی لەو سەردەمەدا شێوازێکی دیموکراتی بە خۆیەوە بینیووە، چونکە پەیڕەوکردنی سیستمێکی لەو جۆرە بۆ ئەو رۆژگارە لەناو بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورددا گرنگیی تایبەتی خۆی هەبووە.

ساڵی ١٩٥٦ بەرەی پێشکەوتوی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیان راگەیاند و تێکەڵ بەڕیزەکانی پارتی بوونەوە[٤٠٨]، هاوکات هەندێك لە کوردە مارکسییەکانی وەك (نەژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرەو توفیق) پەیوەندییان بە سەرکردایەتی (پارتی)یەوە کرد، بەم یەکگرتنەش پارتی گڕوتینێکی بەهێزی بە خۆیەوە بینی، دواتر لیژنەی مەرکەزی نوێ لە (مستەفا بارزانی –سەرۆك، برایم ئەحمەد، عومەر مستەفا، عەلی عەبدوڵڵا، نوری ئەحمەد تەها، هەمزە عەبدوڵڵا، جەلال تاڵەبانی، حەبیب محەمەد کەریم، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق) پێکهات، پاشان جارێکی تر (برایم ئەحمەد) بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردرا و ناوی حیزبەکەش بوو بە (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان)و ئۆرگانەکەشی بوو بە (خەباتی کوردستان)[409]، کە بێگومان برایم ئەحمەد رۆڵی بەرچاوی لەو بارەیەوە بینیوە.

ساڵی١٩٥٧ بە هۆی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی (برایم ئەحمەد)ەوە توانرا کاربکرێتە سەر ئەندامانی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق و کەوتنە گفتوگۆکردن سەبارەت بە یەکخستنی چالاکییەکانیان لە کوردستاندا، لە ئەنجامدا (سالح حەیدەری، حەمید عوسمان، کەمال فواد، لەتیفی نانەوا ) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی (لقی کوردستانی حیزبی شیوعی)یان راگەیاند و هاتنە نێو ریزەکانی

---

407. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەربردەی ژیانی سیاسیم... ،ل١٨٠.

408. حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب...، ص٥٦-٥٧.

409. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکان...، ل١٣٤ ؛ عبدالستار تاهر شریف: الجمعیات والمنظمات...، ص١٨١-١٨٢.

(پارتی)یەوە[٤١٠]، دوا بە دوای ئەم یەکگرتنەش لیژنەی ناوەندی نویٚ پێکهێنرا لە (مستەفا بارزانی–سەرۆك، (برایم ئەحمەد) –سکرتێر، نوری شاوەیس...)[٤١١]، هاوکات ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش لە لایەن لیژنەی ناوەندییەوە بەم شێوەیە هەڵبژێردرا (برایم ئەحمەد –سکرێر، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، هەمزە عەبدوڵڵا، جەلال تاڵەبانی...).[٤١٢]

جێگەی باسە ئەم یەکگرتنە بوو بەهۆی جۆرە دوورکەوتنەوەیەك لە پەیوەندیەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقدا[٤١٣]، بە جۆرێك کە حیزبی شیوعی لە (١٩٥٧/٧/١٥)دا راپۆرتێکی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم کارە بڵاوکردەوە و هێرشی کردە سەر پارتی و بەوە ناوزەدی کرد کە لە خزمەتی داگیرکەران و کۆمپانیا قۆرخ کارەکاندایە.[٤١٤]

بەم شێوەیە رێکخستنەکانی پارتی لە ساڵانی پەنجاکاندا بەردەوام لە گەشەکردندا بوو، هاوکات برایم ئەحمەدیش وەك سیاسییەکی بە توانا و سکرتێرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لە هەوڵداندا بوو بۆ پەیوەندی کردن بە پارت و رێکخراوە کوردستانی وعێراقییەکان لە پێناوی بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورددا.

هەواڵنامەی کتێب

410. جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ١٧١؛ حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب..، ص٥٨.
411. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. د.عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات...، ص١٨١-١٨٢.
412. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٦٠-٦١ ؛ د. شێرکو فتح اللة عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١١٨-١١٩.
413. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکان...، ل١٣٥.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص١٧١.
414. صلاح الخرسان: التيارات...، ص٦٠.

## باسی سێیەم
## پەیوەندی برایم ئەحمەد بە ڕێکخراوە عێراقییەکان و ڕۆڵی لە پێشهاتە سیاسییەکان و داکۆکیکردن لە مافی چارەنووسی کورد

سەرهەڵدانی نوخبەی ڕۆشنبیری و سیاسی کورد لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی ئەوەی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دۆخی کوردستان و ناوچەکە سەرهەڵبدات، گەر ڕاپەڕینی شێخ و سەرۆک خێڵەکان لە ڕابردوودا تا ڕادەیەك بەبێ بوونی بەرنامەیەکی سیاسی و چەکداری ڕێکوپێك و بە شێوەیەکی سۆز ئامێز بەرەنگاری دوژمن بووبنەوە، ئەوا نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە باشووری کوردستاندا شێوازێکی نوێیان بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد داهێنا کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمەکەدا گونجاوە و تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز بوو لە ڕاپەڕینەکانی پێشوو.

بیرۆکەی خەباتی هاوبەش لە نێوان (کورد و عەرەب) لە لایەن برایم ئەحمەدەوە، لە پێناو دژایەتی کردنی داگیرکەران و بەدیهێنانی مافەکانی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە بیروڕاکانی سەبارەت بە یەکسانی هەردوو میللەتی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی نامیلکەی (الاکراد و العرب)دا لە ساڵی(١٩٣٧)دا خستە ڕوو.[٤١٥]

برایم ئەحمەد هەر زوو درکی بەو ڕاستییە کردووە کە پرۆسەی دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی هەربەشەی بە یەکێك لە وڵاتانی دراوسێوە بووەتە ئەمری واقع و نەکورد توانیویەتی لەو سەردەمەدا ئەو واقیعە بەشێوەی پراکتیکی ڕەت بکاتەوە، نە وڵاتانی بڕیاربەدەستیش بواری ئەوەیان داوە، هەر بۆیە بۆچوونی ژیرانە ئەوە بووە کە کورد هەوڵ بدات جۆرێك پەیوەندی لە نێوان خۆیی و سەردەستەکانیدا دروست

---

[415]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. إبراهيم أحمد: الأكراد والعرب، بغداد، ١٩٦١.

بکات، بە تایبەتی لە عێراقی ئەو سەردەمەدا کە دەوڵەتی پاشایەتی هەرچۆن بە کورد نامۆ بووە، بە هەمان شێوە تا رادەیەکی زۆر نوێنەری ناسیۆنالیزمی عەرەبیش نەبووە لە عێراقدا، هەر بۆیە کارێکی گونجاو بووە ئەگەر خەباتی شۆڕشگێرانەی کورد و عەرەب هاوبەشی یەکتر بکەن بۆ روخانی رژێمی پاشایەتی و بنیادنانی رژێمێکی سیاسی نوێ کە بتوانێت مافی گەلانی عێراق بە یەکسانی دابین بکات.[٤١٦]

هەر بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ چەپ و پێشکەوتوخوازانی عەرەبی عێراقی گرێداوە کە شیوعیەکانیان* دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان بەرزکردبۆوەو پێشکەوتوخوازانی دیموکراتیش ئۆتۆنۆمیان بۆ کورد دەسەلماند، هاوکات (برایم ئەحمەد) بڕوای بەوە هەبوو کە خەباتی کورد لە پێناوی رزگاریدا نابێت وەك خەباتی سالآنی پێشوو وابێت کە پێك هاتبوو لە خەباتێکی تایبەت بە کورد، بەڵکو پێی وابوو کە ئەبێت کوردایەتی هاوخەبات بێت لەگەڵ گەلانی رۆژهەڵات بەگشتی و گەلی عەرەبیش لە عێراقدا بەتایبەتی[٤١٧]، کە ئەمە لە کاتێکدابوو ئەم بیرۆکەیە بەلای نەتەوەپەرستانی کورد و عەرەبیشەوە بەکارێکی دوژمنکارانە دادەنرا و کەسیش بیری لە کارێکی لەو جۆرەی نەکردبووەوە.

لە راستیدا پەیوەندییەکانی (برایم ئەحمەد) بە پارت و رێکخراوە عێراقییەکانەوە لە ساڵی (١٩٤٨)دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە چۆن هاوکاری جەماوەری راپەڕیوی گەلی عێراقی کردووە لە دژی پەیماننامەی (پۆرت سمۆس)ی، نێوان عێراق و بریتانیا.[٤١٨]

---

[416]. عەتا قەرەداغی: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد رەمزی گۆرانکاری بەردەوام، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٣)، ١٨/٤/٢٠٠٠، ل٨.

*. لە راستیدا پەیوەندی نێوان حیزبی شیوعی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی و پارتی بەتایبەتی بە گەلێك هەورازو نشێودا گوزەری کردووە، بە شێوەیەك بە پێی پەیمانی (فەهد) کورد نەتەوە نییە بەڵکو وەك کەمەنەتەوە ئاماژەی پێکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. علی عبدللە: مێژووی پارتی...، ل٥٨-٥٩ ؛جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ل١٥٢-١٥٨.

[417]. مام جەلال: یادنامە... ، ل٨-٩.

[418]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە باسی دووەمی ئەم بەشە.، ل٩٨-٩٩.

دوای ئـەوەی (بـرایم ئەحمـەد) لـە لایـەن رژێمـی پاشـایەتی عێراقـەوە بـە تۆمـەتی ئەنـدامێتی لـە حیزبـی شـیوعی دەسـتگیرکراو مـاوەی دوو سـاڵ حوکمـدرا[٤١٩]، مـاوەی زیندانییەکەی لەگەڵ (جەلیل هۆشیاری برای عەونی یوسف و عەبدولرەحیم شـەریفی برای عـەزیز شـەریف)دا لـە زینـدانی بەغـدا بەسـەر بـردووە، کـە هـەر لـە زیندانیـشەوە دۆسـتایەتیەکی پتـەوی لەگـەڵ عـەزیز شـەریف دروسـت کـردووە بـەهۆی (ام عـصام)ی خێزانـی و کـچەکەیەوە کـە سـەردانی زینـدانیان کـردووە[٤٢٠]، هـەر لـەو سەردانانەشـدا خێزانەکانیشیان یەکتریان ناسیووە و تێکەڵاویی خانەوادەییشیان پەیدا کردووە.[421]

دیارە ئەم ناسیاوی و لێك نزیك بوونەوەیـەش راسـتەوخۆ کاریـان کردووەتـە سـەر بیرکردنـەوەیان و چـۆنیەتی هەوڵـدان بـۆ بەرجەسـتەکردنی خـەباتی هاوبەشـی نێـوان کوردو عەرەب.

پـارتی دیمـوکراتی کـورد لـە دوای کـۆنگرەی دووەمـەوە، وەك هێزێکـی کاریگـەر گروتینێکی دیکەی بەخۆوە بینیوەو وەك هەموو رێکخراوە سیاسییەکانی تـری عێـراق تێکەڵ بە رووداوکان بووەو پشتگیری داواکارییەکانی جەماوەری کردووە کە زیاتر بـۆ ئـەو سـەردەمە داواکارییـەکی گونجـاوو سـەردەمانە بـوون[٤٢٢]، کـە بێگومـان (بـرایم ئەحمـەد) لـەم گۆڕانکاریانـەی نـاو ریزەکـانی پارتیـدا رۆڵـی سـەرەکی تیـا بینیـووە، بەتایبەتی لە دوای بەستنی کۆنگرەی سێیەمەوە.[٤٢٣]

برایم ئەحمەد لەسەر ئاستی عێراق و جیهانیشدا، چ خۆی وچ هەڤاڵانی هانداوە بۆ بەشـداریکردن لەجووڵانـەوەی ئاشـتی دنیـا و هاوکـاریکردن لەگـەڵ حیزبـە عێراقییەکاندا، بەتایبـەتی لەگـەڵ حیزبی یـەکێتی تێکۆشـانی (عـەزیز شـەریف) کە بە ئاشکرا پشتیوانیان لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد دەکرد، هاوکات لەگـەڵ حیزبی نیشتمانی دیموکراتی (کامل جادرچی)دا پەیوەندییـەکی توندوتۆڵیان هـەبوو،

---

419. فاتح رەسووڵ: بنچینەی مێژووی چەپ.....، ل٣٢٩.

420. یادگارو هیوا چەپکە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەنـدی راگەیاندن، ل٨.

421. چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلاوێژخان، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/١٨.

422. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة... ، ص٢٣٠-٢٣٢.

423. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ل١٦٨.

هەر بۆیە بە هۆی رۆڵ وچالاکییەکانی لەجووڵانەوەی ئاشتیدا ئەستێرەی زێڕینی پێ بەخشراوە.[٤٢٤]

یەکێك لەو رووداوانەی کە پارتی دیموکراتی کورد پشتگیری و هاوکاری راستەوخۆی بەرامبەر دەربڕیووە، شۆڕشی ٢٣تەمووزی ١٩٥٢ی میسر بوو[٤٢٥]، ئەمەش لە کاتێکدابوو کە بەهۆی تێکشکانی عەرەب بەرامبەر بە ئیسرائیل لە شەڕی (١٩٤٨)دا زەمینەیەکی لەبار رەخسا بۆ بەگژاچوونەوەی رژێمە پاشایەتییە کۆنە پەرستەکان لە وڵاتانی عەرەب بە گشتی و لە میسر بەتایبەتی، ئەوە بوو لە ١٨ حوزەیرانی (١٩٥٣)دا سیستەمی پاشایەتی کۆتایی پێهێنراو سیستەمی کۆماری لەو وڵاتەدا دامەزرێنرا.[٤٢٦]

پارتی دیموکراتی کورد هەر لە سەرەتاوە پشتگیری خۆی بۆ بەرپابوونی ئەو شۆڕشە راگەیاندو بە هەنگاوێکی نیشتمانی سەرکەوتووی لە قەڵەمدا و لەو باوەڕەدا بوو کە هەر گۆڕانێك لە هەر وڵاتێکی ژێردەستدا کە کۆتایی بە رژێمی پاشایەتی و ئیستعماری بهێنێت هەنگاوێکی سەرەتایە بۆ کۆتایی هێنان بە رژێمە ئیستعماریەکان لە هەموو وڵاتانی ژێر دەستدا، بێگومان ئەم کارەش شیاوی پشتگیری کردنە.[٤٢٧]

لە هەڵبژاردنی ساڵی( ١٩٥٣)دا پارتی بە رێنوێنی( برایم ئەحمەد) ستراتیژێکی نوێی بۆ خەبات گرتە بەر، پێشتر پارتی موقاتەعەی هەڵبژردنی دەکرد و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا نەدەکرد، بەڵام لەسەر داوای برایم ئەحمەد سیاسەتی بەشداری کردن پەیڕەوی کرا.[٤٢٨]

---

[424]. مام جلال: یادنامە...، ل٢٤-٢٥ ؛ چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد.

[425]. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو شۆرشە بڕوانە. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکان...، ل٣٦٦-٣٧٠.

[426]. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە لە ناوبردنی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری لە میسر بڕوانە. ناصر جرجيس: ثورة ٢٣يوليو١٩٥٢ (القصة الكاملة بأقلام الضباط الأحرار)، ط(١)، بغداد، ١٩٨٥ ؛ ليث عبدالحسين الزبيدي: ثورة ١٤تموز في العراق، منشورات مكتبة اليقظة العربية، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨١، ص٣٩.

[427]. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکان...، ل٣٦٩.

[428]. یادگارو هیوا چەپکە گوڵی...، ل١١.

مام جەلال سەبارەت بەو بۆچوونەی برایم ئەحمەد دەڵێت" کاتێك کە سەردانی مامۆستا برایم ئەحمەدم کرد لە سلێمانی بۆی شەرح کردم کە-لینین- ئەبێ وەك سەرەتا بەشداری بکەین لە هەڵبژاردندا، بە نیازی پڕوپاگەندەکردن بۆ بیرو هەڵوێستەکانی خۆمان و هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و هاندانیان بۆ خەبات، تەنها کاتێك موقاتەعە رەوایە کە ببێتە هۆی راپەڕینی خەڵك و جۆرێکی بەرز تر لە خەباتی جەماوەری". [٤٢٩]

برایم ئەحمەد لایەنگری هاوخەبات بوو لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقدا بەتایبەتی لە سەردەمی رێبەرایەتی بەهادین نوری (باسم)*دا حیزبی شیوعی عێراقی مافی چارەی خۆنووسینی بۆ گەلی کورد بە مافێکی رەوا دەزانی و سیاسەتێکی نوێی گرتبووە بەرو داوای کۆمارێکی دیموکراتی میللی دەکرد لە عێراقدا. [٤٣٠]

پەیوەندی و هاریکاری نێوان هەردوو حیزبی شیوعی و پارتی بە شێوەیەك گەشەی کردبوو کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی(١٩٥٣)دا بەیەك لیستی هاوبەش بەشداریان کرد. [٤٣١]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٣دا لە سەر بڕیاری مەکتەبی سیاسیی من لەگەڵ شێخ مارف بەرزنجی نوێنەری حیزبی شیوعی بە نهێنی خۆمان تەرشیح کرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بەڵام لە کاتێکدا کە لە ناوچەی قەرەداغ خەریکی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بووین، لە گەڕانەوەماندا لە لایەن شوعبەی خاصەوە گیراین و بە پەلە ناردیانین بۆ بەندینخانەی موسل". [٤٣٢]

---

[429]. یادنامە، ل٢٠.

*. بەهادین نوری ناسراو بە (باسم) ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی تەکیەی نزیك شاری سلێمانی لە دایك بووە، ماوەیەك سکرتێری حیزبی شیوعی بووە، (باسم) سەرکردایەتی فەهدی بەوە تاوانبار دەکرد کە رێبازێکی هەلپەرستانەی بەرامبەر دۆزی کورد گرتووەتەبەر، هاوکات پشتیوانی خۆی بۆ کورد راگەیاند کە کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. د.گۆینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، و.حمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چ(٢)، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٧٧.

[430]. هەمان سەرچاوە، ل١٧٧ ؛ دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی...، ل٤٩٠ ؛ یادگارو هیوا چەپکە گوڵی...، ل٩.

[431]. د.گۆینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتەبراوی...، ل١٧٨

[432]. ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی کاکە عومەر دەبابە.. ، ل٣-٤.

ئاشكرایە كە هەوڵەكانی برایم ئەحمەد لە چوارچێوەی بانگەشە كردن بۆ (پارتی) لەو ساڵەدا جێی سەرنجی كاربەدەستانی رژێمی پاشایەتی بووە، هەر بۆیە بڕیاری دەستگیركردنیان دراوەو تا دوای كۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەكە ئازاد نەكراوون.[٤٣٣]

لە راستیدا هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەو هەڵبژاردنە لە ساڵی ١٩٥٤دا ئەنجام دراوەو پارتی دیموكراتی كوردستانیش بەشێوەی نهێنی لە رێگای پاڵێوراوەكانیەوە كە پێكهاتبوون لە (برایم ئەحمەد، عومەر مستەفا، مەسعود محەمەد، مەعروف بەرزنجی*)، كە وەك بێلایەن بەشداریان لە هەڵبژاردنەكاندا كردووە.[٤٣٤]

جێگەی باسە جەماوەری شاری سلێمانی مانگرتنێكی گەورەیان لە دژی شێواز و چۆنیەتی ئەنجام دانی هەڵبژردنەكە ئەنجام دا، لە هەمان كاتدا لە رۆژی (١٦)ی ئەیلول

---

[433].حەمەی حاجی تایەر كە خۆی یەكێك بووە لەو گیراوانەی ئەو ساڵە، بەم شێوەیە باس لە هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی برایم ئەحمەد دەكات و دەڵێت" لەو كاتەدا كە ئێمە لە ناو زیندانەدا بوین هێزێكی زۆر لە هەولێرەوە هێنرابوو بۆ سلێمانی بۆ رووبەڕووبوونەوە و چاوترساندنی خەڵك، لەوكاتەدا كە ئەوان مەشقیان دەكرد مامۆستا برایم ئەحمەد هەستایە سەرپێ و وتی (ئێستا كاتی ئەوە هاتووە ئەم حكومەت و كاربەدەستە كۆنەپەرستە، هیچ نەبێت بەقسە تەمێ بكەین) بەرەو پەنجەرەكەی سەر حەوشەی سەرا رۆیشت و بانگی (توفیقە رەشی) كرد كە معاونێكی زۆر خراپ بوو هاواری كرد وتی (لەگەڵ تۆمە تۆفیق جانەوەر.. هەر ئێستا وەرە ئەگەرنا خراپ بەچاوی خۆت دەبینی)، تۆفیقە رەش بەڕاكردن هات و وتی (كاك برایم رجات لێ دەكەم دەنگ بەرز مەكەرەوە چیت ئەوێ؟) پێی وت (دڕندە لەسەر چی ئێمەت لە دوێنێ شەوەوە خستووەتە بەندینخانە ئێمە بەچی ئەزانی هەر ئێستا ئەگەر فەرمانی دەستگیركردنەكەمان نەهێنی خراپت بەسەر دەهێنم)، ئەم هەڵوێستەی برایم ئەحمەد بارودۆخی ناوسەرای بە تەواوی شڵەژاند، پاش ماوەیەك جەماوەری سلێمانی هاتنە سەربانی بەندینخانەكەو دەستیان بە هوتاف كێشان كردو داوای بەردانی گیراوەكانیان دەكرد، برایم ئەحمەد لەوكاتەدا چووە سەرشانی كاكی كاكان و لە پەنجەرەی پێشەوە داوای لە جەماوەر كرد كە دەستبەجێ بكەونەخۆو دەست بە خۆپیشاندان بكەن ئەوەبوو خۆپیشاندانێكی گەورە روویدا و پێكدادان لە نێوان هێزەكانی پۆلیس و خۆپیشاندەراندا دەستی پێكرد كە ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك بریندار بوون و گیراوەكانیشیان لە سەعات (١٢)شەودا رەوانەی موسڵ كرد". بڕوانە چاوپێكەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر، كوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٧)، ٢٣/٤/ ٢٠٠٠ ، ل٧.

* مەعروف بەرزنجی پاڵێوراوی حیزبی شیوعی بوو، كوری شێخ عەبدلكەریمی بەرزنجەیە لە ساڵی ١٩١٧ لە دایك بووە، سەرەتا پەیوەندی بە حیزبی (هیوا)وە كردووە، پاشان چووەتە نێو ریزەكانی رێكخستنی حیزبی شیوعی عێراقەوە، ساڵی ١٩٦٣ دوای كودەتای ٨ شوبات لە سێدارەدرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەكان...، ل٢٩٨.

[434]. عبدالرزاق محمد اسود: موسوعة العراق السياسية، ط(١)، المجلد السادس، بيروت، ١٩٨٦، ص٣٩٧؛ جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٢٩.

دا خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری لە دژی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەڕێوە چوو کە لە ئاکامی رووبەڕووبونەوەی هێزەکانی پۆلیس و جەماوەری خۆپیشاندەردا دووکەس کوژران وچەندانی تر بریندار بوون و دەیان کەسیش دەستگیرکران.[٤٣٥]

گەلاوێژخانی خێزانی (برایم ئەحمەد)یش بە هەمان شێوە باس لەوە دەکات کە دانیشتوانی شاری سلیمانی دژی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بوون و شەڕو پێکدادانێکی گەورە لە نێوان هێزەکانی پۆلیس و خۆپشاندەران لەبەردەم سەرا روویدا.[٤٣٦]

لە راستیدا (برایم ئەحمەد) رۆڵی سەرەکی هەبوو لە رێکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی شیوعی لە عێراقدا، ساڵی ١٩٥٣ حیزبی شیوعی ببوو بەدووبەشەوە، بەشی یەکەمیان لەژێر سەرکردایەتی (بەهادین نوری)دا بوون کە زۆرینەیان پێکدەهێنا، بەشی دووەم لەژێر سەرکردایەتی (جەمال حەیدەری و عەزیز محەمەد)دا بوو کە بەشە کلاسیکێکەی ناو حیزبی شیوعی پێکدەهێنا[٤٣٧].

بە لای (برایم ئەحمەد)ەوە جولانەوەی شیوعیەت لە رووی بابەتییەوە دۆستی گەلی کوردستانەو هاوپەیمانێتی، هاوکات پێی وابوو کە لێکترازانی ئەو حیزبە کاریگەری خراپی بۆ سەر خەباتی حیزبی شیوعی دەبێت و کاردانەوەی بۆ سەر کوردستانیش لێدەکەوێتەوە.[٤٣٨]

هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٥ دا، بە پێشنیاری (برایم ئەحمەد) لیژنەیەك لە (جەلال تاڵەبانی و حەبیب محەمەد کەریم )پێکهێنرا بۆ پەیوەندی کردن بە لایەنە جیاوازەکانی ناو حیزبی شیوعییەوە، پاش چەندین کۆبوونەوە کە لە ماڵە نهێنییەکانی سەر بە پارتی لە بەغدا ئەنجام دەدران، هەر یەکە لە (وحدة الشیوعین) و (رایة الشغیلة) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆیان راگەیاند و پەیوەندیان بە ریزەکانی حیزبی شیوعی عێراقەوە کرد.[٤٣٩]

---

435. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية..، ج(٩)، ص١٥٩-١٦٠؛ جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات ، ص١١٨-١١٩.

436. چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلاوێژخان، سلێمانی ٢٠٠٧/٤/١٨.

437. مام جەلال: یادنامە، ل٢٥.

438. یادگارو هیوا چەپکە گوڵی...، ل١٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٢٨.

439. مام جەلال: یادنامە، ل٢٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٨ /٢/ ٢٠٠٧ ؛ کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٢٠)، ٢٠٠٠/٤/١٥، ل١.

لە٢٤ شوباتی ١٩٥٥دا (پەیمانی بەغدا*) لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و بریتانیا و پاکستان دا مۆر کرا[٤٤٠]، ئەم پەیماننامەیە کۆمەڵێك بەندی لەخۆ گرتبوو کە هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ سەرکووت کردن و لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە هەریەکە لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، بەتایبەت ئەندامانی بەشداربوو لە پەیمانی بەغدا بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکانی کورد.[٤٤١]

ئاشکرایە کە یەکەمین هەنگاوی دوژمنکارانەی (پەیمانی بەغدا)، سەرکوتکردنی راپەڕینی جوانڕۆییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە ساڵی١٩٥٦دا.[٤٤٢]

شایەنی باسە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە رێبەرایەتی (پ.د.ك) و سەرکردایەتی (برایم ئەحمەد)، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ئاست ناڕەزایی دەربڕینی ئەوپەیمانەدا، لەو بارەیەوە بەشداری زۆربەی ئەو خۆپیشاندان و چالاکییانەی کردووە کە لە دژی پەیمانی بەغدا ئەنجام دراون و ببووە هێزێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەلی عەرەب و هێزە نیشتمانییە عێراقییەکان و بە توندی دژی هەموو پلانێکی رژێمی پاشایەتی دەبووەوە.[٤٤٣] شاری سلێمانی شان بەشانی راپەڕینی شارەکانی تری عێراق خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە دژی واژووکردنی پەیماننامەکەو

هەواڵنامەی کتێب

* لە ٢٤ شوباتی( ١٩٥٥)دا پەیمانی هاریکاری لە نێوان عێراق و تورکیا مۆرکرا، پاشان پاکستان لە ٢٣ ئەیلول و دواتر ئێران لە ٣تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بوون بە ئەندام لەم پەیمانەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. عبدالرزاق الحسني: حلف بغداد لماذا مجلة "افاق عربية"، عدد(٦)، سنة(١٢)، ١٩٨٧، ص٤١-٤٢.

[440]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانة: لیث عبدالحسین الزبیدی: ثورة ١٤تموز في العراق...، ص٤٦؛ شیرکو فتح لله عمر: الحزب الدیمقراطي...، ص١١٧.

[441].أوریل دان: العراق في عهد قاسم التأریخ السیاسي (١٩٥٨-١٩٦٣)، ت.جرجیس فتح الله المحامي، ج(١)، سوید، ١٩٨٩، ص٢١٦؛ عبدالرزاق الحسني: تأریخ الوزارات العراقیة...، ج(٩)، ص٢٥٢-٢٥٤.

[442].بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئیران..، ل٢٩١-٢٩٦؛ زنار سلوبي: مسألة کردستان ، تنقیح و تقدیم: عزالدین مصطفی رسولَ، ط(٢)، بیروت، ١٩٩٧، ص٢١٥-٢١٦.

[443]. میڤان عارف عبدالرحمان البادي: الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة في کردستان الجنوبیة(العراق) ١٤تموز ١٩٥٨-شباط١٩٦٣، رسالة ماجستیر غیر منشورة، مقدمة الی جامعة صلاح الدین، أربیل ، ٢٠٠٢، ص٣٥؛ جلال الطالباني: کردستان والحرکة...، ص١٦٩-١٧٠.

حکومەتی (نوری سەعید) ئەنجام دا، کە ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی شارەکە تیایدا بەشدار بوون.[٤٤٤]

لەسەر ئاستی ڕێکخراوەییش (پ.د.ك) و (ح.ش.ع) ڕۆڵێکی بەرچاویان نواند لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و هاندانی جەماوەر و یەکخستنی ڕیزەکانیان لە دژی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، ئەمە لە کاتێکدابوو کە هیچ بەرەیەکی مۆرکراو لە نێوانیاندا نەبووە، بەڵام لە زۆربەی پێشهاتە سیاسیی و ڕوداوە نیشتمانیەکاندا هاوهەڵوێست بوون.[٤٤٥] دیارە کارو چالاکییەکانی (پ.د.ك) لەو ڕۆژگارەدا تارادەیەك ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی (برایم ئەحمەد)بوون، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا وەك سکرتێری حیزبەکە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر پارتی.

لە درێژەی هەوڵەکانی پارتی لەدوای (کۆنگرەی سێیەم)ەوە، خۆی لە دووبارە ڕێکخستنی ڕیزەکانی پارتی و سەرجەم ڕێکخراوە کوردییە مارکسییەکاندا دەبینیەوە لە یەك چوارچێوەی ڕێکخستندا، بۆ ئەومەبەستە لە ساڵی (١٩٥٥)دا مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) نامەیەکی ئاراستەی حیزبی شیوعی بریتانی کرد بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر حیزبی شیوعی عێراق کە هەوڵ بدات بۆ یەکخستنی ڕێکخراوو کۆمەڵە مارکسییەکان لە عێراقدا[٤٤٦]، کە ئەمەش لە دوایدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ یەکخستنی کۆمەڵە و ڕێکراوە مارکسییەکان لە عێراقدا.

لە٢٩ تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٦)دا هێرشێکی سێ قۆڵی لە لایەن (بریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل)، بۆ سەر میسر ئەنجامدرا[٤٤٧]، هەر لە سەرەتاوە کاریگەری ئەم هێرشە لەسەر باری ناوخۆی عێراق بە ئاشکرا دەرکەوت، بەتایبەتی دوای ئەوەی حکومەتی پاشایەتی حوکمی عورفی لە سەرانسەری عێراقدا ڕاگەیاند بە مەبەستی

---

444. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، ٢٨/٢/ ٢٠٠٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/٢١.

445. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٣١٥.

446. صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٥٩؛ نوری شاوەیس: من مذکراتي..، ص٦٣.

447. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لیث عبدالحسین الزبیدی: ثورة ١٤تموز في العراق...، ص ٤٠-٤١؛ محمد حسنین هیکل: ملفات السویس(حرب ثلاثین سنة)، الطبعة الثانیة، القاهرة، ١٩٩٦، ص٥٣٠.

رووبەڕووبونەوەی هەر هەوڵێك كە بدرێت بۆ دەستپێكردنی خۆپشاندان و راپەڕین لەناوخۆی وڵاتدا.[٤٤٨]

پارتی دیموكراتی كوردستانیش وەك زۆربەی هێزە نیشتمانییەكانی دیكەی عێراق بەشدری كرد لە خۆپشاندانەكان و دەربڕینی هەستی ناڕەزایی بەرامبەر بەو هێرشە، هاوكات هەوڵی پتەوكردنی خەباتی هاوبەشی دەدا لە نێوان هەردوو بزووتنەوەی رزگاریخوازی (كوردو عەرەب)، بە مەبەستی زیاتر نزیكبوونەوە و ئەنجام دانی كاری هاوبەش لە پێناو سەرخستنی خەباتی گەلانی عێراقدا[٤٤٩]، دیارە برایم ئەحمەد لەو كاتەدا رۆڵی سەرەكی بینیوە لە هاندانی خەڵك و بەرپاكردنی خۆپشاندان و دەربڕینی هەستی برایەتی خەباتی كورد و عەرەب.

بە هۆی پشتگیریكردنەی گەلی كورد لە شۆرشی میسر، هەندێك لە ئەندامانی باڵای پارتی بەتایبەتی(برایم ئەحمەد، عومەر مستەفا-دبابە-، حلمی عەلی شەریف)، لە لایەن دەسەڵاتدارانی حكومەتی پاشایەتیەوە رووبەڕووی دەستگیر كردن بوونەوە.[٤٥٠]

برایم ئەحمەد لە بارەی دەستگیر كردنەكەیەوە دەڵێت" لە ساڵی ١٩٥٦دا لەگەڵ كاك عومەرو چەند هاوڕێیەكی تر لە مەحكەمەی عورفی دەستگیر كراین، كە نەیان توانی هیچمان لەسەر ئیسپات بكەن، داوای پاكانەیان لێ كردین بەڵام كەسمان ملمان نەدا، هەر لەو ساڵەدا جارێكی تر بە بیانوی چالاكیمان دژی هێرشە ناڕەواكەی ئیسرائیل و فەرەنساو بریتانیا بۆ سەر میسر گیراینەوەو لە لایەن مەحكەمەی عورفییەوە حوكمدراین".[٤٥١]

دیارە دەسەڵاتدارانی رژێمی پاشایەتی عێراق هەستیان بەو راستییە كردووە كە هەر ئاژاوە و خۆپشاندانێك كە لە وڵاتدا روو دەدات، كەم تا زۆر برایم ئەحمەد تیایدا بەشدارە، لەبەر ئەوە بەردەوام رووبەڕووی گرتن و دوورخستنەوە بووەتەوە.

لە راستیدا هەرچەندە هەندێك لە شۆڕشگێرانی كورد بە پەرۆشەوە پشتگیرییان لە گەلی میسرو شۆڕشەكەی كردووە و دژی هەر هەوڵێكی داگیركاری بوون بۆ سەر ئەو

---

448. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەكانی...، ل٣١٥.

449. جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص١٧٠.

450. جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص١٧٠-١٧١؛ شيركو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١١٧؛ جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٣٠.

451. ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی كاكە عومەر دەبابە... ، ل٣-٤.

وڵاتـە، بـەڵام هـیچ کاتێـك میسر و سـەرکردایەتییەکەی پـشتگیرییەکی راسـتەقینەی کێشەی رەوای گەلی کوردیان نەکردووەو لە بەرنامەیاندا نەبووە بە کردار داکۆکی لـە مافەکانی نەتەوەی کورد بکەن، هەر بۆیـە ئـەو پـشتگیری کردنـەی کـورد بـۆ میـسر لـەو رۆژگارەدا تا رادەیەکی زۆر زیاد لە پێویست بووە.

خراپـی حکومـەتی پاشـایەتی عێراقـی و تێکـچوونی بـارودۆخی سیاسـیی و ئـابووریی و کۆمەڵایـەتی و فەرامۆشـکردنی داواکارییـەکانی خـەڵکی و پابەنـدبوونی حکومەتی عێراق بە پەیماننامە نێوچەیی و نێو دەوڵەتییەکانەوە[٤٥٢]، بوونە هۆی ئەوە کە زۆربەی رێکخراوەکان هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بە مەبەستی دژایـەتی کردنـی سیاسـەتەکانی حکومـەتی پاشـایەتی و دانـانی پلانێـك بـۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی عێراق.[٤٥٣]

لـە ئـەنجامی زنجیرەیـەك گفتوگـۆ و کۆبوونـەوە لـە نێـوان پـارت و رێکخراوەکانـدا (بەرەی یەکێتی نیشتمانی) لە ١٩٥٧/٣/٩دا لە نێوان (حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی نیشتمانی دیموکراتی، حیزبی سەربەخۆیی، حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی)، پێك هات، ئەم بەرەیـە لـە یەکـەمین بەیاننامـەیدا ئامانجـەکانی بڵاوکـردەوە کـە گرنگترینیـان بریتـی بـوو لـە (دەرچـوون لـە پـەیمانی بەغدا و لابردنـی حکومـەتی نـوری سـەعید)[٤٥٤]، لەسـەر ئاسـتی سیاسـیش پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بەتایبـەتی (بـرایم ئەحمـەد) هـەوڵێکی زۆری دا بـۆ بەئەنـدامبوونی پـارتی لـەو بەرەیـەدا[٤٥٥]، بـەڵام بـەهۆی جیـاوازی بیروڕای پارتە عەرەبیە شۆڤێنیەکان بەرامبەر بە (پ.د.ك)، لەو هـەنگاوەدا سـەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

لەو بارەیەوە حیزبی بەعسی عـەرەبی سۆسیالیستی هۆکـاری وەرنـەگرتنی پـارتی لەو بەرەیەدا دەگەڕاندەوە بـۆ هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەی حیزبـی شـیوعی عێراقـی،

---

452. میڤـان عـارف عبـدالرحمان البـادي: الحرکـة القومیـة...، ص٣٧-٣٨؛ جعفـر عبـاس حمیـدي: التطـورات والاتجاهات...، ص٢٣٨.

453. محمد مهدی کبة: مذکراتي في صمیم الاحداث ١٩١٨-١٩٥٨، ط(١)، بیروت، ١٩٦٥، ص٣٧٣-٣٧٥؛ جعفر عبـاس حمیدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٣٨.

454. بۆ بینینی بەیانی بەرەی یەکێتی نیشتیمانی بڕوانە: لیث عبدالحسین الزبیدی: ثورة ١٤تموز في العـراق...، ص٩٢-٩٦.

455. سعد ناجي جواد: العراق والمسالة...، ص٢٧؛ جلال الطالباني: کردستان والحرکة...، ص١٧٢.

هاوکات حیزبی شیوعیش هۆکاری سەرەکی دوورخستنەوەی پارتی دەگەڕاندەوە بۆ بەرهەڵستی ڕێکخراوە نەتەوە پەرستەکان لە سەرو هەمووشیانەوە (حیزبی بەعس وحیزبی سەربەخۆیی)، ئەمەش بەو بیانووەی کە ئامانجی سەرەکی (پارتی) جیابوونەوەیە لە عێراق و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینە بۆ گەلی کورد، لە هەمان کاتدا (حیزبی نیشتمانی دیموکراتی)یش لەو باوەڕەدا بوو کە تا ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکی و ڕێکخستنەکانی هەموو عێراقی نەگرتووەتەوە.[٤٥٦]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (پ.د.ك)، بەردەوام لە هەوڵدانادا بوو بۆ بەشداریکردن لەو بەرەیەدا، بۆ ئەو مەبەستە برایم ئەحمەد پەیوەندی بە هەریەك لە (کامل جادرچی و سدیق شەنشەل)ەوە کردووە.[٤٥٧]

جێگەی باسە هەڵوێستی پارتی لەو سەردەمەدا جۆرە نەرمییەك بەرامبەر بە ڕێکخراوە نەتەوەییە عەرەبیەکان بەدی دەکرێت، چونکە پێیان وابووە (ئەگەر پرسی رزگاری کورد لەگەڵ سەربەخۆبونی عێراقێکی دیموکراتیدا یەك نەگرێتەوە، پارتی ئامادەیە لە پێناو پێشخستنی مەسەلەی دیموکراتی لە عێراقدا مەسەلەی کورد دوابخات)[٤٥٨]، کە بێگومان لەم هەڵوێستەدا زیادەڕۆیی کراوە بە تایبەتی لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوەی کورددا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (برایم ئەحمەد) پێی باش بوو کە (پارتی) لە رووی پێوەندیەکانییەوە لەگەڵ پارتەکانی ناو بەرەی نیشتمانی بەباشی بمێنێتەوە، بەتایبەت لەگەڵ حیزبی نیشتمانی دیموکراتی، هاوکات لە ساڵی (١٩٥٧)دا پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ (حیزبی سەر بەخۆیی) پێکهێناو هەردوو حیزب لە بارەی ناردنی شاندێکی کوردی بۆ قاهیرە گفتوگۆیان کرد.[٤٥٩]

---

[456]. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٣٢٢.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات...، ص ٢٣١؛ نوری شاوەیس: من مذكراتي..، ص٦٦؛ حنا بطاطو: العراق الحزب الشيوعي، الكتاب الثاني، ت. عفيف الرزاز، ط(١)، بيروت، ١٩٩٢، ص٧١.

[457]. جعفر عباس حميدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٣١.

[458]. جرجيس فتح الله المحامي: العراق في عهد قاسم، آراء وخواطر ١٩٥٨- ١٩٦٣، ج(٢)، سويد، ١٩٨٩، ص٢٧١.

[459]. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٣٢٤.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان (پ.د.ك) و (ح.ش.ع)، لەگەڵ ئەوەی کە سەرکردایەتی (پارتی)بە گومان بوو بەرامبەر بە هەوڵەکانی حیزبی شیوعی بۆ بەئەندامورگرتنی لە بەرەدا[460]، بەلاّم دواتر لە سەر ئەوە پێکهاتن کە حیزبی شیوعی نوێنەرایەتی پارتی بکات لە ناو بەرەدا بە مەرجێ داکۆکی لە مافەکانی کورد بکات[461]، هاوکات لە دەرەوەی ئەو بەرەیەش هەردوو حیزب بەرەیەکی دووقۆڵییان پێکهێنا کە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا بەپێی بەندەکانی ئەم رێکەوتنە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا بڕیاری لە سەردرا بوو.[462]

بەم شێوەیە دەکرێ بوترێت کە برایم ئەحمەد لە هەوڵی بەردەوام دابووە بۆ پەیوەندی کردن و نزیك بوونەوە لە پارت و رێکخراوە نەتەوەییەکانی عێراق، بە جۆرێك کە لە قۆناغێکی دواتردا پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشداری لە بەرەی یەکێتی نیشتمانیدا کردووە.

لە لایەکی ترەوە برایم ئەحمەد وەك سکرتێری پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان هەڵوێستێکی دۆستانەی نواندووە بەرامبەر بە (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)ی نێوان میسرو سوریا کە لە (٤شوباتی ١٩٥٨)دا پێك هات.[463]

لەم بارەیەوە سەرکردایەتی سیاسیی پارتی پیرۆزباییەکی ئاراستەی هەردوو سەرۆکی میسرو سووریا کردووە و پشتگیری خۆیان بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی عەرەب دەرخستووە.[464]

لە راستیدا برایم ئەحمەد هەوڵی داوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ دروست بکات لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاری خوازی عەرەب لەمیسر و سوریا، ئەوەبوو لە رێگەی (سدیق شەنشەل)ەوە توانی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەگەڵ (جەمال عەبدولناسر) دروست بکات و هەوڵی دا سەردانی بکات، بەلاّم بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانی پاسپۆرت

هەواڵنامەی کتێب

---

460. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة... ، ص٢٨.
461. چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٢٨.
462. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٣٢٦.
463. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٦٣.
464. بڕوانە: عبدالستار طاهر شريف: تأريخ الحزب الثوري..، ص٣٨٥.

دەربهێنێـت هەوڵەکـەی بـێ ئـەنجام بـوو، بـەڵام تـوانی (حەمـە سـەعید خـەفاف) وەك نوێنەری پارتی وکورد بنێرێت بۆ لای جەمال عەبدولناسر.[٤٦٥]

شایەنی باسە پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنـەوەی سیاسیی کورد لـە کوردستانی عێـراق وکۆمـاری میـسر لـە مـاوەی نێـوان (١٩٥٦–١٩٥٨)پەرەسـەندنێکی بەرچـاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەتایبەتی دوای پێشوازی کردنی جەمال عەبدولناسر لە شاندی کوردی باشووری کوردستان بەسەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی) کە لـە ساڵی (١٩٥٧) سـەردانی قاهیرەیـان کـرد بـۆ ئـەوەی راستـەوخۆ سـەرکردایەتی میـسر لـە بـارودۆخی کوردستان ئاگاداربکەنەوە، یەکێك لە ئەنجامـەکانی ئەم سـەردانەش کردنـەوەی بەشـی کـوردی بـوو لـە رادیـۆی قـاهیرە کـە بـوو بـە فاکتـەرێکی سـەرەکی بـۆ پتـەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەب.[٤٦٦]

لە ساڵی (١٩٥٧)دا لـە سـەر راسپاردەی (برایم ئەحمـەد) شاندێکی پـارتی کـەپێك هـاتبون لـە(جـەلال تاڵـەبانی، د.کـەمال فـواد، عەبـدلرەحمانی زەبیحـی) سـەردانی (سوریا)یان کرد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سـەرکردایەتی سوریا، ئەوە بوو شاندی نێردراو توانیان چاوییان بە (ئەکرەم حۆرانی) سەرۆکی پەرلەمان و سـەرهەنگ (عەبدولحەمید سەراجی) ئەفسەری بە دەسەڵاتی سوریا بکەوێت.[٤٦٧]

لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت" لـە سـەر راسپاردەی مامۆستا برایم ئەحمـەد پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سووریا رێکخرا تاڕادەی ئەوەی لەگـەڵیان پێکهاتین لەسـەر خۆسازدانمان لە کوردستانی عێراق بۆ شۆڕشی چەکداری بەیارمـەتی چەك و پارەو پـوولی میـسر و سـوریا، لـە هـەمان کاتـدا سـەرۆك ناسـر کـە ئەوسا بەتـەمابوو بچێتە سۆڤیەت سـەرۆك بـارزانی ببینێت و لەگەڵی پێکبێت لەسـەر نێوانی کوردو عـەرەب و خەباتی یەککگرتویان".[٤٦٨]

یـەکێکی تـر لـەو پێـشهاتە سیاسـیانەی کـە سـەرکردایەتی پـارتی هەڵوێـستی شۆڕشـگێڕانەی بەرامبـەر دەربـڕی، یـەکێتی نێـوان (عێـراق و ئـوردن) بـوو کـە لـە

---

[465]. مام جەلال: یادنامە... ، ل٢٦.

[466]. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٣٩٦. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مجلة "الوسط"، عدد(٣٥٧)، ١٩٩٨/١٠/٣٠، ص٢٣-٢٤.

[467]جعفر عباس حمیدي: التطورات والاتجاهات...، ص٢٣٢ ؛ مام جلال: یادنامە... ، ل٢٦.

[468].یادنامە... ، ل٢٦.

(١٩٥٨/٢/١٤)دا لـە کۆشـکی (بسمانی) لـە لایـەن شافەیـسەڵی دووەم و شاحوسـێنی تەلال مۆرکرا [٤٦٩]، کە بە (یەکێتی هاشمی) ناسرابوو.[٤٧٠]

پاشان پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان، هەڵوێستی ناڕەزایی دەربڕی و دژی ئەو یەکێتییە وەستاوە، دواتریش لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا هێرشی کردە سەر ئەم یەکگرتنەو بە هەنگاوێکی دوژمنکارانەی دانا لە بەردەم گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی کە لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە.(...یەکگرتنی عێراق و ئوردن لەم کاتەو بەم چەشنە کە پێکدەهێنرێت زیانێکی گەورەی هەیە بۆ گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا کەوا ئیمپریالیزم بەستوویەتی بەعێراقەوە.. وە پرۆژەیەکە نەك بۆ قازانجی عەرەب بەڵکو بۆ قازانجی دوژمنانی عەرەبە...).[٤٧١]

لە هەمان کاتدا (برایم ئەحمەد.عومەر مستەفا –دەبابە)، بە نوێنەرایەتی (پارتی) و دەیان کەسی تری ناسراوی شارەکانی کوردستان، بۆ دەرخستنی چارەنووسی کورد لە عێراقدا لە ناو ئەم یەکێتیەدا، لە شاری کەرکوك یاداشتێکیان ئامادەکرد و لە رێگەی (مەسعود محەمەدو کاکە حەمەی خانەقا)وە بۆ بەرپرسانی باڵای حکومەت بەرزکرایەوە[٤٧٢]، هەر چەندە هەوڵەکەیان دەرئەنجامێکی باشی لیّ نەکەوتەوە، بەڵام ئەوە دەردەخات کە سەرکردایەتی سیاسیی پارتی و کەسایەتییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد هەردەم لە خەباتدا بوون بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە عێراقدا.

شایەنی باسە لەدوای کۆنگرەی دووەمی ساڵی(١٩٥١)ەوە زۆربەی (بەیان) و بڕیارە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە دەرکراون، هەر بۆیەش هەندێك لە هەڵوێستە سیاسییەکانی (پارتی)مان خستنە روو، لەبەر ئەوەی برایم ئەحمەد سکرتێری گشتی (پارتی) بووە، هەر بۆیە کاتێك کە باسی

---

469. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٣٩٩.

470. لە راستیدا ئەم یەکێتیە (یەکێتی هاشمی)، لە لایەن ولاَتانی (پەیمانی بەغدا)وە بەسترا بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات.....، ج(١٠)، ص١٩٧-٢٠٠.

471. بەیاننامەی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەربارەی یەکگرتنی عێراق و ئوردن ١٩٥٨/٢/١٧، وەرگیراوە لە. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل٤٠٤.

472. هەمان سەرچاوە، ل ٤٠٤-٤٠٥.

برایم ئەحمەد ئەکەین لەم قۆناغەدا بەبێ خواستی خۆمان دەبێت باس لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، هەروەك نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێت" لە ساڵی (١٩٥٢)ەوە هەموو ئەو بەیان و بەرنامەو پێڕەوانەی پارتی تا ساڵی (١٩٦٤) هەر هەموویان مامۆستا برایم نووسیویەتی".[٤٧٣]

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە (برایم ئەحمەد) ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی هاوکاری و پەیوەندی و هەڵوێستەکانی پارتیش بە خواست و بڕیاری ئەو کراون.

[473] کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥٣)، بەرواری ٢٠٠٠/٥/٢٣، ل٩.



هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## خەباتی سیاسیی برایم ئەحمەد لە نێوان
## ساڵانی ( ١٩٥٨-١٩٧٥ )دا

هەواڵنامەی کتێب

# باسی یەکەم
# چالاکی سیاسیی برایم ئەحمەد لەسەردەمی دەسەڵاتداریّتی عەبدولکەریم قاسمدا

لە١٤ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)دا، دەستەیەك لە ئەفسەرانی سوپای عێراق بە رابەرایەتی (عەبدولکەریم قاسم)، بە کردەوەیەکی سەربازی کۆتاییان بە حکومەتی پاشایەتی عێراق هێناو حکومەتێکی کۆمارییان راگەیاند، لە راستیدا ئەم شۆڕشە*، روداوێکی کتوپڕو بە ڕێکەوت نەبوو لە مێژووی عێراقدا، بەڵکو چەندین فاکتەری ناوخۆیی ودەرەکی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوری راستەوخۆیان هەبوو لەو رووداوەدا.[474]

لەم بارودۆخەدا سیستمێکی حوکمڕانی عێراق چەندین گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێوچەیی و نێودەوڵەتی هێنایەکایەوە، لە شێوەی گۆڕانی سیستمی فەرمانڕەوایی عێراق و پەیوەندییە نێوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی، لە بارەی پرسی کوردیشەوە لە باشووری کوردستاندا سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا دەستی پێکرد.

---

* جێگەی باسە زاراوەو چەمکی شۆڕش بە گەلێك شێواز گوزارشتی لێکراوە بەڵام بەگشتی یەك ناوەڕۆکیان هەیە، بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردو جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی شۆڕش و کودەتا بڕوانە د.واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٠٤-١٠٧.

474. بۆزانیاری زیاتر لە بارەی شۆرشی١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و گرنگترین هۆکارەکانی بڕوانە. ليث عبدالحسين الزبيدى: ثورة ١٤تموز في العراق، منشورات مكتبة اليقظية العربية، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨١؛ صبيح علي غالب: قصة ١٤تموز والضباط الاحرار، ط(٢)، بغداد، ١٩٧١؛ محمد حمدى الجعفرى: نهاية قصر الرحاب، تفاصيل ماحدث ليلة ١٤تموز و صبيحتها، بغداد، ٢٠٠٠، ص٤٦-٥١.

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەمین بەیاننامەی شۆڕش[٤٧٥]، گەلی کورد لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بەو پەڕی تواناوە خۆشحاڵی خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕی و سەرکردەی ئەو شۆڕشەیان وەك پاڵەونێکی نیشتمانی و ئەفسانەیی لە قەڵەم دا.[٤٧٦]

سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و خوودی (برایم ئەحمەد) وەك سکرتێری حزب، لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨)دا، پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکەین کە ناوبراو هەر لەسەرەتاوە بەشداری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی عێراقیدا کردووە و ئەوەندەی بۆی رەخسابێت هاوشانی پارت و هێزە نیشتمانییەکانی تری عێراق هاوکارو هەماهەنگ بووە و هەروەك چۆن بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلانی تری عێراق، بەوشێوەیەش بایەخی خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی زانیووە، هەر بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی بۆ شۆڕشەکە دەربڕی.[٤٧٧]

رۆژی ١٤تەمووزی ١٩٥٨(برایم ئەحمەد ) لە کەرکوك لە ژێر چاودێریی حکومەتی پاشایەتیدا بوو، لە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی سەرکەوتنی شۆڕشەکە پشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی نوێ راگەیاند.[٤٧٨]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" پاش راگەیاندنی شۆڕش بە کەمتر لە کاتژمێرێك سەرکردایەتی حزب لە کەرکوکەوە، برووسکەیەکمان بۆ سەرکردایەتی هێزە چەکدارە نیشتمانیەکان لێداو پشتگیریمان لە شۆڕشی پیرۆز راگەیاندو هیوامان خواست کە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێت بۆ دامەزراندنی پەیوەندی بەتینی عەرەبی –کوردی کە چاکەو پێشکەوتنی هەردوو گەلی تێدا بێت".[٤٧٩]

---

[475]. بۆ بنینی دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد١٩٥٨– ١٩٦١، و. سەعید ناکام، چ(١)، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨، ل٢٤ ؛ محمود الدرة: القظية الكردية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦، ص٢٦٩–٢٧٠.

[476]. شازین هێرش: بەڵگەنامە،...، ل٧؛ سەعید ناکام: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چ(١)، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٩٣–٩٦.

[477]. جلال الطالباني: كردستان والحركة....، ص٢٧٧.

[478].سعد ناجي جواد: العراق المسالة....، ص٣٦.

[479]. ئیبراهیم ئەحمەد: پەیامی دڵسۆزی..، ل٩؛ جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص٢٧٧؛ سعد ناجي جواد: العراق المسالة....، ص٣٦؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: عبدالكريم قاسم و القضية الكردية، "متين" مجلة، عدد(٥٤)، ص٧٠.

لە راستیدا پشتگیریکردنی سەرکردایەتی کورد لە شۆڕشی ١٤ی تەمووز کارێکی دروست و پڕ بایەخ بووە، چونکە چاوخشانێك بە ماك و بیروباوەڕەکانی شۆڕشدا دەردەکەوێت کە زۆربەیان لە بەرژەوەندی پرسی کورد بووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە (١٦تەمووزی١٩٥٨)دا بەیانێکی بڵاوکردەوە و تێیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سیستمێکی حوکمڕانی عێراقدا هاتووە، چاوەڕوانی بەدیهاتنی ژیانێکی بەختەوەر و یەکسانی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبی لێدەکرێت، لەبەر ئەوە پارتی چەندی بۆی بکرێت بەرگری لە کۆماری عێراق دەکات.[٤٨٠] ستراتیجی (پارتی) لە دوتوێی ئەم بەیانەدا دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە بڵێین رەنگدانەوەی بیروڕاکانی (برایم ئەحمەد)ەو زۆر پێدەچێت بەدەستی ئەو نووسرابێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر شۆڕش وەرگرتووەو هەوڵیشی داوە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی عێراقی گرتووەتەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد سوودی لێ وەربگیرێت.

لە (١٩٥٨/٧/٢٧)دا پارتی دیموکراتی کوردستان شاندێکی بە سەرۆکایەتی (برایم ئەحمەد )و یاوەری (عەلی عەبدوڵلا)و (نوری ئەحمەد تەها)و نوێنەری زۆربەی شارەکانی کوردستان رەوانەی بەغداد کرد و سەردانی دەسەڵاتدارانی نوێی عێراقیان کرد.[٤٨١]

480 . ئەمەش دقی بەیانەکەیە. ((پارتی دیموکراتی کوردستان پێشرەوی بزووتنەوەی رزگاری کورد، لە کاتێکدا ئەرکە مێژووییەکانی خۆی بە چاوی بایەخەوە تێدەفکرێ و لە پێناوی گەورە بوونی هێزی بزووتنەوەی رزگاری گەلی عەرەب و سەرکەوتنی و لە رێی رزگاری عێراق لە دەسەڵاتی پاشایەتی بۆگەنی دزێو، بۆ پێکەوەنانی کۆمارێکی ئازادو کشانەوەی عێراق لە پەیمانی بەغداد کە سەر نێزەیەو ئاڕاستەی سەر دڵی نەتەوەی کورد کراوە، ئەمانە باشترین بناغەن بۆ شورەی ژیانێکی پر لە بەختیاری و ئازادی و هاوتایی هەردوو گەلی کورد و عەرەب، لە بەر ئەوە پارتی بڕیاری دا بە هەموو هێزێکەوە و چۆنی بۆ هەڵسورێ، تێ بکۆشێ بۆ پاراستن و بنج داکوتان و گەشەکردنی کۆماری عێراق، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش هەموو ئەندام و لایەنگرەکانی کرد بە فیدایی بۆ کۆماری عێراق و بەربەرەکانی ئیمپریالیست و پلانەکانی و کلکەکانی" وەرگیراوە لە. عبدالستار طاهر شریف: الجمعيات والمنظمات...، ص١٩١؛جلال الطالباني: كردستان والحركة..، ص٢٧٨؛مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ...، ل٣٤-٣٥.

481 .صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٧١-٧٢؛ گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتە براوی غەدرلێکراو..، ل١٨٢.

برایم ئەحمەد وەك سكرتێری (پارتی) وتارێكی مێژوویی لەبەردەم عەبدولكەریم قاسمدا خوێندەوە و تیایدا پرسی كورد وئامانج و خواستەكانی و هەڵوێستیان بەرامبەر حكومەتی نوێی عێراق و پەیوەندی لە مێژینەی نێوان (كوردو عەرەب)ی خستە روو[٤٨٢]، لە كۆتایی لێدوانەكەشیدا ئاماژەی بە چەند خاڵی گرنگ كرد كە بووەتە هۆی رێگریەك لەبەردەم پێشكەوتنی كورد و رایگەیاند" رژێمی پاشایەتی روخاو هەستابوو بە لە باوەش گرتنی دەستەیەكی كەم لە بەكرێ گیراوی خاین و نامەردی كورد، لە بەرامبەریشدا سەرجەم گەلی كوردی پشت گوێ خستبوو، هەروەها تەقەلای نەهێشتنی زمانی كوردی بەهۆی بەكار نەهێنانی لە فەرمانگەكانی دەوڵەتداو كارپێ نەكردنی زمانی كوردی تەنها لە هەندێك جێگای تەسك نەبێ، هەروەها گۆڕینی ناوی كوردستان بە (باكوور)و كورد بە (باكووری).. ".[٤٨٣]

لێرەدا دەردەكەوێت كە برایم ئەحمەد هەوڵی داوە كۆمەڵێك راستیی مێژوویی بخاتە بەردەم سەركردایەتی نوێی عێراق، بەو هیوایەی جارێكی تر گەلی كورد دووچاری نەهامەتی نەبێتەوە، دەتوانین ئەم وتارە لە چەند خاڵێكی سەرەكیدا كورت بكەینەوە.

١-پیشاندانی ئەو راستییە مێژووییەی كە گەلی كورد وعەرەب دوو نەتەوەی سەربەخۆن و هیچ جیاوازییەكی كۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا نیە.

٢-دەرخستنی ئەو زوڵم و زۆرەی كە بەرامبەر میللەتی كورد كراوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانییەوە تا دەگاتە ئیستا.

٣-هەوڵی داگیركەران بۆ پارچە پارچەكردنی كوردستان و فەرامۆش كردنی مافی نەتەوەیی كورد لە پێناو بەرژەوەندییەكانی خۆیان.

٤-دەرخستنی كێشەی ویلایەتی (موسل)و راگەیاندنی راستییەكان لەبەردەم سەركردایەتی نوێی عێراقدا.

٥- هەڵوێستی گەلی كورد بەرامبەر بە پێشێلكارییەكانی رژێمی پاشایەتی و بەرپابوونی دەیان شۆڕش و راپەڕین دژی ئەو رژێمە.

---

[482] . میڤان عارف: الحركة القومية الكوردية....، ص٤٤؛ سعد ناجي جواد: العراق المسالة....، ص٣٦-٣٧.

[483] .بۆ تەواوی دەقی لێدوانەكەی برایم ئەحمەد بڕوانە. مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی..، ل٣٤- ٣٨ ؛ جلال الطالباني: كردستان والحركة....، ص٢٧٩-٢٨٤.

**٦-پیشاندانی هەڵویستی کورد لە پارێزگاریکردنی کۆماری عێراق و دژایەتی کردنی هەر هەوڵێك کە بدرێت دژی ئامانجەکانی شۆڕش.**

**جێگەی باسە کە رۆڵی دیبلۆماسیی سەرکردایەتی پارتی و خودی (برایم ئەحمەد) کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو لەسەر (قاسم)، بۆ دەربڕینی رەزامەندی بە گەڕانەوەی (بارزانی )و یاوەرانی بۆ عێراق، چونکە سەرکەوتنی هەوڵی گەڕانەوەی بارزانی رێگەی بۆ سەرکەوتنی تر خۆش کرد لە شێوەی خستنە رووی دۆزی نەتەوەیی کورد و داخوازیەکانی.[٤٨٤] لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لەو سەردانەدا من و کاك عەلی عەبدوڵلا پەیوەندیمان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا کردو پاشان مەسەلەی گەڕانەوەی مەلا مستەفامان باس کردو ئەویش داواکەمانی جێبەجێ کرد...".[٤٨٥]**

**هەرچەندە (برایم ئەحمەد) شۆڕشی ١٤ی تەمووزی بە رووداوێکی گەورەو گرنگ دەزانی، بەڵام هەر لە یەکەم دیداریدا لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش ترسی لادان لە بنەماکانی دیموکراسی و پەیڕەوی کردنی حوکمی تاکەکەسی لەلا دروست ببوو.[٤٨٦]**

**لە٢٧ تەمووزی ساڵی(١٩٥٨)دا دەستووری کاتی عێراق راگەیەنرا[٤٨٧]، سەبارەت بە مافی گەلی کورد لە بەندی (٣)ی ئەم دەستوورەدا هاتووە" عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەداو دان بەمافە نەتەوەییەکانیان لەناو یەکێتی عێراقدا نراوە".[٤٨٨]**

---

484. د.واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزووتنەوەی...، ل٨٠.

485. پەیامی دڵسۆزی...، ل٩-١٠.

486. جلال الطالباني: كردستان الحركة....، ص ٢٧٨؛ پوختەی ژیاننامەی برایم ئەحمەد...، ل٤٢.جێگەی باسە لەو رۆژگارەدا (عەبدولکەریم قاسم) رووبەڕووی گێژاوێکی سیاسی گەورە ببۆوە، لە لایەکەوە حزبی شیوعی لە هەوڵی ئەوەدابوو کە دەسەڵات لە دەستی (قاسم) دەربهێنێت، لە هەمان کاتدا حزبی (بەعس) هەوڵی یەکگرتنی دەدا لەگەڵا میسرو سوریا، هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستانیش داوای چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی دەکرد بۆ کوردستان، هەر بۆیە (قاسم)یش لەم نێوەندەدا هەوڵی دا سنوورێك بۆ ئەو رێکخراوانە دابنێت.

487. ئەم دەستورە پێکهاتووە لە پێشەکیەك و(٣٠) مادده، کە دابەش بووە بەسەر چوار (باب)دا و ئاماژە بەوە دەکات کە کۆتایی بە(یاسای بنەرەتی عێراق)هاتووە، بەڵام هیچ مادەیەکی دستنیشان نەکردووە سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە (ماوەی گواستنەوە) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. أزهار عبدالكريم عبدالوهاب: الحقوق والحريات العامة في ظل الدساتير العراقية، اطروحة ماجستير، غير منشورة، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص١٢٣.

488. المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، الدساتير العراقية و دراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستورية الدولية، كلية الحقوق بجامعة دي بول، ط(١)، ٢٠٠٥، ص٥٧.

جێگەی باسە ئەم بەندەی دەستووری کاتی عێراق، سەرکردایەتی پارتی و خودی (برایم ئەحمەد) ڕۆڵیان لە چەسپاندنیدا هەبووەو بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام لە پەیوەندی وگفتوگۆدا بوون لەگەڵ سەرکردایەتی پارت و ڕێکخراوە عێراقیەکان، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لە حوزەیرانی(١٩٥٦)دا (سدیق شەنشەل وکامل جادرچی)داوایان لە هەریەکە لە (برایم ئەحمەدومەسعود محەمەد)کردووە، بۆ نووسین وداڕشتنی بەندێك سەبارەت بە مافەکانی نەتەوەی کورد.[٤٨٩]

هەر لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" پارتی هەوڵیدا لە ڕێگەی نوێنەری بەرەی یەکێتی نیشتمانییەوە، بڕگەیەك لە دەستووردا زیاد بکات کە پەیوەندی هەبێت بە مافی ئۆتۆنۆمی کوردەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە سەری نەگرت".[٤٩٠]

هەر سەبارەت بە هەوڵەکانی برایم ئەحمەد بۆ چەسپاندنی بڕگەیەك سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی لە دەستوردا، دیڤد ماکداولْ دەڵێت" ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری گشتی پارتی بە سووربونەوە داوای لە قاسم کرد ئۆتۆنۆمی لە دەستووری کاتیدا بگونجێنیٚ، بەڵام ئەو لە لایەن یاریدەدەرەکەی (عەبدولسەلام عارف)و ناسیۆنالیستەکانی تری عەرەب لەژێر گوشاردا بوو، تەنانەت دژی ئەو مامەڵە بە رووکەش باشە بوون کە قاسم بەرامبەر بە کورد دەینواند"[٤٩١]، ئەمەش بەڵگەیەکی روونە سەبارەت بەوەی کە برایم ئەحمەد لە ئاست مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بەردەوام داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی کردووە.

لە راستیدا لە نێوان بەندەکانی ئەم دەستورە کاتییەدا جۆرە نەگونجانێك بەدی دەکرا بەتایبەتی ناوەڕۆکی بەندی سێیەم دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی بەندی دووەم کە تیایدا هاتووە (عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)[٤٩٢]، کە ئەمەش لە روانگەی یاساوە شێوازێکی نەگونجاوە.

---

489. میڤان عارف: الحركة القومية الكردية...، ص٤٧ ؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: عبدالكريم قاسم و القضية الكردية...، ص٧١.

490. خەبات (جريدة)، عدد(٧٤١)، ٩ايلول ١٩٩٤.

491. مێژووی هاوچەرخی کورد....، ل٤٩٨.

492. الدساتير العراقية و دراسة..، ص٥٧.

لە ٢٧تەمووزی ١٩٥٨دا (عەبدولکەریم قاسم) لەسەرداوای گەلی کورد بەگشتی و پارتی بەتایبەتی، بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ هەموو بارزانییەکان دەرکرد[٤٩٣]، پاشان (برایم ئەحمەد) ڕێوشوێنی گەڕانەوەی (بارزانی) ڕێکخست و توانیویێتی لە ڕێگەی وەزیری ناوخۆ (عەبدولسەلام عارف)*ەوە چوار پاسپۆرت ئامادە بکات و بۆ پێشوازیکردن لە بارزانی و هاوەڵەکانی بەرەو پراگ بەڕێ کەوت.[٤٩٤]

هاوکات برایم ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێت" من لە ڕێی (عەبدولسەلام عارف)و (تایەر یەحیا)وە، کە لە ڕێگەی (کەریم قەرەنی)یەوە پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو، توانیم پەساپۆرت پەیداکەم و لەگەڵ خۆم بیانبەم و بیان هێنمەوە، واتە مۆڵەتی هێنانەوەی (بارزانی)م لە (عەبدولسەلام عارف) وەرگرت".[٤٩٥]

لە ١٩٥٨/٨/٢١دا هەریەکە لە بارزانی و میر حاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی مۆسکۆیان بەجێ هێشت و گەیشتنە (بوخارست)ودواتر لە (پراگ)ی پایتەختی (چیکۆسلۆفاکیا) چاویان بە برایم ئەحمەد کەوت و دوای وتوێژێکی کەم لە بارەی ڕێکخستنەکانی پارتی و بارودۆخی کوردستان[٤٩٦]، بە باش زانرا کە بە (قاهیرە)ی پایتەختی میسردا بگەڕێنەوەو هەلومەرجی گفتوگۆیەکی سیاسی لە نێوان مستەفا بارزانی و جەمال عەبدولناسردا ڕێکخرا، بەو هیوایەی کە بناغەی هاوکاری نێوان نەتەوەی (کورد و عەرەب) دابڕێژن.[٤٩٧]

---

[493] . بۆ زانیاری زیاترو دەقی بڕیاری لێخۆشبونەکە. بڕوانە.میڤان عارف: الحركة القومية الكوردية...، ص٤٨.

*.جێگەی باسە هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە عەبدولسەلام عارف دژی گەڕانەوەی بارزانی و یاوەرانی بووە و پێی وابووە جارێ بارودۆخی وڵات لەبارنیە بۆ گەڕانەوەیان، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە. خليل ابراهيم حسين: ثورة الشواف في الموصل ١٩٥٩ (الصراعات بين قاسم و عارف)، ط(١)، بغداد، ١٩٨٧، ص١٨٠-١٨٢.

[494] . مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٤٣؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٧٣.

[495] . حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٢٩.

[496] .صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٧٣.

[497] .مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٤٣ ؛ نوري شاوةيس: من مذكراتي....، ص٧٠.

هەوڵەکانی برایم ئەحمەد هەرچەندێك بوو بێت، جگە لەوەی ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بەجێ هێناوە، لە هەمان کاتیشدا گەڕانەوەی بارزانی گرنگییەکی گەورەی هەبووە بۆ بەهێزبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد.

یەکێك لەو پێشهاتانەی کە پارتەکانی عێراق نەیانتوانی هەڵوێستێکی یەکگرتوی لە بارەوە بنوێنن لە دوای شۆڕشی١٤ی تەمووز، پرسی یەکێتی و یەکگرتنی عەرەبی بوو، جا ئەوە یەکگرتنێکی راستەوخۆ بێت هەروەك (عەبدولسەلام عارف)و حزبی سەربەخۆیی و حزبی بەعس و نەتەوەییەکان و ناسرییەکان هەوڵیان بۆ دەدا، یاخود شێوازێکی فیدراڵی بێت هەروەك عەبدولکەریم قاسم و لایەنگرەکانی بانگەشەیان بۆ دەکرد کە پێك هاتبوون لە حزبی شیوعی عێراق و پارتی.[498]

هەڵوێست وەرگرتنی پارتی بەرامبەر بە یەکێتی عەرەب، بووە هۆی دروست بوونی کێشەی ناوخۆیی لەناو سەرکردایەتی (پارتی)دا، ئەمەش وای کرد پارتی دابەش ببێت بەسەر دووباڵی سەرەکی دا:-

باڵی یەکەم بە سەرکردایەتی هەمزە عەبدوڵلا و کۆمەڵێك لە مارکسییەکان کە بیرو باوەڕیان لە حزبی شیوعییەوە نزیك بوو، باڵی دووەم بە سەرکردایەتی برایم ئەحمەد کە لە لایەن زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە پشتگیری دەکرا، هاوکات لە لایەن باڵی یەکەمەوە بە شوێنکەوتەی بۆرجوازی عەرەبی لە قەڵەم دەدرا[499]، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە جۆرە پەیوەندییەکی دۆستانەی سیاسی لە نێوان برایم ئەحمەد و بەرەی یەکێتی نەتەوەیی عەرەبدا هەبوو.[500]

هەر چەندە برایم ئەحمەد لە بەرامبەر چەند مەرجێك پشتگیری بە ئەندامبوونی عێراقی کردووە لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا و بڕوای وابوو بونیادی وڵات و نێونەتەوەیی بەهێز دەکات و رێگە بۆ سەرکردەکانی عێراق ئاسانتر دەکات کە

[498]. د.واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٨٣.

[499]. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٧٤.

[500]. ئەم پەیوەندیانەی نێوان باڵی برایم ئەحمەدو بەرەی یەکێتی عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە نوێنەری پارتی سەردانی (فواد رەکابی )کردبوو لە دوای ئەوەی کە ببوو بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە= =یەکەمین کابینەی حکومەت لە دوای کودەتای ١٤تموز، هەروەها ئەو سەردانەی کە برایم ئەحمەد کردبووی بۆ لای میشیل عەفلەق لە ٢٤. تەمووزی ١٩٥٨دا لە میوانخانەی بەغداد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. المصدر السابق..، ص٧٤-٧٥.

ئیمتیازات بدەن بە کورد[٥٠١]، بەڵام لە راستیدا پێ ناچێت بەدیهاتنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو رێگە خۆشکەر بووبێت لە بەردەم جێبەجێکردنی مافەکانی کورددا، چونکە بە پێی واقعی سیاسی ئەو یەکگرتنە دەبووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی عەرەب و لە بەرامبەریشدا پشتیان لە مافەکانی کورد دەکرد.

لەبەر ئەوە پارتی لە (١٩٥٨/٩/١١)دا یاداشتێکی لەو بارەیەوە ئاڕاستەی سەرۆك وەزیران (عەبدولکەریم قاسم)و جێگرەکەی (عەبدولسەلام عارف)کردو دیدو بۆ چوونی خۆی تێدا روونکردەوە.[٥٠٢]

برایم ئەحمەد لەسەر چەند بنەمایەك پشتگیری خۆی بۆ ئەو یەکێتیە دەربڕیووە کە تا رادەیەکی زۆر ئاستی وشیاری سیاسی و یاسایی پێوە دیارە، گرنگترینیان:-

یەکەم: تاج ئەندازیەك ئەو ئامانجە دوورو نزیکانە دەپارێزێ کە گەلی عێراق بە گشتی هەوڵی بۆ داوە.

دووەم: ئەندازەی پێکهێنان و پاراستنی ئامانجی هاوبەشایەتی لە وڵات و ئەندازەی فراوانکردنی مافەکانی نەتەوایەتی گەلی کورد، ئەوەی لە دەستووری کۆماری عێراقدا دانی پیانراوە.[٥٠٣]

پاشان برایم ئەحمەد پیشنیار دەکات کە ئەگەر عێراق ویستی بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان بچێتە یەکگرتنێکی فیدراڵ لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، دەبێ دان بنێ بە جۆرێك ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە نێوان یەکێتی عێراقدا، لە لایەکی ترەوە ئەگەر عێراق ویستی بچێتە نێو یەکێتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، پێویستە دان بەوەدابنێ کە گەلی کورد لە عێراقدا ئەندامێکی فیدراڵە لەم قەوارە نوێیەدا.[٥٠٤]

ئەم هەڵوێستانەی برایم ئەحمەد سەبارەت بە یەکێتی عەرەب، وەك لە روداوەستانێك وابووە لەدژی سەرۆکی پارتی (مەلا مستەفا)، چونکە بارزانی بە هەموو شێوەیەك پشتگیری عەبدولکەریم قاسمی کردووە، هەروەك ئاشکرایە

---

[501]. نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی...، ل١٣٦.

[502].مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٧٩؛ د.واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی.، ل٨٣.

[503].مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٧٩ ؛ شێرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١٣٦

[504]. جلال الطالباني: كردستان والحركة...، ص٣٦.

**بیروڕاکانی (برایم ئەحمەد)یش بۆ یەکێتی عەرەب لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم)دا نەدەگونجا، ئەمەش وایکرد کە بارزانی بەبێ وەرگرتنی بڕیاری مەکتەبی سیاسی (برایم ئەحمەد)ی لە سکرتێری گشتی لابردو هەمزە عەبدوڵڵای لە شوێنی دانا.[٥٠٥]**

**بە پێی هەندێك سەرچاوە ئەم هەڵوێستەی بارزانی بەرامبەر (برایم ئەحمەد) بەڕاو تەگبیری عەبدولکەریم قاسم بووە و هەر ئەویش لە یەکەمین چاوپێکەوتنیاندا لە تشرینی یەکەمی (١٩٥٨)دا، ئامۆژگاری مەلا مستەفای کردووە کە بە ئاگابێت بەرامبەر بە بیروڕاکانی برایم ئەحمەد.[٥٠٦]**

**هەر لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت"براکانمان لە حزبی شیوعی (عەبدولکەریم)یان لێ هاندابن و(عەبدولکەریم)یش ئامۆژگاری مەلا مستەفای کرد بۆ ئەو کارە"[٥٠٧]، هاوکات برایم ئەحمەد دەڵێت" عەبدولکەریم باوەڕی بە مەلا مستەفا هێنابوو کە من لەگەڵ کۆمەڵەکەی عەبدولسەلام عارف دا ڕێکم، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا ڕێك نیم کە عەبدولکەریم دەیەوێ".[٥٠٨] جێگەی باسە برایم ئەحمەد هەر لەسەرەتاوە دەرکی بەو ڕاستییە کردووە کە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبێتە هێزە زاڵەکەی عێراق، لەو پێناوەشدا هەوڵی داوە پێوەندی دۆستانە لەگەڵ عەبدولسەلام عارف دروست بکات بۆ ئەوەی دابینکردنی مافی کورد لە دوارۆژدا ئاسان بێت.**

**لە کانوونی دووەمی(١٩٥٩)دا بەپشتگیری (بارزانی) مەکتەبی سیاسی نوێ دوای دورخستنەوەی (برایم ئەحمەد) دەستنیشانکراو هەمزە عەبدوڵڵا جارێکی تر کرا بە سکرتێری پارتی.[٥٠٩]**

---

**[505]. نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی..، ل١٣٦؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٧٥.**

**[506]. سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص٤٨.**

**[507]. وەرگیراوە لە صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٧٥؛ مجلة الوسط، عدد (٣٥٧)، ١٩٩٨/١١/٣٠.**

**[508]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٢٩.**

**[509]. سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص ٤٠؛ حبيب محمد كريم: صفحات من نضال الشعب الكردي، تأريخ مؤتمرات الحزب، أربيل، ١٩٩١، ص٨؛ فاضل البراك: مصطفى البارزاني، الأسطورة والحقيقة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٥٨. هاوکات هەندێك لە شارەزایانی ئەو ڕووداوانە پێیان وایە کە برایم ئەحمەد بە ئاشکرا لە پۆستی سکرتێر لانەبراوە، بەڵام کاروباری مەکتەبی سیاسی لە لایەن هەمزە= =عەبدوڵڵاوە بەڕێوە دەبرا، واتە برایم ئەحمەد لەو کاتەدا تەنها بە ڕووکەش سکرتێر بووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠.**

جێگەی باسە سەرکردایەتی نوێی پارتی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پارتی بکاتە شوێنکەوتەی حزبی شیوعی عێراق و تا رادەیەك پارتی کردبووە لقێك لە لقەکانی حزبی شیوعی[٥١٠]، پاشان کۆمیتەی ناوەندی پارتی بڕیاریدا بە یەکخستنی رێکخراوەکانی (یەکێتی قوتابیان)و (لاوانی دیموکرات)و (یەکێتی ئافرەتان)، لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا.[٥١١]

هەرچەندە باڵی هەمزە عەبدوڵلا خۆیان بە باڵێکی پێشکەوتوخواز و چەپی پارتی دەزانی، بەڵام جەلال تاڵەبانی رای وایە" ئەوانە باڵی راستڕەوی پارتی بوون، چونکە دەیانویست (پارتی) لە پارتییەکی پێشڕەوی کرێکاران و جوتیاران و رەنجدەرانەوە بکەنە حزبی بۆرجوازی نیشتمانپەروەر و موڵکداری نیشتمانی، تەنها بەهانەی چەپبوونەکەیان کلکایەتی کوێرانەبوو بۆ حزبی شیوعی".[٥١٢]

ناکۆکی نێو ریزەکانی پارتی بە جۆرێك بوو کە هەڕەشەی لێکترازانی لیٚ دەکرا، لەبەر ئەوە بارزانی بڕیاریدا راستەوخۆ دەسەلاتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە[٥١٣]، لە٣٠حوزەیرانی (١٩٥٩)دا بڕیاردرا کە کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی تایبەت ببەستێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر هەمزە عەبدوڵلا و هاوڕێکانی ئامادە نەبوون بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەن[٥١٤]، جگە لەوەش هەمزە عەبدوڵلا نامەیەکی بۆ بارزانی ناردبوو کە تیایدا داوا لە بارزانی دەکات کە باوەڕ بە (برایم ئەحمەد) و باڵەکەی نەکات، چونکە ئەوان راستڕەون و دڵسۆزی پارتی و بارزانی نین.[٥١٥]

لە راستیدا ئەم هەڵوێستەی هەمزە عەبدوڵلا (بارزانی) زۆر نیگەران کردبوو بەتایبەتی دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکە کە تیایدا ئامۆژگاری (بارزانی)دەکات و دەڵێت(کنت دائماً ناصحاً امینا لك).[٥١٦]

---

[510] .مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٦٠.

[511] . صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٧٦.

[512] . مام جەلال: خەبات لەچییەوە هات و...، ل٥.

[513] . چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عزالدین مستەفا رەسول، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٢٨.

[514] . صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٧٦-٧٧.

[515] . "خبات " جریده، عد(٧٩١)، ١٩ تموز ١٩٩٦؛ مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...،ل٦١.

[516] . حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٢٤-٢٥.

**ئـــەوەبوو کۆمیتـــەی ناوەنـــدی کۆمـــەڵێك بڕیـــاری دەرکـــرد کـــە گرنگترینیـــان هەڵپەساردنی دەسـەڵاتی هـەر یەکە لـە (هـەمزە عەبدوڵڵا، سـالح حەیـدەری، خەسـرەو تۆفیق، نـەژاد ئەحمـەد، سـالح روشدی، حەمید عوسمان) و سپاردنی بەرپرسیارێتی سەرپەرشـتی کردنـی رۆژنامـەی خـەبات بـە (جـەلال تاڵـەبانی)[517]، دواتـر بـارزانی کۆمەڵێك چەکداری نارده سـەر بارەگای لقی (پێنجی)ی پارتی لـە بەغداد و هەسـتان بەدەرکردنی ئەندامانی سەر بە هەمزە عەبدوڵڵا.[518]**

**جێگەی باسە ئەم گۆڕنکارییانەی ناو(پارتی)، تا رادەیەك پەیوندی بە باروودۆخی نـاوخۆی عێراقـەوە هـەبووە، چـونکە (هـەمزە عەبـدوڵڵا) بیروبـاوەڕێکی شـیوعیانەی هـەبووە، پەیوەنـدی حزبـی شـیوعیش لەگـەڵ (عەبدولکـەریم قاسـم)دا بـەهۆی ئـەو روداوانەی کە لـە (کـەرکوك)* رویانـدا بـوو، تـا رادەیـەکی زۆر تێك چووبوو، هـەر بۆیـە پێدەچێت مـەلا مستەفا بـە پێویسـتی زانـیبێ کـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە دەستی لایەنگرانی شیوعی دەربهێنێت.[519]**

**لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت"من وەك نوێنەری (پـارتی) و گـەلی کـورد، لەگـەڵ چـەند نوێنـەرێکی تـردا، (عەبدولکـەرم قاسـم) لـە مـانگی (مـای/١٩٥٩)، نـاردینی بـۆ سەرووی (ئەفریقا) بۆ ئەوەی بە وڵاتە عەرەبیەکاندا بگەڕێین و پڕوپاگەندە بۆ شۆڕشی عێراق بکەین، ئێمە لەوێ بووین، بەهۆی هەواڵی رادیۆو رۆژنامەکانـەوە زانیمـان جـۆرە ناکۆکیەك لە نێوان (عەبدولکەریم)و (پارتی کۆمۆنیست)دا هەیە، (مەلا مستەفا) لایەنی عەبدولکەریم و (هەمزە عەبدوڵڵا)ش لایەنی (پارتی کۆمۆنیستی) گرتبوو".[520]**

---

[517]. **میڤان عارف: الحركة القومية الكوردية.. ، ص٥٦-٥٧؛ مام جەلال: خەبات لەچییەوە هات و چۆن.. ، ل٥.**

[518].**چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ د.عزالدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٢٨؛ دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٠٣ ؛ نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی...، ل١٣٧.**

***. لە ١٩٥٩\٧\١٤ لە ساڵ رۆژی شۆرشی ١٤ی تەمووز شەڕو پێکدادانێکی گەورە لە نێوان کوردو تورکمان لە کەرکوك روویدا، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو رووداوە بڕوانە. میڤان عارف: الحركة القومية الكوردية...، ص٦٨-٧٢.**

[519]. **دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٠٢.**

[520].**حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٢٤-٢٥.**

لێرەدا برایم ئەحمەد هەوڵ دەدات ئەوە رابگەیەنێت کە پەیوەندی بە ململانێی نێوان (بارزانی و هەمزە عبدوڵڵا)وە نەبووە* هاوکات لەدوای گەڕانەوەی بۆ عێراق هەوڵی داوە دژی ئەو گۆڕانکارییانە بوەستێتەوە، هەروەك خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت" کاتێك کە هاتمەوە بۆ کوردستان، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەوان چاوەڕوانیان دەکرد داوام لێکردن کۆبوونەوەیەك بکەین یان کۆنفرانسێ بگرین تا ئەم کارەی (مەلا مستەفا) کردوویەتی رەت بکەینەوە و بە قسەی نەکەین، چونکە ئەو مافی ئەوەی نییە ئەندام لە پارتی دەربکات بە تایبەتی مافی بە کارهێنانی چەکی نییە، بەڵام ئەم هەوڵانە سەری نەگرت".[٥٢١]

جێگەی ئاماژەپێدانە برایم ئەحمەد بەرامبەر بەو گۆڕنکارییانەی کە مەلا مستەفا لەناو (پارتی)دا ئەنجامی دەدا هەڵوێستی هەبووە، بەڵام هەوڵی دەدا لە رێگەی دیبلۆماسی و وتوێژەوە چارەسەری کێشەو گرفتەکان بکات و نەبێتە هۆی لێکترازانی ریزەکانی پارتی، هەروەك لە ساڵانی دواتردا روویدا.

هەلومەرجی ئەوکاتەی پارتی پێویستی بە بەستنی کۆنگرەیەکی نوێ هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەست نیشان کردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نوێ، هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ٤-١٩٥٩/١٠/٧دا (پارتی) کۆنگرەی چوارەمی خۆی لە ماڵی (برایم ئەحمەد) لە بەغداد بەست، بە ئامادەبوونی نزیکەی (٩٠) ئەندام و بەشداری کردنی مەلا مستەفا کە یەکەم جاربوو بەشداری لە کۆنگرەی (پارتی)دا بکات[٥٢٢]، کۆنگرە هەندێك بڕیاری گرنگی دەرکرد لەوانە دەرکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوو کە لایەنگری حزبی شیوعی بوون و گۆڕینی ناوی پارتی بۆ (پارتی

---

* بە پێی بیروڕای سەلاح خەرسان کەسێك کە رۆڵی سەرەکی بینیبێت لە ململانێی نێوان (مەلا مستەفا)و (همزە عەبدڵڵا)دا، عەبدڵڵا ئیسحاقیە کە ناسراوە بە (ئەحمەد تۆفیق)کە ئەو کاتە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە پەیوەندییەکی پتەوی هەبووە لەگەڵ مەلا مستەفادا و هەر ئەمیش بوو مەلا مستەفای لە هەڕەشەی لەناوچوونی پارتی ئاگادار کردووەتەوە. بڕوانە. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٧٦. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەحمەد تۆفیق بڕوانە د. یاسین سەردەشتی: ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) ١٩٣١-١٩٧٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

.521 حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٢٥-٢٦.

.522 صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٧٧ ؛حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٢٦.

دیموکراتی کوردستانی– عێراق)و گۆڕینی ئەو بڕگەیەی پڕۆگرامی پارتی کە دەڵێت (حزب لەژێر ڕێنمایی بیرو باوەڕی مارکسی–لێنینە) بۆ (سوود وەرگرتن لە بیروباوەڕی مارکسی لینینی)، لە کۆتایی کۆنگرەکەشدا بڕیاردرا بە هەڵبژاردنی مەلا مستەفا وەك سەرۆك و برایم ئەحمەد وەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی – عێراق.[523]

لە راستیدا ئەو بڕیارانەی (بارزانی) سەبارەت بە لابردنی سکرتێرو هەندێك لە ئەندامانی باڵای پارتی، لە لایەکەوە ژیانەوەی پارتی و هێنانەوەی بوو بۆ سەر ڕێبازی دێرینی خۆی، لە لایەکی تریشەوە پشتگوێ خستنی ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی پارتی بوو.

فراوانبوونی ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیوعی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، ببووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێی دەسەڵاتدارانی عێراق، ئەمەش وایکرد کە (عەبدولکەرم قاسم) سیاسەتێکی نوێ پەیڕەو بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێ لە فراوانبوونی ڕێکخراوەکان بگرێ بە گشتی و فراوانبوونی حزبی شیوعی بەتایبەتی، لە (٢)ی کانوونی دووەمی ساڵی(١٩٦٠)دا، یاسای ڕێکخراوەکان دەرچوو، کە کۆمەڵێك مەرج و کۆسپی سیاسی لە بەردەم ڕێکخراوەکاندا دروست کرد.[524]

لە٩/١/١٩٦٠دا، (بارزانی) و برایم ئەحمەد و چەند کەسانێکی* تر، داواکاریەکیان سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوێك بەناوی (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان–عێراق)، پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد[525]، هاوپێچ لەگەڵ ئەو

---

523. حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب الدیمقراطي...، ص٦١ ؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٧٨.

524. میڤان عارف: الحرکة القومیة الکوردیة...، ص٥٨.

*. ئەو کەسانەی کە داواکارییەکەیان پێشکەش کرد پێك هاتبوون لە (مستەفا بارزانی، برایم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عومەر مستەفا، عەلی عەبدوڵڵا، سالح عەبدوڵڵا یوسفی، حلمی عەلی شریف، ئیسماعیل عارف، شەمسە دین موفتی، مەلا عەبدوڵڵا اسماعیل) بڕوانە محمود الدرة: القضیة الکردیة...، ص٢٨٩.

525. سعد ناجي جواد: المسالة الکردیة...، ص٥٥–٥٦؛ اوریل دان: العراق في عهد قاسم، تأریخ سیاسي ١٩٥٨–١٩٦٣، ت.جرجیس فتح الله، ج(١)، دار نبز للطباعة والنشر، السوید، ١٩٨٩، ص٣٧٥–٣٧٦؛ مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٧٤–٧٥.

داواکاریەدا پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی کە لە پێشەکیەك و(٢٣)مادده پێك هاتبوو خرابووە ڕوو.[٥٢٦]

لەسەر بڕیاری (عەبدولکەریم قاسم)، وەزیری ناوخۆ کۆمەڵێك گۆڕانی لە پێڕەو و پڕۆگرامی (پارتی)دا کردبوو، لەوانە لابردنی وشەی (یەکگرتوو)و گۆڕینی وشەی (کوردستان) بۆ (کوردی)[٥٢٧]، بەو پێیە ناوی حزب دەبوو بە (پارتی دیموکراتی کوردی)، لە دوای وتوێـژو داکۆکیەکی زۆر لەسەر ئەوگۆڕانکاریانە، سەرکردایەتی پارتی ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر لابردنی وشەی (یەکگرتوو)، بەڵام سوربوون لەسەر چەسپاندنی وشەی کوردستان، بەم شێوەیە ناوی حزب بوو بە" پارتی دیموکراتی کوردستان" (الحزب الديمقراطی الكوردستانی).[٥٢٨]

یەکێکی تر لە گۆڕانکارییەکان، گۆڕینی زاراوەی (گەلی کورد) بۆ (کوردەکان) یان (براکوردەکانمان)، هاوکات لابردنی ئەو بڕگەیەش کە پەیوەندی بە ئۆتۆنۆمیەوە هەیە، بە بیانوی ئەوەی دوژمنانی وڵات خراپ ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنن[٥٢٩]، لە وتوێژێکیشدا لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی، (قاسم) ڕایگەیاندووە کە پشتگیری لە مافی کورد دەکات بۆ ئۆتۆنۆمی، بەڵام نابێت ئەو مافە لە بەرنامەدا بچەسپێنرێت، لە هەمان کاتدا بە برایم ئەحمەدی ڕاگەیاند کە دەتوانن لە ڕۆژنامەکەتاندا ئاماژە بەو مافە بدەن.[٥٣٠]

لە ڕاستیدا (برایم ئەحمەد)، لە پێشکەش کردنی داواکارییەکە و نووسینەوەی پەیڕەوو پڕۆگرامی (پارتی)دا، ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، تەنانەت زۆربەی بەندەکان لە لایەن ئەوەوە داڕێژراون.

---

[526]. میڤان عارف: الحركة القومية الكوردية...، ص٦٠. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو بەندانە براوانە. محمود الدرة: القضية الكردية...، ص٢٩٠-٢٩٦؛ اوريل دان: العراق في عهد قاسم...، ص٣٧٥-٣٧٦.

[527]. سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص٤٢.

[528]. كاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، المديرية العامة للطباعة و النشر، ط(١)، السليمانية، ٢٠٠٤، ص١٣١؛ مجلة الوسط، عدد(٣٥٧)، ١٩٩٨/١١/٣٠.

[529]. سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص٤٢ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٨٢.

[530]. سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص٤٢.

لـەم بارەیـەوە بـرایم ئەحمـەد دەڵێـت" کاتێـك بـۆ مۆڵـەت وەرگـرتن سـەردانی (عبـدالکریم قاسـم)مـان کـرد، (قاسـم) هەنـدێك ڕەخنـەی لـە پرۆگرامـی پـارتی هـەبوو، داوای کـــرد هەنـــدێکی بگـــۆڕین، (مـــەلا مـــستەفا) زۆر پـــشتگیری لـــە قـــسەکانی (قاسم)کرد،...بێگومان من وەك سکرتێری (پارتی)، دەستم لە نووسین و داڕشتنی پرۆگرامەکەدا هەبوو، دەبوایە داکۆکی لە پێشنیارەکانی خۆمان بکەم ".[531]

دیارە بە هۆی ئەوەی کە (بارزانی) سەرۆکی پارتی و کەسێکی دیاری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە، پێویست بوو کە لەو ڕۆژگارەدا جۆرە نەرمییەك بەرامبەر بە (قاسم) بنوێنێت، لە هەمان کاتدا (برایم ئەحمەد)یش مافی خۆی بووە کە داکۆکی لە بیروڕاکانی خۆیی و حزبەکەشی بکات، بەتایبەت داکۆکی کردن لە زاراوەی کوردستان و مافی ئۆتۆنۆمی.

بـەم شـێوەیە (پ.د.ك) لـە٩/٢/١٩٦٠ دا لـە لایـەن حکومـەتی (قاسـم)ەوە، مۆڵـەتی فەرمی کارکردنی پێدرا و ڕۆژنامەی خەباتیش بوو بەزمانحاڵی[532]، لە دوای وەرگرتنی مۆڵـەتی کـارکردنیش، (پ.د.ك)دەسـتی کـرد بـە ئەنجامـدانی چـالاکیی ئاشـکراو خۆڕێکخستنەوە بۆ بەستنی کۆنگرەی پێنجەم.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە نێـوان ڕۆژانـی ٥-١٠/٥/١٩٦٠دا، کـۆنگرەی پێنجـەمی خـۆی لـە شـەقامی (سـەعدون) لـە بەغـداد بـە ئامـادەبوونی نزیکـەی (٢٥٠) ئەندام بەست، کە

نوێنـەری زۆربـەی لقـەکانی حزبـی تیـادا بـوو[533]، شـایەنی باسـە ئەمـە یەکـەمین کۆنگرەی پارتیە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەسترابێت.[534]

بارزانی لەو کاتەدا لە ناوچەی (بارزان) بوو، ئامادە نەبوو بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکـات، هاوکـات نـاڕەزایی بەرامبـەر هەنـدێك لـە ئەنـدامانی (م.س)ی پـارتی هـەبوو

---

531. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٣٠.

532. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی....، ل٨٦؛ میڤان عارف: الحرکة القومیة الکوردیة....، ص٦١ ؛ بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕۆژنامەی کوردی لەسەردەمی کۆماریدا بڕوانە. جبارمحمد جباري: تأریخ الصحافة الکوردیة في العراق، بغداد، ١٩٧٥، ص٤٩-٧٠.

533. حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب...، ص٦٧؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٨٣ ؛علي سنجاري: الحرکة التحرریة الکوردیة "مواقف وراء"، مطبعة خەبات، ط(١)، دهوك، ١٩٩٧، ص٤٠.

534. صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٨٣.

بەتایبەت برایم ئەحمەد، لە بەر ئەوە ئەندامانی (م.س)یش بە باشیان زانی کۆنگرەکە دوابخەن بۆ ئەوەی بتوانن بارزانی رازی بکەن بەشداربێت لە کۆنگرەدا [٥٣٥]، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاریاندا دەستە نێردراوێك رەوانەی (بارزان) بکەن تا بتوانن باوەڕ بە (بارزانی) بهێنێت بۆ بەشداربوونی لە کۆنگرەکەدا.[٥٣٦]

هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە (مەلا مستەفا) ئارەزووی لە کاری پارتایەتی نەکردووە[٥٣٧]، لەگەڵ ئەوەشدا گلەیی لەوە هەبووە کە لقی (هەولێرو قەڵادزێ)، سوکایەتیان بە ئاغاکان کردووەو بە چاوێکی کەم سەیریان کردوون.[٥٣٨]

ئەوەبوو مەلا مستەفا بڕیاری دا کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی حزب هەڵنەبژێرێتەوە[٥٣٩]، بەلام بوونی بارزانی وەك سەرۆکی حزب گرنگیەکی زۆری هەبووە، لە بەر ئەوە جارێکی تر بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردراوەتەوە و(برایم ئەحمەد)یش وەك سکرتێری پارتی دەستنیشانکراوە.[٥٤٠]

لە راستیدا کۆنگرەی(پێنج)، کۆنگرەیەکی پڕ کێشەو ململانێ بوو بە تایبەتی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە وتەکانی بارزانی نیگەران ببوون، تەنانەت ئەوەندەی نەمابوو ببێتە هۆی لێکترازانی پارتی[٥٤١]، جێگەی باسە لەو کاتەدا(برایم ئەحمەد) رۆڵێکی نیشتمانپەروەرانەی بینیووە لە هێورکردنەوەی ئەندامانی پارتی و سەرخستنی پرۆسەی بەستنی (کۆنگرە)و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی دیبلۆماسیانە.[٥٤٢]

هەواڵنامەی کتێب

---

535. ئەو ناکۆکیانەی نێوان بارزانی و برایم ئەحمەد پێدەچوو کەسانی تر دەستی بالایان هەبێت تیایدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٣٠-٣٢.

536. علي سنجاري: الحركة التحررية الكوردية...، ص٤٠.

537. عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحیی..، ل٣٠٩؛ درك كينان: كوردو كوردستان كورتەيەك لە مێژووی کورد ١٩٦٤، و.ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای (نگاه)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨٣.

538. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٣١.

539. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٨٣.

540. حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب...، ص٦٧-٦٨ ؛ شيركو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص١٤٣ ؛ نوري شاوةيس: من مذكراتي....، ص٧٦-٧٧.

541. حوسين محمد عزيز: پێنج کاتژمێر....، ل٣٠-٣١ ؛ نوري شاوةيس: من مذكراتي....، ص٧٦.

542. مام جەلال: یادنامە...، ل٢١.

لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت" برایم ئەحمەد چوو بوو بۆلای بارزانی و پێی راگەیاندبوو کە ئامادەیە خۆی نەپاڵێوێتەوە بۆ سکرتێری حزب ئەگەر بارزانی لێی نیگەران و وەڕسە"[543]، بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە برایم ئەحمەد کەسێکی خۆپەرست نەبووەو ئامادەبووە کە واز لە دەسەڵات بهێنێت لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان.

شایەنی باسە دوای ئەوەی برایم ئەحمەد بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردرا، زۆربەی گۆڕانکارییەکانی رەتکردەوە کە (قاسم) لە پەیڕەوو پڕۆگرامی پارتیدا کردبووی و بڕیاریان دا کە کار بە پڕۆگرامە کۆنەکە بکەن.[544]

لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩و سەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا پەیوەندییەکانی نێوان (عەبدولکەریم قاسم)و (سەرکردایەتی کورد)، تا رادەیەك جۆرە ساردییەکی بەخۆیەوە بینی، هۆکاری گۆڕانی سیاسەتەکانی (قاسم)یش بەرامبەر بە کورد، سەرباری بۆچوونەکانی خۆی لەو بارەیەوە، کەوتبووە ژێر کاریگەریی رەوتە شۆڤێنیزمەکانی عەرەبی عێراق و بەهەل قۆستنەوەی چەند رووداوێکی نێوخۆیی بچووك لەلایەك و دەستێوەردانی وڵاتانی وەك تورکیا وئێران و بریتانیا لە کاروباری نێوخۆی عێراق و هاندانی نەیارەکانی(قاسم) لە لایەکی ترەوە.[545]

بەم شێوەیە سەرەتای شۆڤێنیزمی عەرەبی لە سیاسەتەکانی حکومەتی (قاسم)دا، تا دەهات بەرەو ئاشکرابوون هەنگاویان دەنا، تا کار گەیشتە ئەوەی رۆژنامەی (الثورة) و (بغداد) بەهەموو شێوەیەك دژی مافەکانی نەتەوەی کورد دەدوان و بانگەشەیان بۆ تواندنەوەی نیشتمان و نەتەوەی کورد دەکرد، لە بۆتەی نیشتمان و نەتەوەی عەرەبداو پێیان وابوو پێویستە بۆ ئەم مەبەستەش هێز بەکاربهێنرێت.[546]

ئەم بۆچوونانە ناڕەزاییەکی زۆری لای رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، دروستکردو بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی رۆژنامەکان، لە سۆنگەی ئەم ناکۆکی و

---

543. هەمان سەرچاوە.، ل٢١.

544. سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص٤٣.

545. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی....، ل٨٦ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب...، ص٧٢؛ درك كينان: كوردو كوردستان..، ل٧٦-٧٩.

546. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی....، ل٨٧. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٩٥.

ململانێیەدا (برایم ئەحمەد)، بەزنجیرەیەك وتاری بابەتیانە راستییە مێژووییەکانی تایبەت بە گەلی کورد و نیشتمانەکەی خستە روو.[٥٤٧]

لەـ(١٩/١٠/١٩٦٠)دا، برایم ئەحمەد لە ژمارە(٣٣٩)ی رۆژنامەی (خەبات)دا وتارێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی(نەتەوەی کورد و بەندی دوو لە دەستووری کاتی عێراق)[٥٤٨]، کە تیایدا بە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگی مێژوویی و بەپاڵپشتی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان، راستییە مێژووییەکانی سەبارەت بە گەلی کورد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب خستە روو.[٥٤٩]

لە ناوەڕۆکی وتارەکەیدا ئاماژە بە ماددەی (دوو)ی دەستووری کاتی عێراق دەکات کە تیایدا هاتووە(عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)، بەڵام برایم ئەحمەد دەڵێت" بەشی عەرەبی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و کوردی عێراقیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد"، هاوکات ئاماژەی بەوەش داوە کە ماددەی(دوو) تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی(سێ)کە تیایدا هاتووە(کورد وعەرەب هاوبەشن لەم خاکەدا)، لە هەمان کاتدا پێشنیار دەکات کە پێویستە ماددەی (دوو)، دووبارە بە روون و ئاشکرایی لە دەستووری هەمیشەییدا دابڕێژرێتەوە، بە شێوەیەك کە مافی کورد بە ئاشکرا تیا بەرجەستە بکرێت.[٥٥٠]

ئەم وتارەی برایم ئەحمەد بە جۆرێك بوو کە ئاستی باڵای هۆشیاری سیاسی و رەوتی ئاشتیخوازی و دیموکراتیخوازی گەلی کورد و سەرکردایەتی پارتی دەنواند، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی حکومەتی لە مەترسییەکانی درێژەدان بەو سیاسەتە هۆشیار دەکردەوە.

---

[547]. شازین هێرش: هەڵوێستی نیشتیمان پەروەرانەی مامۆستای خوالێخۆش بوو(ئیبراهیم ئەحمەد) لە دووتوێی بەڵگەنامەیەکی مێژوویدا، گۆڤاری خاك، ژمارە(٤٧)، ساڵی چوارەم، ١٠مایسی ٢٠٠١، ل٤-٥.

[548]. عەبدوڵڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسی رۆژانەی کوردی، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە(٢)، بەشی یەکەم، ٢٠٠٠، ل١٤٧.

[549]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ئیبراهیم ئەحمەد: پەیامی دڵسۆزی...، ل١٠؛عەبدوڵڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات...، ل١٤٧-١٥١.

[550].مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی...، ل٩٥-٩٦؛ میڤان عارف: الحركة القومية الكوردية...، ص٧٩-٨٠؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: برایم ئەحمەد و رۆژنامەوانی...، ل٩.

ئەوەبوو لەسەر بڕیاری دادوەری گشتی سەربازی، (برایم ئەحمەد) بە تۆمەتی دووبەرەکینانەوە لەناو گەلی عێراقدا، لەسەر ئەو وتارە درا بە دادگا.[٥٥١]

دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت لە وتاری ناوبراو، دادگا بڕیاری ئازادکردنی برایم ئەحمەد و ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند.[٥٥٢]

شایەنی باسە بۆ بەرگری کردن لە برایم ئەحمەد کۆمەڵێك پارێزەری کورد و عەرەب لە شارەکانی بەغداد و کەرکوك و سلێمانی و هەولێر ئامادەی دادگایی کردنەکە بوون.[٥٥٣]

بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی قاسم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو نەمان و هەڵوەشان چووە، قاسم لەسەرجەم بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوە کە بڕیاربوو بۆ کوردی بەرجەستە بکات، ئەمانەو کۆمەڵێك هۆکاری تر* بوونە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی چەکداری لە دژی حکومەتی قاسم.

هەواڵنامەی کتێب

---

[551]. ژمارە (٣٦٤)ی ڕۆژنامەی خەبات لە زاری ڕۆژنامەی (الفجر الجديد)، بڵاوی کردۆتەوە کە (سیادەتی حاکمی عەسکەری گشتی کێشەی تۆمەتبار پارێزەر" ئیبراهیم ئەحمەد"ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خەبات) ڕۆژنامەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی خستە بەردەم ئەنجومەنی عورفی عەسکەری دووەم، تا لەسەر ئەو تۆمەتە، بە گوێرەی ماددەی (٩) بە بەڵگەی مادده (٢١) ی بڕگەی چوارەم لە مەرسومی= =چاپەمەنی دادگایی بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە وتارەکەی وا لێکدراوەتەوە کە دەبێتە هۆی لێکترازان و بڵاوکردنەوەی گیانی شۆڤێنی لە ناو هاووڵاتیان). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. عەبدوڵڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات..، ل١٥٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سعد ناجي جواد: المسالة الكردية...، ص٥٦.

[552]. بۆ بینینی دەقی دادگایی کردنی برایم ئەحمەد بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥) وەرگیراوە لە. شازین هێرش: بەڵگەنامە...، ل٤٤-٤٨.

[553].عەبدوڵڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات ..، ل١٥٨.

*. بڕوانە باسی دووەم، ل١٤٢-١٤٥.

## باسی دووەم

## برایم ئەحمەد و شۆڕشی ئەیلول

ئەو بارودۆخە دیموکراتییەی عێراق بە خۆیەوە بینی لە یەکەم ساڵی حوکمڕانی (عبدالکرم قاسم)دا، تا دەهات بەرەو دیکتاتۆری وحوکمڕانییەکی شۆڤێنیانە هەنگاوی نا.[554]

پەیوەندییەکانی نێوان(کورد)و حکومەتی( قاسم)یش، لە سەرەتای ساڵی(١٩٦٠)ەوە، بەرەوگرژی و ئاڵۆزی دەچوو، هاوکات لایەنی کوردی زیاتر داکۆکی لە داخوازییەکانی دەکردو لە بەرامبەریشدا هەڵوێستەکانی حکومەت بەرامبەر بە کورد توندتر دەبوو، لە هەمان کاتدا حکومەت سیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە)ی پەیڕەو دەکرد و لە پێناوی دژایەتی کردنی مەلا مستەفادا پەنای بردبووە بەر هاندانی خێڵە کوردەکانی نەیاری خێڵی بارزان.[555]

دواتر حکومەتی (قاسم) کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد کە زیاتر زەمینەی بۆ دورخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان رەخساند لەوانە کۆنگرەی مامۆستایانی قەدەغەکرد کە بڕیاربوو لە شوباتی(١٩٦١)دا لە(شەقلاوە) ببەسترێت[556]، لە هەمان

---

[554]. سعد ناجي جواد: العراق والمسالة....، ص٥١؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: عبدالكريم قاسم و...، ص٧٦.

[555]. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی نێوان..، ل٨٨. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان: التيارات السياسية....، ص٩٠؛ میڤان عارف عبدالرحمان البادی: الحركة القومية....، ص٧٦؛ عەریف سلیمان: بیرەوەریەکانی عەریف سلیمان (لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان) چاپخانەو ئۆفیسی ئاسا، بەشی یەکەم، ١٩٩٩، ل٦٥.

[556]. سعد ناجي جواد: العراق والمسالة....، ص٥٦؛ ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ژیار، چ(٣)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٧.

ساڵیشدا رژێمی قاسم کەوتە شێواندنی مێژوو و رەگەزی رەسەنی کورد و وشەی (کورد)ی گێڕایەوە بۆ ئەو نازناوەی کە گوایە فارسەکان لە سەردەمی داگیرکردنی ولاتان لە لایەن ئیسلامەوە بۆ شەڕکەرە ئازاکانیان بەکاریان هێناوە[557]، مەبەستی قاسم لەم هەڵوێستەدا ئەوە بوو کە نکوڵی لە نەتەوەی کورد بکات و لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز ببێتەوە سەبارەت بە مافەکانی کورد.

(قاسم) پێی وابوو ئەگەر کێشەو ناکۆکی لە نێوان سەرۆک خێڵەکان و مەلا مستەفادا پەرەی پێ بدرێت، باشترین رێگە چارەیە بۆ لاوازبوونی دەسەلاتی بارزانی، بۆ ئەم مەبەستەش بە (پارە و چەك)کەوتە هاوکاری کردنی خێڵەکانی (زێباری، برادۆست، سوورچی، هەرکی، رێکانی).[558]

برایم ئەحمەد بە چەند وتارێك لە رۆژنامەی خەباتدا بەرپەرچی کاری تێکدەرانەی حکومەت و رۆژنامەی (الثورة)ی دایەوە.[559]

لە(٥/١١/١٩٦٠)دا (بارزانی) لە سەر بانگهێشتی حکومەتی سۆڤیەت سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کرد[560]، لەو سەردانەیدا دیداری لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو ولاتەدا کردو بیروڕای لەگەڵدا گۆڕینەوە داوای لێکردن کە فشار بخەنە سەر حکومەتی (قاسم) بۆ سەلماندنی مافەکانی کورد، بەلام ئەم سەردانە زیاتر بارودۆخەکەی ئالۆزتر کردو بە چاوی گومانەوە (قاسم) لەو هەنگاوەی دەڕوانی.[561] پاش گەڕانەوەی بۆ بەغداد لە(١٣/١/١٩٦١) بارزانی هەوڵی دا چاوی بە(قاسم) بکەوێت، بەلام بەهۆی ئەو

---

[557]. شازین هێرش: بەڵگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان...، ل٩؛ کاوس قفطان: الحرکة القومیة التحرریة...، ص١٣٢.

[558]. احمد فوزي: قاسم والاکراد...، ص١٣٣؛ گوینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتە براوی...، ل١٨٩-١٩٠.

[559]. بڕوانە باسی یەکەمی ئەم بەشە، ل١٤٠-١٤١.

[560]. صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص٩١؛عزیز الحاج: مع الأعوام..، ص٥٢؛ محمود الدرة: القضیة الکردیة.، ص ٢٩٦.

[561]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول..، ل ٦٦؛ نوري شاوەیس: من مذکراتي...، ص٨٠.

**بەدگومانییەی کە قاسم هەیبوو بەرامبەری، دوای هەفتەیەك چاوەڕوانی ئینجا یەکتریان بینی.[٥٦٢]**

**واپێ دەچێت نهێنی ناوەڕۆکی سەردانەکەی (بارزانی) بۆ سۆڤیەت زۆر بە ئاسانی کەوتبێتە دەست(قاسم) هەر بۆیە بەو شێوەیە بیروڕای بەرامبەر بە سەرکردایەتی پارتی گۆڕابوو، هەروەك مەسعود بارزانی دەڵێت" لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی سۆڤێت بەڵێنی هاوکاری چەك و پارەیان بە کورد دابوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و پاراستنیان ئەگەر هاتوو لە لایەن حکومەتی قاسمەوە پەلامار دران" .[٥٦٣]**

**شایەنی باسە دیداری (بارزانی و قاسم) ئەنجامێکی ئەوتۆی بە ئاڕاستەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لێ نەکەوتەوە، لە بەر ئەوە بارزانی (بەغداد)ی بەجێهێشت و بە یەکجاری گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان[٥٦٤]، لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی حکومەت کەوتنە بەربەرەکانیکردنی ئەندامانی پارتی و داخستنی هەندێك لە لقەکانی.[٥٦٥]**

**لە٣/٣/١٩٦١ دا بڕیاری دەستگیرکردنی(برایم ئەحمەد) بە تۆمەتی کوشتنی (سدیق میران)[*]، لە لایەن دادوەری سەربازی لیوا(ئەحمەد سالح ئەلعەبدی)ەوە**

---

562 . واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی....، ل٨٩. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی..، ل١٠٤.

563 . مسعود البارزاني: البارزاني والحركة..، ج(٣)، ص٢٢.

564 . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. میڤان عارف عبدالرحمان البادي: الحركة القومية...، ص٨٢-٨٣.

565 .نوري شاوڤیس: من مذکراتي.، ص٨١-٨٢؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: عبدالكريم قاسم و القضية..، ص٧٦.

*. سدیق میران سەرۆکی خێلی خۆشناو بووە و یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانی (عەبدولکەریم قاسم) کە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی پارتی کردووە، ئەوە بوو لە شوباتی ١٩٦١دا لە بۆسەیەکدا لە سەر ڕێگای شەقڵاوە لە لایەن(محمود کاوانی)یەوە کوژرا. بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە علی سنجاری: الحركه التحرريه..، ص٤٣؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد..، بەرگی یەکەم، ل٢٥؛ دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد.، ل٧٠.

هەولێرنامەی کتێب

دەرچوو[566]، بەڵام برایم ئەحمەد خۆی بەدەستەوە نەداو لە ڕێگەی نهێنییەوە لە بەغدادەوە خۆی گەیاندە سلێمانی.[567]

ئاشکرایە ئەم تۆمەتەی حکومەت لە ڕاستییەوە دوور بووە و مەبەستی سەرەکی لەم کارەدا تەنها شکاندنی ناووناوبانگی پارتی و خودی برایم ئەحمەد بووە.

ڕۆژنامەی(خەبات) بە وتارێك بەرپەرچی ئەو تۆمەتەی ڕژێمی دایەوە، لە بەرامبەریشدا حکومەت بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی خەباتی لە١٩٦١/٣/٢٢دا دەرکرد، بەم شێوەیە لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا، تاکە ڕۆژنامەیەکی کوردی نەمابوو کە بتوانێت بە ئاشکرا کار بکات** و چالاکییەکانی پارتیش لە چوارچێوەی کاری نهێنیدا خۆیان دەنواند.[568]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئارام کردنەوەی بارووdۆخەکەو بیر هێنانەوەی (قاسم) سەبارەت بە داخوازییەکانی گەلی کورد و دەرخستنی ناڕەزایی بەرامبەر بەداخستنی بارەگاو ڕۆژنامەکانی، شێوازی دیبلۆماسییانەی لەگەڵ (قاسم)دا گرتەبەر.[569]

بۆ ئەم مەبەستە، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو یاداشتنامەی پێشکەش بە(عەبدولکەریم قاسم)کرد، کە ناوەڕۆکی ئەم یاداشتنامانە زیاتر خۆی لە خواستە کولتووری و ڕۆشنبیری و بەڕێوبەرایەتیەکاندا بینیوەتەوە، لە

هەواڵنامەی کتێب

---

[566]. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ٩٢؛ دانا ادمز شمدت: رحلة الى رجال شجعان في كردستان، ت.جرجيس فتح الله، دار ئاراس للطباعة والنشر، ط(٢)، أربيل، ١٩٩٩.ص١١٣؛ نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد...، ل١٣٨.

[567]. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٣٧.

**. ڕۆژنامە قەدەغە کراوەکان بریتین لە (خەبات، کوردستان، ئازادی، هەتاو). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شيركو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي.، ص١٤٤.

[568]. أدمون غريب: الحركة القومية الكردية، بيروت، ١٩٧٣،..ص٤٨ ؛سعد ناجي جواد: العراق والمسالة...، ص٥٧.

[569]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٧٠؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: عبدالكريم قاسم والقضية الكوردية،...، ص٧٦؛ شازین هێرش: شۆڕشی ئەیلول لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٦١-١٩٦٣، چاپخانەی ڕەنج، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٥.

چەشنی بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگەو دام ودەزگاکان لە کوردستانداو بەڕێوەبردنی ئەو فەرمانگانە لە لایەن هاوولاتیانی کوردەوە.[٥٧٠]

لە راستیدا (برایم ئەحمەد) وەك سکرتێری حیزب رۆڵی سەرەکی بینیوە لەو چالاکییە دیبلۆماسیانەی کە پارتی ئەنجامی داون، لە بەرئەوەی لەو کاتەدا سەرۆکی حیزب (بارزانی)بە شەڕی خێڵە نەیارەکانییەوە خەریك بووە لە ناوچەی بارزان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە برایم ئەحمەد هەتا لە توانایدا بووبێت هەوڵی داوە بە رێگەچارەی دیبلۆماسی کێشەی کورد چارەسەر بکات.

لەگەڵ هەموو ئەو هەولانەدا حکومەتی (قاسم) هەنگاوی پێچەوانی نواند بەرامبەر بە گەلی کوردو[٥٧١]، بە بیانووی مانۆڕی سەربازییەوە دەستی کرد بە ناردنی هێزێکی سەربازی فراوان بۆ کوردستان[٥٧٢]، کۆمیتەی ناوەندی (پارتی) لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا بڕیاری دا کە (٦)ی ئەیلولی (١٩٦١)دا لە سەرجەم شارەکانی کوردستاندا مانگرتنێکی گشتی ساز بدەن بە بۆنەی یادی رۆژی (٦)ی رەشی ئەیلولەوە، ئەم مانگرتنە سێ رۆژی خەیاند کە هەریەکە لە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی گرتەوە.[٥٧٣]

لە بارەی ئەم مانگرتنەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" بڕیارمان دا بەبۆنەی یادی (٦ی ئەیلولی ١٩٣٠)ەوە لە هەموو کوردستاندا مانگرتن رابگەیەنین و داوای مافەکانی گەلی کورد بکەین، بەکردەوەش ئەم بڕیارەمان جێبەجێ کرد، بە راستی ئەوەتەی

هەوالنامەی پێشڕەو

---

570.بۆ دەقی بیرخەرەوەکە بڕوانە. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة..، ج(٣)، ص٤٥٥-٤٦٠ ؛ حبيب محمد كريم: تأريخ الحزب الديمقراطي..، ص٧٥-٨٣.

571.جلال الطالباني: كردستان والحركة....، ص ٢٩٦.

572.بە شێوەیەك لە مانگی ١٩٦١/٨دا بارەگای فیرقەی (یەك)ی سوپای عێراق لە دیوانیەوە گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی بادینان و بارەگای فیرقەی دوو و سێی بەهێزتر کرد کە لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانیدا بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٧٠.

573. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی نێوان..، ل٩٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی ١١\٢\٢٠٠٧(ساڵی ١٩٣٤ لە هەڵەبجە لە دایك بووە، لە سەرەتای سالانی پەنجاکانەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی (پارتی)یەوە کردووە و دواتر یەکێك بووە لە لایەنگرانی باڵی مەکتەبی سیاسی و ئێستا یاریدەدەری (مام جەلال)ە بۆ کاروباری کۆمەلایەتی ).

کوردستان هەیە هەرگیز مانگرتنێکی سەرکەوتووی وای تێدا نەکراوە"[574]، بەڵام حکومەت ئەو بارودۆخە نائاساییەی قۆستەوەو لە١٩٦١/٩/١٠دا بڕیاری دەستپێکردنی پرۆسە سەربازییەکانی خۆی لە کوردستاندا راگەیاندو دوو لەسەر سێی سوپای عێراقی تیا بەشدار کرد.[575]

هاوکات لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە لە کوردستاندا بەدی دەکرا، ژمارەیەکی زۆر لە سەروك* خێڵ و عەشیرەتەکانی ناوچە جیاجیاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەبێ رەزامەندی سەرکردایەتی پارتی دەستیان بە بزاڤی چەکداری کرد.[576]

لە راستیدا واپێدەچێت مەلا مستەفا لە نزیکەوە ئاگاداری جموجۆڵی خێڵە چەکدارەکان بووبێت، لەبەر ئەوەی عەباسی مامەند ئاغا کە سەرکردایەتی ئەو کۆبونەوە چەکدارییەی دەرکرد، دۆستێکی نزیکی (بارزانی)بوو .[577]

لەم بارەیەشەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" کاتێك کە بیستم مەلا مستەفا هەڵوێستی بەرامبەر بە(قاسم) گۆڕیوە چاوم بە مەلا مستەفا کەوت لە قسەکانیدا وتی – عەبدولکەریم–پیاوێکی باش نییە، من دەگەڕێمەوە بۆ بارزان لەوێ دادەنیشم، هیچ

---

[574]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ..، ل٣٧. لە راستیدا پارتی دوو مەبەستی سەرەکی هەبوو لەم مانگرتنەدا یەکەم مەبەستی بوو کە بزانێت کە تا چ رادەیەك کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی پارتی بەدەم بانگەوازەکەیەوە دێن، دووەم تا بە شێوەی ئاشتیانە لە قاسم بگەیەنێت کە پارتی خاوەنی جەماوەرەو نوێنەری داخوازیەکانی جەماوەریشە.

[575]. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی....، ل٩٣؛ محمود الدرة: القضية الكردية...، ص٣٠١–٣٠٢.

*.سەرەتا (عەباسی مامەند ئاغا) سەرۆکی خێلی ئاکۆ، بەخۆیی و نزیکەی دوو هەزار چەکدارەوە بە هاوکاری لەگەڵ (عەلی حەسەن ئاغا)ی سەرۆك خێلی مەنگوڕ لە ناوچەکانی خەلەکان و دەربەندی رانیە بڵاوبوونەوە، لە ١٩٦١/٩/٩ بە هاوکاری لەگەڵ (حاجی برایمی چەرمەگا)سەرۆك خێڵەکانی(عوزێری)و بەشێکی خێلی جافە رەشکەی سەر بە کوێخا سمایلی تەلان، توانیان دەست بگرن بەسەر دەربەندی بازیاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول..، ل٧١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠.

[576].بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرەتای کۆبونەوەی چەکداری عەشایەرەکان بڕوانە. عبدالله أحمد رەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دژی رژێمی قاسم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٤–٢٣ ؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد.، بەرگی یەکەم، ل٢٨–٣٢؛ درك کینان: کوردو کوردستان...، ل٧٧–٧٨؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣–١٩٧٧دا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ل٢٧٩–٢٩٢.

[577]. زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لە...، ل٣٩١.

ناکــەم بــەڵام دژی ئــەو جوڵانەوەیــەش نــابم کــە تــیرەو هۆزەکــانی کوردســتان بەدەستیانەوەیە بیکەن". [578]

(جــەلال تاڵــەبانی)ش بــاوەڕی وایــە کــە کۆبوونــەوەی خێڵــە چــەکدارەکان لــە (دربەندیخان و بازیان وخەلەکان) بە راسپاردەی بارزانی بووە، بەڵام نەك بۆشەڕکردن، بەڵکو بۆ فشار خستنە سەر قاسم بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی و بارزانی دا هێوربێتەوە. [579]

لە راستیدا ئەم بزووتنەوەی خێڵەکیە، هەڵگری کۆمەڵێك داواکاری بوون کە تەنها لــە بەرژەوەنــدی تایبــەتی خۆیانــدا بــوو، بەرژەوەندیــە باڵاکــانی نەتــەوەی کوردییــان پشتگوێ خستبوو. [580]

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردســتان لــە ئــابی(١٩٦١)دا کۆبوونەوەیــەکی فراوانــی لــە بەغــداد لــە مــاڵی (بــرایم ئەحمــەد)ســازکرد، کــە تیایــدا دوو بۆچــوونی جیــاواز ســەبارەت بــە هەڵوێــستی پــارتی بەرامبەر بە بزووتنەوەی خێڵە چەکدارییەکان سەری هەڵدا، بە شێوەیەك کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ دوو دەستە دابەش کردبوو. [581]

دەســتەی یەکــەمیان، پێکهــاتبوون لــە (بــرایم ئەحمــەد، عــەزیز شــەمزینی، نــوری شــاوەیس)، لــە هــەمان کاتــدا زۆربــەی ئەنــدامانی مەکتــەبی سیاســی لــە ژێــر کاریگــەری بیروڕاکانی (برایم ئەحمەد)دا بوون و پێیان وابوو پێویستە دژی ئەو جووڵانەوەیە بن و لەو بارەیەوە چەند سەرنجێکیان هەبوو لەوانە:-

---

[578]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ..، ل٣٤.

[579]. مام جەلال: یادنامە...، ل٢٨.

[580]. گرنگترین داواکاری سەرۆك خێڵەکان بریتی بوون لە (بژاردنی زەرەر و زیانی زیانلێکەوتوانی پرۆژەی ئاوی دوکان، لابرنی مۆڵەتی کشتوکاڵ - دۆنم- بۆ چاندنی توتن، لابردنی یاسای چاکسازی زەوی، کەمکردنەوەی (باج) لەسەر بەرهەمەکانیان، ئازاد کردنی سەرجەم گیراوەکان). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. عبدالله احمد رەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی...، ل٢١-٢٢؛ دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کوردستان..، ل٥٠٧-٥٠٨.

[581]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ..، ل٣٥-٣٦؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص٩٤ ؛ ئیبراهیم جەلال: خاورووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٧٢.

**- جارێ شۆڕشی چەكداری كاتی نەهاتووە و پێویستە ئامادەباشی بۆ بكرێت و پێویستییەكانی وەك (چەك، رادیۆ، پارە) ئامادە بكرێت و هێزی پێشمەرگە رێكبخرێت .**

**- نابێ بەهیچ شێوەیەك ئاغاو بەگ و سەرۆك خێڵەكان زیندوو بكرێنەوە و پێویستە شۆڕش بە سەركردایەتی پارتی و بارزانی هەڵبگیرسێ نەك سەرۆك خێڵەكان.**

**- مێژوو ئەو راستییەی سەلماندووە كە سەرجەم بزووتنەوە خێڵەكییەكان سەركەوتنیان بە دەست نەهێناوە، لە بەرئەوە پێویستە (پارتی)بەشداری نەكات لەو بزووتنەوەیەدا.[٥٨٢]**

**دەستەی دووەمیان پێكهاتبوون لە(جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە، عەلی عەسكەری، ئەحمەد عەبدوڵڵا، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل) كە هەمان بیروڕای (تاڵەبانی)یان هەبوو، كە پێیان وابوو پێویستە بەشداری لەو بزووتنەوە چەكداریەدا بكرێت و جڵەوی سەركردایەتی لە دەستی سەرۆك خێڵەكان دەربهێنرێت.[٥٨٣]**

**لە كۆتایی كۆبونەوەكەدا بە زۆربەی دەنگ بڕیاریان دا كە بەشداری لە جووڵانەوەی خێڵە چەكدارەكاندا نەكەن بە تەنها لەم بارودۆخانەی خوارەوەدا نەبێت:-**

**١. ئەگەر هاتوو حكومەتی قاسم دان بە مافی ئۆتۆنۆمی كورددا نەنێت لە دەستووری هەمیشەیدا.**

**٢. ئەگەر هاتوو حكومەت بە فەرمی پارتی قەدەغەكرد و بارەگاكانی داخست.**

**٣. لە كاتێكدا حكومەت هێرش بكاتە سەر ناوچەی بارزان.[٥٨٤]**

**پاشان (م.س) بڕیاری دا بە ناردنی(جەلال تاڵەبانی) بۆلای (بارزانی) بە مەبەستی ئاگادار كردنەوەی لە بڕیارەكانی پارتی و وەرگرتنی بیروڕای ئەویش لەسەر بارودۆخەكە.[٥٨٥]**

---

[582]. **مام جەلال: یادنامە..، ل٢٩ ؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسالة..، ص٦٠؛ مجلة الوسط، عدد(٣٥٧)، ٣٠ /١١/ ١٩٩٨؛ وتاری مام جەلال لە چلەی ماتەمینی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمردا،" كوردستانی نوێ"، ژمارە(٢١٥٢)، ٢٢ /٥/٢٠٠٠، ل٢.**

[583]. **مام جلال: یادنامە...، ل٢٩؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص٩٤ ؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی كوردستان و شۆڕشی...، ل٧٢ ؛حوسین محەمەد عەزیز: پێنج كاتژمێر لەگەڵ..، ل٣٦.**

[584]. **سعد ناجي جواد: العراق والمسالة، ص٦٠؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص٩٤-٩٥.**

دیارە بیروڕای بارزانی لەو بارەیەوە بەم شێوەیە بووە:-

-جارێ شۆڕش وەختی نەهاتووە و نابێت دەسپێشخەری بکەین.

-جولانەوەی چەکداری خێڵەکان گرنگیی خۆی هەیە بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی قاسم.[٥٨٦]

سەبارەت بە بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسیش (بارزانی) پەسەندی کردبوو، بەمەرجێ هۆزی (عەباسی مامەند ئاغا [*])شی بخەنە سەر، واتە ئەگەر حکومەتی قاسم پەلاماری هۆزی (ئاکۆ)ی دا، پارتی بڕیاری شەڕ لە دژی (قاسم) رابگەیەنێت.[٥٨٧]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت کە مەکتەبی سیاسی پارتی لەو کاتەدا بە پێویستیان زانیووە کە بیروڕای (بارزانی) لەو بارەیەوە وەربگیرێت، چونکە لە لایەکەوە سەرۆکی پارتی بووە، لە لایەکی تریشەوە پێیان وابووە کە بارزانی خاوەن هێزو چەکدارێکی زۆرە کە بێگومان ئەو دەسەڵات و هێزەشی لە لایەن خودانی بارزان (شێخ ئەحمەد)ەوە پێ سپێردرابوو.

جێگەی باسە سەرکردایەتی کورد لەو کاتەدا بە وردی بارودۆخەکەیان هەڵ نەسەنگاندبوو، لە لایەکەوە بارزانی پێی وابووە کۆبوونەوەی چەکدارە خێڵەکییەکان دەبێتە فشار لەسەر حکومەتی قاسم بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد و لەو باوەڕەشدا بووە کە حکومەتی قاسم توانای شەڕکردنی نییە بەرامبەر بە کورد، لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت" کاتێك کە لە(بارزانی)م پرسی ئایا ئەو فشارە نابێتە هۆی تەقینەوە، لە وەڵامدا وتی بە پێچەوانەوە قاسم ناچار دەبێت لەگەڵمان پێك بێتەوە".[٥٨٨]

---

585. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی...، ل٧٢.

586. مام جەلال: یادنامە...، ل٢٩.

*. ساڵی ١٩١٠ لە گوندی سەرکەپکانی سەر بە قەزای رانیە لەدایك بووە، سەرۆکی خێڵی (ئاکۆ)یە و یەکێکە لە خێڵە شۆڕشگێڕو ناسراوەکانی کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)دا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و ساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە علي کمال: مذكرات علي كمال عبدالرحمان ١٩٠٠-١٩٩٨، تقديم وتحقيق جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١، ص ١٦٥.

587. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٣٨.

588. مام جەلال: یادنامە...، ل ٢٩ ؛بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مجلة الوسط، عدد(٣٥٧)، ١١/٣٠/ ١٩٩٨.

کەواتە پشتگیری کردنی (بارزانی) لە خێڵە چەکدارەکان بۆ ئەوە بووە کە زەمینەیەك بێتە پێشەوە بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی قاسم، نەك بۆ بەرپاکردنی شەڕ.

بەڵام برایم ئەحمەد لۆجیکیانە بارودۆخەکەی هەڵسەنگاندبوو، لەو باوەڕەدا بووە کە راستە (قاسم)، لە سوپای عێراق دڵنیا نییە کە چەك و جبەخانەیان بداتێ، لەبەر ئەوەی لەوە دەترسێت کە لە دژی خۆی بەکاری بهێنن، بەڵام کاتێك کە سوپای عێراق بە تایبەتی نەتەوەییەکان بۆیان دەرکەوت ئەو چەك و جبەخانەیە بۆ لەناوبردنی کوردو نیشتمانەکەیەتی، هەموویان یەك دڵ و یەك بڕوا دەکەونە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قاسم[٥٨٩]، ئەمەش راستییەکی بەڵگە نەویستە کە دوژمنانی کورد سەرەڕای بوونی ناکۆکی نێوانیان، بەڵام هەموو کاتێك بیروڕایان یەك بووە بۆ دژایەتی کردنی کوردو نیشتمانی کوردستان.

لە (٩)ی ئەیلولی (١٩٦١)دا هێزێکی سەربازی فراوان لە کەرکوکەوە بەرەو ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری بەڕێ کەوت، لە (١١)ی ئەیلولدا ئەو هێزە سەربازییەی رژێمی قاسم کەوتنە بۆسەی چەکدارە خێڵەکییەکانەوەو زەرەرو زیانێکی ماڵی و گیانی زۆریان لە سوپای حکومەتدا[٥٩٠]، بەڵام بەهۆی بەهێزی حکومەت و لاوازی و ناڕێکی چەکدارە خێڵەکییەکان لە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی ئاگربارانی فڕۆکە و تۆپەکانی رژێمی (قاسم)ەوە جوڵانەوەکە کۆتایی پێهات.[٥٩١]

هێرش و پەلاماری حکومەتی قاسم ناوچەی بارزانیشی گرتەوە، چونکە قاسم خودی (مەلا مستەفا)ی بەهاندانی خێڵەکان تاوانبار دەکرد.[٥٩٢]

لە(٢٣)ی ئەیلولی (١٩٦١)دا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە بارەگای وەزارەتی بەرگری (عەبدولکەریم قاسم)، کۆمپانیا نەوتییەکان و وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکای بە

---

589. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ..، ل٣٤-٣٥.

590. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ٩٥.

591. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر رووداوەکانی ١١ ئەیلول ١٩٦١ بڕوانە. عبدالله احمد رەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی...، ل٢٣-٢٤ ؛ میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد...، بەرگی یەکەم، ل٣٢-٣٣.

592. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول.....، ل٧٥.

هاندانی خێڵە کوردییەکان لە دژی حکومەت تاوانبار کرد[٥٩٣]، هاوکات لە هەمان کۆنگرەدا لە کاروەستانی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاند.[٥٩٤]

سیاسەتەکانی حکومەتی (قاسم)و کاردانەوەکانی کورد کۆتایی بەخولێکی پێکەوە ژیانی سیاسی نێوانیان هێناو دەرفەت لە بەردەم بەکارهێنانی رێگەچارەی سیاسی و دیبلۆماسی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان کەمتر بووەوە و زەمینەی بۆ گرتنەبەری خەباتی چەکداری خۆشتر کرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە کانوونی یەکەمی(١٩٦١)دا، لە گوندی (عەوالآن)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی بە سەرکردایەتی (برایم ئەحمەد)و بە شداربونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆنفرانسێکیان بەست.[٥٩٥]

لەم کۆنفرانسەدا(پارتی) لەژێر دروشمی دیموکراتی بۆ عێراق بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکان بۆ گەلی کورد، خەباتی چەکداری دژی رژێمی (قاسم) راگەیاند.[٥٩٦]

کۆنفرانسی (عەوالآن)، سەرەڕای چەند بیروڕایەکی جیاواز* فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ بە هێزبوونی شۆڕشی ئەیلول، هاوکات شێوازی شۆڕشەکەی لە رووی پێکهاتەو ئامانجەوە کردە شۆڕشێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەوەشی ئاشکرا کرد کە شۆڕشی کورد یاخی بوونێك نییە لە دژی حکومەت، بەڵکو خەباتی گەلی کوردە لە پێناو

---

593. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تەواوی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە بڕوانە. احمد فوزي: قاسم والاكراد خناجر وجبال، القاهرة، ١٩٦١، ص١٨٢-١٨٥؛ طالب مشتاق: مذكرات سفير عيراقي في تركيا، ج (٢)، دار الكتاب العربي، بيروت، ص ٣٤٨-٣٤٩.

594. سعد ناجي جواد: العراق والمسالة....، ص٦١.

595. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٤٠؛ مام جلال: یادنامە..، ل٣٠؛ عبدالله احمد رەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی...، ل٢٥.

596. کاوس قفطان: الحركة القومية التحررية....، ص١٦١-١٦٢.

*. لە راستیدا لە کۆنفرانسی (عەوالآن)دا بیروڕای جیاواز هەبوو سەبارەت بە بەشداری کردنی پارتی لە شۆڕشی ئەیلول دژی حکومەتی (قاسم)، عەلی عەبدوڵڵا پێی وابوو کە بڕیاردان بۆ شۆڕش کارێکی هەڵەیە لە بەرئەوەی قاسم لەژێر فشاری نەتەوەییەکاندا دەگەڕێتەوە سەر پەیڕەوکردنی دیموکراتی، لە هەمان کاتدا نوری ئەحمەد تەها پێی وابوو کە هەر جوڵانەوەیەکی چەکداری کە بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا کرابێت سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، لەبەر ئەوە پێویستە پارتی بەشداری شۆڕش نەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٩٧ ؛ مام جلال: یادنامە....، ل٣٠.

بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کە بەدرێژایی چەندین ساڵە خەبات دەکات لە پێناویدا.[٥٩٧]

نەوشیروان مستەفا ئەمین لە بارەی ڕۆڵی (برایم ئەحمەد)ەوە دەڵێت" زۆربەی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی پارتی و داڕشتنی دروشمەکانی لەو ساڵانەدا لە لایەن برایم ئەحمەدەوە داڕێژراون"[٥٩٨] ، هاوکات هەر لەو کۆنفرانسەدا ناوی (پێشمەرگە) بۆ خەباتکارانی کوردو دروشمی (کوردستان یان نەمان)، لە لایەن خودی برایم ئەحمەدەوە داڕێژراوە.[٥٩٩]

ئەرکی سەرەکی سەرکردایەتی پارتی لەو قۆناغەدا داڕشتنی بەرنامەیەك بوو کە بتوانێت هەموو چین و توێژەکانی کوردستان لە دەوری شۆڕشەکەو هێزی پێشمەرگە کۆبکاتەوە.

سەبارەت بە بەرنامەی پارتی برایم ئەحمەد دەڵێت" بڕیارمان دا داوا لە هەندێ ئەفسەرو برادەرانی (بەغدا)مان بکەین، پێوەندیمان پێوە بکەن و بێن بۆ لامان و هاوکاریمان لەگەڵ بکەن، ناوی پێشمەرگەشمان بۆ چەکدارەکانمان هەڵبژارد و بڵاومانکردەوە کە ئەم شەڕەی ئێمە دەیکەین شەڕی پەلاماردان نییە، شەڕی خۆپاراستن و داکۆکیکردنە".[٦٠٠]

هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداری کردنی پارتی لەو جووڵانەوە چەکدارییەدا، لە ناووناوبانگی پارتی کەم کردووەتەوە، لەم بارەیەوە دیڤدماکداوڵ دەڵێت" پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر وەفاداری داکۆکی کردنە لە

---

597 . سعد ناجي جواد: العراق والمسالة....، ص٦٢ ؛ کاوس قفطان: الحركة القومية التحررية....، ص١٦٢.

598 . کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٤)، ٢٠٠٠/٥/٢٤، ل٩.

599 . لەم بارەیەوە مام جەلال دەڵێت" سەرەتا من دروشمی( الوطن او الموت)م لە کوبییەکان وەرگرتبوو، دواتر کردبووم بە (کوردستان یان مردن) بەڵام مامۆستا برایم کردی بە(کوردستان یان نەمان) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. مام جەلال: یادنامە..، ل٣٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلای حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١.

600 . حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٤٠.

ئارەزوو و هیواکانی گەلی کورد، هەرگیز نەدەچووە ژێر باری ڕێبەرایەتی هۆزایەتی و بەم شێوەیە هەلی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەکەی لە دەست نەدەدا."[601]

لە راستیدا بۆچوونی برایم ئەحمەد بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا، بۆچوونێکی بەجێ بووەو مەبەستی بووە کە سەرکردایەتی شۆڕش لە دەستی خێڵ و ئاغاو دەرەبەگەکان بسەنێتەوە.

لە دوای کۆنفرانسی عەوالآن و بڕیاری سەرکردایەتی کردنی شۆڕش لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، رێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گۆڕانکاریەکی زۆریان لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەخۆوە بینی، بارەگای سەرکردایەتی پارتی (م.س)، لە ئەشکەوتی (پیر بابەکر[*])ی گوندی مالومەی سەر بە پارێزگای سلێمانی دامەزرا[602] و لە هەمان کاتدا کەوتنە دامەزراندنی چەند بنکەیەکی فەرماندەیی لە ناوچەکانی (پێنجوێن، دەشتی هەولێر، قەرەداغ، چەمی رێزان، ناوچەی خەلەکان، ناوچەی خۆشناوەتی، دۆڵی ئاکۆیان)[603]، پاشان لە سەر پێشنیاری برایم ئەحمەد رێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر چەند یەکەیەکی ئیداریدا وەك (دەستە، پەل، لق، بەتالیۆن، هێز) دابەشکران.[604]

لە راستیدا دوای بەشداری کردنی پارتی لە شۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١)دا گۆڕەپانی شۆڕش و خەبات لە کوردستاندا دابەش بوو بەسەر دوو بەشی سەرەکی دا.

بەشی یەکەم پێك هاتبوو لە ناوچەکانی باکوور بە سەرکردایەتی (بارزانی)و، بەشی دووەمیش پێك هاتبوو لە ناوچەکانی باشوور بە سەرکردایەتی (م.س)ی پارتی

---

601. مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥١١.

*. ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە گوندی (مالومە) لە ناوچەی شارباژێری سەر بە پارێزگای سلێمانی، ناوی راستەقینەی ئەشکەوتەکە (پیر بابەکر)ە، بەڵام بە ئەشکەوتی( پیرمام) ناسراوە، کە تا ماوەیەکی زۆر بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١.

602. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٤٢.

603. ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٧٨.

604. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا، سلێمانی، ٢٠٠٠/٢/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١؛ مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٠٠٠/٥/٢٢، ل٢.

دیمـوکراتی کوردسـتان[605]، کـه (بـرایم ئه‌حمـه‌د) لـه رووی سیاسـی و پلاندانانـه‌وه سه‌رکردایه‌تی ده‌کرد.[606]

بـه‌ڵام لـه رووی چـه‌کدارییه‌وه هێـزی پێـشمه‌رگه‌ی کوردسـتان لـه ناوچـه‌کانی ژێـر ده‌سه‌ڵاتی (م.س )دا به‌سـه‌ر سـێ (ناوه‌نـدی) سـه‌ره‌کیدا دابه‌ش کرابوو، هه‌رناوه‌نده‌ش ناوی لێنرابوو هێز، به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه:-

١. هێـزی رزگـاری، به‌سـه‌رکردایه‌تی(جـه‌لال تاڵـه‌بانی) کـه ناوه‌نده‌که‌ی لـه چـه‌می رێزان بوو.

٢. هێـزی کـاوه، به‌سـه‌رکردایه‌تی (عومـه‌ر مـسته‌فا-ده‌بابـه) کـه ناوه‌نده‌کـه‌ی لـه بێتواته بوو.

٣. هێزی خه‌بات، به‌سه‌رکردایه‌تی عه‌لی عه‌سکه‌ری که ناوه‌نده‌که‌ی له سه‌رگه‌ڵوو پاشان چوارتا بوو.[607]

جێگـه‌ی باسـه(پـارتی) لـه سـنووری ناوچـه‌کانی ژێـر ده‌سـه‌ڵاتی خۆیـدا زه‌ره‌ر و زیانێکی زۆری (مادی و گیانی)به هێزه‌کانی حکومه‌تی (قاسم) گه‌یاند.[608]

له کۆتایی ساڵی (١٩٦٢)دا زۆربه‌ی ناوچه سنوورییه‌کانی نێوان( عێراق -ئێران)، (عێراق-تورکیا) و چه‌ندین شارو شارۆچکه‌و سه‌دان گوندی قوڵایی ناوچه‌ی شارباژێڕو شاره‌زورو گه‌رمیان و ده‌شتی هه‌ولێر، به ناوچـه‌ی رزگـارکراوی ژێـر ده‌سـه‌ڵاتی شـۆڕش ده‌ژمێـردران، هـه‌روه‌ها چـالاکیی ناوشـاره‌کان به‌تایبـه‌تی(سـلێمانی، رانیـه، قـه‌ڵادزێ، کۆیه، پێنجوین، هه‌ڵه‌بجه)، له گه‌شه‌کردنێکی به‌رچاودابوو.[609]

---

605. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ٩٨ ؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسالة...، ص٦٢.

606. چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ نه‌وشیروان مسته‌فا ئه‌مین، سلێمانی، ٢١ /٢٠٠٧/٤.

607. ئیبراهیم جه‌لال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئه‌یلول...، ل٧٨؛ چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ عه‌بدوڵڵای حاجی سه‌عید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣.

608. بۆ زانیاری زیاتر سه‌باره‌ت به سه‌رکه‌وتنه‌کانی هێزی پێشمه‌رگه بڕوانه. شازین هێرش: شۆڕشی ئه‌یلول له چه‌ند به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی مێژوویدا ١٩٦١ -١٩٦٣.

609. چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ عه‌بدوڵڵای حاجی سه‌عید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣ ؛ چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ کاکه حه‌مه‌ی فه‌ره‌ج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١.

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

برایم ئەحمەد پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە فەرماندەی هێزەکانەوە هەبووە، هەروەك ئیبراهیم جەلال دەڵێت" دەتوانم بە راشکاوی بڵێم کە برایم ئەحمەد بەشی سیاسیی هێزی چەکداری بەڕێوە دەبرد".[٦١٠]

جێگەی باسە جگە لە چالاکییەکانیان لە سنووری ناوچەی (سۆران)دا پارتی لە ناوچەکانی بادینانیشدا چالاکییان نواندووە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" مەلا مستەفا داوای لە ئێمە کردبوو کە هێزی فریاخەین، تا لەو شەڕانە بیپارێزین کە لەگەڵ عەشایەرەکان رووبەرووی یەك ببوونەوە، ئێمەش دەوروبەری (٦٠-٧٠) کەسێکمان بۆ نارد، هەندێ لەو کەسانە ئەو ئەفسەرو پۆلیسانە بوون، کە لە(چوارتاو پێنجوێن)ەوە، بە چەکی خۆیانەوە بۆلای ئێمە هاتبوون و ببوون بە پێشمەرگە."[٦١١]

لە راستیدا(پۆلیس) دەورێکی سەرەکی هەبووە لە شۆڕشی ئەیلولدا، ساڵی ١٩٦٢ بە شۆڕشی پۆلیس بەناوبانگ بوو، لەبەر ئەوەی لەو ساڵەدا سەرای (قەڵادزە، رانیە، دوکان، چوارتا، پێنجوێن، هەڵەبجە، شەقلاوە)و شاروشارۆچکەکانی تری سەر بە لیوای سلێمانی هاتنە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.[٦١٢]

لەو بارودۆخەدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی دا بۆ راکێشانی هەندێك پارت و رێکخراوە عێراقییەکان لە پێناوی بە عێراقی کردنی شۆڕشی کورد، بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتاوە (پارتی) هەوڵی دا هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی ببەستێت بۆ رووخاندنی رژێمی قاسم، بەلام ئەم هەوڵانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا[٦١٣]، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت " من لەگەڵ (پارتی کۆمۆنیستی عێراق )دا، زنجیرەیەك کۆبوونەوەم کرد بۆ بە دەستهێنانی هاوپەیمانییەتیان" .[٦١٤]

---

610. ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٧٩؛ هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٨.

611. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٤٠.

612. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣(ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە ریزەکانی (پ.د.ك)ەوە کردووە و ئێستا یاریدەدەری (مام جەلال)ە بۆ کاروباری بازرگانی)؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال موفتی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٧/٢٠.

613. دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد....، ل٥١٠.

614. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٣٦.

دیارە پارتی لە سەرەتاوە درکی بەو راستییە کردبوو کە بەبێ پشتگیری پارت و لایەنە سیاسییەکان عێراق، ناتوانرێت ئامانجە نەتەوەییەکان بەدەست بهێنرێت.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە ئـازاری (١٩٦٢)دا بـەیانێکی بـۆ پێکهێنـانی بەرەیـەکی یـەکگرتوو دەرکـرد لـە پێنـاوی رووخانـدنی رژێمـی قاسمـدا، کـە تیایـدا هاتووە:-

(لە پێناو گەڕانەوەی بارودۆخی دیموکراتی و بەدیهێنانی مافە نیشتمانییەکانی گەلی عێراق، پێویستە سەرجەم پارت و رێکخراوە نیشتمانییەکانی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کودستاندا یەك بگرن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو لە پێناو لە ناوبردنی رژێمی قاسم).[٦١٥]

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١و سەرەتای ١٩٦٢دا زۆربەی پارت و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان، نیگەران بوون بەرامبەر بە رەفتارە دیکتاتۆریەکانی( قاسم)، هاوکات بە پێویستیشیان زانی کە بەرەیەکی یەکگرتوی نیشتمانی پێك بهێنن بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی وڵات و کۆتایی هێنان بە پشێویەکانی کوردستان، بەڵام (پارتی)یان بەوە تاوانباردەکرد کە بەشداری لە جووڵانەوەی چەکداری خێڵەکیەکاندا کردووە، لە بەر ئەوە ئامادە نەبوون هاوکاری بکەن، لە لایەکی ترەوە هەریەکە لە حیزبی شیوعی و حیزبی نیشتمانی دیموکراتی ئامادە نەبوون بەهێزی سەربازی حکومەتی( قاسم) لە ناوبەرن وپێیان وابوو حکومەتی قاسم (تا ئێستا حکومەتێکی نیشتمانییە و پێویست بە گۆڕینی ناکات).[٦١٦]

لە راستیدا(برایم ئەحمەد) جگە لەوەی کە لە رووی سیاسی و رێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە سەرکردایەتی کردنی بەرەی (سۆران) لە شۆڕشی ئەیلولدا، هاوکات لە رووی دیبلۆماسی و پەیوەندییە سیاسیەکانیشەوە، توانی لە پێناوی بە دەست هێنانی هاوکاری و یارمەتی بۆ شۆڕشی ئەیلول، زنجیرەیەك پەیوەندی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ئەورپا ببەستێت .

بۆ ئەو مەبەستە لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٢)دا برایم ئەحمەد لە سەرداوای (بارزانی) سەردانی (تاران)ی کردووە و هەوڵی داوە چاوی بە (شا) بکەوێت، هەرچەندە

---

[615] . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. سعد ناجي جواد: العراق والمسالة...، ص٦٤.

[616] المصدر السابق، ص٦٥.

کە چاوپێکەوتنە کە لەگەڵ (شا)ی ئێراندا پێك نەهاتووە، بەڵام تارادەیەك ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە کە بەهۆی ئەوسەردانەوە حکومەتی تاران (١٠٠)هەزار دینارو ژمارەیەك (چەك)و پێداویستی بۆ شۆڕشی ئەیلول ناردووە.[٦١٧]

جێگەی باسە پێش ئەوەی برایم ئەحمەد سەردانی ئێران بکات، هەوڵدانێك هەبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان(م.س)ی پارتی و حکومەتی تاراندا، لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت" ساڵی ١٩٦١، عەباسی مامەند ئاغا سەرۆکی خێڵی ئاکۆی پشدەر، بە بڕیاری مەلا مستەفا، (عەبدوڕەحمان رووتە)ی برادەری خۆی نارد بۆلای جەنڕاڵ (وەرهرام)ی سەرۆکی هێزەکانی ئێران لە ورمێ، بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان شۆڕش و حکومەتی ئێران".[٦١٨]

هەر سەبارەت بەم پەیوەندییانە برایم ئەحمەد دەڵێت" من یەکەم جار لە سەرداوای (مەلا مستەفا) چووم بۆ ئێران، چونکە کاتێ (م.س)ی پارتی هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵ (ئێران)دا ببە ستێ، خوالێخۆشبووان(عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە)یان نارد کە هەر لە(بانە)وە پەیوەندییان لەگەڵ تاراندا کردبوو، (ساواك)* پێی وتبوون، وەڵامتان لێ دەگێڕینەوە، پاش هەفتەیەك پێیان وتبوون کە (شا)دەڵێت، مەلا مستەفا هیچی بەدەست نییە... لەبەر ئەوە دەبێ برایم ئەحمەد خۆی بێت و چاوی بە شا بکەوێت...".[٦١٩]

پێ دەچێت مەبەستی سەرەکی شای ئێران لە بانگ کردنی برایم ئەحمەد بۆ تاران، تەنها دروستکردنی دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە بووە لەنێوان بارزانی وبرایم ئەحمەددا. سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ بە دەستهێنانی هاوکاری و یارمەتی لە پێناو بەهێز

---

[617].حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٥٦.

[618] دیڤد ادمسن و جرجیس فتح الله: الحرب الكردية و انشقاق ١٩٦٤، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، أربيل، ١٩٩٩، ص٤٨ ؛عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی...، ل٣١٣.

*. ساواك: سازمان امنیت و اطلاعات كشور (ڕێکخراوی ئاسایش و هەواڵ کۆکردنەوەی وڵات)، ترسناکترین و بەدناوترین دەزگای سەرکوتکردن و تۆقاندن و جاسوسی بووە لە ئێران، پێشتر ئەم دەزگایە ناوی (فەرمانداری نیزامی تاران) بووە و لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە لایەن (تەیمور بەختیار)ەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (ساواك).بڕوانە. د.یاسین سەردەشتی: هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی ی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٧.

[619]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٥٥-٥٦.

کردنی شۆڕشی کوردستاندا، هەوڵیانداوە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی (ئیسرائیل)دا ببەستن، ئەمە لە کاتێکدابوو کە عێراقیش وەك هەریەکێك لە وڵاتانی تری عەرەبی دژی دەوڵەتی (ئیسرائیل) لە جەنگدا بوو، بێگومان ئیسرائیلیش بۆ خەریککردنی حکومەتی(قاسم) هەوڵی دا هاوکاری کورد بکات لە دژی قاسم، لەم بارەیەوە ساڵی ١٩٦٣حکومەتی (ئیسرائیل) نامەیەك بۆ مەلا مستەفا دەنێرێت و تێیدا داوای دامەزراندنی پێوەندی راستەوخۆ دەکات لەگەڵ شۆڕشی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش برایم ئەحمەد کۆمەڵێك داوا کاری گرنگ دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی ئیسرائیل بۆ هاوکاری کردنی شۆڕشی کورد لەوانە (دەهەزار تفەنگ، تۆپ، راجیمە، مین، دەسگای بێتەل، وێستگەیەکی بەهێزی رادیۆ، پارە، مەشقپێکردنی پسپۆرو شارەزایانی تەقینەوە و کارزانانی رادیۆ).[٦٢٠]

ئەوە بوو لە بەرامبەر داواکارییەکانی (برایم ئەحمەد)دا، لە تەمووزی ساڵی (١٩٦٣)دا مەشق بە یەکەم کورد وەك کارزانی رادیۆ کراو نێوی ئەندازیاری لێ نرا، لە هەمان کاتدا برایم ئەحمەد پەیوەندی بە وەرگرتن و ناردنی چەکی ئیسرائیلەوە هەبووە بۆ کوردستان، دەستەی یەکەمی ناردنی چەکەکان پێك هاتبوو لە(١٠) کاتیۆشا (راجمە)، کە لە ١٨ تەمووزی ١٩٦٣دا گەیشتنە شوێنی دیاری کراو.[٦٢١]

لە پاییزی هەمان ساڵدا(برایم ئەحمەد)، سەردانی باڵوێزخانەی ئیسرائیلی کردووە لە پاریس و لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (مەناحم نڤوت)ی نوێنەری (موساد)، بە وردی باسی لە خراپی بارودۆخی کوردستان و هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد کردووە .[٦٢٢]

لەم بارەیەوە جۆناثان راندل دەڵێت" بە هاری ساڵی ١٩٦٣ کاتێك کە(موساد)، رۆژنامەوانێکی بیانی نیشتەجێی پاریس دەنێرێتە کوردستانی عێراق، رۆژنامەوانە کە چاوپێکەوتن هەم لەگەڵ بارزانی و هەم لەگەڵ برایم ئەحمەددا دەکات و لەسەر ئەوە

---

620 . شلمو نكديمون: الموساد في العراق و دول الجوار، انهيار الامال الاسرائيلية و الكردية، ت. بدر عقيلي، دار الجيل للنشر، عمان، ١٩٩٧، ص٩٦.

621 . هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

622 . هەمان سەرچاوە، ص ١٠٣.

ڕێك دەكەون كە لە ئوتێلێكی كەنار ڕووباری(سین) لە پاریس چاوپێكەوتنێكی تر ئەنجام بدەن". [623]

جێگەی باسە هەوڵەكانی برایم ئەحمەد بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی مادی و مەعنەوی لە ڕۆژگارێكی وەك سالآنی شەستەكاندا كە كوردستان لە هەموو لایەكەوە دژایەتی دەكرا گرنگیەكی زۆری هەبووە، ئەگەرچی هەریەكە لەو ولآتانەی كە پەیمانی هاریكاریان بە كورد دەدا تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بایەخ و گرنگی خۆی هەر هەبوو.

یەكێكی تر لە هەوڵە دیبلۆماسیەكانی برایم ئەحمەد ئەوەبوو كە هەولّی دا پەیوەندی بە دەسەلآتدارانی ئەمەریكاوە بكات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ پرسی كورد.

سەبارەت بەم پەیوەندییەش برایم ئەحمەد دەڵێت" لە بەرلینی ڕۆژئاوابووم لە سەرداواكاری (كامەران بەدخان)، ویستم بچم بۆ ئەمەریكا، كە پێشتر ئەو چووبوو بۆ ئەمەریكا لەوێ پێیان وتبوو، ئێمە تۆ بەنوێنەری (پارتی)نازانین، پێویستە یان (مەلا مستەفا)یان (برایم ئەحمەد) بێت بۆ پەیوەندی كردن، پاشان كۆمەڵێ نامەی (سیناتۆر)و ئەندامانی(كۆنگرێس)ی پێ بوو هەمووی دامێ و پێی وتم هەلێكەو لە كیسی مەدە دەبێ بچی". [624]

لە ڕاستی دا برایم ئەحمەد لەو زنجیرە پەیوەندییانەی دا هەولّی داوە ژمارەیەكی زۆر لە ولآتانی ئەورپا بگەرێت بۆ ناساندنی پرسی كورد و بەدەستهێنانی یارمەتی بۆ شۆڕشی ئەیلول، هەروەك خۆشی لەو بارەیەوە دەڵێت" كاتێك كە لە ئەوروپا بووم ولآت بە ولآت دەگەڕام لەوێ خەریكی ئەوە بووم یارمەتی بۆ شۆڕش و گەلی كورد پەیدا بكەم كە هەتا كۆتایی ساڵی١٩٦٣ لەوێ بووم ئامادەییەكی زۆرم بینی، بەتایبەتی پارتە چەپەكان كە دەیانەویست یارمەتی گەلی كورد بدەن" . [625]

سەركردایەتی پارتی هەولّی دا لەسەر ئاستی ناوخۆ دەسەلآتدارانی داهاتووی عێراق دەستنیشان بكات و هەوڵ بدات بۆ دروستكردنی پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ

---

623. جوناثان راندل: أمة في شقاق، ترجمة. فادي حمود، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٥١.
624. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج كاتژمێر لەگەڵ...، ل٤٣.
625. هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

لەگەڵیانـدا، بـەو پێیـەی کـە لـە داهـاتوودا بـەدیهێنانی مافـەکانی گـەلی کـورد ئاسـان دەبێت.[٦٢٦]

ئاشـکرایە کـە لـە پـێش کودەتـای (٨/شـوبات)دا جـۆرە پەیوەندییـەك لـە نێـوان ئەندامانی پارتی و بەعس و ناسیۆنالیستەکان بە هۆی پێکەوە ژیانیان لە نێو زینداندا دروسـت ببـوو، بەعـسیەکان بـە هـۆی (تـاهیر یـەحیا)وە هەوڵیانـدا لـە ڕێگـەی (کـەریم قەرەنی)ەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی (برایم ئەحمەد) پێك بهێنێت.[٦٢٧]

لـە ٨ی شـوباتی(١٩٦٢)دا تـاهیر یـەحیا لـە ڕێگـەی نـاوبراوەوە بـەڵێنی زارەکـی بـە سەرکردایەتی (پارتی)دا کە هـەرکاتێك هاتنـە سـەرحوکم چارەسـەری ئاشتیانەی دۆزی کـورد بکـەن و داخوازییـەکانیان لـە چوارچـێوەی (لامەرکـەزی)دا جێبـەجێ بکـەن، بـە مەرجێك لەگەڵ (بەعس)دا هاوکاربن بۆ ڕووخاندنی حکومەتی قاسم.[٦٢٨]

بـــەم شـــێوەیە لـــە دوای ڕەزامەنـــدی بـــارزانی و مەکتـــەبی سیاســـی، لـــە ١٨/نیسانی/١٩٦٢دا برایم ئەحمەد لە نامەیەکدا پشتیوانی (پارتی) بۆ کودەتا لە دژی حکومەتی قاسم ڕاگەیاندو تیایدا ئاماژەی بەوەدا کە ئامانجـەکانی شۆڕشـی کوردسـتان بریتیـە لـە ڕوخـانی ڕژێمـی (قاسم)و بـەدیهێنانی مـافی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان و هێنانەکایەی ڕژێمێکی نوێ بۆ عێراق[٦٢٩]، هـەروەها لـە نامەکـەدا ئاماژە بـەوە کـراوە کـە (گـەلی کـورد مـافی جیابوونـەوەی هەیـە لـە عێراقدا بـەڵام لـەم کاتـەدا ئـەو مافـە بـەخۆی نادات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هیچ جۆرە کێشەیەك ڕوونـەدات، پێویـستە پێشەکی دان بـە مـافی گـەلی کـورددا بنـێن لـە چوارچـێوەی (ئۆتۆنـۆمی)دا و ئـەو دان پیانانـەش بـە شێوەیەکی ئاشـکرا لـە یەکـەمین بەیاننامـەی شۆڕش دا، بڵاوبکرێتـەوە)[٦٣٠]، لـە هـەمان

---

[626] . سعد ناجي جواد: العراق والمسالة....، ص٧٥.

[627] . ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٩٣؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج(٣)، ص٨١ ؛ سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە ١٩٤٧-١٩٧٥، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤٦.

[628] . شلمونکدیمون: الموساد في العراق ودول...، ص٧٩؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٩٣.

[629] سعد ناجي جواد: العراق والمسالة..، ص٧٦ ؛ شلمو نكديمون: الموساد في العراق و دول...، ص٧٩.

[630] . سعد ناجي جواد: العراق والمسالة..، ص٧٦.

کاتدا برایم ئەحمەد پێشنیاری ئەوەی کردووە  کە دان بە دەسەڵاتی (بارزانی)دا بنرێت وەك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان.[٦٣١]

دواتر (تاهیر یەحیا)، لە نامەکەدا داوای لە سکرتێری پارتی(برایم ئەحمەد)کردووە، کە ناوی شەش کاندیدی خۆیان ئامادەبکەن و بیدەن بە بەعسیەکان بۆ ئەوەی پاش هاتنیان بۆ سەر حوکم بەشداری لە حکومەتی نوێدا بکەن، لە هەمان کاتدا دانی بەوەداناوە کە هەڵوێستی حکومەتی نوێ لە عێراقدا لە سەربنچینەی جێبەجێکردنی مافی ئۆتۆنۆمی دەبێت بۆ کوردستان.[٦٣٢]

پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەڵوێستی دۆستایەتی خۆی بۆ  (تاهیر یەحیا) دەربڕیوەو هەریەکە لە (بابە عەلی شێخ مەحمود حەفید، فواد عارف، بەکر عەبدولکەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری) یان دەستنیشان کرد بە بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتوودا.[٦٣٣]

ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرکردایەتی بەعس پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و خودی (برایم ئەحمەد) رەت دەکەنەوە، لەوبارەیەوە تاڵیب شبیب دەڵێت" ئێمە بەر لە وەرگرتنی دەسەڵات (تاهیر یەحیا تکریتی)مان رانەسپاردووە پێوەندی بە(برایم ئەحمەد) یان (بارزانی)یەوە بکات، (یەحیا) نە دەسەڵاتێکی وای هەبوو نە دەشیتوانی تەنها دێرێك چیە بینوسێ!!، هەرچەند رۆژێك پێش(٨ی شوبات) هاتووەتە ناو حیزبی بەعسەوە، پێوەندی بە(ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە کردوە، تەنیا سەر لە بەیانی رۆژی هەڵگیرساندنی شۆڕش نەبێت، لە هیچ کۆبوونەوەیەکی تری حیزبیدا بەشدارنەبووە".[٦٣٤]

---

[631]. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی نێوان..، ل١٢٤ ؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسالة..، ص٧٦؛ ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول.....، ل٩٣.

[632].واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی نێوان..، ل١٢٤–١٢٥؛ کاوس قفطان: الحركة القومية..، ص٢١٣–٢١٤.

[633]. کاوس قفطان: الحركة القومية..، ص٢١٤.

[634]. تالیب شبیب: مەسەلەی کورد لە خوارووی کوردستان لە یاداشتەکانی(تالب شەبیب)دا، و.سالح حمە ئەمین، گۆڤاری باسکار، ژمارە(٣)، هاوینی ساڵی١٩٩٩، ل٣٣؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: علي كريم سعيد: عراق ٨شباط ١٩٦٣...، ص٢٥٤ ؛صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص١٠٠.

هاوکات مەحمود عوسمان لەم بارەیەوە دەڵێت" بەر لە١٤ی رەمەزانی ١٩٦٣ پەیوەندیەکی زۆر لە نێواندا هەبووە، گرنگترینیان پەیوەندی نێوان بەعس و مەکتەبی سیاسی پارتی وسکرتێرەکەی ئەوسای (برایم ئەحمەد)بووکە لە رێی نامەیەکی تاهیر یەحیاوە بوو بە کەریم قەرەنیدا ناردبووی ... بەلامەوە سەیر نییە کە تالیب شەبیب ئەوە نازانێ، چونکە لایەنی سەربازی بەعس و سەربازە نەتەوەییەکان لەوێ چالاك بوون لەوانەیە (بەکرو عەماش) ئاگایان لەو پەیوەندییە هەبێت، یان رەنگە کارەکە بە داوایەکی تایبەتی سەعدی [عەلی ساڵح ئەلسەعدی] بووبێ لە (بەکر)و لەویشەوە بۆ (یەحیا)و لەمیشەوە بۆ (قەرەنی)، بەڵام مەکتەبی سیاسی ئەو نامەیەی پێ گەیشت کە لەبارەی کودەتای داهاتووەوە دەدوا". [٦٣٥]

چەند رۆژێکیش پێش کودەتاکە کۆبونەوەیەکی نهێنی نێوان نوێنەری هەردوولایەن (سالح یوسفی) و(عەلی ساڵح ئەلسەعدی) بە ئامادەبوونی(شەوکەت عەقراوی) کە (فوادعارف) رۆڵی لە سازکردنیدا هەبووە ئەنجام درا، لەو کۆبونەوەیەدا بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە داخوازیەکانی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دا لەبری لامەرکەزی جێبەجێ دەکرێت. [٦٣٦]

لە هەمان کۆبونەوەدا عەلی ساڵح ئەلسەعدی بەڵێنی زارەکی بە سالح یوسفی دابوو کە لە نێوان پارتی و بەعسدا لامەرکەزی جارێکی تر باس ناکرێتەوە، چونکە ئەو زاراوەیە لە سەردەمی (قاسم)ەو بەدناو بووە، دەبێت مافی کورد لە چوارچێوەی (ئۆتۆنۆمی)دا لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە جێبەجێ بکرێت. [٦٣٧]

وتووێژی نێوان سەرکردایەتی پارتی و بەعس، ئەگەرچی گرنگیەکی زۆری هەبوو بۆ رووخانی حکومەتی قاسم، بەڵام لە رووی شێوەی پێکهاتنەوە لە ئاستێکی لاوازدابوو، چونکە هیچ جۆرە نوسراوێك لە نێوانیاندا بوونی نەبووە و بەڵێنەکان تەنها بە شێوەی زارەکی دراون، کە بێگومان ئەمەش بۆ هەڵوێستی بەعسیەکان دەگەرێتەوە کە نەیان ویستووە کارێك بکەن کە لە دوارۆژدا ببێتە خاڵی لاواز بە سەریانەوە، بەڵام

---

635. وەرگیراوە لە گۆڤاری باسکار، ژمارە (٣)، ١٩٩٩، ل٤٨.

636. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی نێوان...، ل١٢٥ ؛ حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ. ،ل٥٠؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج(٣)، ص٨٣.

637. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل٩٥.

لەسەرو هەموویانەوە (برایم ئەحمەد) وەك كەسێكی یاساناس و قاڵ بوو لە بواری سیاسەتدا نەدەبوو هەروا بە ئاسانی باوەڕ بە دەسەڵاتدارانی بەعس بكات.

رۆژی ٨شوبات ١٩٦٣ بەرامبەر بە (١٤رەمەزان) كودەتای بەعس لە دژی حكومەتی (قاسم) ئەنجام دراو رووخانی ئەو حكومەتەش لە بەیانێكی فەرمیدا راگەیەنرا.[٦٣٨]

لەم هەلومەرجەدا سەركردیەتی پارتی، لە ناوچوونی رژێمی قاسمی بە سەركەوتنێكی گەورە دانا، دواتر هەریەكە لە (ساڵح یوسفی، شەوكەت عەقراوی، فواد عارف) لە (ئێزگەی رادیۆی بەغداد)ەوە بروسكەی پیرۆزبایی سەركەوتنیان بەناوی (پارتی)یەوە ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی بەعس كرد.[٦٣٩]

شایەنی باسە حكومەتی بەعس لە یەكەمین بەیاننامەی دا، جگە لە چەند زاراوەو چەمكێكی گشتی و تەمومژاوی هیچ چەشنە دەستنیشانكردن و دانپیانانێكی ئاشكرا بە گەلی كوردو مافەكانی لەخۆ نەگرتبوو، لە هەمان كاتدا داوای لە كورد كرد كە كۆتایی بە بزووتنەوەكەی باشووری كوردستان بهێنن بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بۆ دابینكردنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ كورد بكات.[٦٤٠]

لە راستیدا لە دوای رووخانی رژێمی (قاسم)، زنجیرەیەك دانووستان و كۆبوونەوە لە نێوان هەردووشاندی كوردی و عێراقی دا ئەنجام دراوە[٦٤١]، تیایاندا شاندی كورد بە

---

[638] . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حامد مصطفى مقصود: ثورة ١٤ تموز مدارات الاخوة الاعداء، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، الطبعة الاولى، أربيل، ٢٠٠٢، ص٣١٧- ٣٣٠؛ منذرالموصلي: القضية الكردية...، ص١٢٥- ١٢٦؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی كورد..، بەرگی یەكەم، ل٥٤.

[639] .سعد ناجي جواد: العراق والمسالة..، ص٧٧؛مسعود البارزاني: البارزاني والحركة.، ج(٣)، ص٨٣..

[640] د.واحد عومەر محێدین: دانوستانەكانی نێوان..، ل١٢٥. بۆ بینینی تەواوی بەیاننامەكە بڕوانە. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج(٣)، ص٤٨١-٤٨٢.

[641] .بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وردەكاری ناوەڕۆكی دانوستانەكانی نێوان شاندی كوردی و حكومەتی عێراق. بڕوانە. ئیبراهیم جلال: خوارووی كوردستان و شۆڕشی ئەیلول....، ل٩٢-١٠٦؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص٩٩-١٠٨ ؛ واحد عومەر محێدین: دانوستانەكانی نێوان...، ل١٢٣-١٦٦.

هـەموو شـێوەیەك داكۆكیـان لـە بـەدیهێنانی مافـەكانی گـەلی كـورد  لـە چوارچـێوەی ئۆتۆنۆمی دا كردووە، بەڵام سەركردایەتی بەعس بە هیچ شێوەیەك هـەوڵیان نـەداوە بـۆ سەلماندنی ئەو مافانە.

ئـەم بارودۆخـە بـوو بـە هـۆی ئـەوەی جارێكی تـر شـەڕوپێك دادان لـە نێـوان، هێـزی پێشمەرگەی كوردستان و سوپای عێراق (بەعس)دا، دەست پێبكاتەوە.[٦٤٢]

شایەنی باسـە برایم ئەحمـەد لـە شۆڕشـی ئـەیلول و هـەوڵ دان بـۆ رووخـانی رژێمـی قاسم لە رووی سیاسی و سەربازییەوە و زۆربەی دانوستانەكانی سـەركردایەتی پـارتی لەگـەڵ وڵاتـانی دەرەوە و پەیوەندیـەكانی لەگـەڵ سـەركردایەتی نـوێی عێراقـدا رۆڵـی كاریگەر و بەرچاوی هەبووە.

هەواڵنامەی كتێب

642. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە وردەكاریەكانی بەرەكانی شەڕ بڕوانە. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج(٣)، ص٩٣-١١٧؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی كورد..، بەرگی یەكەم، ل٦٠-٧١؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی كوردستان و شۆڕشی ئەیلول.....، ل١٠٩-١٢١.

# باسی سێیەم
# خەباتی سیاسیی برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی
# ( ١٩٦٤ — ١٩٧٠ )دا

تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣، هێرش و پەلاماری حکومەتی بەعس بۆ سەر کوردستان لەو پەڕی بەهێزیدا بوو[٦٤٣]، لە هەمان کاتدا ململانێیەکی فراوان ناو ریزەکانی حیزبی بەعسی گرتبۆوە، کەوای کرد لەسەر ئاستی سیاسیی ئەو حیزبەدا دابەش بوونێکی ناوخۆیی لێبکەوێتەوە، لە لایەکی ترەوە درێژەکێشانی جەنگی حکومەت لە دژی گەلی کورد و ڕێکخراوەکانی دیکەی عێراق زەمینەی بۆ کودەتایەکی نوێ پێکهێنا کە (عەبدولسەلام عارف) بتوانێت لە ١٩٦٣/١١/١٨دا دەسەڵاتی خۆی بەسەر حوکمدا بچەسپێنێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعسیەکان بهێنێت.[٦٤٤]

لەم هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی نوێی عێراق لە سەرەتادا هەوڵیان دا هەمان شێوازی توندوتیژی بگرنە بەر بۆ دژایەتیکردنی کوردو کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریاندا هیچ جۆرە نەرمی و بێهێزیەك نەنوێنن بەرامبەر بە کورد، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی (عێراق) دوای سەرکەوتنی کودەتاکە، درێژەی بە پرۆسە سەربازییەکانیدا لە چەند نێوچەیەکی کوردستان.[٦٤٥]

---

[643] جێگەی باسە بەشێکی زۆری هێرش و پرۆسە سەربازییەکانی حکومەتی بەعس لەو کاتەدا ڕووبەڕووی ناوچەی (بارزان)ببۆوە، بۆ زایاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە. زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم....، ل٣٥٢—٣٧٧ ؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة... ج ٣، ص ١٠٨-١١٧.

[644]. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة الكردية...، ص١٠٣؛ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ململانێی ناوخۆی بەعس بڕوانە: علی کریم سعید: عێراق ٨ شوبات...، ص ١٤٩—١٥٩.

[645]. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٢١٤؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە مسعود البارزاني: البارزاني والحركة... ج ٣، ص ١٢٣.

عەبدولسەلام عارف ستراتیجی کارەکانی خۆی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی داڕشتبوو، یەکەمیان چەسپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆی و بنبڕکردنی دەسەڵاتی بەعسیەکان لە عێراقدا، دووەم کۆتایی هێنان بە شەڕی کوردستان ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت.[٦٤٦]

دوا بە دوای سەرنەکەوتنی ڕێگەی سەربازی بۆ کۆتاییهێنان بە دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد، حکومەت بە ناچاری ڕێگەچارەی ئاشتیانەی گرتەبەر، کە بێگومان ئەمەش وەك هەنگاوێکی تاکتیکی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی کات و ڕەخساندنی زەمینەی خۆسازدانەوە بۆ دووبارە دژایەتیکردنەوەی گەلی کورد بەڵام لە ئان و ساتێکی دواتردا.[٦٤٧]

بە مەبەستی پەیوەندیکردنی حکومەتی عێراق لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد (مستەفابارزانی) بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد، لەسەر داوای حکومەتی عێراق (بابە علی شێخ مەحمود) لە (١٩٦٣/١٢/٢١)دا لە نامەیەکدا هەڵویستی دەسەڵاتدارانی عێراقی بە (بارزانی) ڕاگەیاند، لە وەڵامی ئەو داخوازییە ئاشتیانەیەدا لە (١٩٦٣/١٢/٢٦) بارزانی لە نامەیەکیدا ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازیکردنی شاندی حکومەت لە ڕانیەو دەستپێکردنی گفتوگۆی لەگەڵیاندا ڕاگەیاند .[٦٤٨]

لە٣٠ کانوونی یەکەمی (١٩٦٤)دا شاندی حکومەت بە سەرۆکایەتیی (عەبدولڕەزاق سەید مەحمود)ی پارێزگاری سلێمانی، گەیشتنە ڕانیە، دواتر لە (١٠)ی شوباتی (١٩٦٤)دا لە نێوان (عەبدولسەلام عارف )ی سەرۆك کۆماری عێراق و (مستەفا بارزانی)دا ڕێکەوتننامەیەك واژوو کرا[٦٤٩] و لە هەمان ڕۆژدا هەر یەکە لە

---

[646] . سعد ناجي جواد: العراق والمسألة..، ص ١٠٣ ؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان، ل ١٢٣.

[647] . شیرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي...، ص ١٧٤.

[648] المصدر السابق، ص ١٧٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٢١٥.

[649] . مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج ٣، ص١٢٧؛ منذر الموصلي: القضية الكردية..، ص ١٧١؛ شلومو نكديمون: الموساد في العراق و دول الجوار..، ص١٠٦ ؛ سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد..، ل١٨٨.

بارزانی و عەبدولسەلام عارف بەجیا لە رادیۆی بەغدا بەیاننامەیان سەبارەت بەو ڕێکەوتنەی نێوانیان بلاوکردوە.[٦٥٠]

ئەم ڕێکەوتنە سەرەتای ئاشکرابوونی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردایەتیی پارتی و فاکتەرێکی بەهێزی ئالۆزبوونی پەیوەندیەکانی نێوانیان بوو.

جێگەی باسە لە کاتی واژووکردنی ڕێکەوتننامەی (١٠)ی شوبات، برایم ئەحمەد لە گەشتێکی دبلۆماسیدا بوو لە ولاتانی ئەوروپا، بە بیستنی ئەم هەواڵە دەستبەجێ لە ڕێگەی ئێرانەوە بەرەو کوردستان گەڕایەوە.[٦٥١]

لە راستیدا برایم ئەحمەد و بەشێکی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بە توندی دژی ئاگربەست و ناوەڕۆك و شێوازی بەستنی ڕێکەوتننامەی (١٠)ی شوبات بوون و لە چەند لایەنێکەوە رەخنەیان ئاراستە کرد لە وانە:-

١. چۆنێتی واژوو کردنی ڕێکەوتننامەکە، پێیان وابوو بارزانی سنووری دەسەلاتی خۆی بەزاندوەو بە ناوی خۆیەوە ڕێکەوتننامەکەی واژوو کردووە، بە بێ ئەوەی بیروڕای ئەندامانی (م.س) وەربگرێت.[٦٥٢]

٢. پێیان وابوو بەیاننامەی حکومەت کەم وکوڕی تێدایە، لەبەر ئەوەی دان بە گەلی کورد و کوردستان و مافە نەتەوایەتیەکاندا نانێت، لە بەرامبەر ئەوەدا زاراوەی (برا کوردەکان، باکوری عێراق، ماف هاونیشتمانێتیی گشتی، یەکسانی بەرامبەر بە یاسا)ی بەکار هێناوە.[٦٥٣]

٣. گەڕانەوەی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ کوردستان[٦٥٤] و پشتگیریکردنی (مەلا مستەفا) لەو بڕیارەی حکومەت.[٦٥٥]

---

[650] . ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ص١٤٠ ؛ محمود الدرة: القضية الكردية..، ص٣٥١-٣٥٢، بۆ تەواوی دەقی هەردوو بەیاننامەکە بڕوانە: شازین هێرش و نزار محمد: بەلگەنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی) چەند بەلگەنامەیەکی مێژوویی ١٩٦٤ - ١٩٧٠، بەرگی دووەم، چ(١)، ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢١ - ٢٣.

[651] .حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل ٤٣.

[652] . صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ١٢٤، شازین هێرش و نزار محمد: بەلگەنامەی...، بەرگی دووەم، ل٤٣، سعد ناجي جواد: العرق والمسألة...، ص ١٠٥ ؛ سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد..، ل١٨٨-١٨٩.

[653] . شازین هێرش و نزار محمد: بەلگەنامە...، ل٣٦.

[654] . هەمان سەرچاوە، ل ٢٢؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج٣، ص ١٢٨.

لــە راســتیدا بــەر لــەوەی (بــرایم ئەحمــەد) بگەڕێتــەوە کوردســتان، لــەناو ڕێکخستنەکانی پارتی و هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا هەڵوێستێکی ناڕەزایی و نیگەرانی بەرامبەر بەو ڕێکەوتنەی نێوان (بارزانی و حکومەت) هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە سەرکردایەتیی پارتی شاندیکی لە (حەبیب محەمەد کەریم، مەحمود عەلی عوسمان، د.فوئاد جەلال، جەمال شاڵی) پێك هێناو سەردانی (بارزانی)یان کرد، هەرچەندە شاندەکە هەوڵی دا گفتوگۆ لە بارەی کەم وکوڕییەکانی ڕێکەوتنەکەوە بکەن، بەڵام بارزانی لە سەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی خۆی سوور بوو.[٦٥٦]

بە وردبوونەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنی(١٠)ی شوبات دەردەکەوێت کە کەمترین مافەکانی گەلی کورد لەو ڕێکەوتنەدا ئاماژەی پێکراوە بە بەراوردکردن لەگەڵ دانوستان و وتووێژەکانی پێشتردا.

لە سەرەتای مانگی ئازاری ساڵی(١٩٦٤)دا، (برایم ئەحمەد)[*] و پێنج کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی (بارزانی)یان کرد لە (سەنگەسەر)، کە تیایدا دیدو بۆچوون و ڕەخنەی خۆیان سەبارەت بە ڕێکەوتنەکە دەربڕی و داوایان لە (بارزانی) کرد کە ئەمە ڕێکەوتنێکی یەکجاری نەبێت، بەڵکو تەنها ئاگر بەستێك بێت.[٦٥٧]

---

[655]. بە پێی بروسکەی ژمارە (٨٧) ی ڕۆژی ٢ /١٩٦٤/٣ کە بارزانی بۆ سەرکردایەتی پارتی دەنێرێت کە تیایدا چەند داوایەکی هەبوو لەوانە: ١- هێزی حکومەت ئەگەر ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئێوەی تێدان، داواتان لێ دەکەم کە ماوەیان بدەن. ٢ - لە کاتی هاتنی هێزی حکومەت بۆ ناوچەکەتان پێویستە شوێنەکانی خۆتان بەربدەن و بکشێنەوە دواترەوە. ٣-ئەگەر شوێنتان تەنگە هێزەکانتان بکێشننەوە بۆ لای من. ٤- هەڵگیرسانی شەڕ لە بەینی ئێوەو حکومەتدا ئەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ لە بەینی من و ئێوەشدا. بە پەلە لە وەرگرتن و جێبەجێکردنی ئاگادارمان بکەنەوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١) دەقی ئۆرجیناڵی بەیاننامەکە وەرگێراوە لە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە..، ل٢٨٨-٣٠٥.

[656]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٥١.

★ لە راستیدا برایم جەلال ئاماژە بەوە دەکات کە (بارزانی) ڕێگەی بە بەشداریکردنی برایم ئەحمەد نەداوە لە شاندە شەش کەسیەکەدا بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکاندا بڕوانە: خوارووی کوردستان و....، ل١٥١.، بەڵام وەك دەردەکەوێت برایم ئەحمەد وەك سکرتێری حیزب و سەرۆکی شاندەکەش بووەو گفتوگۆیەکی چڕ لە نێوان ئەو و بارزانیدا دروست بووە.

[657]. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة...، ص١١١؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية:...، ص ١٢٤؛ دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد..، ل٥١٩—٥٢٠.

**هەر لەو سەردانەدا برایم ئەحمەد هەوڵی داوە ئەوە بە (بارزانی) بسەلمێنێ کە بارودۆخی کوردستان و لاوازی حکومەتی عێراق باشترین دەرفەتە بۆ بەردەوامبوونی شەڕو پێداگرتن لەسەر داواکاری زیاتر لە چوار چێوەی (ئۆتۆنۆمی)دا بۆ کوردستان[٦٥٨]، بەڵام بارزانی گوێی بە داواکاری شاندەکە نەداو سووربوونی خۆی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکەوتنەکە بە بێ هیچ دوو دڵیەك دەربڕی.[٦٥٩]**

**لە ڕاستیدا گفتوگۆیەکی توندوتیژو فراوان لە نێوان برایم ئەحمەدو مەلا مستەفادا سەبارەت بە ناوەڕۆك و شێوازی ڕێکەوتنەکە هاتە ئاراوە[٦٦٠]، بارزانی هۆکاری جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی بۆ دوو خاڵی سەرەکی دەگەڕاندەوە یەکەمیان پێی وابوو گەلی کورد ماندووەو تاقەت و توانای شۆڕشی نەماوە، دووەم حکومەتیش تواناو تاقەتی نەماوە.[٦٦١]**

**بەڵام ئەندامانی شاندەکەو لە سەروو هەمووشیانەوە (برایم ئەحمەد) تەواو پێچەوانەی بیروڕاکانی (بارزانی)بوون، بە تایبەت سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان، چونکە پێیان وابوو، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر لە هێزی حکومەت بەهێزترو بە تواناترە و سەربازە عەرەبەکانیش ئامادەیی شەڕ کردنیان نییە.[٦٦٢]**

**هەر چەندە کوردستانیش لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە توشی تەنگوچەڵەمە هاتبوو[٦٦٣]، بەڵام لەو بارودۆخەدا هەلی بەردەوامبوونی شۆڕش و درێژەدان بە کردەوە**

---

[658]. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١) دەقی ئۆرجینالی بەیاننامەکە وەرگیراوە لە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە..، ل٢٨٨-٣٠٥؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسأله...، ص١؛ نادر ئینتیسار: ئیتنو نەتەوایەتی..، ل١٤٨.

[659]. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ١٢٤؛ واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٢٢٤.

[660] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە وتوێژی نێوان بارزانی و برایم ئەحمەد بڕوانە: دیڤید ادمسن جرجيس فتح الله: الحرب الكردية وانشقاق...، ص٤٠—٤١ ؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسألة....، ص١١١.

[661]. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٢٢٤؛ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

[662]. شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە...، ل ٣٥ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية ....، ص ١٢٤.

[663]. لە ڕاستیدا بارودۆخی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە ئاڵۆز و نالەبار بوو، هاوکات بارزانی و (م. س) لە ناکۆکییەکی بەردەوامدا بوون، هەرچەندە هێرشی بەردەوامی حکومەتی بەعس تا ڕادەیەك ئەو ناکۆکیەی خاو کردبۆوە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە ناو ڕیزەکانی پارتیدا بە ئاسانی هەستی پێ دەکرا، هاوکات لە ڕووی ئابوریشەوە کوردستان بەگشتی و ناوچەی بارزان بەتایبەتی بە هۆی هێرشی بەردەوامی بەعس و ئابلۆقەی ئابووری و سووتان و لەناو چوونی بەروبوومی کشتوکاڵیەوە تەواو لاواز بوو، خەڵکە گشتیەکە تا ڕادەیەك شەڕ وەستانیان پێ باش بوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان، ل١٢٣.

سەربازییەکان بۆ سەر حکومەت، زیاتر لەبار بوو بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی تازەی عێراق بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد.

لە درێژەی وتوێژەکاندا (بارزانی) رایگەیاند (من وەك سەرکردەی لە شکری کوردستان و سەرۆکی پارتی و سەرۆکی گەلی کورد مافی ئەوەم هەیە بڕیار بدەم شەڕ بوەستێ یان نەوەستێ، رێکەوم یان رێنەکەوم)[٦٦٤]، برایم ئەحمەدیش لە وەڵامدا دەڵێت" تۆ وەك سەرۆکی کوردو سەر لەشکری کوردستان، قەیناکە بڕیار بدەی بەڵام وەك سەرۆکی (پارتی) بۆت نییە بڕیار بدەی لەسەر شەڕ وەستان یاخود نەوەستان".[٦٦٥]

لە دوا کۆبوونەوەی نێوانیاندا لەو سەردانەدا برایم ئەحمەد بە بارزانی راگەیاند" بەپێی پەیڕەو پرۆگرامی رێکخراوەکەمان سەرۆکی حیزب بۆی نییە راستەوخۆ بڕیار دەربکات، بەڵکو ئەم کارە تەنها مافی کۆنگرەی حیزبە یاخود مەکتەبی سیاسیی و ئەگەر پێت باشە رێکخراوێکی تر دروست بکەو هەموو بیروراکانی خۆت بەو شێوەیە بچەسپێنە کە خۆت ئارەزووی دەکەیت".[٦٦٦]

بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان برایم ئەحمەد و بارزانی گەیشتە لوتکەی توندوتیژی و (بارزانی) بڕیاری دەست بەسەرکردنی (برایم ئەحمەد)ی دەرکرد[٦٦٧]، بەڵام وا پێ دەچێت کە مەبەستی بارزانی ئەوە نەبوو بێت کە دەستگیریان بکات، هەر بۆیە رێگەی گەڕانەوەی پێداون .[٦٦٨]

هەواڵنامەی کتێب

---

[664]. حوسین محەمەد عزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٤٥؛ دیڤید ادمسن و جرجیس فتح الله: الحرب الکردیة...، ص٤٢–٤٣.

[665]. دیڤید ادمسن و جرجیس فتح الله: الحرب الکردیة...، ص٤٢–٤٣.

[666]. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة...، ص١١١.

[667]. لە ئەنجامی گرژبوونی نێوانیان، بارزانی بە برایم ئەحمەدی راگەیاند" وای دانێ کە تۆ دەست بەسەری و دەستگیرکرایت"، بەڵام برایم ئەحمەد بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە دەڵێت" زۆر ئاساییە دەستگیر کراو مافی نان خواردنی هەیە لەبەر ئەوە بنێرە نانمان بۆ بێت"، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیڤید ادمسن و جرجیس فتح الله: الحرب الکردیة و انشقاق...، ص٤٢ ؛ حوسێن محمد عزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٤٥.

[668]. برایم ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێت" لەو کاتەدا بوو بە هەرا، خەڵك لە (قەڵادزێ)وە خۆپێشاندانیان کرد، خەریك بوون بێن بۆ (سەنگەسەر) ئەوە بوو دوایی ئیزنی داین و بەخێرێ بەڕەڵلاّ بووین"، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حوسین محەمەد عزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٤٢.

جێگـەی ئامـاژە پێدانـە سـادەیی ڕێکەوتننامەکـەو سـووربوونی بـارزانی لەسـەر جێبـەجێکردنی، برایم ئەحمـەد و ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـیی هێنـابووە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە چـەند بەنـدێکی نهێنـی هـەبێت لـە نێوانیانـدا[٦٦٩]، بـەڵام (بـارزانی) لـە ڕوونکردنەوەیەکیـدا ئـەو گومانـەی ڕەت کـردەوەو ئاشـکرای کـرد (مـن ڕێـز و خۆشەویـستیەکی یـەکجار زۆرم بـۆ بـەڕێز سـەرۆك کۆمـار مـشیر ركـن عەبدولـسەلام محەمەد عارف هەیە و هیچ بەندێکی نهێنی لە ڕێکەوتنی نێوانماندا نییە، هەرچی هەیە هەر ئەوەیە کە بڵاوکراوەتەوە، بۆ گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ ناوچەی ژوورو حکومەت بۆ ئێمە وەك باوك بۆ خێزانەکەی و منداڵەکانی وایە).[٦٧٠]

بەڵام لەبارەی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەوە ئیبراهیم جەلال دەڵێت" مەبەستی سەرەکی ڕێکـەوتنی نێـوان بـارزانی و عەبدولـسەلام عـارف، لـە نـاو بردنـی نـەیارەکانیان بـوو، عەبدولـسەلام مەبەسـتی بـوو خـۆی لـە دەسـەڵاتی بەعسیەکان ڕزگـار بکات، بـە هـەمان شێوە بارزانیش مەبەستی بوو لە دەستەی برایم ئەحمـەد و (م.س) ڕزگـاری ببێـت"[٦٧١] لـە هـەمان کاتـدا (نەوشـیروان مـستەفا ئـەمین)یـش پێـی وایـە کـە بـارزانی هـەلی ڕێکەوتننامەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر نەیارەکانیدا زاڵ بێت.[٦٧٢]

جێگـەی باسـە لـە سـەرەتای مـانگی ئازارەوە بـارزانی توانیبـووی سـەرنجی زۆر لـە سەرۆك خێڵ و ئەفسەرەکانی ناو شۆڕش بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، دواتـر بـە مەبەسـتی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی باڵی مەکتەبی سیاسی، دەستی کرد بـە گـۆڕینی ئەنـدامانی سـەر بـە (برایم ئەحمـەد) لـە شـوێنە گرنگەکانـداو دانانی کەسـانی لایـەنگری خـۆی لـە شـوێنەکانیاندا، ئەمـە وای کـرد کـە نزیکـەی٧٠٪ ی بنکـەکانی شـۆڕش بکەوێتـە ژێـر دەسەڵاتی بارزانییەوە.[٦٧٣]

---

669 بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١) دەقی ئۆرجیناڵی بەیاننامەکە وەرگیراوە لە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە..، ل٢٨٨-٣٠٥ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية، ص ١٢٤.

670. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٤٦؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

671. خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول...، ل ١٢٤.

672. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢١/ ٤/ ٢٠٠٧.

673. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣.

دوای گەڕانەوەی (برایم ئەحمەد)و شاندە هاوڕێکەی و بەدەسەت نەهێنانی هیچ ئەنجامێکی شیاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، مەکتەبی سیاسی بڕیاری بەستنی کۆنفراسی (پارتی)دا لە ماوەت.[٦٧٤]

ئەوە بوو کۆنفرانس لە ٤–١٩٦٤/٤/٩ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی، بە ئامادەبوونی نزیکەی (٧٠)* کەس لە ئەندامانی (م.س) و کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی لقەکان و نوێنەرایەتیی لیژنە ناوچەییەکان لە ماوەت بەسترا.[٦٧٥]

لەو کۆنفرانسەدا راپۆرتی سکرتێر (برایم ئەحمەد)و سەرکردایەتیی و لقەکان خوێندرانەوە کە سەرجەمیان پەیوەندیان بە کێشەی نێوان مەکتەبی سیاسی و بارزانییەوە هەبوو، هاوکات گفتوگۆیەکی چڕ لەسەر بڕیاری یەکلابوونەوەی وەستاندنی شەڕ تەوەرەی سەرەکی کۆنفرانسە کە بوو.[٦٧٦]

ئەندامانی بەشداربووی کۆنفرانسی ماوەت بەسەر دوو رەوتی سەرەکیدا دابەش بوون:

دەستەی یەکەمیان بە سەرکردایەتیی برایم ئەحمەد و نوری شاوەیس و عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلاماتۆڕ)، پێیان وابوو پێویستە هەڵوێستێکی توند بەرامبەر بە مەلا مستەفا رابگەیەنرێت، بەڵام دەستە دووەمیان کە زۆربەی بەشداربوان بوون پێیان

---

[674]. رفیق البشدري: أيها الكرد تعرف على عدوك، الطبعة الثانية، ٢٠٠٢، ص٣٧٤؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد...، ل٧٣.

* سەرچاوەکان لەسەر ژمارەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە کۆك نین، صلاح الخرسان پێی وایە کە (٧٠) کەس بەشداریان تێدا کردووە. بڕوانە التيارات السياسية...، ص ١٢٧، بەڵام شێرزاد زەکەریا محمد پێی وایە کە (٦٧) کەس بەشداریان تێدا کردووە. بڕوانە الحركة القومية الكردية في كردستان ـ العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٧ تموز ١٩٦٨ رسالة ماجستير (غير منشورة) مقدمة الى جامعة دهوك، ٢٠٠٥، ص ١٢٤.

[675]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...، ل ١٥٣؛ کریس کۆچرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەم دا...، ل٣٢١؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية.، ص١٢٧؛ رفیق البشدري: أيها الكرد، ص٣٧٤—٣٧٥. شایەنی باسە جەلال تاڵەبانی، عمر دبابە و حلمی علی شریف لەو کۆنفرانسەدا بەشدارنەبوون. بڕوانە. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل ١٥٣.

[676]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سعید، سلێمانی، ٢/١٣/ ٢٠٠٧، بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە کۆنفرانسی ماوەت بڕوانە. بەیانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر رێکەوتنەکەی مشیر ـ بارزانی خۆ بە دەستەوەدانە یان ماف وەرگرتن، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).وەرگیراوە لە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە...، ل٢٨٨ - ٣٠٥.

باش بوو کە هەوڵ بدرێت ڕێگە چارەی وتوێژو ئاشتیانە بگیرێتەبەر بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان.[٦٧٧]

شایانی باسە (برایم ئەحمەد) بیروڕای خۆی بەسەر ئەندامانیدا نەسەپاندووە و هەمیشە ملکەچی بڕیاری زۆرینە بووە، هەروەك خۆشی لەو بارەیەوە دەڵێت" بیروڕاکانی من کورتەی هەڵبژاردەی دیدو بۆچوونەکانی ئەندامانی حیزب بوو، من ڕێکخەر بووم لەوەی زیاتر لێپرسراو بووبم".[٦٧٨]

هەر بۆیە بە زۆربەی دەنگ شاندێکیان لە (ئەسعەد خەیلانی، عەبدوڵڵا زێباری، عەلی سنجاری) پێکهێنا و سەردانی (مەلا مستەفا)یان کرد لە سەنگەسەر، بەڵام سەردانەکە هیچ ئەنجامێکی بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە لێ نەکەوتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە بارزانی لە نامەیەکدا داوای لە (جەلال تاڵەبانی) کردبوو کە بچێت بۆ لای بارزانی و بەڵێنی پێ دابوو کە لە جێگەی برایم ئەحمەد بیکاتە سکرتێر.[٦٧٩] پاشان کۆنفرانسی (ماوەت) درێژەی بە کارەکانی خۆی داو کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی دەرکرد لەوانە:

یەکەم: دەرکردنی بەیانێك بە ناوی (ڕێکەوتنی موشیر- بارزانی ئاشتیانە یان خۆ بە دەستەوەدان؟)، بۆ مەبەستی ئاشکرا کردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە.

دووەم: رووتکردنەوەی مەلا مستەفا وەك سەرۆکی پارتی لەم دەسەڵاتانە:

أ . دەسەڵاتی گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت.

ب . دەسەڵاتی فەرماندەیی گشتی هێزی چەکدار.

ج . دەسەڵاتی بەستنی کۆنگرەی پارتی.

د . دەسەڵاتی ئاڵوگۆڕکردن و لابردن و دانانی فەرماندەیی پێشمەرگە.[٦٨٠]

هەولێرنامەی کتێب

---

677. صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ١٢٧ ؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...، ل ١٥٣.

678. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر ....، ل ٥٤.

679. صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص١٢٧؛ ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان..، ل١٥٣، شایەنی باسە عەلی سنجاری کە خۆی یەکێك بووە لە ئەندامانی شاندەکە دەڵێت ئەندامانی شاندەکە پێك هاتبوون لە (جەلال عەبدولرەحمان، عەلی سنجاری، ئەسعەد خەیلانی، مستەفا کرێکار، تەها بابان) کە لەو کۆبونەوەیەدا بیروڕاکانی بارزانی تەواو پێچەوانەی بیروڕاکانی (م.س) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. علي سنجاري: الحركة التحررية الكردية....ص٥٠-٥١.

680. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل ١٥٤؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص ١٢٨؛ ئەحمەد بانیخێلانی: بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٢١٦-٢١٧.

مـەلا مـستەفا بـە تونـدی بەرپەرچـی بڕیارەکـانی کۆنفرانـسی (مـاوەت)ی دایـەوەو ڕایگەیاند:

١. لەبـەر ئـەوەی کۆنفرانـسی مـاوەت سـەرۆکی حیـزب تێـدا بەشـدار نـەبووە شەرعیەتی نییە.

٢. بەو پێیەی کە سەرۆکی پارتی، فەرماندەی گشتی هەموو هێزی پێشمەرگەیەو سەرۆکی میللەتە بڕیاری دا بە:

أ. دەرکردن ولابردنی (عەلی عەسکەری) لە فەرماندەیی هێزی (خەبات)، (عومـەر مـستەفا) لـە فەرمانـدەیی هێـزی (کـاوە)، (جـەلال تاڵـەبانی) لـە فەرمانـدەیی هێـزی (ڕزگاری)، (کەمال موفتی) لە فەرماندەیی هێزی (قەرەداغ).

ب. دانـانی ڕەشـید سـندی بۆ هێـزی (ڕزگـاری)، نـوری مـەلا حـەکیم بۆ هێـزی (قـەرەداغ)، نـوری مـەلا مـارف بـۆ هێـزی (خـەبات)، عەقیـد کـاقی نەبـەوی بـۆ هێـزی (کاوە).[٦٨١]

بەم شێوەیە هەڵوێستی هەر یەکە لە برایم ئەحمەد و بارزانی زەمینەی بۆ بە ئاشتی چارەسـەرکردنی کێـشەکان بـە تـەواوەتی کـەم کـردەوە، هـەردوولایان لـە هـەوڵی کەمکردنەوەو سنوور دانانی دەسەڵاتەکانی یەکتری بوون.

مـەحمود عوسمـان سـەبارەت بـە کۆنفرانـسی مـاوەت دەڵێـت" کۆنفرانـسێکی نایاسایی بوو، لە بەر ئەوەی پێچەوانەی ناوەڕۆکی پەیڕەوی نـاوخۆی حیزب بوو کە دەبێت کۆنفرانس بە ئامادەبوونی سەرۆك ببەسترێت، لە لایەکی تریشەوە داماڵینی دەسەڵاتەکانی بارزانی لە توانای (کۆنگرە)دایە نەك کۆنفرانس".[٦٨٢]

سەبارەت بە ڕێکەوتنەکەی (١٠)ی شوبات جەلال تاڵەبانی پێی وایە کە نـەك هـەر ماقی کوردی تێدا بەدی ناکرێت بەڵکو جێبەجێکردنی دەبووە هۆی کۆتایی هێنان بە

---

681. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان..، ل ١٥٤ ؛ شیرزاد زةكةريا محمد: الحركة القومية الكردية....، ص ١٢٤ ؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد..، ل ٥٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠. (ساڵی ١٩٤٣ لە شاری بەغداد لە دایك بووە، سەرەتا لە حوجرەو خوێندنگە ئاینیەکانەوە دەستی بە خوێندن کردووە، لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە لە کەرکوك، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول دا کردووە و یەکێك بووە لە لایەنگرانی باڵی (م.س)، ئێستاش سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامییە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر).

682. وەرگیراوە لە شیرزاد زەکەریا محمد: الحركة القومية الكردية...، ص ١٢٥.

شۆڕش*، لەم بارەیەوە دەڵێت" ڕێکەوتنەکەی نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارف هیچی تێدا نەبوو بۆ کورد، جا ئەو وەختە وای لێهات کە دەبوو یا ئەوەتا ئاش بەتاڵ قبوڵ بکەیت یاخود دەبێت دژی ئاش بەتاڵ بوەستیتەوە، یانی خۆی ئاش بەتاڵێکی ئاشکرا بوو".[683]

لە ڕاستیدا (بارزانی) خۆشی متمانەو هیوای بەو ڕێکەوتننامەیە نەبووە، هەروەك ئەحمەد بانیخێڵانی دەڵێت" بارزانی سەبارەت بەو ڕێکەوتنە وتی (خۆ من هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنیدا نەبووە، بڕواشم وانییە کە دان بە حەقی کورددا بنێت، بەڵام ئێمە وەزعمان خراپە و هێزەکانمان ماندوون)".[684]

لە دوای ئەو ڕووداوانە دەرگای گفتوگۆ لە نێوان (برایم ئەحمەد و بارزانی)دا بە تەواوەتی دانەخرابوو*، دەستەیەك لە ئەندامانی (م.س) بە سەرکردایەتیی برایم ئەحمەد بڕیاریاندا بەشداری لەو دانوستانەدا بکەن کە بڕیار بوو لە (١٩٦٤/٦/٢)دا لەگەڵ شاندی حکومەت بە سەرۆکایەتیی تایەر یەحیا (سەرۆك وەزیران)، ببەسترێت.[685]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لە پێش کۆبوونەوەکە ئێمە کۆمەڵێك داواکاریمان نوسیبوو تا پێشکەش بە شاندی حکومەتی بکەین، بەڵام (مەلا مستەفا)

---

* لە ڕاستیدا هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە جەلال تاڵەبانی خۆی یەکێك بووە لە بەشداربووانی ڕێکەوتننامەی (١٠) شوبات و دەقی بەیانەکەش بە دەستی جەلال تاڵەبانی و نوری شاوەیس نووسراوە، بڕوانە مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج(٣)، ص١٣٣. بەڵام مامۆستا مەلا بێستون دەڵێت" من خۆم لە مامۆستا (مەسعود محەمەد)م بیستووە کە خۆی بە دەستی خۆی نووسیوێتی" چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠.

[683]. وەرگیراوە لە عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان زەبیحی...، ل٣١٠-٣١١. لە ڕاستیدا لە دەقی بەیانەکەی بارزانیدا هاتووە کە دەڵێت (داوا لە براکانم دەکەم کە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و خەریکی کارو کاسبی ئازاد و بەڕێزی خۆیان بن)، بڕوانە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە..، ل٢٣.

[684]. ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەریەکانم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٢١٦.

* لە دوای بڵاو کردنەوەی بەیاننامەکەی (م.س) برایم ئەحمەد بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی نێوانیان لەسەر داواکاری (عەباسی مامەند ئاغا) سەردانی (بارزانی)کرد لە ڕانیە بڕوانە: حوسین محەمەد عزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٤٦.

[685]. صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص١٢٩ ؛ سعد ناجي جواد: العراق المسألة....، ص١١٢. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بەشداربوونی هەردوو شاندەکە بڕوانە: مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج(٣)، ص١٣٠-١٣١.

به شاندی حکومەتی وتبوو" ئەمانە داواکاری برایم ئەحمەد و مەکتەبی سیاسییە، داواکاری من و میللەت نییە "[٦٨٦]، دەرئەنجام ئەم دانوستانەش سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا.

لە ١٤ی حوزەیرانی (١٩٦٤)دا برایم ئەحمەد و بارزانی ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی ئامادەکارو بێ لایەن بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی نوێ کە بڕیار بوو لە (٢٥)ی حوزەیراندا ببەسترێت[٦٨٧]، بەڵام دورکەوتنەوەی کتوپڕی بارزانی لە رانیەو پێك هێنانی لیژنەیەکی یەك لایەنە بەبێ بەشداربوونی ئەندامانی سەر بە (برایم ئەحمەد) بووە هۆی دروست بوونی ترس و دڵەڕاوکێ، هەر بۆیە بە شێوەیەکی نهێنی گەڕانەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسیی لە (ماوەت)،[٦٨٨] بەڵام مەسعود بارزانی پێی وایە کە هۆکاری گەڕانەوەی برایم ئەحمەد بۆ ماوەت ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (بارزانی) کاروباری سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ نەسپاردبوو لە کاتێکدا کە خۆی ناوچەکەی بەجێ هێشتبوو.[٦٨٩]

لە راستیدا بۆ سپاردنی سەرکردایەتیی کاروباری شۆڕش برایم ئەحمەد لە پێشتر بوو لە کەسانی تر، هەر بۆیە پەراوێزکردنی برایم ئەحمەد زیاتر زەمینەی بۆ ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکە رەخساندووە.

سەرەڕای بوونی چەند هەوڵێکی ناوخۆیی بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، بەڵام هیچ سوودێکی بۆ ئەو مەبەستە لێ نەکەوتەوە.[٦٩٠]

لە ماوەی نێوان ١-٩ تەمووزی ١٩٦٤ (پارتی) بە سەرۆکایەتیی بارزانی و ئامادەبوونی نزیکەی (٤٠٠)ئەندام، کە زۆربەی لە فەرمانداندەی پێشمەرگەو سەرۆك خێڵەکان* پێکهاتبوون، کۆنگرەی (شەشەم)ی خۆی لە قەڵادزێ بەست.[٦٩١]

---

[686]. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٤٧-٤٨ ؛ ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٥٧.

[687]. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة...، ص١١٢-١١٣.

[688]. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد...، ل٥٢٠ ؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد، ل٧٧؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسألة....، ص١١٣.

[689]. البارزاني والحركة ...، ج٣، ص١٤٣.

[690]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. علي سنجاري: الحركة التحررية الكردية...، ص٥١.

هەرچەندە بارزانی بانگێشتی برایم ئەحمەد و ئەندامانی تری (م.س)ی کردبوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەدا، بەڵام لە بەر ئەوەی پێیان وابوو کە کۆنگرە لە ژێر فشاری بارزانیدا بەڕێوە دەچێ، بڕیاریان دا بەشداری تێدا نەکەن.[٦٩٢]

لەگەڵ ئەوەشدا لە یەکەم رۆژی کۆنگرەدا سێ کەس لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کە پێکهاتبوون لە (عەلی حەمدی، عەلی عەبدوڵڵا، عەزیز شەمزینی) هەوڵیان دا بەشداری لە کۆنگرەکەدا بکەن، بەڵام دەستبەجێ بڕیاری دەستگیر کردنیان لە لایەن بارزانییەوە دەرچوو.[٦٩٣]

هەرچەندە بەهۆی بەشداری نەکردنی برایم ئەحمەد لەو کۆنگرەیەدا زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، بەڵام تا رادەیەك لە جێی خۆیدا بووە، لە بەر ئەوەی دەستگیرکردنی ئەندامانی بەشدار بوو لە کۆنگرەکەدا، پاڵپشتی بیروڕاکانی (برایم ئەحمەد)ن لەسەر بوونی فشار لەو کۆنگرەیەدا.

کۆنگرەی شەشەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی حیزب و ستراتیجی رامیاریی دۆزی کورد بەرامبەر بە حکومەتی عێراق کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد[٦٩٤]، کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

١. دریژە پێدان بە ئاگربەست و گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەت.

٢. رێگە نەدان بە حکومەت بە گەرانەوەی دامودەزگاکانی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان.

---

★ لە راستیدا زۆر لەو ئەندامانەی بەشداریان لە کۆنگرەی شەشەمدا کردبوون مافی بەشداریکردنی کۆنگرەیان نەبوو، تەنانەت هەندێکیان ئەندامی پارتیش نەبوون، بڕوانە ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٦٢.

[691] . صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص١٣٠ ؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسألة..، ص١١٣.

[692] .مسعود البارزاني: البارزاني والحركة..، ج ٣، ص١٤٣ ؛ شيرزاد زكريا محمد: الحركة القومية الكردية في..، ص١٢٩.

[693] . شایەنی باسە هەندێ لە سەرچاوەکان تەنها ناوی (عەلی عەبدوڵڵا و عەزیز شەمزینی) دەهێنن کە بەشداریان لە کۆنگرەی شەشەمدا کردبێت، بڕوانە مسعود البارزاني: البارزاني والحركة..، ج ٣، ص١٤٣—١٤٤ ؛ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٦٢، هۆکاری دەست بەسەر کردنەکەشیان بەپێی وتەی مەسعود بارزانی= =ئەوەیە کە هاشم عەقراوی ئاگاداری بارزانی کردووەتەوە کە ئەوان هاتوون ئارامی کۆنگرەکە بشوێنن. بڕوانە البارزاني والحركة التحررية، ج٣، ص١٤٤.

[694] . سعد ناجي جواد: العراق والمسألة..، ص١١٣؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص١٣٠—١٣١؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة..، ص١٤٤ — ١٤٥.

هەواڵنامەی کتێب

٣. دەرکردنی (برایم ئەحمەد)* و سیانزە کەس لە ئەندامانی (م.س).

٤. هەڵبژاردنی مەلا مستەفا وەك سەرۆکی پارتی.

٥. دانانی سکرتێرو ئەندامانی نوێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی.

٦. پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش.[٦٩٥]

بەڵام برایم ئەحمەدو (م.س) بەرپەرچی بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمیان دایەوەو بە کۆنگرەیەکی نادروستیان لە قەڵەم دا، بە تایبەت سەبارەت بە تەسلیمکردنی رادیۆو کەل و پەلەکانی شۆڕش کە لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە لە ماوەت بەکار دەهێنرا.[٦٩٦]

لە راستیدا بڕیارەکانی هەر یەکە لە کۆنفرانسی (ماوەت)و کۆنگرەی شەشەمی (قەڵادزێ)، پەیوەندی نێوان سەرکردایەتیی کوردی ئاڵۆزتر کردو زەمینەی زیاتری بۆ رووبەرووبوونەوەی چەکداری رەخساند، کە دەکرا لە جیاتی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتیی یەکتر، زمانی وتوێژ و لەیەك گەیشتن بەکار بهێنرایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانیان.

مەحمود عوسمان کە خۆی یەکێك بوو لە بەشداربووانی کۆنگرەی شەشەم بەڵام پێی وایە کە کۆنگرەکە ناشەرعی و نادروست بووە، لە بەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی (م.س) بەشداریان تێدا نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی رێکخستن و بەڕێوەبردنی نادروست بوو.[٦٩٧]

جێگەی باسە خاڵی لاوازی کۆنگرەی شەشەم دوورخستنەوەی کۆمەڵێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی بوو، کە پڕکردنەوەی شوێنەکانیان هەروا کارێکی ئاسان نەبوو، لە بەر ئەوەی ئەوانە لە کادرە بە تواناو

---

* ناوی دەرکراوانی پارتی لە کۆنگرەی قەڵادزێ دا لە (برایم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عومەر مستەفا، عەزیز شەمزینی، جەلال تاڵەبانی، عەلی حەمدی، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدوڵڵا، حلمی عەلی شەریف، حەمەی حاجی تایەر، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، نوری ئەحمەد تەها، عەلی عەبدوڵڵا) پێکهاتبوو. بڕوانە بەیانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان.، وەرگیراوە لە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە، ل١٩٧—٢٠٠.

[695]. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تەواوی بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی قەڵادزێ بڕوانە شازین هێرش و نزار محمد: بەڵگەنامە ...، ل١٩٧—٢٠٠.

[696]. حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب الدیمقراطي..، ص٩٢ ؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسألة..، ص ١١٣.

[697]. وەرگیراوە. لە شیرزاد زکریا محمد: الحرکة القومیة ..، ص١٣٠.

**لێهاتووەکانی پارتی بوون کە ساڵانێکی زۆر لە خەباتی پارتایەتی و کوردایەتیدا بەردەوام بوون.[٦٩٨]**

**لە ١٩٦٤/٧/١٥دا، (م.س) بە سەرۆکایەتیی (برایم ئەحمەد) کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر کۆنگرەی قەڵادزێ ئەنجام دا[٦٩٩]، کە تیایدا گەلێك بیروڕای جیاواز هەبوو، جەلال تاڵەبانی یەکێك بوو لەوانەی کە دژی رووبەڕووبوونەوەی چەکداری بوو دژی بارزانی وخەباتی سیاسیی بە لاوە پەسەند بوو.[٧٠٠]**

**(برایم ئەحمەد)یش پێی وابوو کە پێویستە بڕیارەکانی مەلا مستەفا جێبەجێبکرێت چونکە خاوەنی هێزو توانایەکی زۆرە، کە تەنها لە خێڵەکەی خۆی (٥٠٠٠) چەکداری هەیە.[٧٠١]**

**بەڵام بیروڕای چەند کەسانێك کە بەشداربووی کۆبوونەوەکە بوون، کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو، بۆ گۆڕینی ئاراستەی پەیوەندییەکانیان بە رووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە دژی بارزانی[٧٠٢]، ئەگەرچی بیروڕاکانیان لە دڵسۆزیشەوە بووبێت بۆ لایەنگرانی خۆیان، بەڵام گەورەترین زیانی بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد گەیاند، ئیبراهیم جەلال کە خۆی یەکێك بووە لە ئەندامانی بەشداربووی ئەو کۆبوونەوەیە دەڵێت" لە هەموو ئەندامان توند رەوترو شێلگیرتر (نوری شاوەیس)بوو، کە وتی: تێکشکاندنی چی و رەوی چی گەر ئێمە بە بیروڕای تەواوەوە شەڕی مەلا مستەفا بکەین، بێ شك سەرکەوتوو دەبین، من بەش بە حاڵی خۆم رەشاشێك لەسەر پردەکەی قەشان دادەبەستم، تا بەسەر مەیتەکەمدا دەڕۆن شەڕیان لەگەڵ دەکەم، مەگەر مەلا مستەفا بەسەر لاشەی کوژراوی مندا لەسەر پردی قەشان بپەڕێتەوە".[٧٠٣]**

---

698. **چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢/١١/ ٢٠٠٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠.**

699. **ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل ١٦٤.**

700. **حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ص ٤٨.**

701. **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد ...، ل٧٣.**

702. **مسعود البارزاني: البارزاني والحركة..، ج ٣، ص١٣٧.**

703. **ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی..، ل١٦٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە حوسین محەمەد عزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٤٨ ؛ میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد...، ل٧٢—٧٧.**

لە راستیدا واپێ دەچێت کە هێشتا کۆبوونەوەکە نەگەیشتبێتە دوا بڕیار کە لە ١٩٦٤/٧/١٧ دا لە هەموو لایەکەوە هێزەکانی بارزانی بەسەرکردایەتیی (لوقمان بارزانی)* ، گەیشتنە ماوەت.[٧٠٤]

جگە لەوەی کە تەرازووی هێز بەلای هێزەکانی بازانیدا لاسەنگ بوو، مەکتەبی سیاسیی شەڕی براکوژییان بەکارێکی ناڕەوا زانیوەو بڕیاریاندا خۆیان لە شەڕ بە دوور بگرن و لە ناوچەکانی خۆیان پاشەکشە بکەن بەرەو خاکی ئێران.[٧٠٥]

سەبارەت بە هەڵوێستی برایم ئەحمەد بۆ قووڵنەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٦٤/٧/٢٠ دا لە کۆبوونەوەیەکی چارەنووس سازدا، برایم ئەحمەد بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو دۆستان و لایەنگرانیان رایگەیاند" براینە بارزانی و عەبدولسەلام عارف بە زۆر شەڕیان هێناوەتە سەرمان دەیانەوێت رۆڵەی کورد بە کورد بە کوشت بدەن، ئێمە بڕیارمان داوە جگە لە شەڕی خۆپاراستن تا دەرچوونمان، بە هیچ جۆرێك شەڕ نەکەین و نەیەڵین شەڕ لەگەڵ بارزانی درێژە بکێشێ و برین قوڵ نەکەینەوە، هەر بۆیەش داوامان لە هەموو پێشمەرگەو ئەندامانەوەیە، کە لە ناوچەو شوێنەکانی خۆیاندا بمێننەوەو شەڕ نەکەن و لەناو هێزو رێکخستنەکانی بەناو پارتی بارزانیدا کار بکەن".[٧٠٦]

ئەگەر چی دەستەی برایم ئەحمەد لە رووی سەربازییەوە لە تێکشکانێکی هەست پێ کراودا بوون، بەڵام بڕیارێکی لەو جۆرە بۆ رێگری کردن لە تەشەنە کردنی شەڕی

---

* نووسەران دەربارەی سەرکردایەتیکردنی ئەو هێرشە کۆك نین، کریس کۆچرا پێی وایە کە (عوبێدلاّ) سەرکردایەتیی ئەو هێرشەی کردووە، هاوکات سعد ناجی جواد دەڵێت بە سەرکردایەتیی (ئیدریس) بووە، بەلاّم برایم ئەحمەد لەو بارەیەوە دەڵێت" مەکتەبەیەکی گەورەو دەوڵەمەندم هەبوو (لوقمان)وەك ئەسکەندەریە سوتاندی"، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە (لوقمان) سەرکردایەتی هێزەکەی بارزانی کردووە بۆ گرتنی ماوەت: بڕوانە کریس کۆچرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا..، ل٣٢٤؛ سعد ناجي جواد: العراق والمسألة...، ص ١١٣؛ حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٥٠.

[704]. ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٦٤—١٦٥؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد...، ل٨٦. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی وردەکاری دەست پێکردنی شەڕ بڕوانە مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج ٣، ص١٤٤—١٤٩.

[705]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلاّی حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١.

[706]. بۆ بینینی سەرجەم ئەو وتارە بڕوانە ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و...، ل ١٦٦.

ناوخۆو شەڕی کورد بە کوشت دان، لە رووی ناو و ناوبانگی سیاسییەوە بە سەرکەوتنێکی گەورە دەژمێردرێت.

لە ١٩٦٤/٧/٢٤دا برایم ئەحمەد و نزیکەی (٤٧٠) کەس لە لایەنگرانی لە چەمی (تەیەتە)وە پەڕینەوە خاکی ئێران.[٧٠٧]

لە راستیدا کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە لێکترازانە مێژووییەکەی ساڵی ١٩٦٤دا، کە دەکرێت گرنگترینیان لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

**أ . هۆکاری ناوخۆیی:**

١. کاریگەری جیاوازی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و شێوازی بیرکردنەوە.

٢ . جیاوازی بیرکردنەوەیان سەبارەت بە گرنگی پارت و چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە.

٣ . جیاوازی لە شێوازی کارکردن و چۆنییەتی داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کورد.

٤ . رەت کردنەوەی دەسەڵاتی بەرامبەر و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی پایەی کۆمەڵایەتی یەکتر.

٥ .قوڵ بوونەوەی گیانی ململانێ لەناو سەرجەم ریزەکانی ریکخستن و هێزی پێشمەرگەدا.

٦. رۆڵ و کاریگەری کەسانی دەوروبەریان لە قووڵکردنەوەی کێشە لاوەکییەکان.

٧.جیاوازی بیروڕایان بۆ چۆنییەتی مامەڵە کردن لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ حکومەتی عێراق

٨ . رێکەوتننامەی (١٠)ی شوبات، هۆکاری راستەوخۆ بوو بۆ تەقینەوەی ناکۆکیەکان.

٩ . تا رادەیەك حیزبی شیوعی رۆڵی لە قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکاندا هەبووە.[٧٠٨]

---

[707] . هەمان سەرچاوە. ل١٦٦. سەرچاوەکان سەبارەت بە ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ برایم ئەحمەد دا چوونەتە خاکی ئێران، جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە سعد ناجی جواد ژمارەیان بە (٤٠٠٠) دادەنێت، بڕوانە: العراق والمسألة..، ص١١٤، (٦٣٠) کەس بڕوانە. ادمون غریب: الحركة القومية ..، ص٨٦.

**ب . هۆکاری دەرەکی :**

**لە راستیدا هەر یەکە لە ولاّتانی دروا‌سیّ، بە تایبەت حکومەتەکانی (عێراق، ئیران، سوریا، تورکیا)، رۆڵیان لە ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکەدا هەبووە و کەم تا زۆر هانی هەردوو لایەنە ناکۆکەکەیان داوە، بە مەبەستی پەرت کردنی ریزەکانی پارتی و لاواز کردنی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد، بە هەمان شێوە ولاّتانی (میسر و ئەمریکا و سۆڤیەت)یش تا رادەیەك رۆڵیان لە کێشەکەدا هەبووە.[٧٠٩]**

**بەم شێوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەواوەتی بەسەر دوو بەشی سەرەکی دا دابەش ببوو، کە هەردوولا هەر بەو ناوەوە کاریان کردووە.[٧١٠]**

**ئاشکرایە کە ئەم ململانیّ و لێکترازانە تەنها بە قازانجی دوژمنانی کورد شکاوەتەوەو گەورەترین زیانی بە بزاڤی نەتەوەیی کورد گەیاندووە.**

**هەڵوێست و مەرجەکانی * حکومەتی ئێران لە سەرەتادا بۆ رێگەدان بە مانەوەیان لە خاکی ئێراندا، دوو بیرو بۆچوونی جیاوازی لەناو پێشمەرگەو کادرە سیاسییەکانی پارتی (باڵی برایم ئەحمەد)دا دروست کردبوو:**

---

[708] . واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٢٣١-٢٣٢. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هۆکاری لێکترازاندنی ساڵی ١٩٦٤ بڕوانە: حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٥٧—٥٨؛ شیرزاد زکریا محمد: الحرکة القومیة الکردیة...، ص ١٣٢ — ١٣٥.

[709] . دیڤید ادمسن جرجیس فتح الله: الحرب الکردیة وانشقاق ١٩٦٤، دار ئاراس للطباعة والنشر، ط(٢)، أربیل، ١٩٩٩ ؛ منذر الموصلي: القضیة الکردیة ...، ص١٧٦—١٧٨ ؛حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٥٧—٥٨؛ شیرزاد زکریا محمد: الحرکه القومیه الکردیه...، ص١٣٢—١٣٩ ؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة ...، ص١٣٢.

[710] . صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص١٣١—١٣٢؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلاّی حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣.

* لە راستیدا حکومەتی ئێران چەند مەرجێکی بۆ مانەوەی هێزەکانی پارتی (باڵی برایم ئەحمەد)دانا بوو لەوانە: -

- تەسلیم کردنی چەکەکانیان.
- گواستنەوەیان بۆ ئۆردوگای دوور لە سنوورەوە کە حکومەتی ئێران خۆی دیاری دەکات.
- وەك پەنابەرێکی کاتی رەفتاریان لەگەڵ بکرێت.
- ئەگەر بەو مەرجانە رازی نەبن پێویستە لە ماوەی هەفتەیەکدا خاکی ئێران بەجێ بهێڵن، بڕوانە: ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و، ل ١٧٤.

- بۆچوونی یەکەم پێك هاتبوو لە بیروڕای (برایم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری) و زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لق و لیژنە ناوچەییەکان کە پێیان وابوو، مانەوەیان لە خاکی ئێراندا، باشترە وەك لە رووبەروو بوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی بارزانی بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەڵگەیەکیان خستبووە روو.[٧١١]

- بۆچوونی دووەم بیروڕای (جەلال تاڵەبانی) بوو دژی چەك دانان بوو، پێی وابوو پێویستە خەبات بکرێت و بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق، ئەو راستیەشی خستبووە روو کە هێزەکانیان نەیان ویستووە شەڕی (بارزانی) بکەن، ئەگەر ئەم جارە بە بیروڕای تەواوەوە بجەنگین، دەتوانین چەند ناوچەیەك ئازاد بکەین.[٧١٢]

لەو هەلومەرجەدا حکومەتی تاران سیاسەتێکی دوو فاقیی لە بەرامبەر هەردوو باڵەکەی (پارتی)دا پەیڕەو کردووە، لە لایەکەوە هەندێك پشتگیری و یارمەتی پێشکەش بە باڵی مەکتەبی سیاسیی (برایم ئەحمەد) کردووە، لە لایەکی تریشەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ پارتی (بارزانی)دا دروست بکات.[٧١٣]

سەرەنجام بە هۆی ئاڵۆزی بارودۆخەکەوە چەکدارەکانی سەر بە باڵی (م.س) چەکەکانیان تەسلیم بە حکومەتی ئێران کرد[٧١٤]، لە هەمان کاتدا (بارزانی) هەڕەشەی لە حکومەتی ئێران کردبوو بەرامبەر هەر هاوکاریکردنێکی چەکدارەکانی (م.س) و رایگەیاندبوو" ئەگەر سنوور لە رووی چالاکیەکانیان دانەخەن و جارێکی تر رێگە بدرێت بگەڕێنەوە خاکی عێراق، ئاگری شۆڕش لە ناو ئێراندا هەڵدەگیرسێنین".[٧١٥]

---

[711] . ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل ١٧٤، مەبەستی مانەوەیان لە ئێران ئەوە بوو کە هێشتا هێزێکی زۆری بارزانی لە سنورەکاندایە و جارێ خەڵکی کوردستان هەق و ناهەقی هیچ لایەکی بۆ روون نەبووەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

[712] . ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...، ل١٧٥ ؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص١٧٣ ؛ عەلی کەریمی: ژیان و بە سەرهاتی عەبدولرەحمانی زەبیحی...، ص٣١٢.

[713] . واحد عومەر محێدین : دانوستانەکانی بزووتنەوەی ...، ل ٢٣٥.

[714] . شلومو نكديمون: الموساد في العراق ...، ص١٠٧ ؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٧٦—١٧٧.

[715] . مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج ٣، ص١٤٨؛ کریس کۆچرا: کورد لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم دا..، ل٣٢٥.

سەرەڕای گرژیی نێوان حکومەتی ئێران و بارزانی بە هۆی دالدەدانی چەکدارەکانی (برایم ئەحمەد) لەلایەن ئێرانەوە، بەلام پەیوەندیەکانیان (بارزانی– ئێران) بەهۆی فشاری ئیسرائیلەوە گەیشتە ئاستی دۆستایەتی ونزیکبوونەوە.[٧١٦]

لەم بارەیەوە بەرپرسێکی بالای ئیسرائیلی دەلێت" هەولێکی زۆرم دا بۆ رازی کردنی شای ئێران، بەوەی کە (بارزانی) دژی بەرژەوەندیەکانی ئێران نییە و تاکە کەسە کە بتوانێت بەرژەوەندیەکانی حکومەتی ئێران بپارێزێت، بەلام حکومەتی ئێران رێگەی بە هاتنە ناوەوەی هێزەکانی بارزانی نەدا، تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە حکومەت خۆی رەزامەندی لەسەر بێت".[٧١٧]

پاشان بە هۆی ئەم گۆڕانکاریانەوە دەسەلاتدارانی ئێران هەستان بە دوورخستنەوەی چەکدارو کادرە سیاسییەکانی (م.س) لە نێوچە سنوورییەکان و گرتنەبەری رێو شوێنی جێگیر کردنی سکرتێر (برایم ئەحمەد) و ئەندامانی بالای (م.س) لە تاران و جێگیرکردنی کادرو چەکدارەکانیش لە شاری هەمەدان[٧١٨]، بەم شێوەیە برایم ئەحمەد لە تاران مایەوە تامانگی ئابی ١٩٦٦.[٧١٩]

وتوێژی نێوان بارزانی و حکومەتی عێراق ئەوەندەی نەخایاند لە مانگی نیسانی (١٩٦٥)دا هێرش و پەلامارەکانی حکومەت بە پالپشتی تانک و تۆپ و هێزێکی فراوان بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کوردستان دەستی پێکردەوە[٧٢٠]، دیارە برایم ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە درکی بەو راستییە کردبوو کە مەبەستی حکومەتی عێراق تەنها بۆ قایمکردنی پایەکانی دەسەلاتی خۆی بوو، نەك لە نیاز پاکی و ئارەزووی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد.

---

716. صلاح الخرسان: التيارات...، ص ١٣٣.

717. شلومو نكديمون: الموساد في العراق ..، ص ١٠٨.

718. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة...، ج ٣، ص ١٤٩؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ١٣٣. ئیبراهیم جەلال یەکێك بووە لەو کەسانەی کە رەوانەی هەمەدان کراون دەلێت (مانگی ١١ گوێزراینەوە بۆ هەمەدان و لە کۆنە کارگەیەکی شقارتەدا دایان ناین، کە لە سێ هۆلی گەورە و چوار ژووری بچوك پێك هاتبوو. بڕوانە ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و....، ل١٧٧.

719. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل ٥٩ – ٦٠.

720. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة....، ج ٣، ص ١٧٥ – ١٧٦ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية...، ص ١٣٥.

هەڵگیرسانەوەی شەڕو ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە، وای لە حکومەتی ئێران کرد کە گوشار بخاتە سەر هەردوو لایەنەکە (بارزانی-باڵی مەکتەبی سیاسیی) بۆ پێکهاتنەوەو گەڕانەوەی کادرو چەکدارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی بۆ کوردستان و بەشدار کردنیان لە شۆڕشی کوردستاندا.[721]

پاشان بارزانی نوێنەری خۆی کە پێك هاتبوو لە (نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، نوری ئەحمەد تەها) رەوانەی تاران کرد بۆ رێکەوتن لەسەر چۆنییەتی گەڕانەوەیان[722]، ئەوە بوو دەستەی یەکەمی چەکدارەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە (٦)ی تەمووزی ١٩٦٥دا بە سەرکردایەتیی (عەلی عەسکەری) لە رێگەی (حاجی ئۆمەران)ەوە گەیشتنەوە خاکی کوردستان و دواتر جەلال تاڵەبانی و سەرجەم هێزەکە بێجگە لە ( برایم ئەحمەد) گەڕانەوە کوردستان.[723]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لە ئێران رێکەوتین بگەڕێینەوەو لەگەڵ (مەلا مستەفا) رێککەوینەوەو ببینەوە بە پارتەکەی جاران و هیچ جیاوازیەك نەمێنێ، بۆ ئەو مەبەستەش خۆی نوێنەری ناردبوو بۆ لامان کە لە نزیك (تەوەکەل) یەکترمان بینی و قسەمان کرد و رێکەوتین کە هەموو بگەڕێینەوە هەر من نەگەڕێمەوە".[724]

لە راستیدا برایم ئەحمەد مەرجی (بارزانی)لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی یەکبوونەوەکەی نێوانیان قبوڵ کردووە و پێی وابووە ئەگەر بە نەگەڕانەوەی ئەو کێشەی ناوخۆی کوردستان چارەسەر بکرێت، ئەو ئامادەیە نەگەڕێتەوە کوردستان.[725]

هەواڵنامەی پێشتر

---

721. علي سنجاري: الحركة التحررية...، ص٥٤ ؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل١٩٨—٢٠٠، دیارە مەبەستی حکومەتی ئێران لەم نێوانگیرییەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی بووە، بە تایبەتی بەکارهێنانی شۆڕشی کوردستان بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق، لە پێناو یەك لایی کردنەوەی کێشەکانیان لە کەنداودا، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە شیرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكردستاني..، ص ١٨٨.

722. مسعود البارزاني: البارزاني..، ج ٣، ص ١٦٦ ؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص ١٤١.

723. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل٢٠٠ ؛ مسعود البارزاني: البارزاني...، ج٣، ص١٦٦.

724. حوسێن محەمەد عزیز: پێنج کاتژمێر....، ل٦٠.

725. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ٢٠٠٧/٢/٢٨.

**پاش یەکبوونەوەی هێزە ناکۆکەکان، شۆڕشی کوردستان گڕوتینێکی فراوانی بە خۆیەوە بینی و بووە هۆی بەهێزبوونی کە لە زۆربەی شەڕەکانی (سەفین، کۆرەك، زێبار، پیرەمەگروون ) بەشدارییەکی بەرچاویان کردووە.[٧٢٦]**

**پێشمەرگەکانی سەر بە باڵی (م.س)، دابەشکران بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا، بەشێکیان رەوانەی ناوچەی شارباژێر کران و خرانە ژێر چاودێریی (عەبدولوەهاب ئەتروشی)یەوە، بەشەکەی تریش نێردرانە ناوچەی خۆشناوەتی و سەفین بە جۆرێك پەرش و بڵاو کرابوون کە هەر (٥-١٠) پێشمەرگەیەك بە جیاجیا بەسەر لق و بەتالیۆنەکاندا دابەش کرابوون.[٧٢٧]**

**لە هەمان کاتدا (جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، حلمی عەلی شەریف) و دواتر (عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس) لەژێر چاودێریی مەلا مستەفا و عەباسی مامەند ئاغا، لە ناوچەی (دۆڵە رەقە) نیشتەجێ کرابوون.[٧٢٨]**

**وێرای ئاسایی بوونەوەیەکی رواڵەتیانەی پەیوەندیەکانی نێوانیان، بەڵام لە ناوەڕۆکدا رۆژ لە دوای رۆژ زەمینە بۆ دووبارە تەقینەوەی ململانێی نێوانیان لە ئاستێکی ترسناکتر لە جاران دەهاتە پێشەوە، لە بەرامبەریشدا دووبەرەکی و ململانێی نێوان باڵە رکەبەرەکانی حکومەتی عێراقی بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو.[٧٢٩]**

**ئەوە بوو لە ئەیلولی (١٩٦٥)دا (عەبدولرەحمان بەزاز) کابینەی حکومەتێکی نوێی پێك هێنا[٧٣٠]، هاتنی (بەزاز) گۆڕانکارییەکی بەرچاوی هێنایە ئاراوە لە سیاسەتی حکومەتی عێراقی دا بەرامبەر بە چارەسەر کردنی دۆزی کورد بە رێگە**

---

[726]. **شیرکو فتح الله عمر: الحزب الدیمقراطي...، ص ١٨٨، ئیبراهیم جەلال سەبارەت بە بەشداریکردنی چەکدارەکانی باڵی (م.س) دەڵێت" لە ٣ / ٩ / ١٩٦٥ دا شاخی کۆرەك بە شەهید بوونی ٦١ پێشمەرگە ئازاد کرا کە ( ١٩ ) پێشمەرگەیان سەر بە باڵی (م.س) بوون، بڕوانە خوارووی کوردستان و...، ل ٢٠٢.**

[727]. **چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولای حاجی سەعید ٢٠٠٧/٢/١٣ سلێمانی. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠. بۆ زانیاری بڕوانە. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و..، ل٢٠١— ٢٠٢.**

[728]. **صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص ١٤١، مسعود البارزاني: البارزاني والحرکة...، ج ٣، ص ١٦٦.**

[729]. **واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی ...، ل ٢٧٠.**

[730]. **ادمون غریب: الحرکة القومیة الکردیة..، ص ٨٩ — ٩٠.**

**چارەی ئاشتیانە و پێی وابوو ئەگەر تەنها (١٠٠) پێشمەرگە بە شاخەوەبن بە سوپاو شەڕوو پەلاماردان ناتوانرێت کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنرێت.[٧٣١]**

**دیارە پێشاندانی هەڵوێستی ئاشتیانەی حکومەتی بەزاز و فشاری بەردەوامی (بارزانی) بۆ سەر سەرکردەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی لە (دۆڵە رەقە) زەمینەی بۆ دروستبوونی پێوەندیەکی نهێنی رەخساندووە لە نێوان ئەندامانی باڵی (م.س) و حکومەتی بەزازدا.[٧٣٢]**

**جێگەی باسە ئەندامانی (م.س)ی پێشوو، لە لایەن بارزانییەوە تەواو فەرامۆش کرابوون، تەنانەت وەك دەست بەسەر رەفتاریان بەرامبەر کراوە[٧٣٣]، سەرەڕای ئەوانەش لە ١٩٦٦/١/٢٥دا، مەلا مستەفا دەستەیەك چەکداری تایبەتی خۆی دەنێرێتە (دۆڵە رەقە) بۆ گواستنەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و بردنیان بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیدریس بارزانی.[٧٣٤]**

**هاتنی ئەو دەستە چەکدارە بۆ ئەو مەبەستە جێگەی مەترسی بوو بەلای ئەندامانی باڵی (م.س)یەوە و پێیان وابوو کە مەبەستی بارزانی لەو کارەدا تەنها بۆ لەنابردنیانە، بە تایبەت دوای ئەوەی لە لایەن عەباسی مامەند ئاغاوە لە مەترسییەکانی ئەو دەستە چەکدارە ئاگادار کرابوونەوە.[٧٣٥]**

**رەفیق پشدەری لەم بارەیەوە دەڵێت" دوای ئەوەی مەلا مستەفا ئاگادار کرابوو کە باڵی مەکتەبی سیاسیی بەردەوامن لەسەر رێکخستنی سیاسیی و پەیوەندی بە**

---

[731] **. ئیبراهیم جەلال : خوارووی کوردستان و ..، ل ٢٠٢.**

[732] **. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣. جێگەی باسە مەلا مستەفا لە رێگەی حیزبی شیوعیەوە ئاگادار کرابووەوە، لە بوونی سوکە پەیوەندیەکی نێوان ئەو دوو لایەنە کە لە رێگەی عەبدولرەحمانی زەبیحیەوە زەمینەی بۆ خۆش کرابوو، بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.**

[733] **. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٦١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٠.**

[734] **. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل٢٠٥، هەر لەم بارەیەوە صلاح الخرسان دەڵێت (بارزانی هێزێکی لە پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی بە سەرکردایەتی لوقمان نارد بۆ گواستنەوەی سەرکردەکانی مەکتەبی سیاسی پێشوو) بڕوانە صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة.، ص ١٤١.**

[735] **. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل٦١؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص١٤١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠.**

هێزیشیان هەیە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا، بڕیاری دا کە بە شێوەیەکی یەکجاری لەناویان بەرێت".[٧٣٦]

لە هەمان کاتدا بارزانی داوای لە سەرکردەکانی (م.س) کردووە، کە بەیانێك دەربکەن و بڵێن ئێمە خیانەتمان لە شۆڕش کردووە و ئێستا پەشیمانین و داوا لە سەرۆك بارزانی دەکەین کە لێمان ببورێت، بەڵام ئەوان ئامادەی ئەنجامدانی ئەو کارە نەبوون، چونکە پێیان وابوو کە هیچ خیانەتێکیان نەکردووە.[٧٣٧]

لە ئەنجامی ململانێی بەردەوام و فشاری زۆر بۆ سەریان دەستەیەك لە ئەندامانی باڵی (م.س) کە پێك هاتبوون لە (جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، حلمی عەلی شەریف) لە ١٩٦٦/١/٢٨دا بە نهێنی بە یارمەتی عەباسی مامەند ئاغا، دۆڵە رەقەیان بەجێ هێشت و خۆیان گەیاندە ناوچەکانی نزیك شاری سلێمانی.[٧٣٨]

بەم شێوەیە دوو باڵی جیاواز لە دوو بەرەی جیاوازداو لە ژێر ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا لە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون، ئەوەی جێگەی باسە سەرەڕای بوونی ناکۆکیەکی توند لە نێوانیاندا، بەڵام هەردوو لایان بۆ مەبەستی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد تێدەکۆشان.

لە ١٩٦٦/٤/١٣دا (عەبدولسەلام عارف) بە هۆی کەوتنە خوارەوەی هیلیکۆپتەرەوە گیانی لەدەست دا[٧٣٩]، دواتر عەبدولرەحمان عارف برای لە هەڵبژاردنێکی رووکەشدا، بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردراو[٧٤٠] بڕیاری دا لەسەر هەمان بەرنامەی براکەی کاروباری وڵات بەڕێوە بەرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بە کردەوە پرۆسە سەربازییەکانی بۆسەر کوردستان لە ژێر ناوی (پشتم بەخوا بەست) درێژەی پێ دا، بەڵام دوای ئەوەی لەوە دڵنیا بوو، کە ئامانجە سەربازییەکانی خۆی نەپێکاوە، پەنای بردە بەر گرتنەبەری رێگەی ئاشتیانە تا بتوانێت

---

[736]. رەفیق پشدەری: ایها الکرد تعرف علی عدوك..، ص٤١٦.

[737]. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٣٠ /٢٠٠٧/٦ .

[738]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل٢٠٥؛ صلاح الخرسان: التيارات السياسية..، ص١٤٢، هەروەها بڕوانە علی سنجاري: الحركة التحررية الكردية..، ص ٥٤.

[739]. مجيد خدوري: العراق الجمهوري..، ص٣٤٩—٣٥٠ ؛ میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد.، ل١٣٨.

[740]. محسن دزەیی: أحداث عاصرتها، ج ٢، ط(٢)، مطبعة وزارة التربية، منشورات دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠٢، ص١٣٨—١٣٩ ؛ ادمون غريب: الحركة القومية الكردية...، ص ٩١.

سەرکردایەتیی کورد پەرت بکات، ئەوە بوو حکومەت بە مەبەستی وتوێژ کردن روویان لە هەردوو باڵەکەی پارتی کرد.[741]

لە راستیدا دەرکەوتنی عەبدولرەحمان بەزاز و هاتنە پێشەوەی هەلومەرجی گفتوگۆکردن زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە باڵی (م.س)ی پێشوو لە حکومەتی عێراقی زیاتر نزیك ببنەوە.

(بەزاز) پرۆژەیەکی (١٢) ماددەیی بە مەبەستی دانانی رێگە چارەیەك لەگەڵ کورد ئامادە کردبوو، کە تا رادەیەك مافەکانی کوردی دەستنیشان کردبوو[742]، ئەوە بوو لە ١٩٦٦/٦/١٦ دا لەسەر بنەمای پرۆژە (١٢)مادەییەکە رێکەوتننامەی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیی و حکومەتی بەزاز واژوو کراو (١٢) ماددەکەش راگەیەنرا[743]، لە هەمان کاتدا حکومەتی بەزاز شاندێکی میللی لە کوردەکانی بەغداد ناردبووە لای بارزانی بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشداری لە واژوو کردنی پرۆژە(١٢) مادەییەکەدا بکەن، لەسەرەتادا بارزانی ئەوەی رەتکردوە، بەڵام دواتر ئەویش رەزامەندی خۆی لەسەر ئەو پرۆژەیە نیشان دا.[744]

ئەوە بوو لە ١٩٦٦/٦/٢٩دا دووبارە (١٢) ماددەکەی بەزاز لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا بەناوی (پرۆژەی چارەسەری کێشەی کورد)ەوە راگەیەنرا.[745]

بەم شێوەیە شەڕی نێوان سەرکردایەتیی کوردو حکومەتی عێراق راوەستا، بەڵام لە هەمان کاتدا شەڕێکی نادروست و ناڕەوا بەرپا بوو ئەویش شەڕی ناوخۆ (براکوژی)بوو لە نێوان هەردوو باڵی (مەلایی و جەلالی)دا.

برایم ئەحمەد بۆ رێزگرتن لە رێکەوتنی نێوانیان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان، لەسەر داوای (بارزانی) تا ئەو کاتە لە ئێران مایەوەو نەگەڕایەوە کوردستان، بەڵام دواتر لە مانگی ئابی (١٩٦٦)دا خاکی ئێرانی بەجێ هێشتوەو

---

741. واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل ٢٨٠. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: کوردۆ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥، ص ٢٦٥.

742. بۆ زانیاری لەسەر (١٢) مادەکەی بەزاز بڕوانە صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص١٤٥؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحرکة..، ج ٣، ص٥٤٨–٥٥٠.

743. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان...، ل٢١٦ ؛ واحد عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل ٢٨١.

744. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی...، ل٢٨٠–٢٨٢.

745. مسعود البارزاني: البارزاني...، ج ٣، ص١٨٤، شیرکو فتح الله عمر: الحزب الدیمقراطي...، ص ١٩١.

گەڕاوەتەوە بۆ عێراق.[٧٤٦] هەر لەم بارەیەوە سەبارەت بە مەبەستی گەڕانەوەکەی برایم ئەحمەد دەڵێت" هاتنەوەکەی من بۆ ئەوە بوو لەگەڵ (بارزانی)دا ڕێکەوینەوە، بۆ ئەوە نەبوو شەڕ لەگەڵ بارزانی دا بکەین، خەڵکم نارد بۆ لای لەوانە (سمایل شاوەیس)کە یەکێك بوو لە هەرە چالاکەکان، کە هەوڵی دەدا ناوبژیمان بکەن، ئێرانیش بەو نیازە رازی بوو بگەڕێمەوە کە هاوکاری مەلا مستەفا بکەین و پشتی بگرین، بەلأم مەلا مستەفا گوێی بەوە نەدا دەرفەتی نەداینی".[٧٤٧] هەرچەندە پرۆژەی بەیاننامەکەی عەبدولرەحمان بەزاز نەچووە قالبی جێبەجێکردنەوە*، بەلأم پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی، درێژەیان بە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ حکومەتی عێراقی دا.[٧٤٨] جێگەی باسە وێڕای بوونی ئاگر بەست، مانەوەی باڵی (م.س) لە پاڵ حکومەتدا پێگەیەکی لاوازی هەبووە، چونکە چاکتر وابوو شێوازێکی تریان بۆ خەبات هەڵبژاردایەو سەرەڕای هەموو کەم و کوڕییەکانی بارزانی ئەبوایە بۆ ماوەی چەند ساڵێك داواکارییەکانی بارزانیان جێبەجێ بکردایە یاخود ڕێگەی سیاسییان لە دەرەوەی ولأت بگرتایەبەر هەر وەك جەلال تاڵەبانی دەڵێت" هەڵەی گەورەمان ئەوە بوو کە دەبوایە خەباتی چەکداریمان بۆ مەلا مستەفا بەجێ هێشتایە و خۆمان بە خەباتی سیاسییەوە خەریك بکردایە لە کوردستاندا".[٧٤٩] ئاشکرایە کە خەباتی (م.س) لە نێوان ساڵانی (١٩٦٦-١٩٧٠)کاریگەرییەکی نێگەتیڤی هەبوو لە سەر مێژووی خەباتی ئەو باڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

---

[746]. بڕوانە حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل ٥٩ – ٦٠.

[747]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر...، ل ٦٠.

* ڕێکەوتننامەکەی ٢٩ حوزەیران کە (١٢) ماددەی ئاشکرای لە خۆ گرتبوو، زەمینەی بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی بەتین خۆش کردبوو لە نێوان حکومەتی بەزاز و باڵی مەکتەبی سیاسیدا، بەلأم بە هۆی فشاری سەرکردە سوپاییەکانی ناو حکومەتی عێراق، بەزاز ناچارکرا کە لە ١٩٦٦/٨/٨ دا دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت و حکومەتی دوای خۆشی سەر پشك بکات لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە صلاح الخرسان: التیارات...، ص١٤٦، بە پێی (محسن دزەیی) ناوبراو لە ١٩٦٦/٨/٥ دا دەست لەکار کێشانەوەی ڕاگەیاندووە، بڕوانە محسن دزەیی: أحداث عاصرتها...، ص ١٣٨.

[748]. شیرکۆ فتح الله عمر: الحزب الدیمقراطي...، ص١٩٣-١٩٤، مسعود البارزاني: البارزاني والحرکة...، ج ٣، ص١٨٥. هاوکات بە پێی وتەی مامۆستا بێستون لەو کاتەدا باڵی بارزانیش پەیوەندیەکی ئاساییان لەگەڵ حکومەتی بەزازدا هەبووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٣٠ /٢٠٠٧/٦ .

[749]. وەرگیراوە لە صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة..، ص ١٤٦.

لە ١٩٦٧/٣/٢٧دا باڵی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی شەشەمی خۆی بەست، کە بووە مایەی زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان[٧٥٠]، لەو کۆنگرەیەدا وێڕای هەڵبژاردنەوەی برایم ئەحمەد وەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، چەند بڕیارێکی تریان دەرکرد سەبارەت بە پابەندبوونیان بە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت.[٧٥١] لە درێژەی گۆڕانە یەك لەدوا یەکەکانی حکومەتی عێراقدا، بۆ جاری دووەم، حیزبی بەعس لە (١٧)ی تەمموزی (١٩٦٨)دا بە کودەتایەکی سەربازی جڵەوی حوکمی عێراقی گرتە دەست و (ئەحمەد حەسەن بەکر) بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق، پاشان لە بەرنامەو ستراتیجی خۆیاندا ئاماژەیان بە کێشەی کورد داو رایانگەیاند کە لە بەرنامەیاندایە کۆتایی بە کێشەی کوردستان بهێنن.[٧٥٢]

حکومەتی بەعس هەوڵیدا کە هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کابینەی وەزارەتەکەیدا بەشدار بکات، بۆ ئەو مەبەستە دوو وەزیری بۆ باڵی بارزانی* و وەزیرێك بۆ باڵی (م.س)** تەرخان کرا بوو، بەڵام بارزانی بەم شێوە بەشداری کردنە رازی نەبوو.[٧٥٣]

لە ٣٠ تەمموزی هەمان ساڵیشدا بەعسییەکان کودەتایەکی تریان ئەنجام داو لە بەیاننامەیەکدا رایان گەیاند" ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەڵێن بە خواو گەل دەدات کە رژێمێکی دیموکرات و یەکگرتوو بنیات بنێت و.... کێشەی کوردیش بە ئاشتیانەو دادوەرانە چارەسەر بکات، بە شێوەیەك کە خواستە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانمان بەدی بهێنێ".[٧٥٤]

---

[750]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و...، ل ٢٢٧.

[751]. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی باڵی مەکتەبی سیاسی (برایم ئەحمەد). بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٢٢٧—٢٢٨.

[752]. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة، ص١٤٤، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: منذرالموصلي: القضية الكردية..، ص٢٢٥— ٢٣٠.

* وەزیری دەست نیشان کراو لە لایەن باڵی بارزانییەوە پێك هاتبوو لە (موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزاد).

** وەزیری دەست نیشان کراو لە لایەن باڵی برایم ئەحمەدەوە پێك هاتبوو لە (تەها محێدین معروف).

[753]. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ — ١٩٨٣)، چاپی سێهەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٩٦—٩٧.

[754]. بڕوانە فەرەیدون عبدالرحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق ١١مارتی ١٩٧٠—١١ مارتی ١٩٧٤، نامەی ماستەر بلاْونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠.

**گرنگترین ئەو دەستکەوتانەی کە بە هۆی فشاری شۆڕشی کورد و خەباتی باڵی مەکتەبی سیاسییەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٠ دا بەدەست هاتووە، دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە.**

**١. دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد.**

**٢. دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی.**

**٣. ناردنەدەرەوەی ژمارەیەك لە خوێندکارانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن.**

**٤. ناساندنی دهۆك وەك پارێزگا.**

**٥. ناساندنی نەورۆز وەك جەژنی نەتەوەیی کورد.[٧٥٥]**

**٦. وەرگرتنی ژمارەیەك لە لاوانی کورد لە کۆلێجی سەربازی و کۆلێجی ئەفسەری پۆلیس.**

**٧. دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ سەرجەم بەندکراوە سیاسییەکان.**

**٨. ڕێگەدان بە دەر کردنی ڕۆژنامەیکی سیاسیی بەناوی (النور).**

**٩. ڕێگەدان بە دەرکردنی گۆڤاری (بەیان) بە زمانی کوردی و دەرچوونی چەند بڵاوکراوەیەکی تری وەك (هاوکاری، ڕووناکی، رزگاری ).[٧٥٦]**

**لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت" سەرجەم ئەم دەسکەوتانە لە پێش بەیاننامەی ١١ی ئازار بڕیاری لەسەر درابوو"[٧٥٧]، بەم شێوەیە باڵی (م.س)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتیی (برایم ئەحمەد)، درێژەی بە خەباتی سیاسیی خۆی دا تا ڕێکەوتننامەی (١١) ئازاری ١٩٧٠ کە زەمینەی بۆ پێکهێنانەوەی هەردوو باڵەکە خۆش کرد.**

---

[755]. یەکێکی تر لەو دەسکەوتانەی کە لە نێوان ئەو ساڵانەدا بە دەست هات ئەوە بوو کە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لە ٢٤/ ٩/ ١٩٦٨ بڕیاری دا جەژنی نەورۆز کە ڕێکەوتی ٢١ مارتە، لە هەموو ساڵێکدا بە پشووی فەرمی دابنرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە الوقائع العراقیة عدد (١٦٣١)، ٣٠/٩/ ١٩٦٨.

[756]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە رەفیق پشدەری: ایها الکرد...، ص ٤٢٩؛ ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد و ژیان و...، ل٦٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢١/ ٢٠٠٧/٤ ؛چاو پێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی ١٣ / ٢ / ٢٠٠٧.

[757]. چاو پێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢١/٤/ ٢٠٠٧.

## باسی چوارەم

## برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٥

دوای ئەوەی حکومەتی بەعس لە ڕێگەی هەردوو کودەتای (١٧،٣٠ /تەمووزی ١٩٦٨)دا دەسەڵاتی گرتە دەست، وێڕای ئەوەی کە جۆرە دانوستانێك لەگەڵ سەرکردایەتی کورد(بارزانی)دا هەبوو، بەڵام حکومەتی بەعس درێژەی بە پرۆسە سەربازییەکانیدا و لە ئابی (١٩٦٩)دا شاڵاوێکی گەورەی سەربازی بۆ سەر کوردستان بە ئەنجام گەیاند[٧٥٨]، هاوکات بارزانی بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی حکومەت و دەزگا نەوتییەکانی کەرکوك.[٧٥٩]

بەم شێوەیە پێکدادانی نێوان حکومەتی بەعس و سەرکردایەتی کورد بەردەوام بوو، بەشێوەیەك کە لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا هێزەکانی حکومەت دووچاری شکستی گەورە دەبوونەوە[٧٦٠]، کاتێکیش کە حکومەت بۆی دەرکەوت گرتنە بەری ڕێگە چارەی سەربازی بۆ کێشەی کورد هیچ دەرئەنجامێکی بۆ بەرژەوەندی خۆی لێ ناکەوێتەوە، جارێکی تر پەنای بۆ گفتوگۆ و ڕێگە چارەی ئاشتی برد، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد.[٧٦١]

---

758. نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی. . . ، ل ١٥٥.

759. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة. . . . ، ص ١٥٥. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەلاماردانی بەرژوەندییە نەتەویەکانی کەرکوك بڕوانە. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة. . ، ج٣، ٠٢٠٩ — ٢١١ ؛ ڕۆینە لۆمبورن: کورد گەلێکی بێ وڵات، و. ئەمجەد شاکەلی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل٥٦ — ٥٧.

760. فەرەیدون عبدالرحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستانی. . . . ، ل١٢ — ١٣.

761. لە راستیدا گەلێك هۆی گرنگ هەبوون کە وای کرد هەردوولا پەنا بۆ ڕێگە چارەی ئاشتی بەرن، بۆ زانیاری لەسەر ئەو هۆیانە بڕوانە. ادمون غریب: الحركة القومية. . . ، ص١٠٤ — ١٠٧. جێگەی باسە سەرکردایەتی بەعس لە کۆنگرەی حەوتەمی خۆیدا بە زۆربەی دەنگ بڕیاریان دا کە هەوڵ بدرێت کێشەی کورد بە ڕێگە چارەی ئاشتی چارەسەر بکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. سعد ناجي جواد: العراق والمسألة. . . ، ص١٥٥ — ١٥٦.

سەرەتای پەیوەندییەکان شێوازێکی نافەرمییان بەخۆوە گرتبوو، بۆ ئەم مەبەستە حکومـەتی بـەعس لـە رێگـەی (عـەزیز شـەریف)ەوە هـەوڵی دا زەمینـەی گفتوگـۆ برەخسێنێت[٧٦٢]. پاش زنجیرەیەك گفتوگۆ و چاوپێکەوتن دانوستانەکان شێوازێکی فەرمیان بە خۆوە بینی، کە دەرئەنجام کۆبەندی داواکاریەکانی کورد کە دەیان ساڵ بوو خەبات لە پێناویان دەکرا، لە چوار چێوەی مافی ئۆتۆنۆمیدا لە رێکەوتنی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)دا راگەیەنرا.[٧٦٣]

رێکەوتننامەی ئازار کۆمەڵێك خاڵی گرنگی لە خۆ گرتبوو کە زۆرترین مافەکانی گەلی کوردی تیا بەدی دەکراو تا ئەو کاتە هیچ یەکێك لە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق ئەو مافەیان بە کورد رەوا نەدی بوو[٧٦٤]، جگە لەوەش یەکەم جار بوو بە بەڵگەنامە و نووسراو حکومەتی عێراق دان بە مافەکانی کوردا بنێت.[٧٦٥]

جێگـەی باسـە رێکەوتننامـەی (ئـازاری ١٩٧٠) سـەرەڕای بـوونی هەنـدێ کـەم و کوڕی[*]، بـە دەسـتکەوتێکی مێـژوویی گـرنگ دادەنرێـت لـە بزافـی رزگـاریخوازی گـەلی کورددا.

لە کاتێکدا کە ئەم گۆڕانکارییە سیاسییانە لە کوردستانی عێراقدا روویاندا، برایم ئەحمەد بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی لە (لەندەن) بوو[٧٦٦]، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەرئەنجامێکی نێگەتیڤانەی بۆ سەر خەباتی باڵی (م.س) هەبوو،بەڵام برایم

---

762. مسعود البارزاني: البارزاني. . ، ج ٣، ص٢٢٦.

763. مـسعود البـارزاني: البـارزاني والحركـة. . . ، ص٢٣٠ — ٢٤٥. بـۆ زانیـاری زیـاتر لـە سـەر وردەکـاری رێکەوتننامەکە بڕوانە. محمد احسان: كردستان ودوامة الحرب، دار الحكمة للنشر، ط(١)، لندن، ٢٠٠٠، ص ٢٥٣ — ٢٧٠.

764. بۆ بینینی سەرجەم خاڵەکانی رێکەوتننامەکە و دەقی بەیاننامەکە بڕوانە. نـەوزەر رەشـید: نـاکۆکی لەسـەر زەعامـەت لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی سیاسـییە، سـلێمانی، ل٥٢ —٥٦ ؛ دیڤیـد ماکـداول: مێـژووی هاوچەرخی کورد. . ، ل٥٣٨— ٥٣؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة. . ، ج٣، ص٦١٤— ٦٢.

765. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و. . . ، ل٢٥٩.

*. بە بۆچوونی هەندێك لە نووسەران پێیان وایە رێکەوتننامەی ١١ ئازار پەلەی تیاکراوەو هەندێك خاڵی لاوازی تیا بەدی دەکرێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ئیبراهیم جلال: خوارووی کوردستان و. . . ، ل٢٧٧— ٢٨؛ شیرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي. . . ، ص ٢١٩.

766. نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی. . . ، ل١٥٨.

**ئەحمەد بەچاوێکی گەشبینانەوە تەماشای ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئازاری دەکردو بەدەسکەوتێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدا بۆ گەلی کورد.[٧٦٧]**

**لە ڕاستیدا حوکمەتی ئێران لەم بارودۆخەدا هەوڵی داوە برایم ئەحمەد بەکاربهێنێت بۆ تێکدانی هەلومەرجی ڕێکەوتنامەکە، بەڵام ئەو بەرپەرچی حکومەتی ئێرانی دایەوە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" من لە لەندەن بووم کە هەواڵی ڕێکەوتنی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کوردم بیست، لەو کاتەدا (عیسا پەژمان) لە ئێرانەوە هات بۆ لام و پێی وتم حکومەتی ئێران زۆر پەشیمانە لەوەی کە لە ساڵانی (١٩٦٤ )دا لایەنی ئێوەی نەگرت...، ئێستاش دەیەوێت جارێکی تر پەشیمانی خۆیتان بۆ دەربڕێت... و ئامادەیە بە هەموو شێوەیەك هاوکاریتان بکات".[٧٦٨]**

**ئاشکرایە کە ڕێکەوتننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) لە بەرژەوەندی حکومەتی ئێراندا نەبوو، هەر بۆیە هەوڵیان دەدا بە هەر شێوەیەك بێت لایەنێك بدۆزنەوە بۆ ڕێگری کردن لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە.**

**لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانەی نواندوەو بەنوێنەری شای ڕاگەیاند" بە (شا) بڵێ ئەو مافەی ئەوڕۆ کورد لە کوردستانی عێراقدا بەدەستی هێناوە، ئەو دەتوانێ بە کوردەکانی ئێرانی بدات".[٧٦٩]**

**لە ڕاستیدا یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئازار هێنانەپێشەوەی زەمینەیەکی لەبار بوو بۆ یەکگرتنەوە و پێکهێنانەوەی هەردوو باڵە ناکۆکەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بێگومان ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێت بۆ بەهێز بوونی پێگەی کورد.[٧٧٠]**

---

[767]. **چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی ٢٠٠٧/٢/١٣؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٢٨. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. نەوزەر ڕەشید: ناکۆکی لەسەر زەعامەت. . ، ل٢١.**

[768]. **حوسین محەمەد عزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ. . . ، ل٦٤.**

[769]. **هەمان سەرچاوە، ل٦٤.**

[770]. **فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا: بارو دۆخی سیاسی. . . ، ل ٥٢.**

**هەر لەو ماوەیەشدا (تۆفیق وەهبی بەگ)[*] نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کردبوو کە تیایدا جەختی لە سەر ئەوە کردبۆوە کە پێویستە گەلی کورد بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدات بۆ بەلاوەنانی کێشە ناوخۆییەکانی و گرنگی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی بە پێویست زانیبوو.[٧٧١]**

**هەستیاری بارودۆخەکە و گرنگیی هەنگاونان بۆ کۆتایی هێنان بە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان، وای لە بارزانی کرد کە دەسپێشخەر بێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ باڵی (م.س)و برایم ئەحمەددا، بۆ ئەو مەبەستەش بارزانی (فاخر مێرگەسوری)[**] وەك نوێنەری تایبەتی خۆی ناردە بەغداد بۆ گفتۆگۆ لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی)دا، لەو دیدارەدا بە (جەلال تاڵەبانی)ی راگەیاند کە" مستەفا بارزانی هەست بە مەترسی بارودۆخی کورد دەکات لە بەر ئەوە دەیەوێت بیبینێت".[٧٧٢]**

**لە بارەی رۆڵی (فاخر مێرگەسوری)ەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت" رۆڵی شەهید فاخر، رۆڵێکی سەرەکی بوو لە ئاشت بوونەوەی ئێمە و بارزانیدا، چونکە دوای**

---

★. توفیق وەهبی بەگ، کوڕی مەعروف کوڕی محەمەدە سالی ١٨٩١ لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە، دوای تەواو کردنی خوێندنی سەربازی بووەتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا، پاشان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم گەڕاوەتەوە کوردستان و بەشداری لە راپەڕینی دووەمی شێخ محمودا کردووە، چەند جارێك پلەی وەزیری وەرگرتوە، لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ دا عێراقی بەجێهێشتووە و لە لەندەن نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە، و. عەبدولخالق عەلائەدین، میر بەسری: ناودارانی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٨٣– ١٨٥. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر تەواوی کارەکانی تۆفیق وەهبی بڕوانە. سۆزان کەریم مستەفا: تۆفیق وەهبی ژیاننامە و رۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

771. رەفیق البشدری: ایها الکرد تعرف علی عدوك. . . ، ص ٢١.

★ ★. فاخر کوڕی حەمەد ئاغای مێرگە سوورییە، ساڵی ١٩٣٧ لە مێرگە سوور لە دایك بووە، لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکانەوە ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعی بووە و لە شەڕی (هەندرێن)ی ساڵی ١٩٦٦ دا وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە ریزەکانی حزبی شیوعی رۆڵی بەرچاوی بینیووە، دواتر دەچێتە ریزەکانی (پ. د. ك)وە لە ساڵانی دواتردا پەیوەندیەکانی لەگەڵ بارزانیدا بە تەواوی تێك دەچێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. شەپۆل فاخیر مێرگەسوری: زمانی تاوان هاتە قسە، چ(١)، سلێمانی، ١٩٩٧.

772. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، ١٣ /٢/٢٠٠٧، سلێمانی؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، ٢٠٠٧/٢/١١؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. فەرەیدون عبدالرحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستان و. . . ، ل٥٣.

بەیاننامەی ئازار کە هاتە بەغداد، بۆ دیتنی من هاتبوو، راسپاردەی بارزانی پێ ڕاگەیاندم بۆ ئەوەی چاوم بە مەلا مستەفا بکەوێت و ئێمە و ئەوان پێك بێنێتەوە".[773]

لە هەمان کاتدا (برایم ئەحمەد)یش گرنگی یەکگرتنەوە و ئاشتبوونەوەکەی بەرز نرخاندوەو پێی وابووە کە پێویستە زەمینە بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی ئارام لە کوردستاندا برەخسێنرێت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوایەتییەکان و داکۆکیکردن و جەخت کردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی ماددەکانی ڕێکەوتنامەی ئازار.[774]

بەڵام لە بارەی سەرەتای دەسپێشخەری بۆ ئاشتبوونەوە، مەسعود بارزانی دەڵێت" کەسێك بە ناوی (رەشید)ەوە هاتە لام و پێی وتم کە من لە لایەن جەلال و کۆمەڵەکەیەوە نێردراوم کە بە زمانی ئەوانەوە پێتان ڕاگەیەنم کە ئەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ناو شۆڕش و خوازیاری یەکگرتنەوەن لەگەڵ بارزانیدا".[775]

لە ڕاستیدا دەسپێشخەری لە هەر لایەکەوە بووبێت، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هاوکات هەردوولا ئارەزوومەندی پرۆسەی ئاشتبوونەوە بوون، چونکە ئەگەر لایەنێکیان پێشنیاری ئاشتبوونەوەی بکردایە و لایەنەکەی تر پێی ڕازی نەبووایە، پرۆسەکە نەدەچووە بواری پراکتیکیەوە.

لە (٧)ی ئابی (١٩٧٠)دا جەلال تاڵەبانی لە حاجی ئۆمەران سەردانی (بارزانی) کرد، لەو سەردانەدا گفتوگۆیان لەسەر چۆنیەتی هەنگاونان بۆ یەکگرتنەوە کرد.[776]

هەرچەندە تاڵەبانی پێشنیاری پێکهێنانی بەرەیەکی کردووە لە نێوان خۆیان و بارزانیدا، بەڵام بارزانی بڕوای وابووە کە بە دروستکردنی بەرە کێشەکە چارەسەر نابێت، لە بەر ئەوە پێویستە بگەڕێنەوە لای ئێمە و (پارتی) بکەینەوە بەیەك پارت[777]، هاوکات چەند مەرجێکی بۆ گەڕانەوەی دەستەی برایم ئەحمەد دانابوو لەوانە:-

---

773. وەرگیراوە لە شەپۆل فاخیر مێرگەسوری: زمانی تاوان هاتە قسە. . . ، ل ٥١.

774. چاوپێکەوتن لەگەڵ عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی، ٢٨ / ٢ / ٢٠٠٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا مەلا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣٠.

775. البارزاني والحركة. . . ، ج ٣، ص ٢٥٤.

776. هەمان سەرچاوە، ص٢٥٤.

777. فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدولا: بارودۆخی سیاسی. . ، ل ٥٤.

– پێویستە باڵی برایم ئەحمەد کۆنگرەیەك ببەستێت و ناوی خۆیان بگۆڕن.

– پێویستە هەڵوەشاندنەوەی خۆیان ڕاگەیەنن و تێکەڵ بە (پارتی) ببنەوە و لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی دابن و بەو شێوەو پلە و پایە کار بکەن کە بۆیان دیاری دەکرێت.[٧٧٨]

گومانی تیا نییە کە لەو بارودۆخەدا باڵی (م.س) تووشی شکستێکی سەربازی ببوون[٧٧٩]، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە برایم ئەحمەد و پارتەکەی بە ناچاری پەنایان بۆ لای بارزانی هێنابێت، بەڵکو هەستکردن بە بەرپرسیاریێتی مێژوویی و گیانی نیشتیمانپەروەری و گرنگیی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئازار، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ تێکەڵ بوونەوەو ڕازیبوون بەو مەرجانە.

بۆ زیاتر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە (١٥ تشرینی یەکەمی ١٩٧٠)دا شاندێکی پایە بەرزی باڵی (م.س)، بە سەرکردایەتی (برایم ئەحمەد) و ئەندامێتی عومەر مستەفا "دەبابە" و عەلی عەسکەری سەردانی (بارزانی)یان کرد[٧٨٠]، بەرنامەی یەکگرتنەوە و چۆنێتی بەرنامە ڕێژکردنی خەباتی داهاتوو تەوەرەی سەرەکی گفتوگۆکانیان بوو، هەر لەو کۆبونەوەیەدا (برایم ئەحمەد) بۆ پیشاندانی نیازپاکی و ئامادەبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناو خۆییەکان، ڕایگەیاند لە ماوەیەکی نزیکدا بڕیارێك دەردەکەن سەبارەت بە یەکگرتنەوەیان، هەر کەسێکیش لە بڕیارەکەیان دەربچێت لە ئەوروپا بێت یان لە ئاسیا یاخود لە ئەفریقیا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێشتر لەگەڵیان بووە، وەك دوژمنی کورد سەیری دەکەن.[٧٨١]

دیارە ئەم هەڵوێستەش لەو سەردەمەدا کارێکی گەورە و پڕ بە پێستی ئەو بارودۆخە بووە کە لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی ڕیکەوتننامەی (١١)ی ئازاری ١٩٧٠) وە هاتبووە ئاراوە، کە بوو بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ یەکخستنەوەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو سەردەمەدا.

---

778 . ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان. . ، ل ٢٨٤.

779 . چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣.

780 . مسعود البارزاني: البارزاني والحركة. . ، ج ٣، ص ٢٥٥.

781 . کۆبونەوەیەکی نێوان برایم ئەحمەد و هەڤاڵانی لەگەڵ مستەفا بارزانی کە لەسەر کاسێت دەنگەکانیان تۆمار کراوە لە شەوی ١٥ لەسەر ١٩٧٠/١٠/١٦. وەرگیراوە لە فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستان. . . ، ل٥٦.

لە (١٩٧٠/١٢/٢٧)دا باڵی (م.س)ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی حەوتەمی خۆی بەست و پرسی چوونە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی (بارزانی)یان شرۆڤە کرد، وەك هەنگاوێکیش بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ئەو کردارە، وێڕای جیاوازی بیروڕایان* بە زۆربەی دەنگ ئەندامانی کۆنگرە گەیشتنە ئەو بڕیارەی لە پێناو ڕێگە خۆشکردن بۆ خۆ هەڵوەشاندنەوەو یەکگرتنەوەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی بارزانی ناوی پارتەکەیان بگۆڕن بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان.[٧٨٢]

هەر سەبارەت بە چۆنیەتی تێکەڵ بوونەوەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا عەبدوڵلای حاجی سەعید دەڵێت" باڵی مەکتەبی سیاسی لە بەغداد کۆنگرەیەکیان بەست کە بەدوو قۆناخ جێبەجێ کرا، قۆناغی یەکەم لە ماڵی برایم ئەحمەد بەسترا کە تایبەت بوو بە گۆڕینی ناوی حیزبەکەو دانانی چەند مەرجێك سەبارەت بە چۆنێتی ڕێکەوتن بە جۆرێك کە لە هەموو بووارەکاندا بە پێی نیسبەت تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگەو ریزەکانی ڕێکخستن ببنەوە، لە قۆناغی دووەمی کۆنگرەکەدا بە زۆربەی دەنگ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو باڵەیان دەرکرد". [٧٨٣]

لە هەمان کاتدا سەبارەت بە دوا کۆنگرەی پارتی باڵی (م.س)،ئیبراهیم جەلال دەڵێت" دوای تەواو بوونی کۆنگرە، سەرکردە و کادر و ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕ، لەسەر بەڵێنەکانی سەرکردایەتی بارزانی، بە هیوابوون لە هەموو لق و لیژنە و ناوچە و ڕێکخراوەکاندا سێ یەکیان پێ بدرێت و لە ماوەیەکی کورت و لە بارودۆخێکی

---

*. لە راستیدا لەو کۆنگرەیەدا دوو بیرو بۆچوونی جیاواز هەبووە  کە ئەندامانی کۆنگرەی بەسەر دوو بەشدا دابەش کردووە، بیرو بۆچوونی یەکەمیان بە باشیان زانیوە کە ناوی پارتەکەیان بگۆڕن بۆ پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان، بەڵام بەو ناوەوە بەرەیەك لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێك بهێنن و پارێزگاری لە قەبارەو بۆچوونی خۆیان بکەن، کە ئەمە زیاتر بیروڕای برایم ئەحمەد و زوربەی ئەندامانی سەرکردایەتی بوو.  بیروڕای دووەمیان بە باشیان زانیوە بە یەکجاری کۆتایی بە ژیانی پارتەکیان بهێنن. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و. . . ، ل٢٨٢—٢٨٣.

[782]. فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵلاّ: بارودۆخی سیاسی کوردستان. . . ، ل٥٧ ؛ بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە. شیرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكوردستاني. . ، ص٢١٩—٢٢٠.

[783]. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلاّی حاجی سەعید، سلێمانی، ١٣ / ٢ / ٢٠٠٧.

**گونجاویشدا کۆنگرەی نۆیەم ببەسترێت، بەڵام ئەم بڕیارانە نەچوونە بواری جێبەجێ کردنەوە". [٧٨٤]**

**دوا بە دوای ئەو هەنگاوانە لە (١٠)ی شوباتی (١٩٧١)دا پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بەیاننامەیەکیان سەبارەت بە خۆ هەڵوەشاندنەوە و خەبات کردن لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سەرکردایەتی (بارزانی)دا راگەیاند[٧٨٥]، ناوەڕۆکی بەیاننامەکە دەڵێت" ئەمڕۆ یەکێتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە بەردی بناغەی سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو خوازەکان دادەنرێت کە خەبات دەکەن لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە دیموکراتیەکانی گەلی عێراق بە گشتی و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بە تایبەتی، هەر بۆیە ئێمە وەکو پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بڕیارماندا بە خۆ هەڵوەشاندنەوەی رێکخستنەکانمان و پەیوەندی بکەین بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی". [٧٨٦]**

**لە هەمان رۆژدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە و تیایدا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەو هەنگاوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەربڕی. [٧٨٧]**

**پاشان نیشتەجێکردنی برایم ئەحمەد و دەستەیەك لەو کەوسانەی کە جێگەی گومان بوون بەلای بارزانیەوە بەتایبەتی (عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا" دەبابە" و**

---

[784]. خوارووی کوردستان و. . . . ، ل ٢٨٤ — ٢٨٥.

[785]. ڕۆژنامەی "هاوکاری"، ژمارە (٦)، ٢٠ / ٢ / ١٩٧١.

[786]. "هاوکاری"، ژمارە (٦)، ١٩٧١/٢/٢٠. هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شیرکو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكوردستاني. . ، ص٢٢٠—٢٢١؛ مسعود البارزاني: البارزاني والحركة. . . . ، ج ٣، ص٥٧١، بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)ی ئەو سەرچاوەیە. لە راستیدا هەڵوەشاندنەوەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بیروڕای کۆمەڵێك لاوی شۆڕشگێڕ بوو کە لە رێکخستنەکانی پارتی باڵی (برایم ئەحمەد)دا کاریان دەکرد و پێیان وابوو کە پێویستە هەدوو باڵەکەی پارتی (بارزانی و -م. س-)، کۆتایی بە دەسەڵاتیان بهێنن و زەمینە بۆ پارتێکی نوێی رۆشنبیرو دیموکراتخواز بڕەخسێنن تا جێگەی ئەوان بگرێتەوە لە خەباتدا، شایەنی ئاماژە پێدانە هەر ئەم کۆمەڵەیە بوون کە کۆمەڵەی (مارکسی و لینیی)یان دامەزراند. = =چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/٢١. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆمەڵەی مارکسی و لینینی بڕوانە، فەرەیدون عبدالرحیم عەبدوڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستان. . . ، ل٦٠—٧١.

[787]. بۆ زانیاری دەربارەی هەردوو بەیاننامەکە بڕوانە رۆژنامەی "هاوکاری"، ژمارە(٦)، ١٩٧١/٢/٢٠.

جەلال تاڵەبانی...) لە بارەگاکانی نزیک بە بارزانی، یەکێك لە مەرجەکانی ڕێکەوتنامەکە بوو.[788]

لەبەر ئەوە لەسەر داوای بارزانی هەریەکە لەو سەرکردانە لە ناوچەیەك لە دەورو بەری بارەگاکانی بارزانی نیشتەجێ کران بەم شێوەیە برایم ئەحمەد و خێزانەکەی لە (ناوپردان)، عەلی عەسکەری و خێزانەکەی لە (دەربەند)، هەروەها مانەوەی جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەك لە(قەسرێ) کە بارەگای بارزانی بوو.[789]

دیارە مەرجی بارزانی بۆ نیشتەجێکردنی برایم ئەحمەد لە نزیك بارەگای خۆی بۆ چەند مەبەستێك بووە، بەر لە هەموو شتێك بۆ ئەوەی بە شێوەیەك خۆیان پیشانی دونیای ناوەوەو دەرەوە بدەن کە کورد کێشە و ململانێ لە نێوانیاندا نەماوە و هەموو لە ژێر سەرکردایەتی (بارزانی)دا کۆبوونەتەوە و بە دەسەڵاتی ئەو رازین، لە هەمان کاتدا مەبەستی بووە لە نزیکەوە ئاگاداری کار و چالاکی و هەڵسوکەوتیان بێت بۆ ئەوەی جارێکی تر کێشەی ناوخۆ سەر هەڵ نەداتەوە.

هاوکات لە بارەی چۆنێتی گەڕانەوەیان برایم ئەحمەد دەڵێت" بارزانی بە برادەرانی (پەلیتبڕۆ)ی وتبوو،(برایم ئەحمەد) لە ئەوروپا بێت من لەگەڵ ئێوەدا رێك ناکەوم، دەبێ بێتەوە چونکە لەوێ خەریکی کارکردن دەبێت، من بە زۆری ئەو هاتمەوە کە هێشتا بە تەواوی چارەسەری نەخۆشیەکەم نەکردبوو".[790]

جێگەی ئاماژە پێدانە لەم هەڵوێستەی (برایم ئەحمەد)دا سەبارەت بە بەجێهێنانی مەرجەکانی بارزانی، لە خۆبوردویی و نیشتیمانپەروەری تیا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی بە بنەمای یەکگرتنەوە و کۆتاییهێنان بە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی ناو جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دادەنرێت.

جێگەی باسە وێڕای جیاوازی لە کات و ناوەڕۆکی هەردوو رێکەوتنامەی (١٠ی شوباتی ١٩٦٤) و (١١ی ئازاری ١٩٧٠)ی نێوان بارزانی و حکومەتە یەك لەدوای

---

788. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن. . ل١٠٤ ؛ ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان، ل٢٨٥؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١١؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال موفتی، سلێمانی ٢٠ /٢٠٠٧/٧.

789. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە مسعود البارزاني: البارزاني والحركة. . . ، ج ٣، ص٢٥٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی١٨/ ٢٠٠٧/٤.

790. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ. . . . ، ل٧١.

یەکـەکانی عێـراق، باشـتر وابـوو بـۆ رێگـری کـردن لـە تەشـەنەکردن و تەقینـەوەی ناکۆکییەکان، برایم ئەحمەد هەمان هەڵوێستی لە خۆبوردوانەی ساڵی (١٩٧٠)ی لە ساڵی (١٩٦٤)دا بنواندایە.

لـە راسـتیدا حکومـەتی (بـەعس)یـش هـەوڵی دا کـە ببێتـە بەربەسـت لەبـەردەم یەکگەتنـەوەی هـەردوو باڵەکـەی پارتیـدا، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش بەسـەرکردایەتی بـاڵی (م.س)یـان راگەیانـد بـوو کـە ئـەو رێکەوتنـەی بـەعس لەگـەڵ (بـارزانی)دا کردوویـەتی شـتێکی کاتییـە و تـا سـەر بـەردەوام نابێـت[791]، بـەڵام ئاشـکرایە سـەرکردایەتی بـاڵی (م.س) و خودی برایم ئەحمەد بە هۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نیشتیمانی و نەتەوەییـەکانی کوردسـتانەوە نەچوونەتە ژێـر بـاری هەوڵـەکانی رژێمـی بـەعس، بـەم شێوەیە برایم ئەحمەد لـەدوای رێکەوتننامـەی (١١ی ئازاری١٩٧٠) و یەکگرتنـەوەیان لەگەڵ بارزانی لە (ناوپردان) نیشتەجێ بوون و لەم ماوەیـەدا تـا دوای هەرەسـی سـاڵی (١٩٧٥) زیـاتر ژیـانێکی سـادە و ئاسـایی هـەبوەو زۆربـەی کاتـەکانی بـۆ خوێندنـەوە تـەرخان کـردووە[792]، لـە هـەمان کاتـدا بـەردەوام ماڵەکـەی جێگـەی کۆبونـەوەی لاوان و رۆشنبیران بووە و بە سەرنج و تێبینیەکانی رێنمایی کردوون.[793]

جێگەی ئاماژە پێدانە لەو ماوەیەدا برایم ئەحمەد هیچ لێپرسراوێتیەکی رامیاری و کـاری رێکخراوەیـی پـێ نەسـپێردراوە، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا بـە چـاوێکی رێـز و حورمەتـەوە لـە لایـەن بارزانیـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ کـراوە[794] و لـە زۆربـەی کـۆڕو کۆبونەوەکانی بارزانیدا ئامادەبووە و راو بۆ چونەکانی بە هەند وەرگیراوە[795]، ئەمە لە کاتێکـدا نەوشـیروان مـستەفا ئـەمین دەڵێـت" بـرایم ئەحمـەد لـەو ماوەیـەدا هـیچ چـالاکییەکی نـەبوو تەنانـەت وەك دەسـت بەسـەر وابـوو". [796] پـەراوێزکردنی بـرایم ئەحمـەد لـە کـار و چـالاکیی سیاسـی لـە لایـەن سـەرکردایەتی ئـەو کاتـەی پارتییـەوە،

---

[791]. فەرەیدون عەبدولکەریم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستان. . ، ل٥٧.

[792]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئـەمین، سلێمانی ٢١/ ٤/ ٢٠٠٧؛ چاوپێکەوتن لەگـەڵ جـەمال حەکیم ئاغا، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٨؛ چاوپێکەوتن لەگـەڵ مامۆسـتا مـەلا بێـستون، سـلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣١ ؛ بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب. . . ، ص١٢٣.

[793]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٦)، ١٠ / ٢٠٠٧/٤، ل٧.

[794]. عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی. . . ، ل٢٨٧.

[795]. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ١١ / ٢ / ٢٠٠٧.

[796]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢١/ ٢٠٠٧/٤.

کارێکی نا دروست بووە و جۆرێك بووە لە شێوازەکانی تۆڵە سەندنەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دام و دەزگاکانی پارتی لەو سەردەمەدا تا رادەیەك گەندەڵی تیا بەدی دەکراو[٧٩٧] پێویست وابووە سوود لە توانا سیاسییەکانی ئەو کەسایەتیانە وەربگیرێت.

بە شێوەیەکی گشتی ساڵی یەکەمی دوای رێکەوتنامەی (١١)ی ئازار گەلێك خزمەتگوزاری لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی، لە کوردستاندا جێبەجێ کرا[٧٩٨]، لە هەمان کاتدا پارتی بە دانانی پێنج وەزیر بەشداری لە حکومەتی ناوەندیدا کرد.[٧٩٩]

هاوکات بڕیاردرا کە بۆ پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، بارزانی خۆی یان یەکێك لە دوو کوڕەکەی دەستنیشان بکرێت، بەڵام بارزانی ئەوەی رەتکردەوە و رایگەیاند کە هیچ یەکێك لە بارزانیەکان نابێت پۆستی حکومی وەربگرن.[٨٠٠]

بەڵام جێگەی باسە هەر زوو ویستە خراپەکانی حکومەتی بەعس دەرکەوت، بە هەوڵدان بۆ تیرۆر کردنی بارزانی لە بارەگای تایبەتی خۆی لە حاجی ئۆمەران لە (٢٩)ی ئەیلولی (١٩٧١)دا، کە لە رێگەی ناردنی کۆمەڵێك لە پیاوانی ئاینی و بەبێ ئاگاداری خۆیان بە مین چێنرابوون، بەڵام لەو پیلانەدا بارزانی بەبێ زیان دەرباز بوو.[٨٠١]

لە لایەکی ترەوە پرۆسەی بە عەرەب کردنی ناوچە کوردنیشینەکان لە لایەن حکومەتی بەعسەوە هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ دوورخستنەوەی سەرکردایەتی

---

797. بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڕوانە. حوسین محەمەد عەزیز: خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ (جەرجیس فەتحولاّ) ی پارێزەردا، چاپخانەی سیما، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٠.

798. دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد. . ، ل٥٤٠—٥٤١.

799. ئەو پێنج وەزیرە کوردە پێك هاتبوون لە (نوری شاوەیس، ئیحسان شێرزاد، سامی عەبدولرەحمان، نافیذ جەلال، سالح یوسفی)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. حبیب محمد کریم: تأریخ الحزب الدیمقراطي الکوردستاني. . ، ص ١٢٤ ؛ هەژار: چێشتی مجێور، چ(١)، پاریس، ١٩٧٧، ل٥١٧.

800. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و. . ، ل ٢٨٩. سەبارەت بە هۆکاری دانەنانی بارزانی یان یەکێك لە کوڕەکانی بۆ پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٢٨٩.

801. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وردەکاری ئەو هەوڵە تیرۆریستیە بڕوانە. مسعود بارزاني: البارزاني والحرکة. . ، ج ٣، ص٢٦١—٢٦٢ ؛ هەژار: چێشتی مجێور. . . ، ل ٥٤٩ ؛ منذر الموصلي: القضیة الکردیة في العراق. . ، ص٢٧٠ ؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لە ساڵانی. . . . ، ل٤٤٦.

کورد و حکومەتی بەعس لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکەوتنامەی ئازار، نەك هەر ئەوە بەڵکو بووە هۆی هەرەس هێنانی یەکجارەکی ڕێکەوتنامەکەش[٨٠٢]، سەرەڕای زنجیرەیەك کۆبوونەوە و دانوستان لە ماوەی چوار ساڵی دەستنیشانکراو بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕێکەوتننامەکە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی بۆ چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەی کورد لێ نەکەوتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتای ئازاری ساڵی (١٩٧٤)دا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی بەعسدا نەمێنێت.[٨٠٣]

بەم شێوەیە زەمینەی ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لە نێوانیاندا لە هەموو کاتێك زیاتر لە بارتر بوو، لە هاوینی ساڵی (١٩٧٤)دا شەڕو پێکدادانێکی گەورە دەستی پێکردەوە[٨٠٤] و تیایدا حکومەتی ئێران بە هەموو شێوەیەك پشتگیری مادی و مەعنەوی لە شۆڕشی کورد دەکرد لە دژی حکومەتی عێراق.[٨٠٥]

بە مەبەستی چارەسەرکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٤)دا حکومەتی عێراق پێشنیارێکی خستە بەردەم حکومەتی ئێران کە تیادا هاتبوو ئەگەر هاوکاری کورد نەکات لە دژی حکومەتی عێراق، ئەوا ئامادەیە چاو لە مافەکانی خۆی بپۆشێت لە شەتولعەرەبدا.[٨٠٦]

هێنری کیسنجەر لە بارەی هەڵوێستی شای ئێرانەوە سەبارەت بە پێشنیارەکەی عێراق دەڵێت" لە کۆبوونەوەی ١٨ی شوباتی ١٩٧٥دا لە زوریخ– Zurich – لە کۆتایی گەشتەکەی ڕۆژهەڵاتمدا شای ئێران بێ هیچ پێشەکی و ئاگادارکردنەوەیەك پێی ڕاگەیاندم کە بیری لە گفتوگۆ کردووەتەوە لەگەڵ (سەدام حسێن)دا".[٨٠٧]

---

802. نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی. . . ، ل ١٦١.

803. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة. . . ، ج ٣، ص ٢٩٧.

804. هەمان سەرچاوە، ص ٣٣٢.

805. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد. . ، ل ٥٥٣ – ٥٥٤.

806. هەمان سەرچاوە، ل٥٥٤، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وردەکاری هاتنە پێشەوەی زەمینەی ئاسایی کردنەوەی نێوان عێراق و ئێران بڕوانە. منوچهر پارسا دۆست: ناکۆکی ئێران–عێراق، وەرگێرانی محسن علی ئەکبەر، سلێمانی ١٩٩٥، ل ٥١ ؛ شلمو نکدیمون: الموساد في العراق. . . ، ل٢٩٧ ؛ سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥–١٩٧٦، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، چ(١)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٨ – ٥٥.

807. هێنری کیسنجەر: کارەساتی کوردەکان، گۆڤاری " باسکار "، ژمارە ( ٣ )، ل٢٠.

ئەنجام لە (٤–٦) ئازاری (١٩٧٥)دا لە کۆبونەوەی ساڵانەی سەرانی ئۆپیکدا، (سەدام حسێن) و (شا)ی ئێران بە ناو بژیوانی (هەواری بومیدیەن)ی سەرۆك کۆماری جەزائیر، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان بەیەك گەیشتن، ئەوە بوو دوای وتوێژەکانی سەرانی هەردوو دەوڵەت، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە رۆژی (٦)ی ئازاری (١٩٧٥)دا بڵاو کردەوە کە بە رێکەوتنامەی جەزائیر ناسراوە.[٨٠٨]

رێکەوتنامەی جەزائیر وەك فاکتەرێکی گرنگی هۆکارە دەرەکیەکان، شان بە شانی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ * کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر لاوازکردنی شۆڕشی ئەیلول هەبوو، هاوکات هۆکاری سەرەکی بوون بۆ نسکۆی شۆڕشی کوردستان لەو کاتەدا.[٨٠٩] لە (١٢)ی ئازاری هەمان ساڵدا (بارزانی) بە یاوەری لەگەڵ (مەحمود عوسمان و موحسین دزەیی) لەسەر داوای (شا)ی ئێران گەیشتە تاران، لە چاوپێکەتنێکدا (شا)بە بارزانی راگەیاند" ئێمە ئیختلاف و مەشاکیلی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کۆتایی پێهێناوە لە تۆش داوا دەکەم کە بە هەموو بەرپرسانی حیزبی و پێشمەرگە رابگەیەنێت کە لەم سەعاتەوە شەڕ لەگەڵ سوپای عێراق تەواو بووە، و ئێمە لەمەودوا بە هیچ چەشنێك یارمەتی بۆ درێژە پێدانی شۆڕشی کورد نادەین".[٨١٠]

دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان لە کۆبونەوەیەکدا بارودۆخی نائاسایی کوردستان و داواکارییەکانی (شا)ی ئێرانی بۆ ئامادە بووان باس کرد، کۆتایی هاتنی شۆڕشی راگەیاند[٨١١]، دوابەدوای ئەوە لە (١٩٧٥/٣/٢٠)دا لە ئێزگەی دەنگی

---

[808]. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و. . . ، ل٣٩٠ ؛دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد. . . ، ل٥٥٤ ؛ منوجهر پارسادۆستی: ناکۆکی ئیران - عێراق، ل٥٢ ؛ عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ل٩٦.

★ لە راستیدا کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی ناوخۆیی هەبوون کە لە رەگەوە پارتی دیموکراتی کوردستانیان هەڵتەکاند بوو، کە خۆیان لە چوارچێوەی هۆکاری حزبی و کۆمەڵایەتی و سەربازیدا دەبینیەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان. . ، ل ٢٤ — ٣٩ ؛ حوسین محەمەد عزیز: خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، چاپخانەی سیما، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٢.

[809]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان. . ، ل ٤٨.

[810]. عیسی پژمان: نهێنیەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ ی ئەلجەزایر، و. ناسر ئیبراهیمی، سوید، ١٩٧٧، ل٩١.

[811]. شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦–١٩٨٣ دا، چ(٢)، کوردستان، ٢٠٠٢، ل٥٠ ؛ عیسی پژمان: نهێنیەکانی بەستنی.، ل٩٢ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان. . ، ل٥٣.

کوردستان فەرماندەی پێشمەرگە (ڕەشید سندی) بە ناوی بارزانی و شۆڕشەوە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی بڵاوکردەوەو داوای لە هەموو خەڵك کرد بەچەکدارو بێ چەکەوە کە ئازادن لە خۆ بەدەستەوە دانیان بە حکومەتی عێراق یان ئێران.[٨١٢]

لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا ڕوویاندا هەستی ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و کورد پەروەرو شۆڕشگێڕانی کوردستانی جولاند کە هەڵوێست لەو بارەیەوە وەربگرن، لە سەرو هەمووشیانەوە برایم ئەحمەد یەکێك بوو لەوانە.

لە بارەی هەڵوێستی (برایم ئەحمەد)ەوە عیسا پژمان دەڵێت" برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی ڕایان گەیاند کە پێویستە بەرەنگاری حکومەتی عێراق ببینەوە و بە هەموو شێوەیەك دژی شەڕ وەستان و پەنابردن بوون بۆ ئێران و ڕایان گەیاند یان ئەوەتا بە مافەکانی خۆمان دەگەین یان ئەوەتا بەردەوام دەبین لە شەڕکردن تاکو دەکوژرێین".[٨١٣]

هەر لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لە ٦ی ئازاردا من لە تاران بووم بە ئیشی شۆڕش چووبووم بۆ ئەوێ، یەکسەر دوای ئەو هەواڵە گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی مەلا مستەفا ببینم، بەڵام سەرەتا (ئیدریس و مەسعود)م بینی وتیان ڕای تۆ لەم بارەیەوە چیە؟ وتم بە ڕای من هەرگیز کورد ڕۆژی وەك ئەمڕۆی دەست نەکەوتووە، دەبێت خەبات بکەین، ڕاستە (ئێران) یارمەتیمان نادات بەڵام چەکە قورسەکانیان هێشتا لێرەیە، لە بەر ئەوە پێویستە بەردەوام بین لەسەر شۆڕش".[٨١٤]

جێگەی باسە (برایم ئەحمەد) هەوڵی داوە ئەوە بە سەرکردایەتی شۆڕش ڕابگەیەنێت کە هێشتا زەمینەی بەردەوامبوونی شۆڕش لەبارە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبێ هاوکاری حکومەتی ئێران توانای ماددی و مەعنەوی بە هێزە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دوژمنانەی کە دەیانەوێت بە پلانی هەرێمی و نێونەتەوەیی بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەرکوت بکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بۆ چوونەکانی بەهەند وەرنەگیراون.

---

812. ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و. . . ، ل ٣٩٦ ؛ کریس کۆجرا: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەم دا، و. حەمە کەریم عارف چاپخانەی شڤان، چ(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٢٧.

813. عیسی پژمان: نهێنیەکانی بەستنی پەیمانی. . ، ل٩٢.

814. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ. . . ، ل٨٠.

هاوكات برايم ئەحمەد دەڵێت" كاتێك كە چووم بۆلای بارزانی پێشنیاری ئەوەم كرد كە پێویستە لیژنەیەك دروست بكەین، ئێمە خۆمان هیچ ناكەین، باكۆمەڵێكی تازە ئەو كارە لە ئەستۆ بگرن، ئەوانەی دەیانەوێت خەبات بكەن ئێمە چەكەكانیان دەدەینێ با خەباتی خۆیان بكەن، مەلا مستەفا ئەوەی دووپاتكردەوە كە ناتوانین شەڕ بكەین و هیچمان پێناكرێت و ئەوەشی پێ وتم ئەگەر شەڕ بكەین تۆ لەم شەڕەدا دەتوانی چیبكەیت؟ وتم هەرچەندە من ئەفسەری یەدەگ بووم، بەڵام نازانم تەقە بكەم، بەڵام لەلای تۆ دادەنیشم و مەخزەنت بۆ پڕدەكەمەوە، دڵنیابە دوژمن وا زوو ناگاتە لای تۆ مەگەر بەسەر لاشەی دەهەزار پێشمەرگەدا هەنگا و هەڵبنێ، لە وەڵامدا وتی برا تازە لە دەستچوو، كەسمان لەگەڵ نیە و هیچ ئومێدم نەماوە".[815]

ئاشكرایە (برایم ئەحمەد) دركی بەو راستییە كرد بوو كە سەركردایەتی شۆڕش ساڵانێكی زۆرە لە خەباتدایە و توانای بەرگری كردنی نەماوە، جا ئەگەر ئەمە لە ژێر فشاری وڵاتانیشدا بێت، لە هەمان كاتدا پێشنیارەكەشی تەواو دروست و لە جێی خۆیدابووە بۆ دروستكردنی لیژنە و سەركردایەتییەكی نوێ بۆ بەردەوام بوونی شۆڕش، لە لایەكی ترەوە هەستی كوردایەتی و شۆڕشگێڕی برایم ئەحمەد لە ئاستێكدا بووە كە ئامادە بووە وەك پێشمەرگەیەك شان بەشانی هەموو پێشمەرگەكانی كوردستان لە پاڵ بارزانیدا لە بەرەكانی شەڕ دژی دوژمنانی كورد بجەنگێت.

هەر لەبارەی هەڵوێستی (برایم ئەحمەد)وە سەبارەت بە هەرەسی شۆڕش، عەلی هەژار* باس لە وتوێژێكی نێوان برایم ئەحمەد و بارزانی دەكات ودەڵێت" دوای ئەوەی بارزانی لە تاران گەڕایەوە و پێویستی كۆتاییهاتنی شۆڕشی راگەیاند، برایم ئەحمەد ووتی: بە گوێی من دەكەن (٥٠٠تا ١٠٠٠) پێشمەرگەیەك كە من دەتوانم ئامادەیان بكەم و بیان بەم بەرێوە بە شاخەكانەوە بمێننەوە بەبێ ئەوەی تەسلیم بە

---

[815]. هەمان سەرچاوە، ل٨٢ ؛ سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەكێتی نیشتمانی كوردستان. . . ، ل٢٠.

*. عەلی عەبدوڵڵا عەوێنەیی (عەلی هەژار) ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی عەوێنەی سەر بە شاری هەولێر لە بنەماڵەیەكی هەژار و جوتیار لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦١ بووە بە ئەندام لە ریزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دا، لە دوای رێكەوتننامەی (١١)ی ئازار كۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواو كردووە، لە رۆژی ٩/ ١٩٧٩/٤ لەناو دادگای هەولێر دەستگیر دەكرێت و تا ئێستاش بێ سەرو شوێنە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كوردستانی نوێ، ژمارە (٢١١٥)، ٩/ ٤/ ٢٠٠٠، ل٤.

عێراق و ئێران ببنەوە، دەتوانن شەڕی پارتیزانی بکەن گورز لە دوژمن بوەشێنن، من دڵنیام شەش مانگ تا ساڵێکی تر نابات ڕێکەوتننامەی جەزائیر پوچەڵ دەبێتەوە، ئەو کاتە هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران مەمنون دەبن قسەیان لەگەڵ بکەین، ئەگەر ئەو کارە ئەنجامێکی باشی لێکەوتەوە، ئەوا هەر خۆت سەرۆك و رابەری بێ موناقیسی میللەتی کوردی، خۆ ئەگەر ئەو چەند مەفرەزەیەش تیا چوو ئەوا جەنابتان خۆتانی لێ بە خاوەن مەکەن، مەلا مستەفا لە وەڵامدا ووتی ئاخر برایم ئێران لێمان قبوڵ ناکات، ئەوە بوو لە کۆتاییدا برایم ئەحمەد بە بارزانی وت کەواتە ئۆباڵی ئەم میللەتە لە ئەستۆی ئێوەدایە".[٨١٦]

لە دوو توێ ی سەرجەم پێشنیار و وتوێژەکانیدا دەردەکەوێت کە برایم ئەحمەد هەوڵی داوە هەر چۆنێك بێت شۆڕش بە تەواوەتی بنبڕنەبێت، مانەوەی چەند دەستەیەکی پێشمەرگەو بەکارهێنانی شێوازی پارتیزانی لە خەباتدا، بۆچوونێکی گونجاو بووەو دەبووە جێگەی مەترسی بۆ سەر حکومەتی عێراق، هاوکات ئەوەشی دەرخستووە کە هیچ کاتێك چاوی لە دەسەلاَت و سەرکردایەتیەوە نەبووە.

بەلاَم پێشنیار و داوارکاری (برایم ئەحمەد)و زۆر لە بەرپرسان* کە داوای بەرگری و بەردەوام بوونی شۆڕشیان کردووە، نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە بارزانی سوور بووە لەسەر کۆتایی هێنان بە شۆڕش و بەڵێنی بە دەسەلاَتدارانی ئێران دابوو کە تا پێشمەگەیەك بە چەکەوە لە خاکی عێراقدا بێت، ئەو نەپەڕێتەوە بۆ خاکی ئێران[٨١٧]، لە لایەکی ترەوە حکومەتی ئێران ڕێگەی بە سوپای عێراق دابوو تا لە ناوچەی میهرانەوە بچنە خاکی ئێران و لە وێشەوە بچنە خانێ (پیرانشار)و لە پشتەوە پەلاماری هێزی پێشمەرگە بدەن.[٨١٨]

---

816. وەرگیراوە لە ئەحمەد شەریف: ئیبراهیم ئەحمەد  ژیان و بەهرەو داهێنان. . . ، ل٣٠٤.

*. جێگەی باسە جگە لە برایم ئەحمەد، زۆر کەسانی دیکە بیرو رایان وابووە کە شۆڕش بەردەوام بێت و درێژە بە خەبات بدرێت و پەنا نەبەنە بەر حکومەتی ئێران، لەوانە (علی عەسکەری، ئەسعەد خۆشەوی، سالح یوسفی، سەرکردایەتی کۆمەڵەی مارکسی و لینینی). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان. . . . ، ل ١٦ — ١٩.

817. ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنان. . . ، ل ٣٠٥.

818. عیسی پژمان: نهێنیەکانی بەستنی پەیمانی. . . ، ل٩٢-٩٣.

له‌ راستیدا ئه‌و هۆكارانه‌ و ئاڵۆزی بارودۆخی كوردستان هۆكارێكی سه‌ره‌كی بوون بۆ ئه‌وه‌ی (برایم ئه‌حمه‌د) نه‌توانێت سه‌ركردایه‌تی ده‌سته‌یه‌كی به‌رگریكه‌ر بكات و درێژه‌ به‌ شۆڕش بده‌ن.

له‌ هه‌مان كاتدا ده‌سته‌ی برایم ئه‌حمه‌د (پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان) كه‌ له‌ دوای به‌یاننامه‌ی (١١)ی ئازار تێكه‌ڵ به‌ (پارتی دیموكراتی كوردستان) ببوونه‌وه‌، به‌ ته‌واوه‌تی لێك هه‌ڵوه‌شێنرابوون، هه‌روه‌ك برایم ئه‌حمه‌د خۆی دان به‌وه‌دا ده‌نێت و ده‌ڵێت" ئێمه‌ په‌رشو بڵاو بووین، پێنج كه‌سی چه‌كدارمان نه‌بوو، كادیره‌كانیشمان هه‌موو په‌رش و بڵاو كرابوونه‌وه‌، هه‌ركه‌سه‌ به‌ لایه‌كدا هه‌ڵدرابوو له‌به‌ر ئه‌وه‌ ئێمه‌ هیچمان پێ نه‌ده‌كرا".[٨١٩]

شایه‌نی باسه‌ له‌و كاته‌دا (جه‌لال تاڵه‌بانی)یش به‌ڵێنی یارمه‌تی و هاوكاری له‌ سه‌رۆكی لیبیا (موعه‌مه‌ر قه‌زافی) وه‌رگرتبوو و نامه‌یه‌كی بۆ برایم ئه‌حمه‌د نارد بوو، كه‌ داوای لێكردووه‌، مه‌لا مسته‌فا له‌ ناوه‌ڕۆكی نامه‌كه‌ ئاگادار بكاته‌وه‌، جێگه‌ی باسه‌ سه‌رۆكی لیبیا له‌و نامه‌یه‌دا داوای به‌رده‌وام بوون و خۆڕاگری له‌ سه‌ركردایه‌تی كورد كردبوو، هاوكات به‌ڵێنی هاوكاری ماددی پێدابوون[٨٢٠]، به‌ڵام وه‌ك ئاشكرایه‌ ئه‌م هه‌وڵه‌ش ده‌رئه‌نجامێكی به‌ ئاراسته‌ی هه‌نگاونان بۆ مانه‌وه‌ی شۆڕش لێ نه‌كه‌وته‌وه‌.

له‌ راستیدا له‌و رۆژگاره‌ سه‌خت و ئاڵۆزه‌دا كه‌ خه‌ڵكی كوردستان به‌گشتی و پێشمه‌رگه‌ به‌ تایبه‌تی به‌ره‌و چاره‌نووسێكی نادیار هه‌نگاویان ده‌نا، برایم ئه‌حمه‌د به‌ كۆمه‌ڵێك وتاری شۆڕشگێڕانه‌ وره‌ی به‌ به‌ر هێزی پێشمه‌رگه‌دا هێناوه‌ته‌وه‌و داوای هه‌ستانه‌وه‌ و خۆ ئاماده‌كردن بۆ ئه‌نجام دانی شۆڕشێكی نوێی لێ كردوون.

محه‌مه‌د مه‌نگوری له‌م باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێت" له‌ دوای بڵاوبوونه‌وه‌ی هه‌واڵی رێكه‌وتننامه‌ی جه‌زائیر، نائومێدی باڵی به‌سه‌ر كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكدا كێشابوو، خه‌ڵكێكی زۆر مات و مه‌لوول دانیشتبوون، چاوه‌ڕێی هه‌واڵی قه‌ده‌ری شۆڕشمان ده‌كرد، كاتێك (برایم ئه‌حمه‌د)مان لێ ده‌ركه‌وت وامان زانی (خدری زینده‌)مان لێ ده‌ركه‌وتووه‌، ئه‌وه‌ بوو به‌ چه‌ند وته‌یه‌كی شۆڕشگێڕانه‌ هه‌موومانی جۆشدایه‌وه‌ و وتی لۆژیكی گه‌لانی

---

[819]. حوسین محه‌مه‌د عه‌زیز: پێنج كاتژمێر. . . ، ل٨٧.

[820]. هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل٧٨- ٧٩. بۆ زانیاری زیاتر له‌سه‌ر هه‌وڵه‌كانی (جه‌لال تاڵه‌بانی )بۆ به‌ده‌ست هێنانی هاوكاری و یارمه‌تی بۆ به‌رده‌وام بوونی شۆڕش بڕوانه‌. خالد یونس خالد: الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر، مطبعة حمدي، ط(٢)، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ١١ — ١٢.

شۆڕشگێڕ بریتییە لە کەوتن و هەستانەوە، کەوتن و هەستانەوە.. ئینجا کەوتن و هەستانەوە و رزگاری یەکجارەکی، ئەبێ جەزوەی خەباتتان دانەمرێ ئێستا چاوەڕێی هیچ مەبن، خۆتان بۆ قۆناغی هەستانەوە ساز بدەن، بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕ دۆشدامان شەرمە، زۆر جار گروپێکی بچووك دەتوانێ کاری زۆر گەورە بە دەست بهێنێت، بڕواتان بە گۆڕان هەبێت، رەنگە ئاوارە بین بەڵام با ئاوارەی سەر بەرز بین، رۆژێك دێت ئەو رووداوە وەکو مێژوو بگێڕنەوە، بەڵام زۆر مەرجە دەرسی لێ وەربگیرێ". [٨٢١]

گەر بە وردی سەرنجی هەڵوێست و وتەکانی برایم ئەحمەد بدەین، وەك وتەی کەسێکی شۆڕشگێڕ دێنە بەرچاو، لە هەمان کاتدا لۆژیکی ئەو کاتەی هەڵسەنگانەوە و گەشبین بووە بە داهاتووی شۆڕشی کوردو جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە پەند لە رووداوەکان وەربگیرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودیان لێ ببینرێت و دووبارە نەبنەوە.

بەم شێوەیە برایم ئەحمەد لە دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥) خاکی کوردستانی بەجێ هێشت و بۆ ماوەیەك لە تاران نیشتەجێ بوو، پاشان لەگەڵ خێزانەکەیدا رووبەڕووی ژیانی ئاوارەیی و پەناهەندەیی بوونەوە و روویانکردە (لەندەن)ی پایتەختی بریتانیا.

هەواڵنامەی کتێب

[821]. محەمەد مەنگوڕ: چەند بیرەوەریەك لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددا، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٩)، ٢٠٠٠/٤/٢٥، ل٧.

# بەشی چوارەم

# ژیان و خەباتی برایم ئەحمەد لە هەندەران

( ١٩٧٥-٢٠٠٠ ).

کتێبخانەی

هەواڵنامەی کتێب

# باسی یەکەم
# چالاکی سیاسی و نەتەوەیی برایم ئەحمەد

دوا بە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی (١٩٧٥)دا، بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائاسایی ودژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، ئەو بارودۆخەش نەك تەنها کوردستانی عێراق، بەڵکو پارچەکانی تری کوردستانیشی گرتبۆوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە زۆربەی خەباتکارانی نێو ریزەکانی شۆڕش بە سیاسی و سەربازیەکانیشەوە لەو پەڕی نائومێدی و بێ ورەیدا بوون، تا ئەو رادەیەی کە بڕوای ئەوەیان لا دروست ببوو کە جارێکی تر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دروست نابێتەوە و ناژێتەوە.[٨٢٢]

لەم نێوەندەدا برایم ئەحمەد دوای ئەوەی کە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو بۆ باوەڕهێنان بەسەرکردایەتی پارتی سەبارەت بە بەردەوامبوونی شۆڕش، وەك زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکانی تری کوردستان روویکردە ئێران و لە تاران نیشتەجێ بوو.[٨٢٣]

لە راستیدا دروست بوونی بۆشایی خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستاندا وای لە ژمارەیەك نیشتمانپەروەران کرد کە هەر زوو وەك بەرپەرچدانەوەیەك بیر لە دروستکردنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی پارت و رێکخراوی شۆڕشگێڕ بکەنەوە، تا بتوانن برەو بە شۆڕش و خەبات بدەن لە کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش برایم ئەحمەد لە یەکەم کۆبونەوەی بیرۆکەی دامەزراندی بزووتنەوەی سیۆسیالیستی کوردستاندا بەشداری کردووە و بیروڕای تایبەتی خۆی لەسەر بارودۆخەکە دەربڕیوە، لەم بارەیەوە جەمال حەکیم ئاغا دەڵێت" یەکەمین کۆبونەوەی بیرۆکەی دامەزراندنی

---

822. کەمال فواد: کوردستانی نوێ، ژمارە ( ٢١٦٤ )، ٥ /٦/٢٠٠٠، ل٦.
823. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە باسی دووەمی ئەم بەشە.

بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کوردستان لە نیسانی (١٩٧٥)دا لە ماڵی (عومەر دەبابە) بە ئامادەبوونی نزیکەی (٢٠) کەس لە شاری ورمیٚ بەسترا". [٨٢٤]

شایەنی باسە لەو کۆبونەوەیەدا ژمارەیەك لە کەسایەتی سیاسی و سەربازی بەشداریان تیا کرد کە رۆڵی راستەوخۆ و کاریگەریان لە شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو، دیارترینیان پێك هاتبوو لە (برایم ئەحمەد، عەلی عەسکەری، د.خالید، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، جەمال ئاغا، رەسووڵ مامەند، مەلا ناسیح، عومەر دەبابە، عەبدورەحمان گۆمەشینی، تایەری عەلی والی، سەلیم ئاغۆك). [٨٢٥]

لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ درا کە زیاتر جەختکردنەوە بوو لەسەر دروستکردنی رێکخراوێکی نویٚ و پەیڕەو کردنی شێوازی خەباتی سیاسی و پەند و ئامۆژگاریوەرگرتن لە کەم و کوڕی و خاڵە لاوازەکانی شۆڕشی ئەیلول. [٨٢٦]

بە سوود وەرگرتن لە رووداوەکانی رابردوو و بەمەبەستی دووبارەنەبوونەوەی شەڕی ناوخۆ (برایم ئەحمەد) پێی وابوو کە پێویستە شێوازی خەباتیان بە جۆرێك بێت کە نەبێتە هۆی دژایەتی کردنی (بارزانی) لەم بارەیەوە جەمال حەکیم ئاغا دەڵێت" لە کۆبوونەوەکەی ورمێدا مامۆستا برایم وتی: پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین شتێك بکەین کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ جەنابی مەلا مستەفادا إستدام نەکەین، بیر لەوە نەکەینەوە کەوا پێکدادان لە نێوان ئێمە و ئەواندا دروست ببێت، ئەوان پارتین من پێم وایە بیر لەوە نەکەینەوە کە پارتی بین، بەڵکو بیر لە رێکخستنێکی نویٚ بکەینەوە، چونکە ئەگەر خۆمان ناو بنێین پارتی و ئەوانیش پارتی بن ئەوا وەك جاران ململانیٚ دەست پێدەکاتەوە، بیٚ گومان ئەمەش هیچ سودێکی بۆ کورد نیە". [٨٢٧]

دەکرێت بڵێین پێشنیارەکەی (برایم ئەحمەد) تا رادەیەکی زۆر راستیی پێکاوە، چونکە ئاشکرایە سەرکردایەتی پارتی دەستبەرداری ناوو خەباتی پارتی دیموکراتی

---

824 . چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٨.

825 . بەهرۆز گەلاڵی: رەسووڵ مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن و ٢٣ ساڵ خەبات، چ(٢)، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٩.

826 . بڕوانە بەیانی یەکەمی لیژنەی ئامادەکاری بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان ئابی ١٩٧٦.

827 . چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال حەکیم ئاغا، سلێمانی، ٨/ ٢ /٢٠٠٧.

کوردستان نەدەبوون، لە لایەکی ترەوە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە باشوور لە دوای ئەو گۆڕانکارییە چارەنووسسازانە پێویستی بە پارت و رێکخراوی نوێ و سەرکردایەتی نوێ هەبوو، ئەمەش لەگەڵ بیرو راکانی (برایم ئەحمەد)دا یەکی دەگرتەوە.

برایم ئەحمەد لە هەمان ساڵدا روویکردە بریتانیا و وەك پەناهەندەیەك لەوێ نیشتەجێ بوو، ئەمەش بوو بە هۆی لەمپەرێك لە بەردەم بەشداری کردنی لە یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی (بزووتنەوەی سۆسیالیزمی دیموکراتی کوردستان)دا کە لە ئابی ١٩٧٦دا یەکەمین بەیاننامەیان راگەیاند.[٨٢٨]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کە برایم ئەحمەد لە (لەندەن) ژیاوە ئاگاداری زۆربەی کارو چالاکییە سیاسی و چەکدارییەکانی کوردستان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەم تا زۆر لە وێوە رێنومایی و ئامۆژگاری کردون.[٨٢٩]

هەر لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی و سەربازی، بە مەبەستی دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێ لە سەرەتای مانگی نیسانەوە زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە ناوەوەی وڵات و چەند ناوچەیەکی جیاجیای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بەسترا.[٨٣٠]

ئەوە بوو تەنها دوو مانگ لە دوای هەرەس پێهێنانی شۆڕشی کورد لە (١٩٧٥/٥/٢٢)دا لە دیمەشق لە ریستۆرانتی(طلیطلە) لە گەڕەکی (أبو رمانە) بە ئامادەبوونی (جەلال تاڵەبانی، فواد مەعسوم، عادل مراد، عەبدولرەزاق فەیلی) یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) ئەنجام درا.[٨٣١]

---

[828]. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بەیانی دامەزراندنی بزووتنەوە و بەشداربووانی بڕوانە صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...ص٤٨٦ ؛ سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان...، ل٢٤٠-٢٤٣.

[829]. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی، سلێمانی ٢٠٠٧/٨/٢٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/١٣.

[830]. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: کەمال فواد: کوردستان نوێ، ژمارە(٢١٦٤)، ٢٠٠٠/٦/٥، ل٦.

[831].چاوپێکەوتن لەگەڵ مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢ ؛ عادل مراد: محاولة جادة لکتابة جزء من التأریخ الحدیث لکرد العراق، جریدة الاتحاد، عدد(٣٧٣)، ٢٠٠٠/٦/٩ ؛ صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة...، ص٣١٦ ؛ مجلة الوسط، عدد(٣٥٥)، تشرین الثاني ١٩٩٨، ل١٣.

بە بیروڕای جەلال تاڵەبانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) دوو ئامانجی سەرەکی لە پشتەوە بووە، یەکەمیان هەڵسانەوەو بوژانەوەی کوردایەتی وجوڵانەوەی رزگاری نیشتیمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان، دووەم ئامانجیشی دەستپێکردنەوەی شۆڕش بوو.[٨٣٢]

لە راستیدا دامەزرانی (ی.ن.ك)، پێویستییەکی گرنگ و مێژوویی ئەو رۆژگارە بوو کە رووبەڕووی کوردستان ببۆوە، چونکە جووڵانەوەی کورد لەو ساڵەدا بە ئاقارێکدا گوزەری دەکرد کە هیچ ئامرازێکی سیاسی و چەکداری بۆ نەمابوەوە تا خەبات و تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی و بەرگری لە مافە رەواکانی کورد بکات، لە هەمان کاتدا بتوانێت بەرپەرچی سیاسەتی نوێی رژێمی عێراق بداتەوە لە گرتن و راونان و راگوێزان و بە عەرەبکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

شایانی باسە (برایم ئەحمەد) ئاگاداری وردەکارییەکانی دامەزراندنی (ی.ن.ك) بووە و هەوڵی داوە بگەڕێتەوە بۆ خاکی کوردستان و لە ناوجەرگەی شۆڕشەکەدا خەبات بکات.[٨٣٣]

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" ئاگادار کرام کە رێکخراوێکی نوێ دروست دەکرێت، کە دروستیش کرا هەندێك برادەری وەك (عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید) داوایان لێکردم بچمەوە بۆ کوردستان... بەڵام لە پاشان جوابیان بۆ ناردم کە گوایە لەبەر ئەوەی جێگەیان نیە، جارێ هەر لە (لەندەن) بمێنمەوە تا دوایی خۆیان وەڵامم لێ دەگێڕنەوە".[٨٣٤]

سەبارەت بە هەڵوێستی برایم ئەحمەد و ئامادەبوونی گەڕانەوەی بۆ کوردستان (گەلاوێژ)ی خێزانی برایم ئەحمەد دەڵێت" برایم ئەحمەد هەموو پێداویستییەکی سەفەری ئامادەکردبوو کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بڕیار بوو لەگەڵ کاك (عومەر دەبابە)دا بەیەکەوە بگەڕێنەوە، بەڵام کاك عومەر بەبێ ئاگادارکردنەوەی برایم ئەحمەد بەتەنها گەڕایەوە بۆ کوردستان، ئەمەش بووە هۆی نیگەران بوونی برایم ئەحمەد".[٨٣٥]

---

[832] .چاوپێکەوتنی مام جەلال لەگەڵ کەناڵی...، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٦٤)، ٢٠٠٠/٦/٥)، ل٢.

[833] . چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

[834] . حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ....، ل٨٣

[835] . چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

هـەر سـەبارەت بـە هەڵوێـستی بـرایم ئەحـمـەد نەوشـیروان مـستەفا ئـەمین دەڵێـت" ساڵی ١٩٧٥ کە (ی.ن.ك) دامەزرا بە هەموو توانایەکەوە پشتیوانی لـە ئێمە دەکرد بە تایبەتی لە سەرەتادا کە ئەو لـە ئێران بـوو، دوا تـریش کە لـە (لەندەن)بوو پشتیوانی راستەوخۆی لە (ی.ن.ك ) کردووە، بەڵام هیچ کاتێك لە یەکێتی دا ئەندام نەبووە". [836]

هـەر لـەو سـاڵانەدا کاتێـك کـە دەسـتەیەك لـە سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لـە ناوچـەی (برادۆست) بوون، برایم ئەحمەد لـە نامەیەکدا پشتگیری خۆی رادەگەیـەنێت بۆیـان و دەڵێـت" مـن چـەند سـاڵێك تەمـەنم مـاوە حـەز دەکـەم لـە نـاو داروبـەردی کوردسـتاندا بەسەری بەرم و لەوێ بم". [837]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە برایم ئەحمەد سـەرەڕای ئـەوەی کـە تەمـەنێکی زۆری لـە خـەباتی سیاسـی و چـەکداریدا بەسـەر بـردووە، هـەوڵی داوە لـەو شۆڕشـە نوێیـەدا بەشـداری بکـات، بـەڵام دیـارە هەنـدێك لـە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەگـەڵ ئەوەدا نەبوون کە (برایم ئەحمەد) بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بەشداری لـە شۆڕشـدا بکات.

لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا ئـەمین دەڵێـت" بـەر لـە هـەموو شتێك هەلومـەرجی چەکداری لەو رۆژەدا پێویستی بەسەرکردایەتیەکی گەڕۆك هەبوو لەبەر ئـەوەی شـەڕی پارتیزانی دەکرا شوێنێکی جێگیری وامان نەبوو کە پیاوێکی بە تەمەنی وەك برایم ئەحمـەد بێـت و لێـی جێگیربێـت و سـەرکردایەتی شـەڕەکان بکـات، لـە لایـەکی تـرەوە دەسـتەی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە زۆر لـەو سـەرکردە سیاسییانەی شۆڕشەکانی پێشوو بەشدار نەبن لە یەکێتیدا، تـەنها هـەوڵ بدرێت وەك دۆست سوودیان لێ وەربگیرێت". [838]

ئاشـکرایە کـە دەسـتەی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) هـەوڵیان داوە سـەرکردایەتیەکی نوێ و شێوازی خەبات و پرۆگرامێکی نوێ بۆ رێکخراوەکەیان پەیڕەو بکەن، لە هەمان کاتدا پابەند بوونی (برایم ئەحمەد) بە نەگەڕانەوەی بۆ کوردستان بە واتای نائومێدی و کۆتـایی هێنـان بـە کـاری سیاسـی و کوردایـەتی نایـەت، بـەڵکو بـەو پـەڕی لـە

---

[836] . چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٤)، ٢٠٠٠/٥/٢٤.

[837] . هەمان سەرچاوە.

[838] . چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/٢١.

خۆبوردوویی و دڵفراوانییەوە جێگەی بۆ لاوە سیاسی و کورد پەروەرەکانی دوای خۆی بەجێ هێشتووە و خۆشی وەك کەسێتیەکەی سەربەخۆ لە ئەوروپا کوردایەتیەکی راستەقینەی کردووە، وەك کوردێك خەباتی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە.

لە کاتێکدا کە شۆڕشی نوێ بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦دا راگەیەنرا[839]، ناکۆکییەکانی نێوان (یەکێتی) تازە دامەزراوو قیادەی موەقەتەی (ق.م)ی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر بەرەو تەقینەوە و ئاڵۆز بوون دەچوو، لەم نێوەندەدا (برایم ئەحمەد) هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی جارێکی تر شەڕی ناوخۆ و برا کوژی لە کوردستاندا دروست نەبێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێك بە نامە و بە تەلەفۆن پەیوەندی بە (بارزانی)یەوە کردووە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە لە (کەرەج)ی نزیك تاران دەژیا، دواتریش لە ئەمەریکا، چەند جارێك پێوەندی پێوە کردبوو، بەڵام هەوڵەکانی لەم بارەیەوە بێ سوود بوو.[840]

لە هەمان کاتدا (برایم ئەحمەد) سەبارەت بە یەکێتی و تەبایی ریزەکانی گەلی کورد لە نامەیەکدا بۆ عەلی سنجاری لە ١٩٧٦/١٢/٢٣دا باس لە ئاکامە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ و گرنگی یەکگرتن و هاوخەباتی گەلی کورد دەکات، هاوکات ئەو راستیەش دەردەخات کە شەڕی براکوژی و شەڕی کورد بە کوشتدان تەنها زیانی میللەتی کورد و قازانجی دوژمنانی نەتەوەی کوردی لێ دەکەوێتەوە.[841]

برایم ئەحمەد هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونیەوە لە هەندەران هەستی نەتەوایەتی بەرامبەر بەو کوردانە هەبووە کە روویان کردووەتە ئەوروپا بە گشتی و لەندەن بە تایبەتی، وەك کارێکی مرۆڤانە و پەرۆشی بۆ نەتەوەی کورد لە دوورترین شوێنی لەندەنەوە هەر کاتێك پەیوەندی پێوە کرابێت و بیزانیایە کوردێك پێویستی

---

839. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە وردەکاریەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕش بڕوانە: سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان....، ل١٢١ – ١٤٢.

840. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی نوێ، ژمارە(٢١٥١)، یەك شەممە ٢٠٠٠/٥/٢١، چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

841. بۆ بینینی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤)، وەرگیراوە لە علي سنجاري: الحركة التحررية الكوردية..ص٢١٦.

بەو هەیە لەسەر ئەرکی خۆیی و بەو تەمەنە زۆرەوە بەهانایەوە چووە و هێناویەتیە ماڵەکەی خۆی و ڕێوشوێنی بۆ داناوە.[٨٤٢]

لە هەمان کاتدا هەر دەستە و گروپ و کەسانێك کە هەوڵیان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دابێت لە دەرەوەی وڵات، برایم ئەحمەد بە بێ هیچ دوودڵیەك هاوکاری و ڕێنمایی کردون.

لەم بارەیەوە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا دەستەیەك لە رۆشنبیران و مافناسانی کورد لە هەندەران هەوڵیان دا ڕێکخراوێك دروست بکەن بە نێوی (ڕێکخراوی حقوقین)، کە ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە داکۆکی کردن بوو لە مافەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی یاساییەوە و گەیاندنی دەنگ و پرسی کورد بە جیهان.[٨٤٣]

سەبارەت بە ڕۆڵی برایم ئەحمەد لەو ڕێکخراوەدا محەمەد قەرەداغی دەڵێت" لە راستیدا مامۆستا برایم ئەحمەد زۆر هاوکاری کردین لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا، لە هەمان کاتدا بە تێبینی و سەرنجەکانی ڕێنمایی دەکردین و زۆر هەوڵمان لەگەڵ دەدا کە ببێت بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە بەڵام قبوڵی نەکرد، هەرچەندە ئەندامی کۆمیتەی باڵای ڕێکخراوەکەمان بوو، بەڵام ئێمە وەك سەرۆکی فەخری تەماشامان دەکرد".[٨٤٤]

لە بارەی پەرۆشی و دلسۆزی (برایم ئەحمەد)ەوە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد سەلاحەدینی موهتەدی دەڵێت" برایم ئەحمەد وەك نوێژ و ڕۆژوو لەسەر خۆی فەرز کردبوو کە هەر چالاکییەکی سیاسی هەبێت، هەر خۆپیشاندان و هاتنە سەرجادەیەك هەبێت، کۆڕو کۆبونەوەیەك لە مەجلیس و مەڵبەندەکاندا هەبێت کە بچێت و بەشداری تێدا بکات".[٨٤٥]

هەواڵنامەی کتێب

---

842 . چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

843 . چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد قەرەداغیدا، سلێمانی، ٢٠٠٧/٩/١٥ (ناسراو بە حەمە قەراغی، ساڵی ١٩٤٦ لە قەرەداغ لە دایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦١ ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و ساڵی ١٩٦٣ بووە بە ئەندام لە (پ.د.ك)دا، ساڵی ١٩٧١–١٩٧٢ کۆلێجی یاسای لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە و ئێستا وەك سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کار دەکات بە پلەی وەزیر).

844 هەمان سەرچاوە.

845 .چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/٢٠.

برایم ئەحمەد لە رووی چۆنایەتییەوە شێوازی خەباتکردنی بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان لە نێوان ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا جیاکردووەتەوە.

سەبارەت بە خەباتکردن لە ناوەوەی کوردستان (برایم ئەحمەد) پێی وابوو کە پێویستە پارتە سیاسیەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان لەسەر بیرو رایەکی دیاریکراو یەکگرن، بەلام هەریەکەیان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە تێیدایە خەبات بکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوە کەیان.[٨٤٦]

سەبارەت بە خەباتکردن لە دەرەوەی کوردستانیش پێی وابوو کە پێویستە لەسەر ئەو کوردانە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین کۆمەڵەیەك یان پارتێکی سیاسی یەکگرتوو یان بەرەیەکی کوردستانی یەکگرتووی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن بەبێ ئەوەی پێوەندیان بە پارتەکانی ناوەوەی وڵات هەبێت، هاوکات پێی وابوو کە ئەم رێکخستنەی دەرەوە دەبێت کوردستانیانە کار بکات، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانی تێبکۆشێت، لە دەرەوەی وڵات داوا بکەن دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستاندا دروست بکرێت.[٨٤٧]

لە لایەکی دیکەوە بە باشی دەزانی کە نوێنەرایەتی کورد لە دەرەوەی وڵات لە هەموو ئەندامانی پارتەکانی هەر چوار پارچەکانی کوردستان بسەندرێتەوە و مافی ئەوەیان نەدرێتێ کە بە ناوی کوردستانەوە قسە بکەن، هەروەك خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت" ئەو کەسە مافی ئەوەی هەیە نوێنەری کورد بێت کە رۆژێك بۆمبایەك لە تورکیا، بیست کورد دەکوژێ، ئەو بچێتە بەردەم بارەگای مافی مرۆڤ و هاوار بکات، .... یاخود یەکێك لە عێراق دەکوژرێت ئەو نارەزایی خۆی دەربڕێت، دەبێت ئەو کەسە داکۆکی لە مافی هەموو لایەك بکات، نەك پشتی لایەنێك بگرێ و دژی لایەنەکەی دیکە بێ".[٨٤٨]

دەتوانین بڵێین برایم ئەحمەد تا رادەیەکی زۆر کوردستانی بووە و هەڵوێستی کوردستانی بوونیشی لە سەرەتای کاری سیاسی و رێکخراوەییەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، لە لایەکی ترەوە برایم ئەحمەد ئەرکێکی گرنگی خستۆتە سەر شانی

---

846. حوسین محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٨٨.
847. هەمان سەرچاوە، ل٨٨.
848. . هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

پەنابەری کورد لە هەندەران ئەویش پێکهێنانی یەکێتی خاکی کوردستان و دامەزرانی حکومەتی کوردییە. ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کورددا کە کاریگەریی گەورەی لەسەر پارچەکانی تری کوردستان لێکەوتەوە، بە تایبەتی برەوی بە خەباتی ڕزگاریخوازی لە باکووری کوردستاندا دا، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی زۆر لە نیشتیمانپەروەر و نەتەوەییەکانی کورد لە هەندەران بەو پەڕی لە خۆبوردوییەوە خۆیان بۆ پشتگیرکردنی خەباتی باکووری کوردستان تەرخان کرد کە برایم ئەحمەد یەکێك بوو لە پێشەنگەکانیان.

لەم بارەیەوە قادر عەزیز دەڵێت" برایم ئەحمەد هەمیشە دەیگوت باشووری کوردستان تا رادەیەکی زۆر لە خەم رەخساوە، بۆیە دەبێ خۆمان بۆ باکووری کوردستان تەرخان بکەین".[849]

هاوکات (برایم ئەحمەد) کێشەی کوردی باکووری بە کێشەی سەرەکی نەتەوەیی زانیووەو گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە کلیلی چارەسەری کێشەی کورد وەك نەتەوەیەك لە هەموو بەشەکانی تری کوردستاندا لە باکووری کوردستانەوە دەست پێدەکات، هەر بۆیەش شۆڕشی چەکداری لە باکووردا بە شۆڕشێکی رەوا و پێویست دەزانی.[850] لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی (برایم ئەحمەد) دەست پێدەکات، ئەویش بە ناسینی پارتی کرێکارانی کوردستان ( **p.k.k**)و سەرۆکەکەی بوو.[851] برایم ئەحمەد عەبدوڵڵا ئۆجەلانی* بە سەرۆکێکی نەتەوەیی و

هەولێرنامەی دیدی

---

849. قادر عەزیز: ئیمەیڵ، ٢٠٠٧/٨/١٥، سلێمانی.

850. جەمیل ئەحمەد: ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئازادی و یەکێتی نەتەوەی کورد بوو، گۆڤاری "هەڵوێستی نیشتمانی"، ژمارە (٥)، ئایاری٢٠٠٠، ل٥.

851. هەمان سەرچاوە، ل٥.

★. عەبدوڵڵا ئۆجەلان ناسراو بە ئاپۆ ساڵی ١٩٤٩ لە خێزانێکی جوتیار لەدایك بووە، دەرچووی کۆلیجی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرەیە، ساڵی ١٩٧٢ بە هۆی چالاکیی سیاسی و کوردایەتییەوە بۆ ماوەی (حەوت) مانگ دەستگیر کراوە، دامەزرێنەرو سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیایە، لە ساڵی (١٩٨١)ەوە خاکی تورکیای بەجێ هێشتووەو زۆربەی کات لە شام و دەشتی بیقاعی لوبنان ژیاوە، لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە بڕیاری خەباتی چەکداری داوە لە دژی حکومەتی تورکیا، لە ١٨ کانونی دووەمی ١٩٩٩ دا بە پلانێکی نێودەوڵەتی لە (نایرۆبی) پایتەختی (کینیا) لە لایەن دامودەزگا جاسوسییەکانی تورکیاوە دەستگیر کراوەو تا ئێستاش لە زینداندایە بڕوانە. محمد علي الصويركي: معجم اعلام الكرد في التأريخ الإسلامي والعصر الحديث في كردستان، مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦، ص ٣٨٤–٣٨٥.

پـارتی کرێکارانیـشی (p.k.k) بـە حیزبێکـی تێکۆشـەر و رزگارکـەری بـاکووری کوردسـتان زانیـووە[852]، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە هەنـدێ لایەنـەوە رەخنـەی لـە شـێوازی خـەباتی (p.k.k) گرتـووەو لـەو بارەیـەوە دەڵێـت" مـن لەگـەڵ هێرشـکردنە سـەر باڵوێزخانە و بۆمباتەقاندن و کەلوپەل شکاندندا نیم لە دەرەوەی وڵات من لە هەموو شتێکدا پشتگیریان ناکەم، من نامەوێت لە ئەوروپا ئێسکی خۆمان تاڵکەین".[853]

لـە هـەمان کاتدا جەلال تالـەبانی لـە بارەی هاوکاریکردنی (برایم ئەحمەد)ەوە بـۆ شۆڕشی باکوور دەڵێت" لـەم دواییەدا زۆر زۆر پەرۆشـی کوردستانی تورکیا بـووە و بەشێکی زۆری هەوڵ و کۆششەکانی بۆ ئـەوان تـەرخان کردبوو، لەگـەڵ ئـەوان هـەوڵی دەدا و خـەباتی دەکـرد بـۆ ئـەوەی مەسـەلەکەی ئـەوان بـە دنیـا بناسـێنێت و بیکاتـە مەسەلەیەکی گەورە".[854]

وێڕایی ئەوەی (برایم ئەحمەد) بەو پەڕی تواناوە پشتگیری لە خەباتی (p.k.k) دەکـرد، بـەڵام بـە هـیچ شـێوەیەك نـەبووە بـە ئەنـدام لـەو رێکخـراوەدا[855] و لـە هـیچ بەڵگەنامـەو بڵاوکراوەیـەکی ئـەو رێکخـراوەدا نـەهاتووە کـە بـرایم ئەحمـەد ئەنـدام بـوو بێت.

جێگەی هاوکاریکردنی (برایم ئەحمەد) لە شۆڕشی باکوور کارێکی نەتـەوەیی و کوردسـتانی بـووە، لەبـەر ئـەوەی خـەباتی (p.k.k) بـە هـەموو کەموکوڕییەکانیـەوە پێویستییەکی رۆژگار بووە.

پـاش هـەوڵ و تێکۆشـانی ژمارەیـەك لـە کەسایەتی سیاسـی و ناسـراوی کـورد لـە هەندەران، لە ١٩٩٥/١/١٢ لە کۆنفراسێکی رۆژنامەگەریدا (یەشارقایە) بەیاننامەیـەکی دوو لاپـەڕەیی بـۆ دەزگاکـانی راگەیانـدنی جیهـانی لـە شـاری (برۆکسل) بڵاوکـردەوە، بەیاننامەکـە لـە لایـەن کۆمـسیۆنی کاروبـاری ئامـادەکردنی پەرلـەمانی کوردسـتانەوە ئامـادەکرابوو، کـە تیایـدا هـاتووە ئـەو کۆمـسیۆنە لـە مـانگی ئـازاری (١٩٩٥)دا

---

852. قادر عەزیز: ئیمەیڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/١٥.

853. حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ...، ل٩٠.

854. مام جەلال: کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٧)، ٢٠٠٠/٤/٢٣، ل٢.

855. چاوپێکەوتن لەگـەڵ سـەلاحەدینی موهتـەدی، سـلێمانی، ٢٠٠٧/٨/٢٠؛ چاوپێکەوتن لەگـەڵ محەمـەد قەرەداغی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٩/١٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلاوێژخان، سلێمانی، ١٨/ ٤ /٢٠٠٧.

پەرلەمانێکی کوردستانی لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد لە ئەوروپا پێکدەهێنێت.[٨٥٦]

ئەوە بوو پرۆژەی دروستکردنی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (PKDW)، چووە بواری جێبەجێکردنەوەو لە (١٢- ١٦/ نیسانی ١٩٩٥)دا یەکەمین دانیشتنی خۆی لە شاری لاهای هۆڵەندا بە ئەنجام گەیاند.[٨٥٧]

لە راستیدا پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (PKDW) وێڕای ئەوەی لە رووی پراکتیکەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، بەڵام لە رووی مەعنەویەوە وەك رەمزێك گرنگی خۆی هەبووە، ئەمە لە کاتێکدا لە لایەن زۆر لە کەسایەتیە سیاسییەکانی کوردستانەوە رەخنەی ئەوەی لێ دەگیرا کە ئەم پەرلەمانە دار دەستی پارتی کرێکارانی کوردستانە و لە لایەن ئەو رێکخراوەوە سەرپەرشتی دەکرێت[٨٥٨]، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش لە لایەن زۆربەی وڵاتە زلهێزەکانی وەك (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا...) دان بە رەوایی ئەو پەرلەمانەدا نەنرابوو.[٨٥٩]

بە بۆچوونی (برایم ئەحمەد) پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات گرنگیەکی زۆری هەبوو، هاوکات پێی وابوو کە (پەرلەمان) وەك ناوەندێکی نەتەوەیی دەتوانێت نوێنەرایەتی کورد بکات لە دەرەوەی وڵات، هەر بۆیە لەساڵی (١٩٩٥)دا وەك ئەندامی ئەو پەرلەمانە هەڵبژێردراوە و چالاکانە بەشداری لە چالاکیە جەماوەریەکاندا کردووە.[٨٦٠]

یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بوو تا بتوانێت سەرجەم پارت و رێکخراوە سیاسی و

---

856. هەفتە نامەی "وڵات"، ژمارە (٤٨)، ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٩٥، ل ١- ٣.

857. میخائیل م. جونتر: الاكراد و مستقبل تركيا، ترجمة. سعاد محمد ابراهيم خضر، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٦٩. شایەنی باسە لە یەکەم خولی دانیشتنی ئەو پەرلەمانەدا (١٥) کەس وەك ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردران. بۆ زانیاری زیاتر و ناوی ئەو پانزە ئەندامە بروانە هەفتەنامەی "وڵات"، ژمارە (٦٢)، ٢٤ی نیسانی ١٩٩٥.

858. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/٢٠.

859. میخائیل م.جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا..، ص٧١.

860. هەفتە نامەی " رۆناهی" ژمارە (١)، ٢٠٠٠/٤/١٧، ل٣.

کەسایەتیە ناسراو و بێلایەنەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە خۆ بگرێت، بۆ ئەم مەبەستە (PKDW) لە (١٩٩٥/٨/٢٠)دا بانگەوازێکی بۆ سەرجەم گەلی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی لە ژێر ئاڵای کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا یەکگرن.[٨٦١]

لەم بارەیەوە کۆنسەی بەڕێوەبەری پەرلەمان (PKDW) لیژنەیەکی پێوەندی کردنی لە ئەندامانی پەرلەمان و کەسایەتی ناسراوو بێ لایەن پێکهێنا کە پێکهاتبوون لە (برایم ئەحمەد، شێخ عیزەدین حوسێن، عیسمەت شەریف وانلی، جەبار قادر....)، کە ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە پێوەندیکردن بوو بە پارت و رێکخراوە سیاسی و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و بانگێشت کردنیان بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرەیەدا.[٨٦٢]

لە یەکێك لە سەردانەکانیان بۆلای (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) برایم ئەحمەد دەڵێت" من شایەتی ئەوە دەدەم کاتێك لە ساڵی (١٩٩٥)دا سەرۆك ئۆجەلانمان بینی، یەکێك لە ئاواتەکانی ئەوە بوو کۆنگرەیەکی نیشتمانی پێك بێت و هانیداین بۆ دروستکردنی ئەم ئۆرگانە...".[٨٦٣]

ئەوە بوو لە دوای زنجیرەیەك هەوڵ و تێکۆشانی (برایم ئەحمەد)و هەندێك لە رۆشنبیرو کوردپەروەرانی تر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) دامەزراو، لە ١٩٩٩/٥/٢٤دا برایم ئەحمەد بەشداری لە کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستاندا کردوەو تیایدا لێدوانێکی مێژوویی لە بارەی پێویستی بوونی کۆنگرەیەکی لەو جۆرەی ئاشکرا کرد.[٨٦٤]

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە (برایم ئەحمەد) رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو ئەندامی کۆمیتەی باڵای ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووە.

---

[861]. هەفتە نامەی "وڵات" ژمارە (٨٥)، ٢٤ ئابی ١٩٩٥، ل١.

[862]. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە "وڵات"، ژمارە (٨٥) ٢٤/ ئابی ١٩٩٥.

[863]. هەفتە نامەی "رۆناهی"، ژمارە (١) ٢٠٠٠/٥/٢٩، ل٥.

[864]. هەفتە نامەی "رۆناهی"، ژمارە ( ١ )، ٢٠٠٠/٤/١٧، ل١.

هەر سەبارەت بە رۆڵی برایم ئەحمەد قادر عەزیز دەڵێت" مامۆستا چەندی بڵێیت کەسێکی خاکی، کورد پەروەر، دڵسۆزو پاك و سادە بووەو دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بوو، تەنانەت یەکێك بوو لە کاندیدەکان بۆ سەرۆکی کۆنگرەکە بەڵام بە هۆی دووری شوێنی کارەکەو خراپی باری تەندروستیەوە نەیدەتوانی ئەرکەکە لە ئەستۆ بگرێت". [٨٦٥]

هەر لەبارەی لە خۆبوردوویی و ماندوو نەناسی (برایم ئەحمەد)ەوە نوری تاڵەبانی دەڵێت" بەهۆی کارکردنمان لە چوارچێوەی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان باشتر شارەزای ئەو کەڵە پیاوە بووم، لە لایەن ئەو کۆمیتەیەوە داوامان لێکرا پەیامی کۆنگرە ئامادە بکەین، ئێمەش پێکەوە شەش حەوت سەفەرمان کرد لە لەندەنەوە بۆ بەلجیکا بەهۆی شەمەندەفەرەوە". [٨٦٦]

دەکرێ بڵێن (برایم ئەحمەد) خاوەنی هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی و کوردستانی بووە، هەر ئەمەش وای لێکردوە کە هاوکاری خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی باکووری کوردستان بکات و هەوڵەکانی لە پێناو دروستکردنی کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا بخاتە گەڕ، هەروەك ئاشکراشە کە هەوڵەکانی لەم پێناوەدا تەنها خزمەتکردن بووە بە بزاڤی کوردایەتی و بە هەموو شێوەیەك دوور بووە لە بیروباوەڕی تەسکی حیزبایەتی و ناوچە پەرستی، چونکە ئەو لەو سەردەمەدا حیزبی نەبووە، بەڵکو کوردێکی کوردستانی بووە.

لەم بارەیەوە تەها بابان دەڵێت" لەم دواییەدا مامۆستا (برایم) لە حیزبایەتی تەسك وازی هێنا بوو، وەك کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆ گشت میللەتی کورد و سەرجەم کوردستان تێدەکۆشا و بە پیری توانی دەسکەوتێکی نیشتمانی وا بەدەست بهێنێت کە بەلاوی نەیتوانیبوو بە دەستی بهێنێت، ئەویش کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بوو بۆ ئەوەی گشت کورد یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن لە رووی

---

[865] . قادر عەزیز: ئیمەیڵ، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/١٥.

[866] . کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٦٤)، ٢٠٠٠/٦/٥، ل ٨. لە هەمان کاتدا بەهادین نوری باس لە چەند کۆبوونەوەیەك دەکات کە برایم ئەحمەد بەشداری تێدا کردوە بە مەبەستی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەهادین نوری: بیرەوەریەکان لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەددا، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٣١)، ٢٠٠٠/٤/٢٧، ل٨.

دوژمناندا، بەم کارەش برایم ئەحمەد بوو بە موڵکی هەموان و قارەمانێکی نەتەوەیی". [867]

لە راستیدا برایم ئەحمەد هیوایەکی زۆری بە کۆنگرەی نەتەوەیی هەبووە و لە ئاستێکی بەرزدا دەینرخاند و پێی وابوو کە یەکێکە لە پێویستیەکانی رۆژگار، لەم بارەیەوە لە دیدارێکدا لەگەڵ رادیۆی دەنگی کوردستانی سەربەخۆ برایم ئەحمەد دەڵێت" کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان خەونێکی زۆر کۆنە و ئاواتێکی زۆر دێرینە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا، یەکێکە لەو رێکخراوانەی کەلێنێکی گەورەی دروست کردبوو لە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیدا، بە تایبەتی دەرەوەی وڵات پێویستییەکی زۆرمان بەم کۆنگرەیە هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێ نوێنەرایەتی گەلەکەمان بکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کۆنگرەی نەتەوەیی نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد دەکات، نوێنەرایەتی هیچ پارت و ناوچەیەك ناکات و دەبێ بەرژەوەندی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لەبەر چاو بگرێت". [868]

سەرەرای ئەو هیواو ئاواتە زۆرەی کە برایم ئەحمەد بەم کۆنگرەیەی هەبوو، بەڵام پێ ناچێت کۆنگرەی نەتەوەیی توانیبێتی ئەو رۆڵە ببینێت، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی هەموو پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی نەکردووە، لەلایەکی ترەوە هەریەکە لە پارچەکانی کوردستان هەلومەرجی سیاسیی و مێژوویی و ئابووری تایبەت بە خۆی هەیە و لە لایەن دەوڵەتێکی سەربەخۆوە داگیر کراوە، کە هەموو کات یەك دەنگ و یەك بڕیار بوون بۆ دژایەتی کردنی کورد، لە هەمان کاتدا جوگرافیای کوردستان بەهۆی نەبوونی جێپێی لەسەر دەریا و کاریگەری هەندێك فاکتەری دیکەی وەك مێژوویی و سیاسی و ئابووری...، بە جۆرێکە کە ناتوانرێت بەبێ دۆستایەتیکردنی وڵاتانی دراوسێ بوون و سەربەخۆی خۆی پەرەپێ بدات.

لە ١٨ی کانوونی دووەمی (١٩٩٩)دا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە پلانێکی نێودەوڵەتی لە (نایرۆبی) پایتەختی کینیا لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا لە لایەن دامودەزگا جاسوسییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا. [869]

---

867. کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٣)، ٢٠٠٠/٥/٢٣، ل٦.

868. هەفتە نامەی "رۆناهی"، ژمارە (٧)، ٢٠٠٠/١/٢٩، ل٥.

869. فاتح رەسووڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ.....، ل١١٠.

ئەم ڕووداوە کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لێکەوتەوە، بەجۆرێك کە بە هەزاران لە نیشتمانپەروەر و لایەنگرانی ئۆجەلان لە شارەکانی کوردستان و پایتەختی وڵاتانی ئەورووپا کەوتنە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، بەمەبەستی فشار خستنە سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان.[٨٧٠] برایم ئەحمەد یەکێك لەو کەسانە بوو کە زۆر نیگەرانی دەستگیر کردنی (عەبدوڵلا ئۆجەلان) بوو، بە هەموو شێوەیەك کەوتە پشتگیری کردنی و لە نامەیەکیدا کە بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان (p.k.k)ی ناردبوو بە ڕاشکاوی هەستی نەتەوایەتی خۆی دەردەخات و دەڵێت" ئامادەم لە پێناو سەرۆك ئاپۆدا گیانی خۆشم بەخت بکەم".[٨٧١] پاشان بەمەبەستی پاراستن و ئازاد کردنی ئۆجەلان، برایم ئەحمەد کۆمیتەیەکی بە نێوی (کۆمیتەی پاراستنی سەرۆك ئاپۆ) دامەزراند و ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنیشی گرتە ئەستۆی خۆی.[٨٧٢] شایەنی باسە پشتگیری کردنی ئۆجەلان لەو ئاستەدا جێگەی ناڕەزایی و مشتومڕی زۆر لە دۆستانی برایم ئەحمەد بووە، لەم بارەیەوە سەلاحەدینی موهتەدی دەڵێت" لەم ساڵانەی دواییدا زۆر لە دۆستانی برایم ئەحمەد درێغیان لەوە نەدەکرد کە پێی بڵێن ئەوە کۆنگرەی نەتەوەیی نیە بەڵکو کۆنگرەی ئۆجەلانە و ئەویش بە هەموو مەعنایەك دیکتاتۆرە دەسەڵات لە غەیری خۆیدا لە دەستی کەسی دیکەدا نابینێت، بەڵام مامۆستا برایم وەڵامەکەی ئەوە بوو دەیگوت (کێ هەیە لەناو کورددا وا نەبووبێ، هەر لە زەمانی میرە کوێرەی سۆران و شێخ عوبەیدوڵای شەمێزێنی و شێخ مەحمود.... تا ئێستا هەمووی ئەو سیفەتەیان تیابووە )".[٨٧٣]

برایم ئەحمەد پێی وابوو کە ئۆجەلانیش ئەو سیفەتەی تیا هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی کوردی بەرەو پێشەوە بردووە و کوردی بە دنیا ناساندووە، لەبەر

---

[870]. خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بۆ ئازاد کردنی ئۆجەلان زۆربەی شارەکانی کوردستان و وڵاتانی گرتبۆوە، تەنانەت زۆر لە لایەنگرانی بۆ دەربڕینی دڵسۆزی و وەفاداریان بەرامبەر بە ئۆجەلان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا. هەمان سەرچاوە.

[871]. جەمیل ئەحمەد: ژیانی مامۆستا..، گۆڤاری "هەڵوێستی نیشتمانی"، ژمارە (٥)، ئایاری٢٠٠٠، ل٤—٦.

[872]. عوسمان ئۆجەلان: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆشنبیرێکی هەڵبژاردە و سەرکردەیەکی لێهاتوو بوو، ڕۆناهی، ژمارە (١) ٢٠٠٠/٤/١٧، ل٣.

[873]. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەڵاحەدینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/٢٠.

ئەوە کارەکەی گەورەیە و خزمەتێکی مەزنە.[٨٧٤] لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا برایم ئەحمەد کێشەی هیچ پارچەیەکی کوردستانی فەرامۆش نەکردووە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا باوەڕی بەو سنوورە دەستکردە نەبووە کە لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا لە لایەن داگیرکەرانەوە کێشرابوو.[٨٧٥] لەم بارەیەوە لە هاوینی ساڵی (١٩٩٢)دا لە (ڤیەننا) بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا کردووە و سەرنج و تێبینی خۆی لە بارەی دوا ڕۆژی عێراق خستووەتە ڕوو[٨٧٦]، پاشان لە دوایین کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا لە هاوینی ساڵی ١٩٩٩ لە نیویۆرك بەشداربووە و تیایدا چەندی بۆی کرابێت پەرۆشی چارەنووسی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق بووە، لە گفتوگۆکانی دا هەوڵی داوە بۆ ئەندامە عەرەبەکانی ڕوونتر بکاتەوە کە کورد تا چ ڕادەیەك زوڵمی لێکراوە و چەندیش لە ناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا شایەنی مافی چارەنووسە.[٨٧٧] سەبارەت بە وردبینی و بە ئاگایی برایم ئەحمەد لەو کۆنگرەیەدا مەلا بەختیار دەڵێت" لە کۆنگرەی (نیویۆرك)دا پێکەوە لە کۆمیتەی بەرنامەی سیاسی پاشە ڕۆژی عێراقدا بووین، پڕۆژەیەك ئامادە کرابوو بە شێوەیەك کە نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چەواشە بکەن، یەکەمین کەس مامۆستا برایم هەڵوێستی کوردانەی دەربڕی و بۆچوونە هەڵەکانی پڕۆژەکەی ڕەتکردەوە" [٨٧٨]، کە بێگومان ئەمەش وشیاری برایم ئەحمەد دەردەخات لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکاندا و چەند بۆی کرابێت بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتی خۆی دەرخستووە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین برایم ئەحمەد کەسێکی وردبین و وشیار بووە و لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکانی میللەتی کورددا بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربڕیووە و هەڵوێستی کوردانەی دەرخستووە.

---

874. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/٢٠..

875. سەبارەت بە بیروڕاکانی برایم ئەحمەد لە بارەی سنووری دەستکردی کوردستانەوە بڕوانە. هەفتەنامەی "وڵات"، ژمارە (١٠٨)، ١٣ تشرینی دووەمی ١٩٩٥، ل٧.

876. مەلا بەختیار: برایم ئەحمەد مەرگی جەستە و... نەمری داهێنان، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٤٨)، ٢٠٠٠/٥/١٧، ل٧.

877. هەمان سەرچاوە.

878. هەمان سەرچاوە.

# باسی دووەم

## چالاکییەکانی برایم ئەحمەد
## لە بواری رۆشنبیری و بلاوکراوە و چاپەمەنیدا

پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی دوا چارەکە سەدەی بیستەم قۆناغێکی تایبەتمەند و کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە گشتی و باشووری کوردستاندا بە تایبەتی تۆمار کرد، کە لە ئەنجامی زنجیرەیەك گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێودەڵەتی و ئیقلیمیەکاندا هاتە گۆڕێ.

شۆڕشی ئەیلول کە خاوەنی دەیان ساڵ خەباتی پڕ سەروەری و فیداکاری بوو لە پێناوی بەدیهێنانی مافە کانی گەلی کوردا، وێڕای ئەوەی کە لەو پەڕی بە هێزیدا بوو ساڵی(١٩٧٥) بە پلانی وڵاتانی ناوچەکە و هاوکاری نێودەوڵەتی بە چەشنێکی تراجیدیا هەرەسی پێهێنرا.

لەم بارودۆخە ناهەموارەدا سەرکردایەتی کورد هەریەکە و بەلایەکدا پەرتەوازە بوون، برایم ئەحمەد وەك زۆر لە کەسایەتییەکانی تری کوردستان لە (تاران) نیشتەجێ بوو، لەو کاتەدا حکومەتی عێراق هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی وا لە (برایم ئەحمەد) بکات بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام هەوڵەکەی بێسوود بوو، دواتر حکومەتی تاران لە سەر داوای حکومەتی عێراق داوا لە برایم ئەحمەد دەکەن کە یان ئەوەتا لە (زاهدان) نیشتەجێ بێت یان خاکی ئێران بەجێ بهێڵێت، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" کاربەدەستانی ئێران پێیان راگەیاندم کە ئێستا تۆ ئەبێت یان بە خاوو خێزانەوە بچنە (زاهدان) یان خاکی ئێران بەجێ بهێڵیت، منیش ئەمیانم

پەسەند کرد و هاتمە بریتانیا و کرام بە پەنابەرو لەو ساتەوە بە ماڵ و منداڵەوە لە لەندەن ئەژیم". [879]

لێرەدا وا دەردەکەوێت کە برایم ئەحمەد بەلای هەردوو حکومەتی (عێراق و ئێران)ەوە جێگەی مەترسی بووە بەتایبەتی مەترسی رێکخستنەوە و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە دژیان، هەر بۆیە حکومەتی عێراق هەوڵی داوە گەر نەتوانێت سوودی لێوەربگرێت ئەوا هەوڵ بدات لە ناوچەکە دووری بخاتەوە.

ئەوە بوو لە هەمان ساڵدا رێکخراوێکی نوێ بە شێواز و پرۆگرامێکی نوێ و سەرکردایەتییەکی نوێوە سەری هەڵدا و توانی ئەو بۆشاییە سیاسیی و سەربازیەی کە لە ئەنجامی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە هاتبووە کایەوە پڕ بکاتەوە و لە ژێر ناوی (شۆڕشی نوێ) درێژە بە شۆڕش و خەبات بدات، ئەو رێکخراوەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو کە هەر لە سەرەتاوە برایم ئەحمەد هەوڵی دا پەیوەندی بەو شۆڕشە نوێیەوە بکات. [880]

برایم ئەحمەد لە هەندەران هەوڵی داوە لە بواری رۆشنبیری و رۆژنامەوانیدا درێژە بە خەباتی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری بدات، بۆ ئەم مەبەستە بیری لەوە کردووەتەوە کە لە رێگەی دەرکردنی گۆڤارێکەوە بتوانێت هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری لە دڵ و دەروونی کوردی هەندەراندا زیندوو بکاتەوە و هەوڵ بدەن بە هەموو لایەك یەکێتیەك پێکبێنن تا بتوانن لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکانی میللەتی کورددا هاو ئاهەنگ و هاو دەنگ بن. [881]

بۆ ئەم مەبەستە ساڵی (١٩٧٩) برایم ئەحمەد بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤاری (چریکەی کوردستان)ی لا گەڵاڵە بووە[882]، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" لە

---

[879]. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، (لە ئەرشیفی دکتۆر عەبدوڵلاّ مەردۆخ وەرگیراوە).

[880]. بڕوانە باسی دووەمی ئەم بەشە.

[881]. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاحەدینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠/٨/ ٢٠٠٧ (ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی قوڵقوڵەی ناوچەی بۆکانی مەڵبەندی موکریان لە دایك بووە، لە ساڵی (١٩٦٢)ەوە لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کاری کردووە، هاوکات یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان (١٩٦٣–١٩٦٥)، بە هۆی کاری سیاسی و رێکخراوەییەوە چەند جارێك رووبەڕووی گرتن و زیندان بووەتەوە، ئێستا لە سلێمانی دەژی)؛ ئەحمەد شەریف: ژیان و بەهرەو...، ل٦١.

[882].چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢١\٤\٢٠٠٧؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: برایم ئەحمەدو رۆژنامەوانی، کوردستانی نوێ، ژ.(٢١٥١)، ٢١/ ٥ /٢٠٠٠.

سەرەتای ساڵی (١٩٨٠)دا لەگەڵ هەندێ دۆستی وەك (وەهبی بەگ و كاك هاوار و چەند كەسێكی تر قسەم كرد كە گۆڤارێكی وەرزی دەربكەین لە پێشا بە كوردی و دواتر بە عەرەبی و ئینگلیزی و ئەو زمانانەی پێمان ئەكرێن، پاشان بەڵێنی هاوكاریان دا و منیش كەوتمە دەركردنی گۆڤاری (چریكەی كوردستان) و پاش ماوەیەك چاپی عەرەبیشمان لێ بلاّوكردەوە بە ناونیشانی (صرخە كوردستان)". [٨٨٣]

لە راستیدا وا پێ دەچێت كە دەرچوونی گۆڤاری چریكەی كوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی(١٩٧٩) بووبێت نەك ساڵی(١٩٨٠)، لە بەر ئەوەی ژمارە (یەك)ی ئەو گۆڤارە لە تەمموز و ئابی (١٩٧٩) لە لەندەن بلاّو كراوەتەوە.[٨٨٤]

لەسەر بەرگی ئەم گۆڤارە نەخشەی كوردستانی گەورە دروستكراوە و بە زمانی ئینگلیزی ناوی ئەو ولاّتانەی لەسەر نووسراوە كە كوردستانیان بەسەردا دابەشكراوە.[٨٨٥]

مەبەستی برایم ئەحمەد لێرەدا دەستنیشانكردنی سنووری كوردستان و گەیاندنی پرسی مێژووینەی گەلی كوردە بە جیهان، لە بەر ئەوەی بەسەرنجدانی نەخشەی سەر بەرگی گۆڤارەكە پوختەیەك لە تراجیدیای دابەشكردنی كوردستان ئاشكرا دەبێت.

ژمارە (یەك)ی گۆڤاری چریكەی كوردستان پێكهاتووە لە (١٠٥) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەند كە بە تایپ چاپ كراوە و بە دەستی (برایم ئەحمەد) خۆی تایپ و فۆتۆكۆپی كردووە.[٨٨٦]

لە بارەی چۆنیەتی دەركردنی ئەم گۆڤارەوە گەلاوێژخانی خێزانی برایم ئەحمەد دەڵێت" لە ساڵانی هەشتاكاندا بە ئاوارەیی لە لەندەن برایم ئەحمەد گۆڤاری چریكەی كوردستانی دەردەكرد و لە بەر ئەوەی لە رووی ماددیەوە دەستمان كورت بوو زۆربەی كارەكانی بە دەستی خۆی ئەنجامی دەدا، واتە هەر خۆی تایپی ئەكرد و فۆتۆكۆپی و

---

883 . برایم ئەحمەد: دەستنووس.....، ل٥.

884 . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری چریكەی كوردستان، ژمارە (١)، تەمموز و ئابی ١٩٧٩، لەندەن.

885 . بڕوانە پاشكۆی ژمارە(١٠).

886 . چاوپێكەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/١٨.؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ژمارە (٢١٥٠)، شەممە ٢٠٠٠/٥/٢٥، ل٣.

ڕێکخستنی هەمووی لەسەر شانی خۆی بوو تەنها بۆ بەرگ تێگرتن ئەینارده بازاڕ". [887]

چریکەی کوردستان لە رووی ناوەڕۆك و شێوازی هونەری و داڕشتن و هەڵبژاردنی ناونیشانەکانەوە تاڕادەیەکی زۆر لە ئاستێکی پێشکەوتوو دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی شێوازی تایپ و کاغەز و قەبارەوە کەم و کووڕی تیایە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی باری دارایی برایم ئەحمەد و کەمی ستافی کارکەر لە گۆڤارەکەدا، لە بەر ئەوەی ئەو کەسانەی لەو گۆڤارەدا کاریان کردبوو لە (پێنج) کەس تێپەڕیان نەکردووە ئەوانیش (برایم ئەحمەد، تۆفیق وەهبی، محەمەد رەسووڵ هاوار، د.کەمال فواد، کەمال میراو دەلی) بوون. [888]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە لە ئەستۆی برایم ئەحمەددا بووە، هەروەك خۆی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت" جگە لە نووسین ئەرکی خوێندنەوەی وتارەکان و هەڵبژاردن و بژارکردن و تایپ و هەڵە راستکردنەوە و چاپ کردن و پێچانەوە و پۆستەکردنیم بە ملەوە بوو". [889]

لێرەدا ماندوونەناسی و لە خۆبووردویی (برایم ئەحمەد)مان بۆ دەردەکەوێت کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا هەوڵی داوە چریکەی کوردستان بکاتە ناوەندێکی رۆشنبیری و سیاسی بۆ روونکردنەوە و ئاشکراکردنی کێشەی رەوای کورد بۆ ولاتانی دەرەوە و ناساندنی کوردستان بە جیهان.

گۆڤاری چریکەی کوردستان بەلای (برایم ئەحمەد)ەوە درێژەپێدەری گۆڤاری گەلاوێژەو هەوڵی داوە بیکاتە قۆناغێکی نوێ لە گەلاوێژ [890]، بەڵام لە رووی شێوە و بارستایی و قەبارەوە لە گەلاوێژەوە نزیکە، بەڵام لە رووی ناوەڕۆکەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەر لە هەموو شتێك لە دوو سەردەمی جیاوازدا دەرچوون، گۆڤاری گەلاوێژ مانگانەی ئەدەبی بووە و زۆربەی زۆری نووسەر و رۆشنبیرانی کورد لە ساڵانی سی وچلەکاندا بەشداریان تیاکردووە، ئەمە لە کاتێکدا چریکەی

---

[887] . چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/١٨.؛ هەروەها بڕوانە برایم ئەحمەد: دەستنووس...، ل٥.

[888] .برایم ئەحمەد:دەستنووس ١٢/١٢/١٩٨٥، ، ل١٢.

[889] .هەمان سەرچاوە، ل١٢ —١٣.

[890] .ئەحمەد شەریف: ژیان و بەهرە....، ل٣٥٩.

کوردستان لە ئاوارەیی و تاراوگەدا بە توانایەکی کەمی مادی و کەمی نووسەر لە ماوەی حەوت ساڵدا تەنها (٩) ژمارەی کوردی و(٥) ژمارەی عەرەبی لێ دەرچووە.[891]

بۆیە دەتوانین بڵێن راستە هەردوو گۆڤارەکە دامەزراوی کەسێکن کە ئەویش (برایم ئەحمەد)ەو لە هەندێك لایەنیشەوە هاوشێوەی یەکترن بەلاّم لە زۆر لایەنەوە جیاوازییان تێدایە، بە تایبەتی کە گۆڤاری گەلاویژ گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری بووە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگەی شیعر و چیرۆك و وتارەوە هانی شۆرش و خەباتی داوە، بەلاّم چریکەی کوردستان گۆڤارێکی رۆشنبیری و ناوەڕۆکێکی سیاسی پێوە دیارە کە راستەوخۆ دژی داگیرکەران و چەوساندنەوەی کورد دواوە.

برایم ئەحمەد لە پێناوی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی گۆڤارەکەدا داوای هاوکاری خوێنەرو رۆشنبیران دەکات و دەڵێت" داوا لە برا خوێنەرە دڵسۆزەکان دەکەین کە لە یارمەتیدانی گۆڤارەکەیاندا درێغی نەکەن، سا ئەو یارمەتیە بە نامەو وتاربێت یا بە رەخنەگرتن و رێ پێشاندان و هەڵە راست کردنەوە، یان بە بلاّوکردنەوەی چریکە و دەستگرتنی ماددی بێت، چونکە لەوان زیاتر هیچ پشت و پەنایەکی کە شك نابات و مان و نەمان و کزی و گەشەکردنی هەمووی بە دەست ئەوانە".[892]

دیارە مەبەستی برایم ئەحمەد لەم داواکاریەدا ئاشکرایە و دەرکی بەو راستیە کردووە کە بە تەنها ناتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات، لە بەر ئەوە داواکارییەکەی لە دۆستان و رۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوە بووە کە بتوانێت زیاتر درێژە بە خەباتی رۆشنبیری بدەن و گیانی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری پەرە بسێنێت.

گۆڤاری چریکەی کوردستان زیاتر بابەتی رۆشنبیری و مێژوویی و سیاسی و زمانەوانی و هۆنراوەی سیاسی لە خۆ گرتووە، لە ژمارە (یەك)ی ئەو گۆڤارەدا برایم ئەحمەد وتارێکی لە ژێر ناوی (پێشکەش و شکاك)دا نووسیوە کە ئامانج و رێبازی گۆڤارەکەی بە روونی پیشان داوە، سەرەتای وتارەکەی بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت" خوێندەواری خۆشەویست: گومان نابەین کە لەم رۆژەدا لە سەر رووی زەمین

---

891 . هەمان سەرچاوە، ل٣٦٠. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦.

892 . چریکەی کوردستان، ژمارە(٤)کانوونی یەکەم ١٩٨١، لەندەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٥/١٢/١٢.

نەتەوەیەك ببیٚ لە كورد زۆر لێكراوتر، چەوسێنراوە ترو ئەوەندەی ئەویش پشت گویٚ خراوتر و بیٚ ناونیشانتر بێت".[893]

لێرەدا برایم ئەحمەد هەولٚ دەدات ئەو بارودۆخە نالەبارە بە بیر خوێندەواران و رۆشنبیرانی كورد بهێنێتەوە كە كورد تیایدا ژیاوە، ئەمەش فاكتەرێكی بە هێز بووە بۆ پەرپێدان و زیندو كردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بە تایبەتی لەلای كوردەكانی تاراوگە.

هاوكات لە بەشێكی تری وتارەكەیدا دەڵێت" باوەڕ ناكەین هیچ كوردێكی دڵسۆز و پاك هەبێت كە ئەم حاڵە نالەبارە پڕ ئازارەی وڵات و گەلەكەی و ئەم بیٚ دەنگی و بیٚ باكی و كەمتەرخەمیەی دەوڵەتان و كاربەدەستان و رێكخراوە مرۆڤایەتیەكانی جیهان بەرامبەر بەو زوڵم و زۆرەی بە ئاشكراو بیٚ شەرم و ترس لە كورد ئەكرێت، دڵی هەڵنەگلۆفێت و پەژارە نەیووروژێنێت و ویژدانی ئازار نەدات و رقی هەڵنەسێنێت".[894]

برایم ئەحمەد لێرەدا رۆشنبیران و كوردپەروەران هان دەدات كە كاردانەوەیان هەبێت بەرامبەر بە رەفتارەكانی حكومەتی رەفتار فاشستی بەغداد و بیٚ باكی و كەمتەرخەمی دەوڵەتان لە ئاست كردەوەكانی حكومەتی عێراق.

هەروەها لە درێژەی وتارەكەیدا دەڵێت" ئەبیٚ هەریەكەمان بە پێی كاروبارو دەسەڵات و غیرەتی خۆی تێكۆشین بۆ گۆڕینی ئەم بارە نالەبارە، هەرچەندە ئاشكراشە ئەم گۆڕانكارییە بنەڕەتییە لە ناوخۆی كوردستاندا نەبێت نایەتە دی.. بەڵام بە هیچ ویژدان و دڵێك بەپێی هیچ بیرو باوەڕێك رەوای حەق نیە گەلەكەمان لەم شەڕی ژیان و مردنەدا بێت.. ئێمەش كوردانی دەرەوەی كوردستان بیٚ باك دەستە وەستان لێی دابنیشین و خەریكی ژیان و رابواردنی خۆمان بین".[895]

ئاشكرایە كە برایم ئەحمەد لە دوای وەبیر هێنانەوەی رۆشنبیران بەرامبەر رەفتاری دوژمنانی كورد و گوزەرانی نالەباری ژیانی كوردستان داوای شۆڕشێكی سەرتاسەری دەكات بۆ گۆڕینی بارودۆخی كوردستان، بۆ گۆڕینی هەلومەرجی باری داگیر كراوی كوردستان، جا ئەگەر ئەو شۆڕشە لە كوردستاندا شێوازێكی چەكداری

---

893.چریكەی كوردستان، ژمارە (١) تەمموز و ئابی ١٩٧٩، لەندەن.

894. چریكەی كوردستان، ژمارە (١) تەمموز و ئابی ١٩٧٩، لەندەن.

895. هەمان سەرچاوە، ل٥.

وەربگرێت، ئەوا لە دەرەوەی کوردستان پێویستە لە لایەن کوردەکانی هەندەرانەوە شێوازێکی فکری و سیاسی و رۆشنبیری و کوردایەتی پێڕەو بکرێت، هاوکات داوا دەکات کە هەر کوردێك لە هەر ولاتێك بێت بە پێی توانای خۆی کار بکات بۆ بەرژەوەندی خاك و نەتەوەکەی.

بێگومان داواکاری و بانگەوازەکەی برایم ئەحمەد کارێکی زۆر دروست و لە جێی خۆیدا بووە، لە بەر ئەوەی کوردەکانی هەندەران (جالیەی کورد)، لە هەموو کاتێکدا دەتوانن دەنگی کورد و پرسە رەواکەی بە جیهان رابگەیەنن و بوونی خۆیان بسەلمێنن.

لە کۆتایی ئەو وتارەشدا چەند خاڵێکی پێشنیار کردووە بە مەبەستی بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەك:-

١. پێوەندییەکی گورج و گۆڵ و توندوتۆڵ لەگەڵ هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و کۆمەلانی خەلك لە ولاتدا ببەسترێت بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە ببێتە سەرچاوەیەکی بەڕێزو باوەڕپێکراو و قسە رەوا لە بارەی دەنگ و باسی کوردستانەوە.

٢. پێوەندی هاوڕێیانە و هاوخەباتانە لەگەڵ پارت و رێکخراوە دیموکراتی و نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووخوازەکاندا ببەسترێت کە دۆست و هاوڕێمانن.

٣. پێوەندی لەگەڵ دامەزراوە رۆشنبیریەکان ببەسترێت لە دەرەوەی ولات بۆ ناساندنی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەمان پێیان و روونکردنەوەی باری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری بۆیان و سەرنج راکێشانیان بۆ باری سەخت و ئالۆز و ناخۆشی کوردستان.[896]

لە راستیدا ئەم وتارەی برایم ئەحمەد هەوڵێکی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامی کوردایەتی بە دنیای دەرەوە لە پێناو بە دەستهێنانی کۆمەك و پشتیوانی بۆ بزاڤی کوردایەتی و یەکخستنی توانای ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران و گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی خەلکی کوردستان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان بە ولاتانی دەرەوە.

بەلام واپێدەچێت کە داواکاری برایم ئەحمەد لە رۆشنبیران بۆ هاوکاری کردنی گۆڤارەکە لە پێناو بەردەوام بوون و بە دیهێنانی ئامانجەکانیدا، مەبەستەکانی برایم

---

896. چریکەی کوردستان، ژمارە (١)، تەمموز و ئابی ١٩٧٩ لەندەن، ل٩٠٨.

ئەحمەدی نەپێکاوە و بەدەنگەوە هاتنی رۆشنبیران زۆر بەکەمی تیا بەدی دەکرێت، لەم بارەیەشەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" بە داخەوە هاوارەکەمان هەر ئەوەندە دەنگ ئەداتەوە کە لە گۆڤارەکەدا ئەیبینین". [٨٩٧]

چریکەی کوردستان پاشکۆیەکی بەناوی (صرخه کردستان)ە وە دەرکردووە کە (پێنج) ژمارەی بە زمانی عەرەبی بلاّوکراوەتەوەو بە هەمان دروشم و نەخشە و قەوارە و ناوەرۆکەوە ژمارە (یەک)ی لە مانگی حوزەیرانی (١٩٨١) لە لەندەن بە زمانی عەرەبی بلاّوکراوەتەوە. [٨٩٨]

کۆی بەرهەمەکانی برایم ئەحمەد لە (چریکە و صرخە)دا (سی) بەرهەمی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاّوکردووەتەوە کە بەرهەکانیش بەم شێوەیەن (دوو چیرۆک، چوار هۆنراوەی کوردی و دووانی عەرەبی، حەڤدە وتاری کوردی و دووانی عەرەبی، لەگەڵ سێ بابەتی وەرگێڕان). [٨٩٩]

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە برایم ئەحمەد وابەستەی تەنها لایەنێکی رۆشنبیری و ئەدەبی نەبووە، بەڵکو گرنگی بە بواری چیرۆك و هۆنراوەو وتاری سیاسی و وەرگێڕانیش داوە.

بە شێوەیەکی گشتی گۆڤاری چریکەی کوردستان ناوەندێکی رۆشنبیری گرنگ بووە بۆ دژایەتی کردنی داگیرکەرانی کوردستان و پەردە هەڵماڵین لە رووی کارو کردەوەکانی حکومەتی بەغداد و کوشت و بڕی بێ سنووری خەڵکی کوردستان و سیاسەتی بە عەرەب کردن و کۆچ پێکردن و بە بەعسی کردنی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستاندا.

لە هەمان کاتدا ئەگەر سەرنجی ژمارە و لاپەڕەکانی چریکەی کوردستان بدەین دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی سیاسی دەربارەی جەنگی کاول کارانەی (سەددام حسین) لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و جینۆسایدی هاوولاّتیانی کوردستان بەدی دەکرێت. [٩٠٠]

---

897. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٢/١٢/١٩٨٥، ل١٣.

898. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە صرخه کردستان، عدد (١)، حوزەیران ١٩٨١، لەندەن.

899. ئەحمەد شەریف: ژیان و بەهرە....، ل ٣٥٩.

900. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە. ژمارەکانی چریکەی کوردستان.

**لە ئەنجامی ئەمەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڤاری چریکەی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دایە و بۆشاییەکی فراوانی لەو بوارەدا پڕکردووەتەوە بۆ خزمەتکردن بە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردستان.**

**دوا ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ئەیلولی (١٩٨٥)دا دەرچووە کە لە (١٤٤) لاپەڕە پێکهاتووە.[٩٠١]**

**دیارە هۆکاری بەردەوام نەبوونی گۆڤاری چریکەی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کارو فرمانەکان لە ئەستۆی برایم ئەحمەد دا بوون، لە هەمان کاتدا هۆکاری ناڕاستەوخۆش کاریگەریی لەسەر وەستانی گۆڤارەکە هەبووە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" نالەباری و ئاڵۆزی وەزع لە کوردستان و پەیوەندی دژانەی هێزە نیشتیمانییەکانی وڵات هێنامیانە سەر ئەو بڕیارەی کە دەست لە چریکە هەڵگرم و بە داخەوە دەستم لێ هەڵگرت".[٩٠٢]**

**لە ڕاستیدا لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا کوردستان پێویستی بە دەرکردنی دەیان گۆڤارو بڵاوکراوەی تر هەبوو نەك داخستن و دوورکەوتنەوە لێی بەڵام وا پێ دەچێت کە زۆری تەمەن وخراپیی باری دارایی و نەبوونی هاوکاری و یارمەتیدەر و بەدەنگەوە نەهاتنی ڕۆشنبیران هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی لە کاروەستانی گۆڤاری چریکەی کوردستان بوو بێت.**

**شان بە شانی کاری ڕۆژنامەوانی لە هەندەران (برایم ئەحمەد) خۆی بە نووسینی ڕۆمانی (دڕك و گوڵ)ەوە خەریك کردووە[٩٠٣]، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و بە شێوەیەکی گشتی باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتی کورد و گرتن و کوشتنی ناڕەوای خەڵکی بێ تاوانی کورد دەکات لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە.[٩٠٤]**

**لە بارەی کاری نووسینەوە برایم ئەحمەد لە نامەیەکدا کە لە (١٩٩٢/٦/٣) بۆ عەبدوڵڵا مەردۆخ دەنووسێت" هەتا ئێستا جگە لە (کوێرەوەری) تەنها داستانی (ژانی**

---

901. چریکەی کوردستان، ژمارە (٨ - ٩)، ئەیلولی ١٩٨٥، لەندەن.

902. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، ل٥.

903. چاوپێکەوتن لەگەڵ ساجدە سالح فەتاح (گەلاوێژ)، سلێمانی، ١٨ /٢٠٠٧/٤.

904. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە برایم ئەحمەد: دڕك و گوڵ، ڕۆمان، بەشی یەکەم و دووەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١ ؛ برایم ئەحمەد: دڕك و گوڵ، ڕۆمان بەشی سێهەم، چاپخانەی خاك سلێمانی ٢٠٠٣.

گەل)م بلاۆکراوەتەوە، ئەم ساڵ داستانێکی کەشم لە سوید چۆتە ژێر چاپکردن بە ناوی (درك و گوڵ)ەوە، کە بریتیە لە بەشی (١، ٢)ی داستانەکە، بەشی سێهەمیشی هیوام هەیە چاپ بکرێت".[905]

هەر لەو نامەیەدا ئاماژە بە کۆمەڵێك بەرهەمی چاپ نەکراو و نووسینی بیرەوەریەکانی دەکات و دەڵێت" سێ داستانی درێژی کەی چاپ نەکراویشم هەیە لەگەڵ (بیرەوەریەکانم)،".[906]

ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە برایم ئەحمەد لە دوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە لە بواری ئەدەب و رۆژنامەو گۆڤار و رۆمان نووسیندا خزمەتێکی گەورەی بە لایەنی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی کوردی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

905. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/١/٦، ل٥– ٦.

906. برایم ئەحمەد دەستنووس ١٩٩٢/١/٦، ل٦.

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

- برایم ئەحمەد لە سەرەتای تەمەنی لاوێتییەوە بەهۆی ئەو رووداوو پێشهاتە سیاسییانەی کوردستانی گرتبۆوە تێکەڵ بەکاری سیاسی و کوردایەتی بووەو وەك لاوێکی نیشتمانپەروەر بەشداری لە راپەڕینی شەشی ئەیلولی (١٩٣٠)دا کردووە.

- برایم ئەحمەد لە سەرەتای لاوێتییەوە خۆی بۆ کاری رۆژنامەوانی تەرخانکردووە و خوێندنی کۆلێجی (یاسا)شی هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە.

- چارەنووسی گۆڤاری (گەلاوێژ)و رۆژنامەی (خەبات و کوردستان) بە چارەنووسی (برایم ئەحمەد)ەوە بەند بووە، هەر بۆیە لە دوای دەستگیرکردنی (برایم ئەحمەد) بڕیاری لە کاروەستانی ئەوانیش دەرچووە.

- زۆربەی زۆری سەروتارە سیاسییە گرنگەکانی رۆژنامەی (رزگاری، خەباتی کوردستان) لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی و رۆژنامەی (خەبات، کوردستان، النور..) لە سەردەمی حوکمی کۆماریدا لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراون، یاخود بیروڕای ئەو لەبارەیانەوە وەرگیراوە.

- برایم ئەحمەد هەوڵی داوە هەریەکە لە (شیعر، چیرۆك، رۆمان،..) وەك رەگەزە سەرەکییەکانی ئەدەب بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و دەرخستنی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری بەکاربهێنێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش بەردەوام لایەنی ئەدەبی بۆ خزمەتی سیاسەت و نەتەوەکەی بەکارهێناوە.

- برایم ئەحمەد لە ناوەڕاستی سالانی سیەکانەوە هەڵگری بیرووباوەڕی برایەتی و پێکەوە ژیان بووە لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا و بەردەوام جەختی لەسەر یەکسانی و سەربەخۆیی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب کردووەتەوە.

- برایم ئەحمەد بیروباوەڕێکی کوردستانی هەبووەو هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی بەو سنوورە دەستکردە نەبووە کە لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا لە لایەن داگیرکەرانەوە کێشراوە، هەر بۆیە وەك کەسێکی کوردستانی گرنگی بە خەباتی هەر چوار پارچەکەی کوردستان داوە.

– برایم ئەحمەد بیروباوەڕێکی پێشکەوتوخوازانەی چەپی هەبووە، هەرچەندە شارەزاییەکی باشی لە هزری (مارکس و لینین و ماوتسی تۆنگ، ..)دا هەبووەو لە ناوچینی رۆشنبیراندا بە (بۆلشەویك) ناسرابوو، بەڵام لە هیچ کاتێکدا ئەندامی حزبی شیوعی نەبووە.

– وەك یەکێك لە سەرکردەو رێبەرانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، برایم ئەحمەد رۆڵی سەرەکی بینیووە لە بواری گەشەپێدانی کاری رێکخراوەیی و سیاسیداو بەردەوام لە هەوڵی خەباتی سیاسیدا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە سەر بنەمای دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

– وەك پارێزەرێك برایم ئەحمەد بەردەوام لایەنگری هەژاران و لێقەوماوانی کردووەو دژی ئاغاو دەرەبەگ و زۆرداران وەستاوەتەوە.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی (١٩٥٨)دا برایم ئەحمەد لە رووی یاساییەوە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ چەسپاندنی بڕگەیەك لە دەستوری کاتیی عێراقدا سەبارەت بەدابینکردنی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یاسادا.

– برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥١ تا ١٩٦٤ سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو لەو ماوەیەدا توانیویەتی لە رووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە گۆڕانکاریەکی گەورە لەناو ریزەکانی رێکخستنی (پارتی)دا بکات.

– برایم ئەحمەد رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە شۆڕشی ئەیلولدا و سەرکردایەتی بەرەی (سۆران)ی کردووە و لە رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا جێ دەستی دیارە.

– برایم ئەحمەد لە ململانێ و لێکترازانەکەی ساڵی (١٩٦٤)ی ناو ریزەکانی (پارتی)دا لایەنێکی سەرەکی ئەو ناکۆکیە بووە و سەرکردایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی کردووە.

– لە رووی دبلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە کەسێکی شارەزاو لێهاتوو بووەو هەوڵی داوە پشتگیری و هاوکاری وڵاتان بۆ مەسەلەی کورد بەدەستبێنێت.

– لە دوای نیشتەجێ بوونیشی لە هەندەران، بەردەوام بووە لە کاری ئەدەبی و ڕۆژنامەگەریدا و چەندی بۆی کرابێت هەوڵی داوە لەو بوارەدا خزمەت بە نەتەوەی کوردو نیشتمانەکەی بکات.

– برایم ئەحمەد لەو ساڵانەی کۆتایی تەمەنیدا لە هەندەران، بەرامبەر بە سەرجەم ئەو ڕووداوو پێشهاتە سیاسییانەی تایبەت بوون بە کوردو پرسە ڕەواکەیەوە، هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی خۆی دەربڕیوەو ماندوو نەناسانە بەشداری لە زۆربەی کۆڕوو کۆبوونەوەکاندا کردووە و کەم تا زۆر بیروڕای خۆی لەو بارەیەوە دەربڕیووە.

– برایم ئەحمەد گرنگییەکی تایبەتی بە خەباتی باکووری کوردستان داوەو بە ناوك و دەستپێکی شۆڕشی دادەنێت.

– برایم ئەحمەد لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەیدا ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی بینیووە، هەرچەندە ئەو دوو دامەزراوەیە لە رووی پراکتیکەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە.

– برایم ئەحمەد وەك کەسایەتییەکی ناسراوی کوردستان نزیکەی زیاتر لە نیو سەدە لە بواری (سیاسی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری)دا خزمەتی بە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد گەیاندوەو لەو پێناوەشدا دەیان جار لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقەوە رووبەڕوی دادگایی و زیندان بووەتەوە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامەکان:

### أ- بلاونەکراوە: -

١. بڕیاری وەزارەتی داد (دادگای کۆیە) ژمارە (٢٦١)، ١٩٤٢/٣/١٢.

٢. بڕیاری وەزارەتی داد (دادگای کۆیە) ژمارە (٣٤٧) ١٩٤٢/٣/١٦.

٣. بڕیاری وەزارەتی داد (دادگای کۆیە) ژمارە (٤٣٠) ١٩٤٢/٣/٣١.

٤. بڕیاری وەزارەتی داد (دادگای کۆیە) ژمارە (٥٠٧) ١٩٤٢/٤/١٦.

### ب-بلاو کراوە:

١. شازین هێرش: بەلگەنامە، پارتی دیموکراتی کوردستان –عیراق لە چەند بەلگەنامەیەکی مێژوویدا ١٩٥٨-١٩٦٣، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەو ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢. __________ : شۆڕشی ئەیلول لە چەند بەلگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٦١-١٩٦٣، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣. شازین هێرش و نزار محمد: بەلگەنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی) چەند بەلگەنامەیەکی مێژوویی ١٩٦٤–١٩٧٠، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤. عبدالفتاح علی یحي البوتانی: وثائق عن الحرکة القومیة الکردیةالتحریة، ط(١)، أربیل، ٢٠٠١.

## دووەم: بیرەوەری و یاداشت

### بلاونەکراوە: -

١. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٨٥/١٢/١٢، لەندەن.

٢. برایم ئەحمەد: دەستنووس، ١٩٩٢/٣/٦، لەندەن.

٣. گەلاوێژخان: دەستنووس، ١٩٩٤/٢/٢٢، لەندەن.

**بڵاوکراوە: -**


أ-بە کوردی

١. زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧دا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی.

٢. سەعید ناکام: بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

٣. عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم، ١٩٩٥.

٤. عەریف سلێمان: بیرەوەریەکانی عەریف سلێمان (لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان) چاپخانەو ئۆفیسی ئاسا، بەشی یەکەم، ١٩٩٩.

٥. مەلا عبدااللهی حاجی سمایل: سەربردەی ژیانی سیاسیم، چاپخانەی ئەلرەشاد، بەرگی یەکەم، بەغداد،١٩٩٠.

٦. میرزا محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩٥٨/٧/١٤ تا ١٩٨٥، بەرگی یەکەم-رووداوەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی١٩٧٠، چاپخانەی داناز، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٧. نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩ — ١٩٨٣)، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٨. هەژار : چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٧٧.

**ب- بە زمانی عەرەبی: -**

١.زنار سلوبي: في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة. ر.علي، ط(١)، بيروت، رابطة كاوا للثقافة الكردية، ١٩٨٧.

٢. طالب مشتاق: مذكرات سفير عيراقي في تركيا،ج (٢)، دار الكتاب العربي، بيروت.

٣.علي كمال: مذكرات علي كمال عبدالرحمان ١٩٠٠–١٩٩٨، تقديم وتحقيق جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١.

٤.محمد مهدى كبة: مذكراتي في صميم الأحداث ١٩١٨–١٩٥٨، ط(١)، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٥.

٥. نورى شاوةيس: من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديمقراطي في كوردستان، الطبعة الأولى، ١٩٨٥.

## سێیەم: چاوپێکەوتن

### أ- توێژەر ئەنجامی داوە: -

١.  جەمال حەکیم ئاغا، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٨.
٢.  کاکە حەمەی فەرەج، سلێمانی، ١١ / ٢ /٢٠٠٧ .
٣.  عەبدوڵڵای حاجی سەعید، سلێمانی ١٣ / ٢ /٢٠٠٧ .
٤.  د.عیزەدین مستەفا رەسول، سلێمانی، ٢٠٠٧/٢/٢٨.
٥.  گەلاوێژخان، سلێمانی، ١٨ /٤ /٢٠٠٧.
٦.  نەوشیروان مستەفا ئەمین، سلێمانی، ٢٠٠٧/٤/٢١.
٧.  مامۆستا بێستون، سلێمانی، ٢٠٠٧/٦/٣.
٨.  کەمال موفتی، سلێمانی،٢٠/ ٧ / ٢٠٠٧.
٩.  سەلاحەدینی موهتەدی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٨/٢٠.
١٠. محەمەد قەرەداغی، سلێمانی، ٢٠٠٧/٩/١٥.
١١. کەریم زەند، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/١٣.
١٢. رەئوف ئەحمەد فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦.
١٣. سیروان رەمزی فەتاح، سلێمانی، ٢٠٠٧/١٢/٢٦.

### ب- توێژەر ئەنجامی نەداوە:-

١. چاوپێکەتنی مامۆستا برایم ئەحمەد لەگەڵ تەلەفزیۆنی Med Tv.
٢. چاوپێکەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٢٧)،٢٠٠٠/٤/٢٣.
٣. چاوپێکەوتنی دکتۆر عەبدوڵڵا مەردۆخ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد، ١٩٩٤، لەندەن، بڵاونەکراوە.

## چوارەم: نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

### نامەی ماستەر:

### بە کوردی:


١. فەرەیدون عبدالرحیم عەبدولاَ: بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق١١ مارتی١٩٧٠— ١١ مارتی ١٩٧٤، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥.




هەولنامەی کتێب

**به عەرەبی:-**

١. ازهار عبدالكريم عبدالوهاب: الحقوق والحريات العامة في ظل الدساتير العراقية، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٣.

٢. شيَرزاد زكريا محمد: الحركة القومية الكردية في كردستان. العراق ٨شباط ١٩٦٣ ١٧تموز ١٩٦٨، جامعة دهوك، ٢٠٠٥.

٣. فرهاد محمد أحمد: جريدة خەبات/ النضال (١٩٥٩-١٩٦١) دراسة تأريخية، جامعة الموصل، ٢٠٠٦.

٤. ميڤان عارف عبدالرحمان البادى: الحركة القومية الكوردية التحررية في كردستان الجنوبية (العراق) ١٤تموز ١٩٥٨-شباط١٩٦٣، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٢.

**ب- تێزی دکتۆرا**

**به کوردی: -**

١. ئاكۆ عەبدولكەريم مەحمود: شاری سلێمانی (١٩٣٢-١٩٤٥) لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسیە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.

## شەشەم: کتێبەکان

**أ-بە زمانی کوردی:**

١. ئارچی رۆزفیلت: كۆماره كوردیەكەی مهاباد، و: ئەكرەم قەرەداغی، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢. ئاكۆ عبدالكریم شوانی: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی -سیاسییە، چاپخانەی زانست، چاپی یەكەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

٣. ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی، چاپخانەو كۆمپیوتەری بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤. ئەڤین عەبدولقادر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد دەنگێكی زوڵاڵی شعری نوێی كوردی، چاپخانەی شڤان، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥. ئومێد ئاشنا: سەرجەم شیعرەكانی برایم ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٩٦.

٦. ئیبراهیم ئەحمەد بلە: كوێرەوەری، چاپخانەی خاك، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧. ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی كاكە عومەر دەبابە، ئامادەكردنی ئومێد ئاشنا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦.

٨. ــــــــــــــ: درِك و گولّ، چاپخانەی خاك، چاپی یەكەم، بەشی یەكەم و دووەم، سلێمانی، ٢٠٠١
٩. ئیبراهیم جەلال: خوارووی كوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەكاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ژیار، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٠.بەهرۆز گەلاڵی: رەسول مامەند٥٠ ساڵ تەمەن و ٢٣ ساڵ خەبات، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨.
١١. برایم ئەحمەد: درِك و گولّ، چاپخانەی خاك، بەشی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٢.ــــــــــــ: ژانی گەل، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی دووەم، ٢٠٠٢
١٣.ــــــــــــ: هەرزەكاریی، چاپخانەی خاك، بەشی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٤.برهان قانع: فەرهەنگی نویّ، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٥.
١٥.بەشی روناكبیری یەكێتی نیشتمانی كوردستان: پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٦.جەمال نەبەز: كوردستان و شۆڕشەكەی، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: كوردۆ، بنكەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، ١٩٨٥.
١٧.جمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەكەم، بەرگی دووەم، دار حرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٨.
١٨.جمال خەزنەدار: بانگی كوردستان، بەغداد، ١٩٧٣.
١٩.د.حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج كاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەدا، چاپخانەی سیما، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٠. ــــــــــــ: خولانەوە لە بازنەیەكی بۆشدا، دەقی چاوپێكەوتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ (جەرجیس فەتحولا) ی پارێزەردا، چاپخانەی سیما، چاپی دووەم، سولەیمانی، ٢٠٠٠.
٢١. ــــــــــــ : پەیماننامەیەكی رەش و رۆژێكی سوور، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی نەتەوەیی رامیاری رەخنە گرانەیە، چاپەمەنی ئەزمەر، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢٢. درك كینان: كوردو كوردستان كورتەیەك لە مێژووی كورد ١٩٦٤، وەرگێڕانی. ئەبوبەكر خۆشناو، دەزگای (نگاه)، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢٣. دڵشاد مەحمود عەبدورەحمان: ئیسماعیل حەقی شاوەیس ١٨٩٤-١٩٧٦، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٤. دلێر عەلائەدین سەجادی: یادی سوجادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغدا، ١٩٨٧.
٢٥. دیڤد مەكداول: مێژووی هاوچەرخی كورد، وەرگێڕانی ئەبوبەكر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٦. رۆینە لۆمبورن: كورد گەلێكی بێ وولاّت، وەرگێڕانی. ئەمجەد شاكەلی، چاپی یەكەم، ستۆكهۆڵم، ١٩٩٤.

٢٧. ڕەفیق حلمی: یاداشت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢٨. سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزم و کورد توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە ١٩٤٧-١٩٧٥، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢٩. ــــــــــــ: تۆفیق وەهبی ژیاننامە و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردیدا، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣٠. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥ – ١٩٧٦، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣١.شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیوی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ – ١٩٨٣ دا، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٢.

٣٢. شەپۆل فاخیر مێرگەسووری: زمانی تاوان هاتە قسە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٧.

٣٣. د.گۆینتەر دیشنەر: کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی. حمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩.

٣٤. عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چابخانەی کاربین، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣٥. د.عزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٦. علاالدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، ١٩٩٦.

٣٧. عبدالله أحمد ڕەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

٣٨. علی عبدالله: مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان –عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم، ئەیلولی ١٩٦٨.

٣٩. عوسمان سەید قادر باخچەیی: ژیاننامەی مێژوو نووسانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠١.

٤٠. عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعریەکانی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ .

٤١.عومەر مەعروف بەرزنجی: برایم ئەحمەد لە کارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار دا، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤٢. عیسی پژمان: نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ ی ئەلجەزائیر، وەرگێڕانی. ناسر ئیبراهیمی، سوید، ١٩٧٧.

٤٣. غەفور میرزا کەریم: کێوماڵێ بە ناو بیرەوەریەکانمدا، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٤٤.فاتیح رەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٤٥. فەیصەل دەباخ: حزبی هیواو شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان، دەزگای راگەیاندنی گوڵان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧.
٤٦. قاسملو: چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتەیەك لە مێژووی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چ٢، ١٩٨٨.
٤٧. کاکە مەم بۆتانی: کاکە بلە لە یادمن، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٨. د.کەمال فواد: کوردستان یەکەمین رۆژنامەگەری کورد (١٨٩٨- ١٩٠٢)، بەغداد، ١٩٧٢.
٤٩. د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی عەبدلا زەنگەنە، چ(١)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.
٥٠. ــــــــــــ: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامە نووسی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٨.
٥١.کریس کۆچرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی ئەکرەمی میهرداد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٥٢. ــــــــــــ: کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، وەرگێڕانی حمە کریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣
٥٣. م.ر.هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی(٢). لەندەن، ١٩٩١.
٥٤. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦
٥٥. مام جەلال: یادنامە، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٥٦. مایکل گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و.مامکاك، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٥٧. محەمەد نوری ئەحمەد: بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا، ژانی گەل وەك نموونە، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٥٨. محمد دلێر ئەمین میسری: رۆژنامە نووسی کوردی بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورددا لە مێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢-١٩٢٤)، چاپ و ئۆفسێتی ژیر، سلێنی، ٢٠٠٤.

همم النمەی کیبر

٥٩. ــــــــــــ: رۆڵی گۆڤاری ( گەلاوێژ ١٩٣٩ – ١٩٤٦) لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦٠. محمود ملاعزت: کۆماری میللی مهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ، بەشی یەکەم، ١٩٨٤.

٦١.مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٥٨-١٩٦١، و. سەعید ناکام، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٨.

٦٢. منوچهر پارسا دۆست: ناکۆکی ئێران – عێراق، و. محسن علی ئەکبەر، سلێمانی ١٩٩٥.

٦٣. مەهدی محەمەد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق (١٩٤٥-١٩٥٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٦٤. موجتەبا بورزوویی: بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦) وەرگێرانی لە فارسیەوە. نازناز محمد عبدالکریم –یوسف خزرچووپان-سۆران عەلیپور، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

٦٥. مومتاز حەیدەری: کورد و حکومەتی قاسم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، هەولێر، ٢٠٠٠.

٦٦. میر بەسری: ناودارنی کورد، و. عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٦٧. نادر ئینتسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦٨. نەوزاد عەلی ئەحمەد: رابەری رۆژنامەگەری نهێنی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٦٩. ــــــــــــ: هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا (١٩٦١–١٩٩١)، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧٠. نەوزەر رەشید: ناکۆکی لەسەر زەعامەت لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، سلێمانی.

٧١.نەوشیروان مستەفا ئەمین: حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٧٢. ــــــــــــ: سەردەمی قەڵەم وموراجەعات، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٧٣. ــــــــــــ: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی ١٩٣٨-١٩٥٨ (رۆژنامەوانی نهێنی)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٧٤. هیوا عزیز: رەنگدانەوەی بیری لیبرالیزم لە کوردستاندا، ١٩٠٠-١٩٥٨، چاپخانەی پاو، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٧٥. د.واحد عومەر محێدین: دانووستانەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو حکومەتەکانی عێاق (١٩٢١-١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٧٦. یادگارو هیوا چەپکە گوڵی وەفاداریە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن.

٧٧. یادگاری لاوان، چاپخانەی کەرخ، بەغداد، ١٩٣٣.

٧٨. د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩-١٩٧٩) سلێمانی، ٢٠٠٣.

٧٩. ــــــــــ: هەڵوێستی حزبی توده لە حاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٨٠. ــــــــــ: ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی) ١٩٣١-١٩٧٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**ب- بە زمانی عەرەبی :**

١. إبراهيم أحمد: الأكراد والعرب، بغداد، ١٩٦١.

٢. أحمد فوزي: قاسم والأكراد خناجر وجبال، القاهرة، ١٩٦١.

٣. أدمون غريب: الحركة القومية الكردية، بيروت، ١٩٧٣.

٤. اوريل دان: العراق في عهد قاسم، تأريخ سياسي ١٩٥٨–١٩٦٣، ترجمة. جرجيس فتح الله، ج (١)، دار نبز للطباعة والنحر، سويد، ١٩٨٩.

٥. بورهان ابابكر ياسين: كوردستان في سياسة القوى العظمى١٩٤١–١٩٤٧، ترجمة. هوراس، ط(١)، ٢٠٠٢.

٦. جبارمحمد جباري: تأريخ الصحافة الكوردية في العراق، بغداد، ١٩٧٥.

٧. جرجيس فتح الله المحامي: العراق في عهد قاسم، اراء وخواطر ١٩٥٨ –١٩٦٣، ج(٢)، سويد، ١٩٨٩.

٨. جعفرعباس حميدي: التطورات والإتجاهات السياسية الداخلية في العراق (١٩٥٣–١٩٥٨)، ط (١)، بغداد، ١٩٨٠.

٩. جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٧١.

١٠. جوناثان راندل: أمة في شقاق، ترجمة. فادي حمود، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٩٧.

١١. حبيب محمد كريم: صفحات من نضال الشعب الكردى، تأريخ مؤتمرات الحزب، أربيل، ١٩٩١.

١٢. ـــــــــ: تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني –العراق (في محطات رئيسية)، ١٩٤٦ –١٩٩٣، مطبعة خةبات، الطبعة الأولى، كوردستان، ١٩٩٨.

١٣. حنا بطاطو: العراق الحزب الشيوعي، الكتاب الثاني، ترجمة عفيف الرزاز، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٢.

١٤. حامد مصطفى مقصود: ثورة ١٤ تموز مدارات الأخوة الأعداء، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠٠٢.

١٥. خاليد يونس خالد: الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر، مطبعة حمدي، الطبعة الثانية، السليمانية، ٢٠٠٦.

١٦. خليل إبراهيم حسين: ثورة الشواف في الموصل ١٩٥٩ (الصراعات بين قاسم و عارف)، ط(١)، بغداد، ١٩٨٧.

١٧. دانا ادمز شمدت: رحلة الى رجال شجعان في كردستان، ترجمة.جرجيس فتح الله، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، أربيل، ١٩٩٩.

١٨. الدساتير العراقية و دراسة مقارنة بمعايير الحقوق الدستورية الدولية، المعهد الدولي لقانون حقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة دي بول، ط(١)، ٢٠٠٥.

١٩. ديڤد ادمسن و جرجيس فتح الله: الحرب الكردية و انشقاق ١٩٦٤، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، أربيل، ١٩٩٩.

٢٠. رعد الجدة: التشريعات الدستورية في العراق، بيت الحكمة، بغداد، ١٩٩٨.

٢١. رفيق البشدري: ايها الكرد تعرف على عدوك، الطبعة الثانية، ٢٠٠٢.

٢٢. زنار سلوبي: مسالة كردستان، تنقيح و تقديم عزالدين مصطفى رسول، ط(٢)، بيروت، ١٩٩٧

٢٣. ستيفن همسلي لونگريك: العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ الى ١٩٥٠، ترجمة. سليم طة التكريتى، مطبعة حسام، الجزء الثاني الطبعة الأولى، ١٩٨٨.

٢٤. سروة أسعد صابر: كوردستان الجنوبية (١٩٢٦–١٩٣٩)دراسة تأريخية–سياسية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦.

٢٥. سعد ناجى جواد: العراق والمسألة الكوردية ١٩٥٨–١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠.

٢٦. شلمو نكديمون: الموساد في العراق و دول الجوار، إنهيار الامال الاسرائيلية والكردية، ترجمة.بدر عقيلي، دارالجيل للنشر، عمان، ١٩٩٧.

٢٧. شيركو فتح الله عمر: الحزب الديمقراطي الكوردستاني وحركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦-١٩٧٥، المديرية العامة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، السليمانية، ٢٠٠٤.

٢٨. صبيح علي غالب: قصة ١٤تموز والضباط الأحرار، ط(٢)، بغداد، ١٩٧١.

٢٩. صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، ط(١)، مؤسسة البلاغ للطباعة و النشر، بيروت، ٢٠٠١.

٣٠. عبدالجبار حسن الجبوري: الأحزاب والجمعيات السياسية في القطر العراقي (١٩٠٨-١٩٥٨)، بغداد، ١٩٧٧.

٣١. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج(١٠)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٣٢. ــــــــ: تأريخ الوزارات العراقية، ج(٣)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٣٣. ــــــــ: تأريخ الوزارات العراقية، ج(٩)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٣٤. عبدالرزاق محمد اسود: موسوعة العراق السياسية، الطبعة الأولى، المجلد السادس، بيروت، ١٩٨٦.

٣٥. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية، ط(١)، بغداد، ١٩٨٩.

٣٦. ــــــــ: تأريخ الحزب الثوري الكردستاني، بغداد، ١٩٨٧.

٣٧. عبدالكريم فرحان: حصاد ثورة، تجربة السلطة في العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٨، دار البرق، لندن، ١٩٨٤.

٣٨. عثمان علي: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، دراسة تأريخية وثائقية، مطبعة الثقافة، أربيل، ٢٠٠٣.

٣٩. العراق في التأريخ، بغداد، ١٩٨٣.

٤٠. عزيز الحاج: مع الأعوام صفحات من تأريخ الحركة الشيوعية في العراق بين (١٩٥٩–١٩٦٩)، بيروت، ١٩٨١.

٤١. ـــــــــ : القضية الكردية في العراق، التأريخ والافاق، ط(١)، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٩٤.

٤٢. علي سنجاري: الحركة التحررية الكردية مواقف وآراء، مطبعة خەبات، الطبعة الأولى، دهوك، ١٩٩٧.

٤٣. علي كريم سعيد: عراق ٨شباط ١٩٦٣من حوار المفاهيم الى حوار الدم مراجعات في ذاكرة (طالب شبيب)، دار الكنوز الأدبية، ١٩٩٩.

٤٤. فاضل البراك: مصطفي البارزاني، الأسطورة والحقيقة، بغداد، ١٩٨٩.

٤٥. كاظم الموسوي: العراق صفحات من التأريخ السياسي، دار علاالدين للنشر و التوزيع، ط(٢)، ديمشق، ١٩٩٨.

٤٦. د.كاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨–١٩٦٤، المديرية العامة للطباعة والنشر، ط(١)، السليمانية، ٢٠٠٤.

٤٧. لوقا زودو: المسألة الكردية والحركة العنصرية في العراق، ط(١)، بيروت، ١٩٦٩.

٤٨. ليث عبدالحسين الزبيدى: ثورة ١٤تموز في العراق، منشورات مكتبة اليقضة العربية، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨١.

٤٩. د. مجيد خدوري: العراق الجمهوري، ط١، مطبعة أمير، ١٩٨٦.

محسن دزةيي: أحداث عاصرتها، ج ٢، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة التربية، منشورات دار ئاراس، أربيل، ٢٠٠٢.

٥٠. محسن محمد المتولي: كرد العراق، ط(١)، بيروت، ٢٠٠١.

٥١. د.محمد احسان: كردستان ودوامة الحرب، دار الحكمة للنشر، الطبعة الأولى، لندن، ٢٠٠٠.

٥٢. محمد حمدي الجعفري: نهاية قصر الرحاب، تفاصيل ما حدث ليلة ١٤تموز و صبيحتها، بغداد، ٢٠٠٠.

٥٣. د. محمد علي الصويركي: معجم اعلام الكرد في التأريخ الإسلامي والعصر الحديث في كردستان و خارجها، مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السليمانية، ٢٠٠٦.

٥٤. محمد عمر مولود: الفدرالية و إمكانية تطبيقها في العراق، الطبعة الأولى، مؤسسة موكريان للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٠.

٥٥. محمود الدرة: القضية الكردية، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٦.

٥٦. مسعود البارزاني: البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان (١٩٤٥-١٩٥٨)، كردستان، ١٩٨٧.

٥٧. ــــــــ : البارزاني والحركة التحررية الكردية، الكرد وثورة ١٤ تموز١٩٥٨، كردستان، ١٩٩٠.

٥٨. ــــــــ : البارزاني والحركة التحررية الكردية ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥، ج(٣)، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢.

٥٩. د.منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق "البعث والأكراد"، ط(١)، دار المختار، دمشق ٢٠٠٠.

٦٠. ميخائيل م.جونتر: الأكراد و مستقبل تركيا، ترجمة، الدكتورة سعاد محمد إبراهيم خضر، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.

٦١. ناصر جرجيس: ثورة ٢٣يوليو ١٩٥٢ (القصة الكاملة بأقلام الضباط الأحرار)، ط(١)، بغداد ١٩٨٥.

٦٢. د. نزار توفيق سلطان الحسو: الصراع على السلطة في العراق الملكي، دراسة في كلية الإدارة والسياسة، ط١، بغداد ١٩٨٤.

٦٣. وليم ايغلتن: جمهورية مهاباد جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ترجمة وتعليق. جرجيس فتح الله، دار ئاراس للطباعة والنشر، ط(٢)، أربيل، ١٩٩٩.

هەواڵنامەی کتێب

## حەوتەم: رۆژنامەكان

### أ- كوردییەكان: -

☼ **كوردستانی نوێ: -**

١. ژماره (١٢٩٨)، ١٩٩٦/٦/٢.

٢. ژماره (٢١١٥)، ٢٠٠٠/٤/٩.

٣. ژماره (٢١١٦)، ٢٠٠٧/٤/١٠.

٤. ژماره (٢١١٧)، ١١ /٢٠٠٠/٤.

٥. ژماره (٢١١٨)، ١٢ /٢٠٠٠/٤.

٦. ژماره (٢١١٩)، ٢٠٠٠/٤/١٣.

٧. ژماره (٢١٢٠)، ٢٠٠٠/٤/١٥.

٨. ژماره (٢١٢١)، ٢٠٠٠/٤/١٦.

٩. ژماره (٢١٢٢)، ٢٠٠٠/٤/١٧.

١٠. ژماره (٢١٢٣)، ١٨ /٢٠٠٠/٤.

١١. ژماره (٢١٢٤)، ٢٠٠٠/٤/١٩.

١٢. ژماره (٢١٢٦)، ٢٠٠٠/٤/٢٢.

١٣. ژماره (٢١٢٧)، ٢٠٠٠/٤/٢٣.

١٤. ژماره (٢١٣١)، ٢٠٠٠/٤/٢٧.

١٥. ژماره (٢١٤٨)، ٢٠٠٠/٥/١٧.

١٦. ژماره (٢١٤٩)، /٢٠٠٠/٥.

١٧. ژماره (٢١٥٠)، ٢٠٠٠/٥/٢٠.

١٨. ژماره (٢١٥١)، ٢٠٠٠/٥/٢١.

١٩. ژماره (٢١٥٢)، ٢٢ /٢٠٠٠/٥.

٢٠. ژماره (٢١٥٣)، ٢٠٠٠/٥/٢٣.

٢١. ژماره (٢١٥٤)، ٢٠٠٠/٥/٢٤.

٢٢. ژماره (٢١٦٤)، ٢٠٠٠/٦/٥.

٢٣. ژماره (٤٣٨٦)،٣٠ /٢٠٠٧/٩.

☼ **ڕۆژنامەی ژیان: -**

١. ژماره (٢٦٠)، ١٩٣٠/٩/٢٢.

٢. ژماره (٣٢٦)، ١٦ حوزەیرانی ١٩٣٢.

٣. ژماره (٣٣٠)، ١٤ تەموزی ١٩٣٢.

٤. ژماره (٣٣٤)، ١٨ ئۆغستی ١٩٣٢.

٥. ژماره (٣٣٥)، ٢٥ ئۆغستی ١٩٣٢.

٦. ژماره (٣٣٦)، ئەیلول ١٩٣٢.

٧. ژماره (٣٥٥)، مارتی ١٩٣٣.

٨. ژماره (٣٥٦)، ٩ مارتی ١٩٣٣.

٩. ژماره (٣٥٧)، ١٦ مارتی ١٩٣٣.

☼ **ڕۆژنامەی کوردستان: -**

١. ژماره (٣)، ١٨ مارتی ١٩٦١.

٢. ژماره (٥)، ١ نیسانی ١٩٦١.

هەوالنامەی کتێب

☼ هەفتەنامەی وڵات: -

١. وڵات، ژمارە (٤٨)، ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٩٥.

٢. وڵات، ژمارە (٦٢)، ٢٤ی نیسانی ١٩٩٥.

٣. وڵات ژمارە (٨٥)، ٢٤ ئابی ١٩٩٥.

٤. وڵات، ژمارە (١٠٨) .

☼ هەفتەنامەی رۆناهی: -

١. رۆناهی، ژمارە (١) ٢٠٠٠/٤/١٧.

٢. رۆناهی، ژمارە (٧) ٢٠٠٠/٥/٢٩.

ب- عەرەبییەکان: -

✧ الوقائع العراقيه : -

١. عدد (١٦٠٣)، ١٠/ ١٩٦٨/٨

٢. عدد (١٦٠٤)، ١٢ /١٩٦٨/٨.

٣. عدد (١٦٣١)، ٣٠ /٩ /١٩٦٨.

٤. عدد (١٩٥٨)، ١٩٦٨/٧/١٨.

✧ جريده خەبات: -

١. ژمارە (١)، ٤ نیسانی ١٩٥٩.

٢. ژمارە (٦)، ٨ ئایاری ١٩٥٩.

٣. ژمارە (٢١)، تەموز ١٩٥٩.

٤. ژمارە (٢٣)، ٣١ تەموز ١٩٥٩.

٥. ژمارە (٤٣)، ٣٠ ئابی ١٩٥٩.

٦. ژمارە (١٩٦)، ٨ نیسانی ١٩٦٠.

٧. ژمارە (٤١٠)، ١٩ کانونی دووەمی ١٩٦١.

٨. ژمارە (٤٣٧)، ٢١شوبات ١٩٦١.

٩. ژمارە (٤٤١)، ٢٦ شوبات ١٩٦١.

١٠. ژمارە (٤٤٥)، ٢١ ئازار ١٩٦١.

١١. ژمارە (٤٤٦)، ٣ ئازار ١٩٦١.

١٢. ژمارە (٦٤٧)، ١٨ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢.

١٣. ژمارە (٧٤١)، ٩ایلول ١٩٩٤.

١٤. ژمارە (٧٩١)، ١٩تموز ١٩٩٦.

هەوالنامەی کتێب

✧ جريدە الاتحاد: -

١. عدد( ٣٧٣)، ٩/٦/ ٢٠٠٠.

٢. جريدە الثورة، عدد(٥٥٥)، ١٧ شباط ١٩٦١.

✧ بە زمانی ئینگلیزی

1. 'soma' ،no(6) ،21 april-4 may 2006

## هەشتەم: گۆڤارەکان:

### أ- کوردییەکان:

✵ گۆڤاری گەلاوێژ: -

١. ژمارە، (١)، ساڵی یەکەم، ١٩٣٩.

٢. ژمارە، (٢)، ساڵی یەکەم،١٩٤٠.

٣. ژمارە، (٨)، ساڵی یەکەم،١٩٤٠.

٤. ژمارە (٩)، ساڵی یەکەم، ئابی١٩٤٠.

٥. ژمارە (١١-١٢)، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەم و دووەم١٩٤٠.

٦. ژمارە (١ — ٢)، ساڵی سێیەم، کانونی دووەم و شوباتی ١٩٤٢.

٧. ژمارە (٣ — ٤)، مارت و نیسانی ١٩٤١.

٨. ژمارە (٣)، ساڵی چوارەم، مارتی ١٩٤٣.

٩. ژمارە (٧)، ساڵی چوارەم، تەموزی ١٩٤٣.

١٠. ژمارە (٩)، ساڵی چوارەم، ئەیلولی ١٩٤٣.

١١. ژمارە (٨)، ساڵی پێنجەم، ئابی ١٩٤٤.

١٢. ژمارە، (٤)، ساڵی شەشەم، نیسانی ١٩٤٥.

١٣. ژمارە (٥)، ساڵی شەشەم، مایسی ١٩٤٥.

١٤. ژمارە (٦)، ساڵی شەشەم، حوزەیرانی ١٩٤٥.

١٥. ژمارە (١٠)، ساڵی شەشەم، تشرینی یەکەم ١٩٤٥.

١٦. ژمارە (١) ساڵی حەوتەم، کانونی دووەمی ١٩٤٦.

١٧. ژمارە (٢)، ساڵی حەوتەم، شوباتی ١٩٤٦.

١٨. ژمارە (٤)، ساڵی حەوتەم، نیسانی ١٩٤٦.

١٩. ژمارە (٦)، ساڵی هەشتەم، حوزەیرانی ١٩٤٧.

٢٠. ژماره، (٥)، ساڵی نۆیەم، مایسی ١٩٤٨.
٢١. ژماره (٨)، ساڵی نۆیەم، ئابی ١٩٤٨.

❋ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ: -

١. ژماره (١)، ساڵی یەکەم، مایسی ١٩٩٧.

٢. إبراهیم ئەحمەد: گەلاوێژی دێرین چۆن هەڵهات، گۆڤاری" گەلاوێژی نوێ"، ژماره (٤)، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم١٩٩٧،

❋ گۆڤاری چریکەی کوردستان: -

١. ژماره (١)، تەمموز و ئابی ١٩٧٩.
٢. ژماره (٨، ٩) ئەیلولی ١٩٨٥.
٣. ژماره (٤)، کانونی یەکەم ١٩٨١.
٤. صرخه کردستان، عدد (١) حوزەیران ١٩٨١.

❋ گۆڤاری هیوا: -

١ .ژماره (٤)، ساڵی یەکەم، ١٩٥٧.
٢ .ژماره (٦)، ساڵی یەکەم، ١٩٥٧.
٣ .ژماره (٨)، ساڵی یەکەم، ١٩٥٨.
٤ .ژماره (١٠)، ساڵی یەکەم، ١٩٥٨.

❋ گۆڤاری شەفەق: -

١ . کوێرەوەری، گۆڤاری " شەفەق"، ژماره (٣)، بەرگ (١)، نەورۆزی ١٩٥٨.
٢ .بله: خۆپاراستن لە لایەنگری ناڕاستی، گۆڤاری "شەفەق"، ژماره (٥، ٦)، ساڵی یەکەم، مایس و حوزەیرانی ١٩٥٨.

❋ گۆڤاری نەوشەفەق: -

١ .د.مارف خەزنەدار: من و گۆڤاری (شەفەق)ی ١٩٥٨، گۆڤاری " نەو شەفەق "، ژماره (١)، نیسانی ٢٠٠٣، ل١٣.
٢ . د.فوادً حمة خورشيد: المسيرة البارزانية العظمى عبر ثلاث دول وعبر نهر أراس، "نەوشەفەق" مجلة، عدد (١٢)، مطبعة وزارة التربية، هەولێر، ٢٠٠٤.

هەواڵنامەی کتێب

٣ . عومەر عەلی شەریف: مامۆستا عەلائەدین سوجادی (١٩٠٧—١٩٨٤) لە دەفتەری سەروەریدا، گۆڤاری "نەو شەفەق"، ژمارە (١٠)، کانوونی دووەمی ٢٠٠٤، ل ١٩.

## ✵ گۆڤاری خاك: -

١. مام جلال: هەمزەیی وصالحی لە پارتی دا، گۆڤاری خاك، ژمارە (٢٠)، ساڵی دووەم، ١٩٩٩.

٢. چەند وێستگەیەکی ژیانی مامۆستا برایم ئەحمەد لە زمانی خۆیەوە، گۆڤاری خاك، ژمارە(٤٦)، ساڵی چوارەم،١٠نیسانی ٢٠٠١.

٣. شازین هێرش: هەڵوێستی نیشتیمان پەروەرانەی مامۆستای خوالێخۆش بوو (ئیبراهیم ئەحمەد) لە دووتوێی بەڵگەنامەیەکی مێژوویدا، "خاك" گۆڤار، ژمارە(٤٧)، ساڵی چوارەم، ١٠مایسی ٢٠٠١.

٤. مام جەلال: خەبات لەچییەوە هات و چۆن بوو بە ئۆرگانی پارتی وەچۆن بەڕێوەدەچوو، گۆڤاری خاك، ژمارە (٥٥)، ساڵی پێنجەم ١٠ کانونی دووەمی ٢٠٠٢.

## ✵ گۆڤاری رۆژنامەڤانی

١ .عەبدوڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات یەکەمین رۆژنامەی سیاسی رۆژانەی کوردی، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە(٢)، بەشی یەکەم،.٢٠٠٠.

٢ .عەبدوڵا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات، گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارە (٣)، کانونی یەکەمی ٢٠٠٢.

٣ . سدیق سالح: گۆڤاری رۆژی نوێ (١٩٦٠ -١٩٦١)، گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژمارە (١١-١٢)، ٢٠٠٣.

٤ .تالیب شبیب: مەسەلەی کورد لە خواروی کوردستان لە یاداشتەکانی (تالب شەبیب)دا، و. سالح حمە ئەمین، "باسکار " گۆڤار، ژمارە (٣)، هاوینی ساڵی ١٩٩٩.

٥ .گۆڤاری باسکار، ژمارە (١)، هاوینی ١٩٩٨.

٦ . گۆڤاری رۆژی نوێ، ژمارە (١١)، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٦١.

٧ . گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٣)، ١٩٩٩.

٨ . گۆڤاری رۆڤار ژمارە (١)، ١٩٩٩/٥/٥.

٩ . گۆڤاری هاوار، ژمارە (١٩)، ساڵی یەکەم، ١٧ نیسانی ١٩٢٣.

١٠ .گۆڤاری نیشتمان، ژمارە(١)، ساڵی یەکەم، پوشپەڕی ١٣٢٢، جوڵای ١٩٤٣.

١١ . هاوکاری، ژمارە (٦)، ٢٠ /١٩٧١/٢.

١٢ .جەمیل ئەحمد: ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمد بۆ ئازادی و یەکێتی نەتەوەی کورد بوو، گۆڤار هەڵوێستی نیشتمانی، ژمارە (٥)، ئایاری ٢٠٠٠٥.

هەواڵنامەی کتێب

١٣. برایم ئەحمەد: لە بیرەوەریەکانم دأمەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك)، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (١٣).
١٤. ئیبراهیم ئەحمەد: فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردانە، گۆڤاری مەڵبەند، ژمارە (٥٧)، ١٩٩٥.
١٥.سدیق سالح: سەعید تەتەری نەناسراوی کوردایەتی، گۆڤاری هەزارمێرد، ساڵی سێیەم، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەم ١٩٩٩.
١٦.عوسمان ئۆجەلان: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد رۆشنبیرێکی هەڵبژاردە و سەرکردەیەکی لێهاتوو بوو، رۆناهی، ژمارە (١) ٢٠٠٠/٤/١٧
١٧.د. کمال مەزهەر: کورد لە دروشمی رژێمی پاشایەتی دا، گۆڤاری رەنگین، ژمارە(١١٠)، ١٩٩٨ .
١٨.مارف ناسراو: ئیبراهیم ئەحمەد و چیرۆکی چاپکردنی شیعرەکانی، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ١١-١٢، ٢٠٠١.

